# پێرل باک

هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبی



# دایک

وەرگێڕانی: کەریم دەشتی

رۆمان

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب ( كوردى - عربي - فارسي )
www.iqra.ahlamontada.com
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM
منتدى إقرأ الثقافي

# دایک

رۆمانی بیرل باک

وەرگێڕانی لە فارسییەوە
کەریم دەشتی

هەولێر
٢٠١٦

# پێشەکی

پیرل باک  نووسەرێکی بە رەگەز چینیە و لە ئەمریکادا ژیاوە، خاوەنی خەلاتی نۆبلە، رۆمانی دایک کە من کردوومە بە کوردی، باس لە نەهامەتییەکان دەکات، لە سەردەمی بەر لە هاتنی شۆرشی کومونیستی لە چیندا، هەمان ئەم رۆمانەی لە سەروبەندی سەرهەلدانی ئەم شۆرشەوە نووسیوە، باک بە زمانێکی سادە قسە بۆ مرۆڤ و ژیان دەکات، زۆر بە ووردی باس لە ژیانی ئەو مرۆڤە لادێ نشینانە دەکات، کە هەمیشە، لە سەر دەستی مولکدارە بێ ویژدانەکانی ئەوان سەردەمان، هاودەمی ئازارو نەداری و خەمەکانی رۆژانەی خۆیان بووینە، باک بە شێوازێکی زۆر سەرنجراکێش مەسەلەکان تاووتوێ دەکات، مەبەستی من لە وەرگێرانی ئەم رۆمانە بۆ کوردی ئەوەیە، کە نەوەکانی داهاتوومان لە رێگەی خوێندنەوەی ئەم جۆرە بەرهەمانە، نەتەوەکەی خۆیان بیرکەوێتەوە، کە کەمتر لەوانییان نەچەشتووە، بەدەست زولم وزۆرداری ئەو گەورە زالمانەوە، ئەم رۆمانە وەرگێری بە ناووبانگی کورد مەحەمەدی قازی کردوویەتی بە فارسی ومن لە چاپی شەشەوە کردوومە بە کوردی.

**کەریم دەشتی**
**هەولێر ٢٠٠٩**

# دایک

## ڕۆمانی پێرل باک

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: کەریم دەشتی

هەولێر/٢٠١٦

بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس

شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات-هەولێر

تیراژ :(١٠٠٠) دانە

نرخ: (٧٥٠٠) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/هەرێمی کوردستان

ژمارەی سپاردنی (١٨٩) ی ساڵی ٢٠١٧ی پێدراوە

# بەشی یەکەم

دایکەکە بە دەوری ئاگردانە گڵینیەکەی ناو ناندینی کوختەیەکی چکۆڵەی بەڵمەپۆشدا، بەسەر کورسییەک لە دار حەیزەران دانیشتبوو، لە کونی کوانووەکەوە، کە ئاگرەکەی ناوی لە ژێر مەنجەڵێکی کانزاییدا دەگڕا، گژوگیای وشکی بۆ خۆشترکردنی ئاگرەکە دەخستە ناوییەوە، ئاگرەکە بڵێسەی دەسەند و دایکەکەش جاروبار بە چڵەدارێکی ناسک و هەندێ کاتیش بە مشتێ گەڵا، ئاگرەکەی خۆشدەکرد و دیسانەوە لەو گژوگیا وشکەی دەکردە ناویەوە، کە پاییزی ڕابردوو خۆی لە داوێنی چیاکەوە ڕنی بوونی. پیرەژنە کەنەوتەکە خۆی خزاندبووە کونجێکی ناندینەکەوە، کە نزیکترین شوێن بوو لە ئاگرەکەوە، خۆی لە چاکەتێکی ئەستووری بەبەر وەرپێچابوو، ڕەنگەکەی سوورێکی تۆخ بوو، دامەنەکەی لەژێر کۆتە شینە پینەدارەکەیەوە دیار بوو، پیرەژن چاوەکانی تەواو کز بووبوون، دەردێکی سەخت تارادەیەک پێڵووەکانی پێکەوە لکاندبوو، بەڵام لەپشت درزە بەرتەسکەکەی دوو پێلوکەیەوە، کە دەمیان کردبۆوە، هێشتا زۆر شتی دەبینی، لە بڵێسەی ئاگرەکەوە ڕامابوو، کە لەژێر پەنجە بەهێز و چالاکەکانی دایکەکەدا سەمایان دەکرد و تیشکیان دەدایەوە، پیرەژن بە فیکەیەکی نزم کە لە نێوان پدووە داکەوتەو بێ ددانەکانییەوە دەهاتە دەرەوە دەیوت:-

- ئاگادار بن لە بەخەرجدانی سووتەمەنیدا و دەستی پێوە

بگرن، چونکی ئێمە لەیەک تا دوو عارەبانە زیاتر ئاگردوومان نییەو هێشتاکەش زۆری ماوە وەرزی دروێنە بگات، منیش بەم حاڵ و ڕۆژەوە قەت ناتوانم هەتا تاقە لقیێکیش بچنم، نەخاسمە پیرێژنێکی وەک من مردەنی.

لە راستیدا پیرەژن هەموو رۆژێ ئەو ڕستانەی دوایی دووبارە دەکردەوەو هەموو جارێکیش لە چاوەڕوانیدا دەمایەوە، تا دایکەکە ئەم وەڵامەی بداتەوە :-

- نەنە گیان ئەو قسانە مەکە، خۆ ئەگەر ئەو کاتانەی کە ئێمە لە دەشت دەبین، تۆ ئاگات لە ماڵ و حاڵ نەبێ و بەر لە منالان نەگریت بۆ ئەوەی نەکەونە ناو گۆمەکەوە، ئێمە ئەو کات چیمان دەکرد؟

پیرەژن کۆخەیەکی بێ سەروسەدای سەرداو لەناوەندی کۆخەگرتنەکەیدا بە دەنگێکی نووساوەوە گوتی :-

- راستە من هێشتاکەش هەر دەرروەسی ئەو کارانە دێم، مانەوەو ئاگاداری کردنی ماڵ و حاڵ لەورۆژە قاتوقڕانەدا، کە لە هەموو لایەکدا دزو جەردە زۆر بووینە، کارێکی کەم نییە، بەڵێ کچەکەم خۆ ئەگەر ئەو دزانە لە ماڵی ئێمە وەنزیک کەونەوە، ئەوە دادو بێدادێ دەنێمەوە هەر مەپرسە، خۆ لە دەورانی ئێمەدا شتی وانەبوو، خەڵکی بە درێژایی شەو شەنە و خەپارەی خۆیان، لەدەرەوە دادەنا، بەڵام بەیانی لە خەوهەڵدەستان هەر لە شوێنی خۆیاندا دەمانەوە، ئێمە لە هاوینان بە قولاب گامان لە پشتی دەرگا دەبەستایەوە، بۆ بەیانیش ئاژەڵ هەر لە شوێنی خۆی بەسترابوو.

بووکەکە لەگەڵ ئەوەش بزەیەکی تەنکی دەخستە سەر لێوان سەرسامیەکی ئەدەب ئامێزی دەنواند و دەیگوت:-

- بەڕاستیتە نەنە گیان؟ بەڵام ئەوەندەش گوێی نەدەدایە

چەنەبازی بەردەوام و یەک لە دوای یەکی ئەوەوە، لەوکاتەی دەنگی نووساوی پیرەژن بەو زۆر بلێییەوە هەر بەرز بوو، ژنە جەوانەکە بیری لە سووتەمەنی خۆی دەکردەوە:-

ئایا سووتەمەنی تا کۆتایی کێلانی بەهاران، واتە تا ئەوکاتەی هەلێ دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی کاردێ هەڵگرێ و گیاوگۆڵ کۆکاتەوە، بەش دەکات ؟ لەگەڵ ئەوەش لەکەناری خەرمەنگادا، کە وەک حەوشەی خەڵوەتخانە حسێب بوو، هێشتا دوو تای گەورەی کڵۆش لەژێر بنمیچی بەگڵەسوور سواخدراودا، کە لە بەفرو بارانی دەپاراست، هەر مابوو، بەڵام کڵۆشی برنج بەم نرخەوە تەنها کاری شارنشینانە، کە بۆ سوتووی بەکاری بهێنن، دایکە تولازەکە یا مێردەکەی ئەو کڵۆشەیان بەوێنەی بەستە بەستەی گەورە، لە سەری دار دەبەستایەوەو بۆ شاریان دەبردو بە قەد ئەو بەستانە پارەیان وەردەگرت و رەواجێکی باشی هەبوو، تەنها لە شارەکاندا بوو، کە ماڵەکان کڵۆشێکی وایان بۆ سوتوو بە خەرج دەدا.

دایکەکە کە تەواوی هەستی بەسەر کارەکەی خۆیەوە بوو، کەمکەم سووتووی هەڵدەڕشتە ناو سۆپاکەوەو ڕۆشنایی ئاگرەکە، بەسەر ڕوخساری پان و بە هێز و ئەوان لێوانی گۆشتن و ئەو ڕەنگەی کە لەبەر هەتاو و بادا سووتا بوو، دەدرەوشایەوە. چاوە رەشەکانی، ئەوچاوە ساف و زوڵاڵەی لەژێر ئەبرۆ چرووپرەکانیدا رۆچوبوون، لەبەر رۆشنایی دەدرەوشانەوە، ڕوخساری جوان نەبوو، بەڵام پڕ لە سەفاو باشی بوو، شوڕو هەوەسی لێ دەباری، بینەر بیری لەوە دەکردەوە کە ژنێکی وا پڕشورو هەوەس، واباوە دەبێ هاوسەرێکی گەرم و گوڕو دایکێکی دەمارگیربێت،

هەلبەت لەگەڵ ئەو پیرەژنە هەژارەی کە لەگەڵیا دەژیا دەبێ میهرەبان بێت، وەلێ پیرەژن هەمیشە بۆڵەی بوو، لە سپێدەوە تا خۆرئاوا تەنها لەگەڵ منداڵەکاندا بوو، چونکە کوڕەکەی و بووکەکەی لە مەزرادا کاریان دەکرد، لەبەرەخۆ بیری دەکردەوە ئەگەر شەو دابێ ئەوە حەکایەتێکی زۆری پێیە بۆ بووکەکەی بگێڕێتەوە، کە حەزی لێبوو حەکایەتی بۆ بڵێ، هەمیشە لەبەر دووکەڵی سۆپاکەش لە کۆخە کۆخدابوو، تەنها شتێ کە دەنگی نووساوی ئەوی لە بەر تەنگ نەفەسی دەبڕی ئەو کۆخەیەبوو و دەیگوت:-

- من هەمیشە وتوومە، پیاو زۆر برسی بێت، بە تایبەت پیاوێکی وەک کوڕی من، گەنج و قەبەو تێکسمڕاو بێت، بەیەک دانە هێلکەی باڕشتەی فەرەنگی تێر نابێت، بۆ ئەوەی دەنگی گریانی منداڵان داپۆشێ، تەنینی دەنگی تا دەهات تیژتر دەبوو، کە لە کاتی لاربوونەوە بەسەر ئاگرا بەسەرو کۆکڵی دایکیانەوە دەیانزیڕاند، ژنە تولآزەکە خۆی و قەلافەتی ئارام و بچمی مەندی، بەخوێن ساردییەوە، بەردەوامی بە کاری خۆی دەدا، وەکو ئەوە وابوو ئاگای لە نقەنقی کوڕە ساواکەی خۆی و کچەکەی و قرەقرِی بێ پایانی پیریژن نەبێت، لەبیری ئەوەدا بوو ئێستا درەنگەو لەوەرزی بەهاردا کارێکی زۆری لە دەشتدا هەیە، ئەویش بڕیاری دابوو کۆتایی بە چاندنی فاسۆلیاکەوە بهێنێ، دەبوایە سوود لەوان رۆژانی فێنک و شێدارو شەلآڵ بە شەونم وەرگرێ، لەوجۆرە شەوانەدایە ژیان لە ناو دڵی تۆوەکاندا دەکەوێتە جۆش و خرۆشەوە، لەبەر ئەوەی وای ئەندێشە دەکرد، کە لە تاریکی و قووڵایی زەوی گەرم و شێداردا، لەرزەیەکی نهێنی ئامێز تەکان بەسەرتاسەری دەشتایی دەدا، بۆیە شادو دڵخۆش و ڕازی

بوو، پیاوەکە هێشتا لە کارکردندا دابوو، بە پێی پەتییەوە خاک و کێلگەکانی دەکوتیەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی منداڵەکانی لەوبەری مەزرادا بانگیان کردبوو، ژنە پیاوەکەی خۆی بەتەنها جێهێشتبوو و بەپەلە بۆ لای منالەکانی گەڕابۆوە، منالەکان لەبەردەم ئاشپەزخانەدا چاوەڕوانی ئەویان دەکردو برسیان بوو و دەگریان، منالەکان بەنەوایەکی یەک لەدوای یەکەوە بە چاوانی بێ فرمێسکەوە دەیاننەڕاند، کچە منالەکە نقەنقی بوو و گازی لە مشتی خۆی دەگرت، پیرەژن دوای هەوڵێکی بێهودە بۆ ئارام کردنەوەی ئەوان ئیدی هەمووی بە حالی خۆیان بەرهەلاکردو وازی لێهێنان، لەوکاتەی کە دانیشتبوو بە تەواوی خوێنساردییەوە، گوێی دابووە گریانی ئەوانەوە، دایکەکە بێ ئەوەی شتێ بڵێ بە پەلە بۆ لای مەنجەڵەکە چوو، لە میانی ڕێگادا لار بۆوەو باوەشێ سوتووی هەڵگرت و هەمان ئەو بزاوتە بۆ بێدەنگ کردنی منالەکان بەس بوو، کورەکە ئارامی گرت و بە تەواوی هێزی خۆیەوە بە راکەڕاک کەوتە دوای دایکییەوە، لەدوای ئەویش خوشکەکەی، چا چونکە دەیتوانی رایدەکرد، وەلێ ئەو هێشتاکە سێ سالی تەواو نەکردبوو.

خۆراک لە ناو مەنجەڵدا لە جۆش وکولاندا بوو، هەورێ لە هەڵمێکی بۆنخۆش سەرپۆشی دارینی مەنجەڵی بەرز دەکردەوەو پیرەژن هەناسەیەکی بە سەختی هەڵکێشاو بە دەمی بێ ددانی خۆی کەوتە دەنگەوە، لەژێر مەنجەڵی ئاسنیندا مەشخەڵەکان بە سەماوە سەریان دەردەهێنا، جا لەبەر ئەوەی مەفەرێکیان بۆ هاتنە دەرەوە نەدەدۆزییەوە دەبوون بە چڕە دووکەڵ و لەو ژوورە تەنگەدا پەرش و بلاو دەبوونەوە، پەنگی دەخواردەوە، دایکەکە کشایە دواوەو کچەکەشی

لەگەڵ خۆیدا کشاندەوە، بەڵام دووکەڵە چاوکوێرکەرەکە مناڵەکەی داگرتبوو، چاوەکانی بۆ شیوەن لێکداو بە دەستە پۆخڵەکانی چاوەکانی هەڵپشافت، ژنە گەنجەکە بە بزاوتێکی خێراو توندوتۆڵ کە بۆ ئەو ئاسایی بوو، کچەی لە زەوی هەڵگرتەوەو لە دەرەوەی ژورەوەی داناو گوتی:

- کچەکەم تۆ هەر لێرەبە، ئاخر دووکەڵ بۆچاوت خراپە، کەچی تۆش هەر سەرت دەنێیتە ژێر مەنجەڵەکەوە .

پیرەژن هەر جار کە بووکەکەی قسەی دەکرد، گوێی خۆی قولاغ دەکرد، ئەوکارەش هەلیَ بەو دەدا، تا بابەتێکی تازە بقۆزتەوەو سەبارەت بەوەوە بکەوێتە چەنەبازی و گوتی:

- بەڵێ وا خەیاڵ دەکەم ئەگەر من سالانێکی درێژ سەرو کارم لەگەڵ رۆشنکردنەوەی ئاگری بن مەنجەڵدا نەبوایە، ئەوا ئەمڕۆ چاوەکانم رۆشنتری دەبینی، دووکەڵ هێزی بینایی لەمن سەندووە، دووکەڵ....

دایکەکە گوێی بە قسەی ئەونەداو تەنها گوێی لە قیژەو زیڕەی کچەکەی بوو، کە بەسەر زەویدا کەوتبووە سەر روو و چاوەکانیشی هەڵدەپشافت، هەوڵی دەدا چاوەکانی بکاتەوە، چاوەکانی ئەو هەمیشە هەڵمسابوون و سوور هەڵگەڕابوون، لەگەڵ ئەوەشدا هەرکاتێ لە دایکیان دەپرسی ئەرێ چاوی کچەکەت نەخۆش نییە؟ دەیگوت:

- نەخێر تەنها کاتێ ئاگری ژێر مەنجەڵ دادەگیرسێنم، نازانم ئەومناڵە چ مەرگیەتی؟ سەری خۆی دەباتە ناو دووکەڵەکەوە.

بەڵام ئیدی ئێستاکە شیوەن وگریان کەمتر لە جاران ناڕەحەتیان دەکرد، چونکە ئەو لەوان رۆژاندا گرفتارییێکی

زۆری هەبوو، یەک لە دوای یەک منداڵی دەبوو، هیچ تاقەتی نەبوو گوێ لەدەنگی گریانی منداڵی نۆبەرەی بگرێت، ئەو کاتە خەیاڵی لەوە دەکردەوە کە دەبێ دایک هەمیشە هۆیەک بدۆزێتەوە بۆ بێدەنگ کردنی منداڵەکەی، هەرکارێکی هەبوا بەسەر زەویەوە رودەنیشت، تا مەمکی لە دەمی منداڵەکە بنێ، مێردەکەی لەبەر ئەوەی ژنە بەردەوام دەستی لە کار هەڵدەگرت تووڕە دەبوو و بەسەریا هاواری دەکرد:-

- کەواتە تۆ خەیاڵی ئەوەت هەیە هەموو کارەکان بەسەر سەری مندا هەڵبڕێژی؟ تۆ بەس ئەوە دەزانی منداڵت ببێ، دەبێ من بیست ساڵان پێ لە جگەرم بنێم، چیە ئەوە تۆ بەردەوام شیر بە منداڵەکەت دەدەی؟ ئێ خۆ تۆ ژنی مرۆڤێکی دەوڵەمەند نیت، کە ئیشت تەنها منداڵ بوون و شیر بەمنداڵ دان بێت و لە جێی تۆ کرێکارێ بەکرێ بگرم؟

دایکەکەش بە هەمان شێوەی لۆمە ئامێزەوە تووڕە دەبوو، چونکە هەردووکیان گەنج و جحێڵ بوون وهەردوو توندو تووڕە بوون، ژنە جحێڵەکە لەوەلامدا دەیگوت:-

- باشە من لەجیاتی ئەو هەموو زەحمەتیەی کە دەیکێشم نابێ هەقێکم هەبێ؟ ئایا تۆ وەکو من بە سکی پڕەوە ئەو هەموو مانگانە کاردەکەیت؟ تۆش بەرگەی دەردو ئازاری زایین دەگریت؟ تۆ لانی کەم کە دەگەڕێیتەوە ماڵ دەحەسێیتەوەو دەخەوی، بەڵام ئەو کات دەبێ من چێشت ئامادە کەم و بەمنداڵەکانم رابگەم، پیرەژن تەڕو وشک کەمەوەو بەدوای دابچم و ئاگام لێی بێت.

هەردووکیان وەکو دوو خەنیم بە سەختی بەیەکا دەچوون، بەڵام هەردوو ئەو بەهێزانە هیچ یەکێکیان تەسلیم بەوی تر نەدەبوو، کەچی شەڕی ئەو جارەیان زۆر درێژەی

نەکێشا، مەمکی ژنە جحێڵکە بە خێرایی رووی لە وشک کردن کرد، چونکە ئەو وەک دەوارێکی ساغ و بەهێز بەئاسانی سکی پڕ دەبوو، ئەوجارەش تازە شیری ووشک کردبوو، هەمان هاوینی رابردوو لەبەر ئەوەی کەوتبووە سەر نووکی تیژی گاسنەوە، لەشی بریندار بوو بوو، منداڵەکەی لەبەر چووبوو، ئەوسا لەبەرخۆدا دەیگوت: ئیدی منالان دەبێ بتوانن خۆیان لە ئاو و ئاگر دەربهێنن، با هەرچەند دڵیان بخوازێ بگرین، ئیدی ناتوانم کات و بێکات و رابکەم و مەمکیان لە زاری بنێم،ئێستا دەبێ سەبریان هەبێ و خۆیان لە برسیەتی لەگەڵ ئەو چەند سەعاتەی کە من دەچمە مەزراوە رابهێنن . بەڵام دڵی ئەو نەرمتر بوو لە قسەکانی، هەرکات هاواری منالەکان بەرز دەبۆوە بێ ئەوەی خۆی بیەوێ رای دەکرد، دوای چەند دەقیقەیێ ئیدی مەنجەڵ کەوتە جۆشانەوەو بۆن و بەرامەی برنج تێکەڵ بە دووکەڵ دەبوو، ژنە تولازەکە کاسەی دایە گەورەی هەڵدەگرت و لێوان لێوی دەکرد، پاشان کاسەکەی دادەنایە سەر مێزی ژوورە گەورەکەوە، کە دیوەخانی هەموو ئەندامانی خێزان بوو، بێ ئەوەی گوێ بە بڵمە بڵمی پیرەژن بدات ئەوی دەبردە ئەوێکەوەو پیرەژنیش هەر دەیگوت:-

- تۆ نازانی ئەگەر ئارینۆک لە چاوی برنج بکەیت چەند بەتام دەبیت؟

پیرەژن دانیشت، کاسەکەی دانایە ناو هەردوو دەستی ووشک و تەزۆکیەوەو بێدەنگ بوو، یەکسەر لەبەر زۆر حرسیەوە لەرزی بە شێوەیێ کەئاو لە گۆشەی دەمی چرچ و لۆچیەوە ڕژایە خوارەوەو گوتی:- ئەی کوا کەوچکی من؟بۆ من کەوچکم نییە؟

دایکەکە کەوچکی بەدەلچینی پیرەژنی خستە ناو دەستی

لەرزۆکییەوەو پاشان چووە دەرەوە، تا دوو جووت شلکەداری ناسکی حەیزەران و دووکاسەی تر بهێنێ و ئەوکاسانانەشی پڕ کرد لە خۆراک، یەکەمی بۆ کچە بچووکەکەی برد» کە هێشتا لە ناو حەوشەی خەرمانگادا لەناو خاک و خۆلدا دانیشتبوو، دەگریاو چاوەکانی هەڵدەپشافتن و لەبەر فرمێسک و ئەنگوستی پۆخڵی ڕوخساری قوڕاوی ببوو، دایکەکە لەزەوی بەرزی کردەوەو ڕوخساری ئەوی بەدەستە زبرو هەتاوەسۆتی خۆیەوە هەرچوونێ بێ پاککردەوە، پاشان دامەنی کەوای کچەی گرت و پێیەوە چاوانی خوێن گرتەو دەردناکی ئەوی لە سەرخۆ پاک کردەوە، ئەو چاوانەی کە لێوی برژانگەکانی بەرەواژ بووبوونەوە و گۆشتێکی قورمزییان لێ هاتبووە دەرەوە، لەوکاتەی کچە لەبەر شیددەتی ئازار ئاوڕی دایەوە، دایکەکە لەبەر ئەوەی هەستی بە ئازاری ئەوکرد، ناڕەحەت بوو دڵی پێ سووتاو کاسەکەی دانایە سەر مێزێکی دارینی قەبەوە، کە لەبەردەم ماڵەکەدا بوو، بەدەنگی قەبەی خۆیەوە گوتی:-

-دەوەرە بیخۆ.

-کچەکە بە چەند هەنگاوێکی ڕاڕاوە هاتە پێش و خۆی هاوێشتە ناو ئامێزی ئەوەوە، بەدەوری چاوەکانیدا ئەڵقەیەکی قورمزی دەبینرا، جا بۆ ئەوەی بەدوور بێ لە نووری زێڕینی خۆرئاوادا، نیوەی چاوی داخرابوو، پاشان دەستی بۆ لای کاسەکە درێژ کردو دایکەکە بەسەریا هاواری کرد: نەکەی داغە .

منداڵەکە بە دوودڵی مایەوەو لەسەرەخۆ دەستی کرد بە فوولێکردنی خۆراکەکەی تاساردی کاتەوە، دایکی لەو کاتەی سەیری دەکرد کەوتە شلەژانەوە، لە دڵی خۆیدا بەخۆی

دەگوت (ئەگەر ئەمجارە مێردەکەی بۆ فرۆشتنی کلۆش بچێتە شارەوە، ئەوە پێی دەڵێم کەلە دەرمانخانەدا دەرمان بۆ چاوی کچەکە بکڕێت) کورە بچکۆڵەکەش هەر دەگریاو کاسەی خۆراکی خۆی دەویست، ژنە جحێڵەکە گەڕایەوە تا کاسەی ئەویش بهێنێ و پاشان بۆ ساتێ بێدەنگی بەرقەرار بوو .
دایکەکە خۆشی زۆر ماندووتر بوو لەوەی هەست بە برسیەتی بکات، ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و کورسیە حەیزەرانەکەی خۆی هێناو لە دەم دەرگادا بەسەریەوە دانیشت و بە سەختی هەناسەیەکی هەڵکێشا، کەزیە درشتەکانی خۆی کە لەبەر تاوی خۆرەتاودا سوور دەچوونەوە، بە هەردوو دەست هەڵدایە دواوەو سەیری دەوروبەری خۆی کرد، کێوە کەمبەرزەکان کە لە هەموو لایەکەوە زەوی و زاری گوندیان دەورەدابوو، ئاسمانی زەرد هەڵگەڕاو کەم کەم تاریک دادەهات، لەقووڵایی دۆڵەکەوە لەو گوندە بچووکەدا، ئاگردوو بۆ ئامادەکردنی فرافینێ رۆشن دەکرایەوەو دادەگیرسا، دووکەڵەکانیشیان لەسەرەخۆ لەو ڤالاییە ساف و بێدەنگەدا دەچووە حەویقی ئاسمانێ، دایکەکە هەستی بەڕازی بوون و خۆشنوودی دەکرد.
لەپڕێکا کەوتە بیری ئەوەی لەو شەش حەوت ماڵەی کە دێکەیان پێکدەهێنا، لە هیچ یەکێکیاندا منالی باشترو خاوێنتر لە هی ئەویان نییە، هەبوو وەزعی پارەوپوولیان لەو باشتر بوو، بۆنموونە ژنی قاوەچی هەلبەت پارەوپوولی هەیە، چونکە دوو ئەنگوستیلەی نوقرە و یەک گوارەی لە جۆری گەوهەر هەیە، دایکەکە هەر لە زەمانی کچێنی خۆیەوە حەسرەتی ئەوەی لە دڵدابوو، هیچ کاتێکیش بە دەستی نەهێنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا لەوباوەڕەدا بوو باشتر وایە پارەو پوولەکەی ببێتە

گۆشتی تەنی منالەکانی، منالەکانی قاوەچی دەمیان پیس بوو، پاشماوەی ئەو خۆراکەیان دەخوارد کە ڕێبوارەکان لە ناو قاپەکانی خۆیاندا جێیان دەهێشت، بەلام دایکەکە ئەو برنجە بەنرخەی بۆ لێدەنان کە بەرهەمی زەوی خۆیان بوو، جگە لە ئازاری چاوی کچەکەی، منالەکانی دیکەی هەموویان ساغ و چاک بونیات و بە هێز بوون، کوڕی گەورە وەک هەفت هەشت سالی دەهاتە بەرچاو و هەموو مندالەکانی بە هێزبوون ومنالەکەی دوایی کە لەبەری چوو بوو، ئەگەر زیندوو بوایە ئێستاکە منالێکی قشتیلەی لێ دەردەچوو، ئێستا کەوتبووە سەر پێیان، دایکەکە دووبارە ئاخێکی هەلکێشاو لەدواجاردا ئەو منالەی کە ئێستا لە سکیەتی یەک دوومانگی دیکە دێتە دونیاو ئیدی دیسان دەست و بالی دەبەسترێ، بەم وەسفەوەش هەرکاتێ خۆی دووگیان دەبینی شەلالی شوڕو ژیان و خۆشحالی دەبوو، لە هەموو وەختێ زیاتر هەستی بە بەختەوەری دەکرد.

لەولای کوچەوە کەسێ لە دەرگای مالی خۆی دەهاتە دەرەوەو دایکەکە لە لای درزی دووکەلگرتەی مالدا، ژنی ئامۆزای مێردەکەی خۆی بینی و بانگی کردو گوتی:-

- ئەوە تۆ تازەبەتازە فرافینێ چێ دەکەی؟ من فرافینی خۆمانم لێنا.

بەرامبەرەکەشی شادو بێ بایەخ وەلامی دایەوە :-

بەلێ دەمزانی، تۆ ماشەلا زۆر خێرا کار دەکەیت.

دایکەکە بە ئەدەبەوە وەلامی دایەوەو گوتی:-

نەخێر وانییە بەلام منالەکان برسییان بوو فرافینیان دەویست.

ژنی ئامۆزا کە یەک باوەش ئاگردووی وشکی هەلگرتبوو

دووباره دەچووه ژوورەوەو گوتی:-  نه ئەسڵەن تۆ ژنی کاری و زبرو زرنگیت
دایکەکه بۆ ساتێ له هەوای نیوه تاریکی خۆراوادا مایەوەو نیوەی ڕوخساری بزه بوو، لەراستیدا جێی خۆی بوو هەست به غرورو خۆهەڵکێشان بکات، سەبارەت به تەنی بەبڕست و منداڵەکانی و مێردەکەی، بەڵام ئەوەندەی نەخایاند که لەگەڵ خەیاڵاتی خۆی بێت، له ناکاو کوڕەکەی کاسەی خۆی بۆ لای ئەو درێژ کردو گوتی :-
- مامان دیسان دەمەوێ.
دایکەکه له شوێنی خۆی جماو قاپەکەی بۆ کوڕەکه پڕ کردەوەو کاتێ دووباره چووه بەردەم ماڵەوە، خۆرەتاو له میانی گردۆلکەکان و له ئاسۆی ئەو مەزرایەی که ئەو به درێژایی رۆژێ کاری تێدا کردبوو دەچووه خەوەوە. دەرگای ئاسۆ به شێوەیەکی هەڵواسراو ئارامی گرتبوو و وەک ئەوەبوو، لووتکەکان ئەویان له میانی خۆیاندا راگرتبێ، دەتگوت تەنێکی بێ جووله و سەرسام ئەنگیزو مەزنه له زێڕێکی پاکدا، پاشان لەسەرەخۆ خزی و لەبەر چاواندا وونبوو، دایکەکه لەپڕێکا لەبەر سێبەری رۆشنی خۆراوادا مێردەکەی بینی به کوێره رێی مەزرادا بۆ پێش دەهات، دوگمەی کۆتی خۆی دادەخست و مەلۆغانی خۆی بەسەر شانی دادابوو، بۆ راگرتنیشی دەستێکی له سەر قەفتەکەی دانابوو، وەکو پشیلەیەکی جەوان نەرم و سووک پێی هەڵدەگرت، لەپڕێکا دەستی کرد به گۆرانی گوتن، ئەشقی ئەو به هەمان ئاوازی گۆرانی چڕین بوو، دەنگێکی ڕسکاو و ساف وپڕ خرۆشی هەبوو، ئاوازێکی زۆری دەزانی و هەر لەبەر ئەمەش بوو، له رۆژانی جەژن له قاوەخانەدا داوایان لێدەکرد، تا بۆ دڵخۆشی خەڵکی و

لەزەتی خەڵک گۆرانی بچڕێ، بەرەبەرە نزیک دەکەوتەوەو دەنگی خۆی نزم دەکردەوەو وشەکانی بەتوندی لە بنەوە دەخستە زەمزەمەوە، بەڵام دەنگەکە هێشتا هەر بەجۆش بوو، ئاهەنگی هەڵچووئامێزی بە تۆزێ لەرزانەوە دەکەوتە بەرگوێ و هەرزەچنی خۆی بە دیواردا هەڵپەسارد، لەبەر دەنگی ئەوەوە، پیرەژن کە بۆ هەرس کردنی خۆراکی خۆی خەوەکوتکە دەیبردەوە، بێدار بۆوەو دووبارە دەستی کردەوە بە چەنەلێدان و دوای ئەوەی کە وازی هێنا بوو:-

- من هەمیشە گوتوومە کوڕەکەم حەزی لێیە نۆک لە چاوی برنجی ئەو بکرێ، چونکە زۆری حەز لێیە. پیاوەکە بە خەندەیەکی کەمەوە، هاتە ناو ماڵەوەو دەنگی پڕ دەنگدانەوەی کەوتە بەر گوێ کە دەیگوت:

- بەڵێ نەنە گیان، هەڵبەت کە من خۆراکێکی ئاوام حەز لێیە.

لەدەرەوەی ژووردا کچەکە خۆراکی خۆی تەواو کردبوو، ئەوسا بە تێروپڕی لە جێی خۆی مابۆوە، ئەوسا کە خۆرەتاو ئاوا ببوو، ئەو بە زات و جەسوورییەکی زیاتر چاوی خۆی کردبۆوە، بە بێ هیچ شکایەتێ بەڕەحەتی سەیری دەوروبەری خۆی دەکرد، دایکەکە لە ئاشپەزخانە دەگەڕایەوەو یەک لەگەنی کاشی سپی و شینی پڕ لە خۆراکی بۆ مێردەکەی هێناو لە ماڵێ چەند دانە هێلکەیەکیان هەبوو، هێلکەیەکی بۆ مێردەکەی هەڵڕشتە سەر خۆراکەکەو هەڵمی لێ هەڵدەستا، سپێنەی هێلکە خەریک بوو دەیبەستا، هەر کاتێ پیاوەکە زۆر ماندووبا، دەبوایە کەمێ گۆشت لەگەڵ هێلکەیەک بخوات، لەگەڵ هەموو ئەو بگرەوبەردەیەی لە میانی ژن و مێردەکەدا هەبوو، بەڵام ژنە حەزی دەکرد خۆراکی باش

بدا بە مێردەکەی و جگە لەوەی کە ئەو وای بیر دەکردەوە ئەو جەنگ و دەعوایە جگە لە جەنگێکی زبرکاری شتێکی دیکە نییە، هەتا ئەو کاتەش کە لەگەڵ میردەکەیدا ناخۆشییان دەبوو، لە تەماشاکردنی خواردنی ئەودا لەززەتی وەردەگرت و بە خەسووی دەگوت:

- من هێلکەیەک و هەندێ کەلەمم بەسەر برنجی کوڕەکەتەوە داناوە .

پیرەژن قسەی ئەوی بیست و یەکسەر وەڵامی دایەوەو گوتی :-

هێلکە مریشکی تازە؟ ئاخ چەند باشە من هەمیشە گوتوومە هێلکە مریشکی تازە بۆ پیاوی جحێڵ، باشترین خۆراکەو دووبارە هێزی ئەو دروست دەکاتەوە.

بەڵام کەس گوێی پێ نەدا، پیاوە زەحمەتکێشەکە زۆری برسی بوو، یەک یەک لوقمەی ئاودیو دەکردو کاسەیەکی دیکەی خۆراکی داوا کرد، بۆ ئەوەی ژنەکەی زووتر ببزوێ کاسە خاڵییەکەی لە مێزەکە کووتاو هەر لەو کاتەوەش ژنە بۆ خۆشی خۆراکی هێنا، بەڵام لە تەنیشت مێردەکەیدا نەما، بەڵکو فرافینی خۆی بردە دەرەوەو بەسەر کورسی خۆیەوە دانیشت و بە چالاکی بوونەوەرێکی ساغ، هێدی هێدی کەوتە خواردنەوە، جار جار هەڵدەستایەوەو بڕێ لە کەلەرمی سەر فرافینی مێردەکەی دەست دەدایێ و پاشان دووبارە دەگەڕایەوە شوێنی خۆی و سەیری ئاسمانی سوورو تیرەی میانی دوو کێوەکەی دەکرد. مناڵەکان لە دایکیان نزیک کەوتنەوەو لەو کاتەی کە پشتیان بە دایکیان دەدا، دەمی خۆیان دەکردەوەو دایکەکەش بە دوو لکەداری باریک لوقمە لوقمە برنجی لە زاری دەکردن، ئەوان لەگەڵ ئەوەشدا

نزیکەی تێر بووبوون، بەڵام ئەو لوقمەیان بە تامتر لەوەی کە خۆیان خواردبوویان دەبینی و سەگە زەردەکەی ماڵەوەش بەبێ ترس و پەنگانەوە بۆ پێشەوە دەهات، دوای ئەوەی بە ئومێدێکی زۆرەوە خزیە ژێر مێزی خاوەنەکەی و لەوێ بە شاپێ دەرکرابوو، ئەوسا پەریبووە دەرەوە، ئەو وردە خۆراکەی دایکەکە بۆ بەردەمی هاوێشتبوو، بە کارامەیی لە هەوادا دەیقۆستەوە. ژنە ناچار بوو سێ جار قاپی مێردەکەی پڕ بکاتەوە، کاتێ پیاوەکە بەو قەدەرەی کە دڵی دەیخوازی خواردی، غرەغرێکی کرد، کە گوزارشتی لە ڕازی بوونی ئەو دەکرد ژنە ئاوی کوڵیوی هەڵڕشتە قاپی خاڵی برنجەکەوە، پیاوەکە لەو کاتەی لەبەردەم ماڵێدا وەستابوو بە دەنگەوە قوم قوم ئاوی خواردەوە و کاتێ لە ئاو خواردنەوە بۆوە مۆڵەتی بە ژنەکەی دا تا کاسە خاڵییەکە هەڵگرێت و خۆشی بۆ ساتێ لە تەماشاکردنی دەشت و بیاباندا، کە شەو سێبەری بەسەردا هەڵخستبوون مایەوە، لە ئاسماندا مانگی نوێی بەهار تەنک و روون لە میانی ئەستێرەکاندا دەبینرا، پیاوەکە چاوی بڕیبووە مانگ و پاشان دەستی کرد بە چڕینی گۆرانیەکی شیرین و خەمەنگیز، چەند پیاوێ لە ماڵەکانی دێدا کە بە پەنجە دەژمێردران، هاتنە دەرەوەو هەندێکیان دەربارەی ئەو جەژنەی کە لە قاوەخانەدا بەرپا بووبوو، قسەیان دەگەڵ یەکدەکردو ئەوانی دیکە باوێشکیان دەهاتێ، بە تەمەڵی و ماتیەوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیاندا دەمانەوە، مێردە گەنجەکە لەپڕێکا گۆرانی خۆی بڕی و سەیرێکی کردە سەرتاسەری کوچەکەوەو لەو کاتەدا کە هەمووان لە حەسانەوە دابوون، تەنها یەک پیاو هێشتا کاری دەکرد، ئەویش کوڕی مامی بوو، لەبەردەم دەرگای ماڵەکەی خۆیدا سەری نابووە بەرخۆی،

دەتگوت دەیەوێ تا پاسێ لە رابردنی شەو بە چەند لکێکی ناسک خەریکی چنینی سەبەت بێ، بەڵێ مرۆی لەمجۆرەش پەیدا دەبن، بەڵام مێردە جحێڵەکە هەر لە بیری ئەو جەژنە بچووکەدا بوو، سەری وەڕسووڕاند تا لەگەڵ ژنەکەی قسە بکات، بەڵام لە نیگای زبرئامێزی ئەودا تێگەیی کە پەی بە مەبەستی بردووەو لەدڵدا نەفرەتی لێکرد .

پیاوە کە بە تەواوی رۆژێ کاری کردبێ مافی ئەوەشی هەیە کە لەشەودا قەدەرێ کەیفێ بکات، ئەدی مەگەر مرۆ تەواوی عومری خۆی هەر لە هانکە هانک دابێ؟ بەڵام ئەو نەیدەتوانی بەرگەی نیگای تووڕەئامێزی ژنە بگرێت و بە زبرییێکی منالآنەوە تەکانی دایە خۆی و گوتی:-

دوای رۆژێکی وا........ باشە من دەڕۆم دەخەوم، چونکە ماندووترم لەوەی بچمە جەژنی ئەم شەوە.

چووە ماڵێ و بەسەر تەختە خەوی خۆیدا کەوت، باوێشکێکی داو خۆی لەبەریەک راکێشاو دایکە پیرەکەی ئیدی نەیتوانی بەبێ چرا شتێ لە تاریکی ژووردا ببینێ، لە ناکاو هاواری کرد:- کوڕەکەم نووستی؟

بەڵێ دایە مەگەر لەو خەراباتە کارێکی دیکە هەیە مرۆ بیکات، کارکردن و خەوتن و دیسان کارکردن و خەوتن.

پیرەژن بێ بایەخدان بە شێوەی تووڕەی کوڕەکەی، قسەی ئەوی بە خۆشحاڵییەوە دووبارە کردەوەو گوتی:- بەڵێ بەڵێ کارکردن و خەوتن.

پاشان بەئەسپایی خۆی خزاندە لای خەوتنگای ناڕێک و ناڕەحەتی خۆیەوە، کە لە وەتاغی پشت پەردەی جاوینی شیندا راخرابوو، پیاوەکە خەو بردیەوەو دایکی منالّەکان دەنگی هەناسەی مێردەکەی بیست، لە کاتێکدا منالّەکان

خۆیان بە دامەنی کراسی ئەوەوە هەڵواسی بوو . لە جێوە قیت بۆوە و قاپەکانی لەگەڵ هەندێ ئاوی سارد کە لە گۆزەی ئاشپەزخانەیدا هێنابووی هەڵگرت، لەو شەقارەی دانا کە لە ناو دیوارە گڵینەکە دروستی کردبوو، پاشان لە ماڵەکەدا فیتە بە دەوریکی لێداو لە پرتەوی نووری کزی مانگدا چووە لای بیرەکەوە کە زۆر قووڵ نەبوو، بە سەتڵێکی دارین ئاوی هەڵێنجاو ئینجا هەستا پەتی ئەو گامێشەی کردەوە کە بە یەکێ لە لقەکانی دار بییەوە بەسترابۆوە، هەندێ کاو نۆکی رەشی لەبەردەم داناو کاتێ ئاژەڵەکە خۆراکی خۆی خواردو ژنە ئەوی بردەوە ناو ماڵێ و سەری گوریسەکەشی لە یەکێ لە دارەکانی ئەو تەختە خەوەی کە مێردەکەی بەسەریا دەخەوت بەستایەوە، مریشک و مامر کە لە ژێر تەختەکان هەڵکورمابوون گوێیان لەو دەنگە بوو یەکەم جار تۆزێ کەوتنە گارەو قدەقدەوە، پاشان خەوتن و خامۆش بوونەوە.

دایکەکە جارێکی دیکە هاتە دەرەوەو بانگی کردو لە قووڵایی تاریکیدا کە هەمیشە چڕتر بەدیاردەکەوت غرەغرێک وەڵامی دایەوە، لەکاتی نیوەڕۆدا ئالیکی دابووە بەراز و هەمان ئەوە بۆ ئەو بەس بوو، ژنە جحێڵەکە تەنها تۆزێ بۆ پێشەوەی راداو بردیە ناو وەتاغەکە، تەنها سەگە زەردەکە لەدەرەوەدا مایەوە کە لە ئاستانەی دەرگای ماڵدا وەردەکەوت.

منداڵەکان لە تەواوی ئەو هاتوچوونەدا بەدوای دایکیانەوە بوون، هەرچەند دایکەکە کەمترین بایەخی پێ نەدەدان، هەموو بە گریانەوە خۆیان بە دامێنی ئەو هەڵواسی بوو، دایکەکە لار بۆوە و منداڵە بچووکترەکەی لە باوەش کردو دەستی منداڵە بچووکەکەشی گرت،دەرگای ماڵێی کلیل داو پاشان هەموویانی بەسەر تەختی خەوەوە لە تەنیشت باوکیاندا

خەواند، پاشان لەسەرەخۆ رۆبی لەبەر داکەندن و پاشان رۆبی خۆشی داکەندو ئینجا لە میانی منالەکان و مێردەکەیدا راکشاو لێفی بەسەر هەموویان دادا.

لە کاتێکا راکشابوو تەنی بە هێزی شەلالی ماندووبوونێکی ساغ بوو بوو، ئەوسا لە تاریکیدا ئاسوودە ببوو، سەرەتا بە میهرو مەحەبەت بوو لەگەڵ بوونی بێ سەبری و توورەیی زوو تێپەڕی لە رۆژێدا، بەلام کە شەو دادەهات جگە لە لووتف و باشی شتێ لەودا نەدەمایەوە، سەبارەت بە مێردەکەی کاتێ لە گەرماو گەرمی هەوەسدا رووی بەلای ئەودا وەردەسووڕاند زۆر بە تاسووقەوە میهری لێ دەباری، سەبارەت بە منالەکانیش کە چووبوونە شیرین خەوەوە سەراپا ئیشق و سۆزبوو، سەبارەت بە پیرەژنیش میهرەبان بوو و کە شەوانە ئەو ژنە دەکۆخی یەکسەر لە جێوە بڵند دەبۆوەو ئاوی بۆ دەبرد، هەتا سەبارەت بە چوار پێکانیش میهرەبان بوو، چونکە کاتێ لەبەر بزاوتی ئەودا رادەپەڕین و دەکەوتنە جونب و جۆشەوە، ئەو بە دەنگی رسکاوو و زبری خۆیەوە ئارامی دەکردنەوەو دەیگوت:-

ئۆها ئۆها بخەون هێشتا زۆری ماوە بۆ رۆژێ.

کوڕە بچکۆلەکەی لە تاریکیدا خۆی بەو وەدەنووساندو بەدەم بەدوای مەمکی دا دەگەڕا، هەرچەندە ووشکی کردبوو، دایکەکە کە چاوەکانی لە گەرمی خەوێکی شیریندا بوون، ئەو لەززەتە بیرخەرەوەی هێورکردنەوەی رابردوو بوو، بەلام هەندەی پێ نەدەچوو مەمکۆلەکانی پڕ لە شیر دەبوونەوەو کچەکەی کە لەولای براکەی خەوتبوو، پێلوەکانی بەسەر یەکەوە دادەقرمساند لەبەر ئەوەی هەمیشە خورشتیان هەبوو، بەردەوام هەڵی دەپشافتن، لەگەڵ ئەوەشدا خەو بردبوویەوە،

بەلام بێ ویستی خۆی چەنگی لە سەرو سورەتی خۆی دەگرت.

هەندەی پێ نەچوو کە هەموویان چوونە خەوێکی سەنگینەوە، ئەو کاتە وەڕینی سەگیش نەیدەتوانی بێداریان بکاتەوە، چونکە وەڕینی سەگان بەشێک بوو لە شەو، تەنها دایکەکە بێدار دەبۆوە، تا گوێی خۆی بۆ دەنگەکە قولاغ بکات، چونکە پاشان بۆی بەدەردەکەوت کە لە جێوە هەڵسان بێ سوودە، ئەوسا ئەویش دەچووە خەوەوە.

# بەشی دووەم

ئایا لەژێر ئەم ئاسمانە شینەدا، بۆ دایکێک، ڕۆژەکان هەموویان لەیەک ناچن؟، هەموو ڕۆژێک بەر لە سپێدە لە خەو هەڵدەسا، ئەمە لەکاتێکدا کە هێشتا خەڵکانی دیکە هەر خەوتبوون، دەرگای لەسەر مریشک و بەرازەکان دەکردەوە و گامێشەکەی دەبردە حەساری بەر ماڵەکەیان و ئەو ڕیخەی کە شەو ڕێ بووی، لە لایەکی دەرەوەی ماڵدا کۆی دەکردەوە، پاشان ئاگری دەکردەوە و ئاوی دەکوڵاندو چای بەسەر دەنا تا مێردەکەی وخەسووی، دوای بێدار بوونەوەیان بیخۆنەوە، هەندێکیشی لە دەفرێکی داریندا دەخستە لاوە، بۆ ئەوەی تا بەرلەوەی چاوی کچەکەی پێ بشوا، کەمێ سارد ببێتەوە.

هەموو سپێدان پێڵوی مناڵەکە بەرەقی بە یەکەوە دەنووسا، هەتا باشیان نەشوشتبا نەیدەتوانێ شتێ ببینێ، ئیدی دایکەکەش وەکو خودی مناڵەکە سەبارەت بەم وەزعە نیگەران بوو، بەڵام دایە گەورە هەموو جارێ بەو دەنگە گوێدڕەی خۆی، دووبارەی دەکردەوەو دەیگوت:

– کە لە تەمەنی ئەودابووم چاوی منیش هەروابوو، خۆ ئێستاش دەبینی لەبەر ئازاری چاو نەمردووم و هەر ماوم.

ئیدی ئەوسا هەردووکیان خوویان بەم وەزعەوە گرتبوو، چونکە دەیانزانی شتێکی گرنگ نییەو تەمەڵیەکەو هەمیشە

تووشی منالآن دەبێ، بێ ئەوەی بمرن.
دایکەکە تازە ئاوی لە مەنجەڵ کردبوو، کە سەروسەکوتی منالّەکان بە دیار کەوت، کوڕەکە دەستی خوشکەکەی گرتبوو، هەردووکیان لە ترسی ئەوەی نەبادا باوکیان لە خەو بێدار بکەنەوە، لە جێ دەرپەڕیبوون، منالّەکان لە تووڕیی باوکیان دەترسان، چونکە ئەو هەرچەند لە سەر حاڵ بوایە، ئەوە خۆشڕوویی و میهرەبانی دەنواند، بەڵام ئەگەر لە خەویان راپەڕاندبا تووڕە دەبوو و دارکاری دەکردن، هەردوومنالّەکە کە لای چوارچێوەی دەرگادا وەستابوون، هیچیان نەدەگوت، منالّە گەورەترەکە بە چاوانی خەوالّویەوە چاوی هەڵدەتەکان و بە باوێشک هەڵکێشانەوە چاوی بڕیبووە دایکیەوە، بەڵام کچەکە ئارام و سەبور بوو، بە پێڵوی داراوییەوە چاوەڕوانی دەکرد.
ژنە جحێڵەکە بە خێرایی بۆ پێشەوەدەچووە، یەکدەستە دەسماڵی خۆڵەمێشی کە بە بزماری دارینی دیوارەوە هەڵواسرابوو، دەست دایێ و قولینچکی پارچەکەی تەڕ کردو لەسەرەخۆ بە چاوی نەخۆشی کچەکەی دادەهێنا، منالّەکە بە بێدەنگ دەینالاندو ددانی دەنا بە جگەرییەوە، تا نالّەی بەرز نەبێتەوە، دایکەکەش وەکو هەموو بەیانییەک لەبەرەخۆ دەیگوت:
-خۆ دەبێ لە ئاخیری بیرێ لە ئامادە کردنی دەرمانێ بکەمەوە بۆ چاوی، ئەم جارە ئەگەر مێردەکەم بەڵمە برنج بۆ فرۆشتن ببات بۆ شار، داوای لێ دەکەم بچێتە دەواخانە، ئەزقەزا لە دەم دەروازەی شار لە لای راستەوە دەواخانەیەک هەیە.
لە هەمان ئەوکاتەدا بوو مێردەکەی لەبەر دەمیا شین

بوو، جلەکانی بە توندی بە لەشیەوە چەسپاندبوو، بە سەختی دەکۆخی و سەری دەخوراند، ژنە دوای بیرکردنەوەی خۆی بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:

- ئەگەر ویستت ئەو بڕە کلۆشەی کە هەمانە بۆ فرۆشتن ببەیتە شار، سەرێ بدە لەو دەواخانەی نزیک ئاوەکەو دەرمانێ یا حەبێ بۆ ئازاری چاو و ئەو شتانە بکڕە.

سەرو سیمای خەواڵوی پیاوەکە هێشتا هەر عەبوس بوو، بە ئحمو محم وەلامی دایەوەو گوتی:

- بۆچی ئەو قەرەپوڵەمان بۆ نەخۆشییەکی بێ بایەخ کە مناڵەکە ناکوژێ دوور فڕێ دەین؟ منیش کە مناڵ بووم چاوم ئازاری دەکردو باوکم بۆ تیمار کردنی من هەرچەند تاقە کوڕی ئەو بووم، کە لە چەندین برا تەنها من مابوومەوە دینارێکی خەرج نەدەکرد.

دایکەکە زانی بۆ ئەم مەبەستە وەختێکی خراپی هەڵبژاردووە، ئاوی رشتە قاپی مێردەکەی و بەلام لەبەر ئەوەی بۆ ئەویش کاتێکی ناخۆش بوو، لەجیاتی ئەوەی قاپەکە بدا بە مێردەکەی لەسەر مێزی دانا، بۆ مێردەکەی زەحمەت بوو بچێ قاپەکە هەڵگرێ، بەهەرحاڵ ژنە هیچ پەڵپێکی نەگرت و لەبابەتەکەی لادا.

زۆر لە مناڵان هەن لەبەر ئازاری چاویان نارەحەتی دەچێژن، بەلام کە پێ دەنێنە تەمەنیانەوە لەخۆڕا چاک دەبنەوە، هەروەها کە مێردەکەشی وابوو، ئێستاش کە رووبەروو سەیری ئەوی دەکرد، ئاسەواری ئازاری چاو لە پێلوەکانیدا دەبینرا، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بارە جگە لە شتی وردو باریک نەبێ بە هیچ جۆرێ مانیعی بینینی ئەو نەبوو، بۆ ئەو بەقەدەر قوتابیەک کە ناچاربێ معاشی خۆی لە رێی

خوێندنەوەی کتێبدا زامن بکات بایەخێکی نەبوو .

دایە گەورە تەکانێکی دا بەرخۆو بە ئاهەنگێکی کز بانگی کرد، بووکەکە ئاوی گەرمی بۆ بردو بەرلەوەی لە جێوە بەرز بێتەوە وپێی نۆش کرد، پیرەژن ئاوەکەی قەڵقوڕاندو قرقینەیەکی هاتێ تا چەند بایەکی ناخۆشیشی لە سکی خاڵی خۆی دەرپەڕێنێ و لە دەست ئەو پیرییە کە سپێدان بێتاقەتی دەکرد، هەندێکی ناڵاند، دایکەکە گەڕایەوە ئاشپەزخانەو نانی بەیانی ئامادە کرد، مناڵەکان لە هەوای سپێدەدا مانەوەو خۆیان بەیەکەوە چەسپاندبوو، بەیەکەوە دانیشتبوون و لە چاوەڕوانی دابوون، کوڕەکە دوای چەند ساتێ چووە دوای دایکیەوە، کە لە ئاشپەزخاندا ئاگری دەکردەوە، بەڵام کچەکە هەر لە کەناردا مایەوەو لەپڕێکا خۆرەتاو لە رۆژهەڵاتەوە جمایە سەر بەرزایی کێوەکانەوەو روناهی خۆی بە وێنەی چەند تیشکێکی درەخشان و پانوپۆڕ، پەرشوبڵاوی دەشت ودەر کرد، روناهی لە چاوی کچەکەی داو ناچاری کرد، بە توندی چاوەکانی دابخات، لە سەرەتادا لە کاتی ئاوادا دەستی بە گریان دەکرد، بەڵام ئێستا وەکو مرۆڤێکی گەورە بە بێ ئەوەی تەکان بخوات، لە کاتێکا پێڵووە سوورەکانی بە سەختی بەیەکەوە نووسابوون، تەنها چەند هەناسەیەکی خێرای هەڵدەکێشا، تەنها لەو کاتەدا جما کە دایکی کاسەی خۆراکی بۆ لای ئەو درێژ کرد.

راستە بەنەزەری دایکەکە رۆژەکان هەمووی لە یەک دەچوون، بەڵام بە هیچ جۆرێ لەم وەکیەکیە بێزار نەدەبوو، ڕازی و دڵخۆش بوو سەبارەت بە رابردنی رۆژەکانەوە، ئەگەر لەم رووەوە پرسیارێکیان لێ کردبا، ئەوە چاوە رەش و تیژبینەکانی خۆی زەق دەکردەوە دەیگوت:

- ئاخر دیمەنەکان هەر لە رۆژی تۆدانەوە تا وەرزی دروێنە، هەمیشە لە گۆڕان دان، دوای وەرزی خەرمان کردن ئەوە بەرهەمی سەر زەوی خۆمان پێڕادەگات، دوایی ئەو زەویانەی کە کرێکەیان هەر بە جۆرەکەی دەدرێتەوەو لە خاوەنەکەی بە کرێ دەگرینەوە، پاشان پشووەکانی جەژن، سالی نوێ و ئیدی منالەکان گەورە دەبن، ئەوە منالانی تر دیسان دێنە دونیاوە، من جگە لە گۆڕان و وەرچەرخان هیچی دیکە نابینم، باوەڕ بکەن کە هەموو ئەوانە ناچارم دەکەن، لە سپێدەوە تا کاتی شەوان زەحمەت بکێشم.

ئەو کاتە دەگمەنەش کە ئەو بێ کار دەبوو، ژنەکانی دێ خەریکیان دەکرد. یەکیان دەیەویست سگەکەی دانێ و ئەویکەی تر بۆ مەرگی منالەکەی دەگریا، یاخود قسەی لە بارەی فێربوونی شێوەی تازەی قولابدۆزی و دوورینی گول بەسەر کەوش یا دەربارەی بەری سوخمەوە دەکرد، هەندێ رۆژان ژن و مێردەکە بۆ فرۆتنی دەغلودان یا کەلەرم دەچوونە شارو لەوێدا شتی وا سەیریان دەدی، لەکاتی بێکاریاندا دەیانتوانی لەبارەی ئەوانەوە زۆر بیر بکەنەوە، بەلام دایکەکە لەو ژنانە بوو تەنها خۆشی بەوە دەهات لای مێردو منالەکانیدا بمێنێتەوە، لە بیری شتێکی دیکەوە نەبێ، بۆ ئەو بە تەواوی بەختەوەر بوون بەجۆش و خرۆش و گەرم وگوڕی مێردە جەوانەکەی و سکپڕبوون لەوداو، هەستکردن بەسەرهەلدانی بونەوەری تازەی سگی - بوونەوەرێ کە تازە بەتازە گۆشتی تەنی شێوەی خۆی وەردەگرت و هەراش دەبوو- مندالبوون و پاشان هەستکردن بە لێوی منالەکە بەسەر مەمکۆلەکانی خۆیەوە، لەکاتی شیر خواردندا، هەمان ئەوە بەس بوو بۆ ئەو، بەیانی لەگەل سپێدە رابوون و

دەرخوارد دانی هەموو کەسانی ماڵەکەو تیمارکردنی چووار پێکان و تۆدانی زەوی و هەڵێنجانی ئاوی خواردنەوە لە بیرو کۆکردنەوەی ئالیک، هەموو ڕۆژێ لەبەر هەتاو و بادا، هەمان ئەو شتانە بۆ ئەو بەس بوو، ئەو چێژی لە ژیانی خۆی وەردەگرت، بە بەردەوامی منداڵ بوون و کارکردن لە مەزراو خواردن و خواردنەوەو گەسک لێدانی ماڵ و بیستنەوەی قسەی خەڵکی لە بارەی کارامەیی و کابانی و هونەری دوورینی ئەوەوە لەژنانی دیکەوە، هەتا شەڕ کردن لەگەڵ مێردی خۆی- شەڕێ کە ئاگری عیشقی لەواندا خۆشتر دەکرد- هەموو ئەوانە بۆ ئەو لەززەت بەخش بوون، بەهەمان ئەو هۆیەوە هەموو ڕۆژێ بەیانییان بە جۆش و خرۆشەوە لە خەو هەڵدەستا.

ئەو ڕۆژە پیاوەکە دوای ئەوەی خواردنی خۆی خواردو ئاهێکی هەڵکێشاو هەرزەچنی خۆی هەڵگرت و بەدوودڵییەوە هەنگاوی بەرەو لای مەزرا نا، ژنەکە قاپەکانی بە ئاو ساوینەوەو دایە گەورەی لەبەر ڕۆژێ داناو منداڵەکانی ڕاسپارد، کە لە هەمان دەوروبەری ئەودا یاری بکەن و لە گۆمەکەوە نزیک نەکەونەوە، پاشان خۆشی هەرزەچنی خۆی هەڵگرت و بەلای مەزرادا چوو، لە ڕێگادا یەک دووجار وەستاو ئاوڕی دایەوە و بزەیەکی هاتێ، چونکە دەنگی لاوازی پیرەژن لەگەڵ شنەی نەرمی سەحەریدا بە شێوەیەکی کز بەرگوێی کەوت.

چاودێری کردنی ماڵ بە تەنها کارێ بوو لە پیرەژن دەهات و ئەویش شانازی بەوکارە دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ژنێکی پیرو نیوە کوێر بوو، هێشتا دەیتوانی ئەو کەسانە ببینێ کە لە دەرگای ماڵێدا نزیک دەبوونەوە و دەیزانی ئاخۆ پێویستە هاوار بکات یا نە، بە ڕۆیشتنی زەمانە بوونی

ئەو دەبووە مایەی تەمەڵی، ئیدی پەرستاری کردنی ئەو تامل نەدەکراو هەتا لە منالێکی لاساریش بەدتر بوو، چونکە نەدەکرا باشی بکەن، لەگەڵ ئەوەش رۆژێ کە کچی مامی بە ژنە جحێڵەکەی گوت:- بەڕاستی خانم ئەگەر دایە گەورە بمرێ بۆ تۆ زۆر باش دەبێ، چونکە سەراپا دەردو نەگبەتییە هەتا خواردنیشی زەحمەت بووە.

دایکەکە لە وەڵامدا گوتی :- بەڵێ بەڵام ئەو خزمەتێکی زۆری ئێمە دەکات و هەمیشە چاودێری دەرگایەو ئومێدەوارم تا کچی بچووکمان گەورە دەبێت، هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە.

ژنە جحێڵەکە هیچ کاتێ دڵی نەدەهات سەبارەت بەو پیرەژنە بێچارەیە خۆی تووڕە بکات، بووکەکانی دیکە لە پێش ئەودا لافیان لێ دەدا کە چۆن چۆنی لەگەڵ خەسووی خۆیان لە سۆنگەی بەدخوڵقییەوە شەڕ دەکەن، بەڵام ئەو بە چاوی منالێکی دیکە سەیری خەسووی دەکرد، خەسووی کە هەموو بزاوت و سەکەناتی منالانە بوو، وەکو منالانی بچووک لاملی لەسەر فلان شت و فلان شت دەکرد، لە وەرزی بەهاراندا تەواوی دەشت و کێوەکانی دەنایە ژێر پێی، لە گەڕان بە دوای گیایەکی نایاب، کە پیرەژن بە ناونیشانی دەرمانێک بۆ لاوازی و پیری هەوەسی بۆ دەکرد، بەڕاستی مایەی ماندووبوون بوو، دوای ئەوەی کە نەخۆشییێکی رەوانی خونین، دوو پیاوی بەهێزو چەند ژنێک و زۆر لە منالانی لادێکەی لە پێ خستبوو، بووکە جەوانەکە بینی بووی خەسووی چۆن چۆنی لەسەر لێوی مەرگ بوو، پاشان چاک ببۆوەو ئەو کاتە زۆر خۆشحاڵ بووبوو، پیرەژن لە مەرگێکی حەتمی گەڕابۆوە، هەرچەندە منالەکانی باشترین تابوتیان بۆ کڕی بوو و حازریان کردبوو، بەڵام ئەو رۆحی سەگی هەبوو،

تا ئەوسا دوو کفنیان بۆ بە خاک سپارنی ئەوەوە دووری بوو، هەردووکیانی پارە پارە کردبوو، دایکەکە بەم وەزعەوە خۆشحاڵبوو، داستانی ئەو تەمەنە درێژە کە نەیدەویست بەسەر بچێ، لە دێدا ببوە بابەتی خەندەو شۆخی، بە پێی داب ونەریتی ئەودەڤەرە، دایە گەورە لە ژێر کراسی شینیدا باڵاپۆشێکی قورمزی درێژی لەبەر دەکرد، کە بووکەکەی بۆ رێورەسمی بە خاک سپارنی ئەوەوە دووری بووی، تەمەنی پیرەژن تەواو بوو بوو، باڵاپۆشی یەکەمی ئەوەندە کۆن و دڕۆن و پارە پارە بوو بوو، کە ئیدی لە لەبەرکردنیدا وەرەس و هەراسان بوو بوو، شکایەتی دەکرد کە دەبێ یەکێکی تری بۆ بدوورن، بە خۆشحاڵیەکی تەواوەوە باڵاپۆشە تازەکەی لەبەر کردبوو، لەوکاتەی کە بەسەریا هاواریان دەکردو دەیانگوت:- ئەرێ پیرەژن تۆ هێشتا زیندووی؟ ئەویش بە دەنگێکی کز دەیگوت:- بەڵێ بەڵێ دەبینی وا کفنی قشتیلەی خۆم پۆشیوەو کەونیان دەکەم، کێ دەزانێ چەند کفنی دیکە کۆندەکەم؟ هەر خۆشی لەو وەزعە پیکەنیناویە کە دەیبینی، تەمەنی درێژەی کێشاوەو ئەجەلی نایەت بەبنی لێوەوە پێدەکەنی.

ئەو رۆژە کە دایکەکە لە مەزرا دەگەڕایەوەو دیسان گرژیەوە، چونکە گوێی لە دەنگی کزی پیرێژن بوو کە دەیگوت:

- کچەکەم خاترجەم بە من لێرەم و چاودێری دەرگام.

بەڵێ بەڕاستی ئەگەر ئەو بەندەی خودایە بمردایە، بۆ بووکە جحێڵەکە لەدەست دانێکی گەورە بوو، بەڵام داخ و کەسەر بێ سوودە، تەمەن دێ و لە ساتی بڕیار لێدراوی خۆیدا دەڕوات، هیچ کارێک لەگەڵ ئەجەلدا ناکرێت، هەر لەبەر ئەمە بوو دایکەکە بە ئارامییەوە بەردەوامی بە تەیکردنی رێگەی ژیانی خۆی دەدا.

# بەشی سێهەم

ئەو فاسۆلیایانەی کە دایکەکە لە مەزرادا چاندبوونی گوڵیان کرد، شنەیان شەلاڵی بۆنی خۆیان کردبوو، دۆڵەکە لە گیای رۆنیاسدا کە ئەو روونی لە تۆوی ئەواندا دەگرت، زەرد هەڵگەڕابوو، دایکەکە چوارەمین فەرزەندی خۆی وەبەرهێنا، ئەو کاتە مامان لە دێدا نەبوو، تا ئەو کاتەی کە لە شار یا لە دەوروبەری شار پەیدا دەبوو، دایکەکان لە کاتی دانانی حەملی خۆیان کۆمەگی یەکتریان دەکرد، چەند دانە دایەگەورەیەکیش هەبوون، کاتێ گرفتێ دەهاتە پێش یا منالێلە دایک بووبایە، یاخود ژنێکی جحێڵ لە کاتی زایینداً رووبەڕووی چەند نارەحەتیەکی نائاسایی دەبوونەوە، ئەوان فەرمایشتیان دەکردو رێنماییان دەکردن، بەڵام دایکەکە چەستەیەکی لەبارو ساغی هەبوو، نە ئەوەندە وردو نە ئەوەندە باریک بوو، ماسولکەی رانەکانی نەرم بوون و قابیلی لەبەریەک داکشان بوون، لەبەر هەندێ بوو، زایینی ئەو زۆر بە راحەتی وەبەردەهات، هەتا ئەو کاتەش کە بەربووبۆوە سەر زەوی و منالەکەی زووتر لە وەختی خۆی دانا، هیچ رووداوێ رووینەدا، خۆ ئەگەر داخی مەرگی منالەکەو ئەو زەحمەتیە بێهودەیەی دایکەکە نەبوایە، هەردیاریش نەبوو کە شتێ روویداوە.

لە کاتە تەنگانەکاندا کچی مامی بانگ دەکردو ئەویش بە

نۆبەی خۆی لە کاتی وادا داوای کۆمەگی لەو دەکرد، جارێکیان لەو ڕۆژە خۆشانە کە بای بەهاری هەڵیدەکرد، دایکەکە هەستی کرد وادەی موژدەهێن هاتووە، لە میانی مەزراوە گەڕاوە ماڵەوەو هەرزەچنی خۆی بە دیوار هەڵواسی و بانگێکی کردە دەرگای ماڵەکەی کە ڕووبەڕوویان بوو، دۆتمام بە ڕاکەڕاک هات و دەستەکانی بە بەرامپیلەکەی خۆی پاک کردەوە، چونکە لە لێواری گۆمدا خەریکی شوشتنی جل بوو، ژنێکی میهرەبان و نازەنین بوو، ڕوخسارێکی خڕکەلانەو مەیلەو سەوزی هەبوو، پەڕەی ڕەشی لوتی بەسەر دەمی گەورەو قورمزیەوە بۆ سەرەوە هەڵکشابوون و ژنێکی پڕکاربوو، بە درێژایی ڕۆژێ لە کەنار مێردی بێ سەروسەدای، خۆیەوە خەریکی چەنەبازی بوو، ئەوکاتەش کە هاتبووە کۆمەگی دایکەکەو هەرای بوو، پێدەکەنی و کەوتبووە قاقاوە:

-بەە بەە خانم ... چەند چاک بوو کە ئێمە بەیەکەوە حەملی خۆمان دانابوایە، من هەر کاتێ تۆم دەبینی، دەمگوت داخوا کام یەک لە ئێمە زووتر ژان دەگرین ؟ من ئەمساڵ زیاتر لەوەی کەبوایە، دواکەوتووم، ئێوە ماشەڵڵا وا منداڵتان دەبێ و من هێشتاکە ماومە.

دەنگی قەبەی ئەو لە دێدا پێچی دەخواردەوەو ژنان لەبەردەم ئاستانەی ماڵی خۆیاندا هەموویان هاواریان دەکرد:

- خۆش بە حاڵی ئێوە، دەرەنجام کاتی ئێوە وا هات و هەڵبەت کە کوڕە .

یەکێکی تر کە ژنێکی بێوە بوو بە شێوەیەکی پڕ لەداخەوە دەیگوت:- خانم هەتا مێردتان هەیە سوودی لێوەرگرن، منیش کە دەمبینن بۆ زایین دروست بوویمە، بەلام حەیف کە مێردم نییە.

بەلام دایکەکە وەلامی نەدایەوە، تەنها لە ڕوخساری تۆزگرتەو ئارەقاوی ئەودا، کە تۆزێ ڕەنگی پەڕیبوو، گرژینەوەیەک بە دیار کەوت و چووە ژوورەوە، پیرەژن بەدوای کەوت و چەنەبازی دەکرد، بە هاتنی منالەکە خۆشحالبوو، پێدەکەنی و بەسەریەکەوە دەیگوت:

- من ئەو کاتانەی وەختی زاییم دەهات، بەڵێ کچم خۆ تۆ دەزانی من نۆ تاک مندالم بووەو هەمووشیان تا زیندوو بوون، ساغ و بە هێز بوون و هەمیشە دەمگوت.......

دایکەکە گوێی بە قسەی ئەو نەداو کورسیەکی بچووکی هەڵگرت وبەبێ دەنگی بەسەریا ڕونیشت، ئەڵقەکانی زوڵفی بە ناو یەکدا ئەنگلۆزا بوون و بە دەستەکانی ئارەقەی توێڵی سڕیەوە، ئەو ئارەقەیە ئارەقەی نێو دەشتایی نەبوو، نیشتبووە سەر تەنی ئەوەوە، بەڵکو ئارەقەی تازەی بەرەژانی مندالبوون بوو، ڕوخساری خۆی بە کراسەکەی پاک کردەوەو قژە چڕو درێژەکانی خۆی کردنەوە، ئەمجارە توندتری پێچایەوەو دواییش ژانێکی توندی هاتێ و بێ ئەوەی شتێ بڵێ کەمەری خۆی لار کردەوەو لە چاوەڕوانیدا مایەوە.

لەکەناری ئەودا پیرەژن هەمیشە دەمەوەڕی دەکردو ئامۆزای مێردەکەشی هەمیشە لەگەڵیا لە گەپ دابوو، بەلام کە بینی کەمەری خۆی لارکردۆتەوە کەوتە ڕاکردن، دەرگای داخست تا بۆ خزمەت کردنی حازرو ئامادەبێ، لەپڕێکا لە دەرگایان داو کوڕەکەی بوو، چونکە بینی بووی لەوکاتەی ڕۆژێدا دەرگایان داخستووەو دایکیشی لە ژوورەوە بوو ترس دایگرتبوو، هاواری کردنەوەی دەرگای کردو دایکەکەش بە سەختیەوە گوتی :-

- لێگەڕێن با هەر لە دەرەوە بێت تا بەرەحەتی منالەکەم

ببێ .
ئامۆزاکەی لە درزی دەرگاوە هاواری کردو گوتی:-
- دەقیقەیەک سەبر بگرە رۆڵە گیان ئاخر دایکت ژانی گرتووە.
پیرەژنیش هاتە دەنگ و گوتی :- لە هەمان شوێنی خۆت بمینیەوە کوڕی خۆم، ئەگەر بە جوانی گەمان بکەیت، دوو درهەمت پێ دەدەم تا فستق بۆخۆت بکڕی، دوای چەند ساتێ دەبینی کە دایکت چ شتێکی باشی بۆ هێناوی .
بەلاّم منداڵەکە لەبەر ئەوەی ترسا بوو لچی شۆڕ کردبۆوە و خوشکەکەشی وەکو هەمیشە لاسایی براکەی کردوەوەو دەستی بە گریان کرد، ئەویش بەئەسپایی بۆ پێشەوە هات و بە موشتە بچووکەکانی دەستی کرد بە لێدانی دەرگاو سەرەنجام دایکەکە لەبەر ژانی خۆی تووڕە بوو، بە تایبەتی کە ژانەکەی زۆر توند بوو، لە جێوە هەستاو بۆ لای دەرەوە چوو، بە توندی مناڵەکەی کوتایەوەو بەسەریا هاواری کردو گوتی:
- ئاخر تۆ رۆحی منت دەرێناوە، قەت نەبوو کەرەتێ گوێ بگریت ؟ هەر ئێستا تاکێکت بۆ دێت . بەلاّم پاشان تووڕەییەکەی نیشتەوەو دڵی پێسووتاو بە شێوەیەکی نەرمتر گوتی:
- وەرە با ببینم تۆ دەتەوێ چ کەتنێ بکەیت؟
پاشان رووی کردە کچە ئامۆزای و گوتی:- نیوەی دەرگاکە بکەوە ئەوانە خوویان بەوە نەگرتووە دوور بن لە من، چونکە هەست بە دڵتەنگی دەکەن، ئەوسا دووبارە دانیشتەوە، لەو کاتەی سەری لە میانی هەردوودەستەکانی نابوو بێدەنگ و ئارام لەگەڵ ژانەکەی خۆیدا مایەوە، مناڵەکەی

هاته ژوورەوەو لەبەر دزە نیگای ئامۆزای باوکی کە لەودا رامابوو هیچی نەبینی، وەک بلێی کارێکی بەدو ناپەسندی کردبێ، بە دەرگادا چووە دەرەوە، بەلام کیژۆلەکە هاتە ژورەوەو بەسەر سەکۆیەکی گلیێەوە لە تەک دایکی دانیشت، دەستەکانی خۆی نایە بەرچاوی تا ئێشی چاوەکانی داکەوێ، چاوەڕوانییەکە درێژەی کێشاو یەکێ لە ژنەکان لەبەر ژان و نارەحەتی ئەوەوە سەخلەت ببوو، بۆیە بێدەنگ بووبوو، دوو ژنی دیکە خەریکی گێڕانەوەی ئەو چیرۆکە بوون، کە پەیوەست بوو بە دێکەوە، دەیانگێڕایەوە چۆن چۆنی پیاوێ کە ماڵەکە لە کۆتایی دێکەدا بوو، کاتی کارێ بوو لە دەشت، ئەو دادەنیشت و دوای نیوەڕۆیان خۆی بە قومارەوە خەریک دەکرد، هەروەها دەیانگوت ئەمرۆ بەیانی خۆی و ژنەکەی شەڕێکی توندیان بەرپاکردبوو، هەر لەبەر ئەو ئەو برە پارەیە بوو کە لە ماڵەوەیاندا هەبوو،ئەویش چووبوو بردبووی، ژنە بێچارەکەش لەبەر ئەوەی چی لە دەست نەهاتبوو، دوای ڕۆیشتنی لەبەردەرگای ماڵێدا دانیشتبوو، بە دەنگی بەرز بۆ بەدبەختی خۆی دەگریاو فرمێسکی هەڵدەڕشت و هەموو خەڵکیش دەیانتوانی گوێیان لە دەنگی بێت، ئەو کاتە ئامۆزای مێردەکە بە قسەی خۆی گوتبووی :

– نە نا تۆ جار جار خەیاڵی ئەوە بکە کە ئەو لە قومار دەیبردەوەو شتێکی بۆ ماڵەوە دەهێناوە.

نەخێر شوورەیی لەکارەکە هەر ئەوەبوو ئەو هەمیشە دەیدۆڕاند، پیرەژن ئاخێکی هەڵکێشاو تفێکی رووکردە سەر زەوی و گوتی:

– ئایا بەدبەختی لەوە گەورەتر هەیە، پیاو تەنها بدۆڕینی و قەت نەباتەوە؟ من دەزانم ئەم جۆرە پیاوانە زۆرن بەلام

لێره نا، من سوپاسی خوا دەکەم کوڕەکەم شەنسی لە قومار هەیە .

لەوکاتەی پیرەژن دیسان هەر قسەی دەکرد، دایکەکە هاوارێکی کردو رووی لە کچەکەی وەرگێڕاو لەو کاتەی کەمەربەندی خۆی دەکردەوە، بەسەر کورسیەکەوە بۆ پێشەوە لار بۆوەو ئامۆزای مێردی بۆ پێشەوە رایکردو بە بزاوتێکی لێزانانە بە هەردوو دەستی ساواکەی گرت و دەریهێنا، ساواکەش کوڕ بوو. دایکەکە بەسەر تەختە خەوەوە راکشاو ئاسوودە بوو، لەو ئازارەی کە کێشابووی، ئەو ئاسوودەییەش چەسپیە دڵیەوە بۆ ماوەیەکی درێژ چووە خەوێکی سەنگینەوە، لەولاوەش کچە ئامۆزاکەی منداڵەکەی شوشت و قۆنداغی کردو لە تەنیشت دایکیدا خەواندی، هەتا بە دەنگی زیرەی گوێدڕی ساواکەش بەخەبەر نەهات، کچە ئامۆزاکەی دوای ئەوەی پیرەژنی راسپارد کە ئەگەر بێدار بۆوە، نەوەی خۆی بەدوایدا بنێرێ، ئەوسا بۆ کاری خۆی چووە ماڵی خۆیەوەو تا ئەو کاتەی کوڕەکە بە هاوارەوە چووە لای و گوتی:

- ئاگات لەوەیە من برایەکی بچکۆلانەم هەیە؟

کچە ئامۆزا یەکسەر بە خۆی و کاسەیێ شۆربا رایکردو ئیدی دەستی کرد بە گەپ و سەری لەبەر سەری کوڕە ناو گوتی:- هەڵبەت کە دەزانم من خۆم دەرم هێناوە .

کوڕەکە نوقمی بیر کردنەوە بوو، سەرەنجام گوتی:- کەواتە منداڵەکە هەمووی هی ئێمە نییە؟

ژنەکان دایانە قاقاوە، بە تایبەتی دایە گەورەی بەم هۆشەی منالآنەیەی سەرسام بوو، دایکەکە شۆرباکەی خواردو بە سوپاسەوە سەری لە بن گوێی ئامۆزای ناو گوتی:- خوشکە

تۆ چ دڵێکی میهرەبانت هەیە.

کچە ئامۆزاکەی وەڵامی دایەوەو گوتی: - تۆش کە نۆبەی من هات هەمان ئەو میهرەبانییە بنوێنە. مەگەر وانییە؟

دۆستایەتی میانی ئەودووە بە هۆی ئەوبارە سەختەی بۆ هەردووکیان یەکسان بوو، دەبوایە بۆ پێش بچێ و باڵا بگرێ.

# بەشی چوارەم

بەڵام ئاخر خۆ پیاوی ماڵێ لەو ناوە نەبوو، لە نەزەری ئەو هیچ شتێ، بە بەرابردنی کاتیش نەدەگۆڕاو هەرگیز قبوڵی گۆڕانیشی نەبوو، هاتنە دونیای ئەو منداڵانە کە بۆ ژنەکەی ئەوەندە ئازیز بوو، بۆ پیاوەکە هیچ شتێکی تازەی تیا نەبوو، چونکە هەموو وەک یەک لە دایک دەبوونو لە یەک دەچوون، دەبوایە خۆراکیان بدەنێو پۆشتەیان کەن، پاشان وێڕادەگەیشتنو هی تر لە دایک دەبوون، لەبەر ئەمە هەر هەمان شت بوو هەموو رۆژێ لە رۆژی پێشتر دەچوو و ئومێدی هیچ جۆرە گۆڕانێ لە ئارادا نەبوو، خودی ئەویش هەر لەو دێیە لەدایک بوو بوو و جگە لە هاتوچوونی بۆ شارە بچووکەکەو یا چوونی بۆ کەناری رووبارەکەی پشتی کێوەوە، ئیدی لە تەواوی عومریدا نەیبینی بوو، کە بچووکترین ماجەراییێکی بەسەر هاتبێت، کە بەیانیان لە خەو هەڵدەستا دیسان هەمان رەوەزی کێوە پەستەکانکان لە زەمینەی هەمان ئاسماندا، لەبەر چاوی ئەودا بەدیار دەکەوتن، بە درێژایی رۆژێ کاری لەمەزرا دەکردو دەگەڕایەوە ماڵو هەمان کێوو هەمان ئاسمان لە شوێنی خۆیاندا بوون، دەهاتەوە ماڵێک کە لەوێدا هاتۆتە دونیاوە، بەسەر تەختە خەوێکەوە دەخەوت کە لە منداڵیدا لە کەنار دایکو باوکیا، بەسەریا خەوتبوو، تا پاشان بە حوکمی عومری ئەو تەختەخەوە خراپەی کە ئێستا

پیرەدایکی بەسەریا دەخەوێ، لەویان سەندبۆوە، دیسان ئێستا هەمات تەختە خەوی گەورە، خۆیو ژن ومناڵەکانی ئیشغاڵیان کردووە، بەڵام بە هەرحاڵ ماڵەکە هەمان ماڵ بوو و تەختەخەویش هەمان تەختەخەو، لەناوەوەش هیچ گۆڕانێ رووی نەدابوو، تەنها چەند پارچە ناوماڵێکی بچووک بچووک لەکاتی زەماوەندا زیادی کردبوو، بریتی بوو لە قۆریەکو چەند شەمدانێک، لێفەیەکیشیان بە تازەیی کڕیبوو، کە لە پارچەیەکی ناوبەرشین هەڵکێشرابوو و یەک پەیکەری کاغەزینی نوێش بەدیوار هەڵواسرا بوو، ئەو پەیکەرە خودای سەروەت وسامان بوو، بە شێوەیەکی خەندەدارو شاشو بە جلێکی قورمزیو شینو زەردیان دروست کردبوو، بەڵام ئەو خودایە پولێکی بە نسیبی ئەوان نەکردبوو، کوڕە جەوانەکە هەموو جارێ کە سەیری ئەو خودایەی دەکرد، کە لە هەمان شوێنی بڵندی خۆی، بەسەر دیواری گڵەوەی ئەو ماڵە بچووکو داڕماوەدا هەڵواسرابوو، هەمیشە لە روانین دا بوو، لەدڵی خۆیدا نەفرەتی بۆ دەنارد.

جارجار پیاوەکە لە کاتی پشوودا دەچووە شار، یا ئەگەر باران باریبوایە، ئەوە بە سوتفە لەگەڵ چەند کەسێکی بێکار لە قاوەخانە بچووکەکەوە یاری دەکرد، بەڵام کە دەگەڕایەوە دیسانەوە خۆی لەگەڵ ژنێ دەدۆزییەوە، کە بەردەوام شیرێژەی بوو، ئەو نانخۆرانەی ئیزافەی ماڵێ دەکرد، کە ئەو دەبوایە بە کاری خۆی ورگیان تێر کات، وەحشەتی ئەو بیرۆکەیەی بەسەر زاڵدەبوو، کە تا بە زیندوویی بمێنێتەوە، جگە لەوە نەتوانێ چاوەڕوانی هیچ شتێکی دیکە بێت. هەموو رۆژێ سپێدان رابوونو کارکردن لە مەزرا، کە بەشێکی زۆری بۆ خاوەنکار بوو، ئەو خاوەنکارەی خۆی لە شار

بوو، له دووره‌وه به‌هره‌چنی ئه‌و به‌رهه‌مانه‌ی ده‌کرد، پاشان ژیان به‌سه‌ربردن له‌ومه‌زرایه کرێ پاره‌ییه، چونکه به‌ر له‌و باوکی ژیانی لێ گوزه‌راندبوو، هه‌روه‌ها گه‌ڕانه‌وه له کاتی خۆرئاواو خواردنی خۆراکێکی نایاب، بێ ئه‌وه‌ی زات بکات ده‌ست بۆ به‌رهه‌مێکی خۆشتر ببات، که تایبه‌ت بوو به خۆشبه‌خته‌کان، پاشان خواردن‌و دیسان بۆ سبه‌ینه‌ی ئه‌و رۆژه چه‌شتنی هه‌مان زه‌حمه‌تیه‌کان، سه‌رنویشتی ئه‌و بوو، به‌رهه‌مهێنان ته‌واو په‌یوه‌ندی به‌وه‌وه هه‌بوو، ئه‌ویش ده‌بوایه به‌شێکی بۆ خاوه‌نکارو به‌شێکیشی بۆ سه‌رکار لابدا، بۆ پیاوه‌که به‌رگه گرتنی راسته‌وخۆی خاوه‌نکار کارێکی نه‌کرده‌نی بوو، چونکه ئه‌و نموونه‌ی تاکێکی حه‌ساوه‌ی شاری بوو، زۆرجاران ئاره‌زوووی ئه‌وه‌ی کردبوو، که بریا ئه‌ویش که‌سێکی شاری بوایه، راسته‌وخۆ جلی نه‌رم‌و نیانی ئاوریشمی له‌به‌رده‌کرد، ره‌نگی پێستی سپییێکی مات‌و قژی خورمایی بووبایه، رۆنی تێ هه‌ڵده‌سووی، تاوا نیشان بدات ئه‌و که‌سێکی شاریه‌و کاریشی سووک‌و ئاسانه و خۆراکی چاک ده‌خوات، له‌و رۆژانه‌ی که پیاوه جحێڵه‌که تووشی ئه‌و خه‌یالاتانه ده‌بوو، وه‌ک عاده‌تی بوو به‌دخولقی‌و ناسازگاری ده‌نواند، ئه‌وسا جگه له نه‌ڕاندن به‌سه‌ر ژنه‌که‌یه‌وه، بۆنموونه ده‌یگوت ئه‌وه بۆ فلانه شت دواکه‌وت؟ قسه‌یه‌کی دیکه‌ی نه‌ده‌کرد، ژنه یه‌کسه‌ر ئه‌وه‌نده تووڕه ده‌بوو، له پێستی خۆی ده‌چووه ده‌ره‌وه‌و به‌مجۆره شه‌ڕێکی توند له میانیانا به‌رپا ده‌بوو، پیاوه‌که‌ش له‌ززه‌تێکی سه‌یرو شه‌یتانی له‌و شه‌ڕه وه‌رده‌گرت‌و دڵی فێنک ده‌بۆوه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ش ژنه به‌سه‌ر مێردی زاڵ ده‌بوو، جگه له‌وه‌ی له‌باره‌ی ئه‌وه‌ی که له‌گه‌ڵ یه‌کێ له مناڵه‌کانید کاته‌که‌یان ناخۆش ده‌کرد، هه‌میشه له

مێردەکەی بزۆزتر بوو، بە بەدی لاملی دەکرد، پیاوەکەش ڕاستیو عینادی ئەوی هەتا لە کاتی تووڕەبوونیشی دا نەبوو، هەر زوو لەو بگرەوبەردەیە وەڕەس دەبوو و بابەتەکەی دەگۆڕی، بەلام بە تایبەتی کاتێ پیاوەکە لە یەکێ لە منالەکانی دەداو یا لەبەر گریانی ئەوان وەزعی لێ تێکدەچوو، ئەو کاتە ژنەکە بە سەختی تووڕە دەبوو و هەلدەچوو، چونکە تاقەتی بەرگە گرتنی شتی وای نەبوو، عەسەبی دەبوو و لەو کاتەی هەقی بە منالەکەی دەداو بەری لە مێردەکەشی دەگرت، هیچ شتێ بە ئەندازەی ئەوە مێردەکەی تووڕە نەدەکرد، کە خۆی لە مالێدا لە خانەی دووەم ببینێ یاخود وا هەست بکات، بەمجۆرە بیرکردنەوەیە، ئەو پشووانەی کە خۆی بە خۆی دەدا بە هەندی هەلنەدەگرت، ئەو پشووانە ڕۆژانی جەژنو ڕۆژانی درێژی زستان بوون، کە لەو کاتانەدا پیاوەکە جگە لە خەوتنو قومار کردن دەستی لە کارێکی دیکە نەدەدا، ئەزقەزا شانسێکی باشی هەبوو لە قومار هەمیشە بەزیاد لەو پارەیەی کە لەگەل خۆی هەلیدەگرت دەگەڕایەوە مال، ئەوەش ڕێگەیەکی ئاسانی بەسەربردنی بژێو بوو. بەو مەرجەی خۆی تەنها بوایە، بەرپرسیارەتی کەسێکی تری لە ئەستۆ نەبوا، ئەو زۆری حەز لە سوتفەی یاری قومارو دلە ڕاوکێو خۆشییەکانی ئەو یارییە دەکرد، حەزی لێبوو خەلکی لە پشت دەستیەوە کۆببنەوەو باسی دلو زاتو کارامەیی ئەو بکەن لە قومارەکەدا، بەڕاستی بەختو یەقبال لە پەنجە کارامەکانیدا دەچکایەوە، کە هێشتا نە لەبەر گاسندا زبر بوو بوون، نە لەبەر بێل، چونکە هێشتا گەنج بوو و ئەو کاتە هێشتا بیستو هەشت سال لە تەمەنی ڕەت نەبوو بوو، کە لە حەدی تاقەتو توانای خۆی زۆرتر کاری دەکرد، دایکەکە

نەیدەزانی چی لە دڵی باوکی منداڵەکانی دایە، تەنها دەیزانی ئەو حەزی لە قومارە، بەڵام مەگەر چ عەیبێکی هەیە؟چونکە هیچ وەختێ نەیدەدۆڕان، لەراستیدا کاتێ دایکەکە ئاخو ناڵەی ژنانی دیکەی دەبیست لەدەست مێردەکانیان، کە دەرامەتی کەمی خۆیان لەسەر مێزی قاوەخانەدا بەبا دەدەن، شانازی بە خۆی دەکرد، لانی کەم ئەو ئیدی شکایەتی وای نەبوو، کاتێ یەکێ لە ژنانی هاوسێ پێی دەگوت:

- بریا مێردە بێچارەکەی منیش وەکو مێردە قشتەکەی تۆ ئاوا دەستی دەهات و بە خێر بوایەو هەموو پارەوپوولی سەر مێزی قوماری رابکێشایە بۆ خۆی، خۆش بەحاڵی تۆ خانم کە ئەوەندە شانست هەیە؟

ئەویش بە خۆشحاڵی تەواوەوە بەڕوویا دەخەنی، چونکە ئەو هیچ وەخت پیاوەکەی خۆی بە خاتری قومار سەرزنشت نەدەکرد، مەگەر ئەو کاتەی دڵی دیقی کردباو جگە لە وشەی قومار هیچ هەنجەتێکی نەبوایە بۆ لاملیکردن، هەروەها هیچ لۆمەشی نەدەکرد کە بۆچی هەموو رۆژێ دێ و دەڕوا و لەکاری مەزرادا کەمتر لەو تەقەلا دەدات، هەتا لەوکاتانەش کە بەسەختی مێردەکەی سەرزەنشت دەکرد، دەیزانی هیچ کاتێ پیاوان ناتوانن بە ئەندازەی ژنان کار بکەن، هەتا زیندووش بن ئەو رۆحە منالانەیان هەر دەمینێ، خووی بە هەمان ئەو هۆیەوە گرتبوو، کاتێ مێردەکەی هەرزەچنی خۆی لەلایێ دادەناو یەکدوو سەعات بەسەر گیای کوێرە رێیەکی باریک، کە دوو مەزرای لەیەک جیا دەکردەوە رادەکشا، تا پشیە خەوێ بکات، بەڵام ئەو هەر بەردەوامی بە کاری دەدا، ئەگەر تەنها لەبەر ئەوەی قسەیەکی کردبێ ئەوە زمانی بە لۆمە دەگەڕا، چونکە ئەو مێردەکەی خۆی لە ناخی دڵەوە

خۆشدەویست، پیاوەکە لە وەڵامدا دەیگوت :- هەڵبەتە کە مافی خۆمە بخەوم من بەو ئەندازەی کە نان دەخۆم زەحمەت دەکێشم.

ژنە دەیتوانی ئیراد لەم قسەیە بگرێت وبڵێت: – مەگەر من منالّم نییە؟ مەگەر هەر یەک لە ئێمە نابێ بەقەدەر بەشی خۆی زەحمەت بکێشێ؟

بەڵام لە راستیدا حاڵەکە وابوو منالّەکان تەنها پەیوەست بوون بە دایکیانەوە، چونکە پیاوەکە هیچ کاتێ لە بیری منالّەکان نەبوو. لەبەر ئەمە دایکەکە بێدەنگی هەڵبژارد. بە تایبەتی کە لە مێردەکەشی زیاتر وەڵام بەدەست نەبوو، لەگەڵ ئەو هەمووەشدا هەندێ جار وا تووڕەیی دایدەگرت ئیدی بەوەندە رانەدەوەستا تەنها بۆڵە بۆڵ بکات، ئەو شەڕانەی کە لە هەر وەرزێکا یەک دوو جار لەگەڵ مێردەکەیا قەوماندبووی، لە سەر دڵی ببوە گرێو لە کاتی تووڕە بووندا تاڵییەکی نائاسایی دەبەخشی بە قسەکانی، ئەگەر بە پێی رێکەوتە رۆژێ لە رۆژان مێردەکەی بەپارەی ئەو کەلەمەی کە لە بازار دەیفرۆشت جرتی وفرتی کردبا، یا لە رۆژانی ئاساییدا خۆی مەست کردبا، ژنە وا تووڕ دەبوو، کە ئیدی ئیشقی خۆی بۆ ئەو لە یاد دەکرد، تووڕەیی ئەو بە قەدەرێ قووڵ دەبوو و وا لە گۆشەکانی دڵی بنەیان دەکرد، کە بە ناچاری لە دڵی بمێنێتەوە، تەنها دوای چەند سەعاتێ. واتە کاتێ مێردەکەی کە هیچ کاتێ حەزی لێ نەبوو شتێکی ناخۆشی وەبیر بێتەوە، کارە بەدەکەی خۆی لە بیر دەکرد، بەڵام کاتێ یەکێ لە هۆیەکانی تووڕە بوون لە ژنەدا چیرەی دەکرد، ئیدی نەیدەتوانی دان بەخۆیا بگرێت، دەبوایە وەکو تەرەقە بتەقێتەوە، یەکێ لەوانە رۆژێ لە رۆژەکانی پاییز

کاتێ مێردەکەی گەڕایەوە ماڵ، ئەنگوستیلەیەکی لە پەنجەدا بوو، دەیگوت گوایە زێڕە، کە ژنەکە چاوی بە ئەنگوستیلەکە کەوت لە جێوە دەرپەڕیو بە دەنگێکی توورە گوتی :

- تۆ ئەو پیاوە نیت لە نامورادییەکانی ژیاندا لەگەڵ ئێمەدا هاوبەش بیت، ئەوە ویژدانە تۆ بچیت ئەو پارەوپولە کەمەی ئێمە لە ئەنگوستیلەیەکی بێ نرخدا بە خەرج بدەی؟ قەت بیرت لەوە کردۆتەوە کە پیاوێکی باشو بە شەرەف، نەخاسمە هەژاریش بێت ئەنگوستیلە لە دەست بکات؟ پیاوە دەوڵەمەندەکان دەتوانن هونەری وایان بۆ خۆ هەبێ، بێ ئەوەی کەسێ ئیرادیان لێ بگرێت، بەڵام ئەگەر پیاوێکی هەژار کارێکی وابکات قەباحەتیە، چش نا ئەنگوستیلەی زێڕ؟ ئایا دەتوانرێ ئەنگوستیلەی زێڕ بە پوولی مسین بکڕدرێت؟

لێوە قورمزیەکانی پیاوەکە بە حاڵەتێکی توورە کە منداڵ زۆر جاران بەخۆوەی دەگرێ، جم وجۆر بوو و بە نۆبەی خۆی بەسەر ژنەدا هاواری کرد:

- گوتم زێڕە، ئەو ئەنگوستیلەیان لە یەکێ لەماڵە گەورەکان دزیوە، پیاوێ کە ئەوەی پێ فرۆشتم، بەمنی گوت ئەنگوستیلەکەی لە ژێر کۆتی خۆی شاردبۆوە، بە هێواشی بە منی نیشان دا، کە لە کوچە رەت دەبووم نیشانی دام، بەڵام ژنە فشەی پیکردو گوتی:

- بەڵێ ئاخر ئەویش دێهاتییەکی گێلی بەدەست کەوتبوو، بە ئاسانی بتوانێ فریوی بدات، ئەوە گریمان لەزێڕ بێت، ئەگەر تۆ ئەو ئەنگوستیلەیە لە شاردا لە پەنجە کەیت، دەزانی چ بەڵایەکت بەسەر دێت؟ دەتگرنو وەکو دزەکان لە زیندانێت دەهاوێن، ئەوکاتە ئێمە بۆ کڕینەوەی تۆ یا بۆ خواردن پێدانت، لەو ماوەیەی کە لەزیندان دەبیت، دەبێ چۆن چۆنی خوێنی

دڵمان بخۆینەوە، ئێستا بینە بزانم زێڕە یا نە؟
پیاوەکە ئەنگوستیلەکەی پێ نەداو بە بزاوتی منداڵێ کە جەنەی گرتبێ، تەکانێکی بەخۆیدا، لەپڕێکا ژنە نەفرەتێکی توندی لەودا بینیو پەڕیە سەر سەروکەللەیو ڕوخساری نەرمو جوانی، ئەوی بە چنگو نینۆکی خۆی بە سەختی رنیو برینداری کرد، بە شێوەیێ پیاوەکە وڕو گێژ بوو، بە ناچاری ئەنگوستیلەکەی لە ئەنگوستی دەرهێنا، هاوکات لەگەڵ نەفرەتو وەحشەت هاواری کرد:
- وەرە بگرە من دەزانم تووڕەیی تۆ بۆ ئەوەیە من ئەنگوستیلەم بۆ پەنجەی خۆم کڕیوە نەک بۆ پەنجەی تۆ.
ئەو قسانە هێندەی دیکە ژنەی تووڕە کرد، چونکە بە تەواوی سەرسووڕمانەوە هەستی بەوە کرد مێردەکەی ڕاست دەکات، ژنەکە بێهودە هەوڵی دابوو هی ناودڵی بە دیار نەخات، ئازاری بەوە دەچەشت، مێردەکەی هیچ کاتێ لەو گەوهەرانە بەو نادات، کە هەندێ مێرد دەیکەنە دیاری بۆ ژنەکانی خۆیان، دەیانتوانی لە گوێیان بکەن یا لە ئەنگوستیان، لەبەر ئەوە ئێستێکە بە بینینی ئەنگوستیلەکە تووشی ئەو نارەحەتییە بووە، چاوی بڕیە پیاوەکەو پیاوەکەش بە ئاهەنگێکی شکستە لەبەر دڵسۆزی بۆ حاڵی خۆیو بۆ ژیانی سەختی خۆی دووبارە گوتی:
- تۆ بۆ هەموو شتێکی بچووک سەری من دەکوتیەوە، مەگەر ئێمە هەرچیەکمان هەیە بۆ ئەو فسقلیانە نییە، کە تۆ وەبەریان دەهێنی؟
ئەوکاتە بەڕاستی دەستی بە گریان کرد و خۆی هاوێشتە سەر تەختەی خەوێ، بەدەنگی بەرزەوە گریا تا ژنەکەی گوێی لێبێ، پیرەژن کە ئەو شەڕەی بینی ترسا، ئەوەندەی

پێی دەکرا بە پەلە بۆ لای کوڕەکەی چوو، نەوەکا کوڕەکەی نەخۆش کەوێ‌و لاواندیەوە، لەوکاتەشدا سەیرێکی تووڕەی کردە بووکەکەی، کە لەکاتی ئاساییدا خۆشیدەویست، منداڵەکانیش لەگەڵ باوکیان فرمێسکیان هەڵدەڕشت‌و هەستیان دەکرد دایکیان زبرو بێ ڕەحمە، ژنە گەنجەکە هێشتا هێور نەبوو بۆوە، ئەنگوستیلەکەی کە مێردی بۆی هاوێشتبوو لە ناوخۆڵدا هەڵگرتەوەو خستیە بەر ددانی‌و گازێکی لێدا تا تاقی بکاتەوە، کە ئایا بە هەمان ئەو شێوەیەی مێردەکەی دەیگوت زێڕە یا نا؟ خۆ ئەگەر زێڕ بوایە دەیانتوانی بیفرۆشن‌و بە پارەکەی خەرجییێکی باشی پێ بکەن، باوبوو ئەوشتانەی دزراون بەهەرزانی دەفرۆشرێن‌و کەم وایە نرخی باشی پێ بدەن، مەگەر ئەوەی پیاوەکە لەترسی ژنەکەی درۆی کردبێ، ددانی سپی‌و بەهێزی ژنە لە فلزەکە نەچووە خوارەوە، دیسان تووڕە بووو هاواری کرد:- ئەگەر ئەوە زێڕ بوایە ئەوا ژێر ددانەکانمی لێ دەچووە خوارەوە، ئەوە مسێکی رووت و خاڵیە، بۆ چەند ماوەیەک ئەنگوستیلەکەی دایە بەر ددانەکانی و پاشان بڕێ ئاوی دەمی کە تێکەڵ بوو بوو بە لیکی زەردی فلزەکەوە تف کردە زەوی‌و گوتی :- باش تەماشایکە، تەنها رووپۆشێکی ناسکی ئاوی زێڕیان لێدایە.

دایکەکە نەیتوانی بەرگەی ئەوە بگرێت کە مێردەکەیان وەکو منداڵ هەڵخەڵەتاندبێ، ئەوەبوو بە دڵڕەقیەکی تەواوتر بەبێ ئەوەی بایەخ بە گریانی منداڵەکان‌و بەبێ ئەوەی گوێ بداتە دەنگی لەرزۆک‌و شلەژاوی پیرەژن، کە دەیگوت: — کاتێ من گەنج بووم مۆڵەتم بە مێردم دەدا بە هەوەسی خۆی بکات، دەبێ ژن بهێڵێ مێردەکەی شتێکیش بۆ خۆی بکڕێ،

بۆ لای مەزرا چوو نەیدەویست گوێ لە هیچ قسەیێ

بگرێت، کە هەتا ئەگەر ئارامیشی پێ ببەخشێ، بە هەرحاڵ هەرکە ماوەیەک بەسەر خاکەوە کاری کرد شنەی فێنکی پاییزی بەسەر دڵی شپرزەیەوە هەڵیکرد، بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێبێ دڵی فێنک کردەوە، ئەو گەڵایانەی هەڵدەڕژانە سەر زەوی، دامێنی قاوەیی کوێستان کە لە سەوزەواتی هاوین خاڵی بوو بوو، ئاسمانی خۆڵەمێشیو هاواری دووردەستی قازە کێوییەکان، کە بۆ لای باشوور دەفڕین، دەوروبەری ئارامی گوندو خەم وخەفەتی ئەو ساڵە خامۆشەی کە کۆتایی دەهات، بێئەوەی خۆی ئاگای لێ بێ هەر هەمووی هەڵڕژانو دڵیان نەرمو میهرەبان کردەوە، لەوکاتەی دەستەکانی تووی گەنمی زستانەی بەسەر خاکی نەرمو کێڵراودا پەرشو بڵاو دەکردەوە، هێور بۆوەو بەبیری هاتەوە مێردەکەی خۆی خۆشدەوێت، بە تایبەتی کە سیمای پێکەنیناوی ئەو لەبەر چاوی بەرجەستە بوو، دڵی کەوتە خورپەوە، لە پەشیمانیان کەوتە لۆمەی خۆیەوەو لە دڵی خۆی گوتی :- بۆ نیوەڕۆ چێشتێکی خۆشی بۆ چێ دەکەم، ئەسلەن من بەلاش ئەو خەرجیە کەمەم لە دڵ گرتووە.

بە پەلە بوو تا زوو بگاتەوە ماڵو چێشتە خۆشەکە بۆمێردی لێ بنێو بۆی بسەلمێنی کە ئەو چەند گۆڕاوە، بەڵام کاتێ گەڕایەوە ماڵەوە بینی مێردەکەی هێشتا بەسەر تەختەخەوەوە راکشاوەو بە وەڕەسی رووی لە دیوار کردووە، لە بێدەنگیدا رووچووە، ئەوخۆراکەی پیاوەکە حەزی لێبوو، بۆ ئەوی ئامادە کردبوو، ئەوقرژاڵانەی کە لە چەمەکەدا بۆ ئەوی راو کردبوو، ئەوانیشی هاوێشتە سەری، پاشان بانگی ئەوی کرد، بەڵام پیاوەکە نە هەستاو نە خواردیشی، بە دەنگی لاوازی پیاوێ کە نەخۆش بێ گوتی :- هیچ شتێکم لە

گەروو ناچێتە خوارەوە، جوێنەکانی تۆ دڵی منی وردوخاش کردووە. ژنە زۆری لێنەکرد کاسەکەی خۆراکی نایە لایەکەوە، لەوکاتەی کە بێدەنگ بوو لە تووڕەییان ددانی بەسەر یەکا دادەقرمسان، بەردەوامی بە کاری خۆی دا، لەبەر ئەوەی ئاگری تووڕەیی روو لە هەوراز بوو، ئامادە نەبوو بەشداری زۆر لێکردنی پیرەژنەکە بکات، کە داوای لە کوڕەکەی دەکرد تۆزێ خواردن بخوات و بەشداری بکات، لەژوورەکە چووە دەرەوەو سەگی ماڵێ بەبرسێتییەوە بۆ لای هات، ژنە گەڕایەوە کاسەکەی خۆراکی بینی، کە مێردەکەی ئامادە نەبوو بیخوات دەستی بۆ درێژ کردو بەبنی لێویەوە گوتی:- خۆراکەکەشی دەدەم بە سەگ بیخوات، بەڵام دڵی بەو کارە ڕازی نەبوو، بەلاش خۆراکی مرۆڤ حەرام ناکات، لەو سۆنگەیەوە کاسە خۆراکەکەی دووبارە دانایەوە سەر تاخچەکەی دیوار، هەندێ برنجی کۆنینەی پەیدا کردو داینایە بەردەم سەگەکە، بەڵام هەستی دەکرد هێشتاکەش بوغز لە بنی دڵیدا ماوە.

لەگەڵ ئەوەش شەوێ کە لەتەک مێردەکەی راکشابوو، کاتێ بینی منداڵەکان لە لایەک خۆیان گلۆلە کردووەو بەو نووساون و لە لایەکەی تر، لەشی لەگەڵ لەشی مێردەکەی بەیەکەوە نووساون هەستی بەوە کرد کە مێردەکەشی منداڵێکە وەکو منداڵەکانی دیکە، بوونی بە بوونی ئەوەوە بەندە، ئەوەبوو کە سپێدە بە میهرەبانیو ئارامییەوە لە خەو هەڵسا، دوای ئەوەی نانی بەیانی دا بە هەموو کەسانی خێزان، ئینجا چووە سۆراغی مێردەکەیەوەو هانی دا تا لە خەو رابێو شتێ بخوات، مێردەکە کە بینی ژنەکەی خولقی خۆشە وەکو نەخۆشێ کە لەبن جێ بێ لەسەرەخۆ لە تەختەخەو هاتە دەرەوەو ئەو خۆراکەی ژنە رۆژی پێشترێ بۆی لێنابوو

هەندێکی لێ خوارد، پاشان لەبەر ئەوەی خۆراکەکەی زۆر بە دڵ بوو، هەمووی خوارد، کاتێ کە بە خواردن خەریک بوو دایکەکەی بە ئیشقو ئەو پەیوەندیەی لەگەڵ ئەوا هەیبوو سەیری دەکرد، لە هەمان کاتدا بێ برانەوە دەمەوەڕی دەکرد، بەڵام پیاوەکە ئەو رۆژە سەرپێچی لە کارکردن کرد، کاتێ ژنەکەی بۆ چوونە دەشت خۆی ئامادە دەکرد، ئەو لەبەر دەم دەرگای ماڵەوە بەسەر کورسیەکەوە لەبەر هەتاو دانیشتو سەری راتەکاندو گوتی:

- من هەست بە بێهێزی دەکەم لە خۆمدا، وەکو ئەوەیە دڵم ئازار بکێشێ، ئەوەیە کە ئەمڕۆ دەمەوێ بحەسێمەوە. دایکەکە لە داخی ئەوەی بە کەللەڕەقی خۆیەوە ئەوی خستۆتە ئەم حاڵەوەو بۆ دڵدانەوەی گوتی:

- باشە تۆ بحەسێوە،خۆشی رێی مەزرای گرتە بەر، بەڵام دوای رۆیشتن پیاوەکە لەبەر چەنەبازی دایکی کەشەنگ ببوو، تەکانێکی دا بەرخۆی، پیرەژن خۆشحاڵبوو بەوەی کوڕەکەی بە درێژایی رۆژێ لە ماڵەوە دەمێنێتەوەو دەتوانێ لەگەڵیا قسە بکات، بەڵام دانیشتن لە گۆشەیەکو گوێگرتن لە چەنەی پیرەژن و دابنیشێو سەیری بازی منالان بکات، بەڕاستی بۆ ئەو مایەی تەمبەڵی بوو، لەبەر ئەمە لە جێوە هەڵساو وایدەرخست کە بە خواردنەوەی پیاڵە چایەکی گەرم حاڵی باشتر دەبێ، ئەوەبوو بە کۆڵاندا شۆڕبۆوەو چووە ئەو قاوەخانەیەی کە یەکێ لە نەوە دوورەکانی ئامۆزای هەڵیدەسوڕاند، هەلبەت لەوێدا چاوی بە خەڵکی تریشی دەکەوێ کە چا دەخۆنەوەو قسە دەکەن، لە ژێر سایەبانێکی جاوینیدا کە لە ناوکۆڵاندا بەسەر قاوەخانەکەوە هەڵدرابوو و چەند مێزێکییان دادەنا تا ئەو رێبوارانەی لە رێوە دەگەیشتن

لەوێ لادەن، ئەوکاتە قسەی غەریبو حەکایەتی سەیر سەیریان دەگێڕایەوە، یاخود حەکایەتخوان دەهات وداستانی دەگێڕایەوە، بەڕاستی قاوەخانەکە شوێنێکی خۆشو پڕ جونبو جۆش بوو. پیاوەکە لە ڕێگەدا ڕووبە ڕووی ئامۆزای بەرێزی خۆی بۆوە، کە بۆ خواردنی نانی بەیانی لە دەریا دەگەڕایەوە، ئەو هەر لە سپێدەی بەیانیەوە بەشێ لە زەوی خۆی کێلا بوو، ئەوەبوو گوتی :- ئەوە بۆ کوێ دەڕۆی؟ باشە بۆ نەچووی بۆ سەر کاری خۆت؟ پیاوەکە بە دەنگێکی کزو تێکەڵ بە ئاخو ناڵە وەڵامی دایەوەو گوتی:- - ئەو ژنەی من بۆ شتێکی بچووک کە لەبیرم کردبوو، جوێنی بە من دا، من هەر کارێ دەکەم، ناتوانم دڵی ئەو بە دەست بهێنم بۆڵە بۆڵو نەفرینی ئەو دوێنێ شەو حاڵی منی وا خراپ کردووە، کە خۆشی ترسا و داوای لێکردم ئەمڕۆکە بحەسێمەوە. ئێستاش وا بۆ قاوەخانە دەچم تا چاییێکی داغ بخۆمەوەو جگەرم بێتەوە سەرخۆی.

ئامۆزاکەی ئاوی دەمی ڕشتە زەویو بێ ئەوەی قسەیێ بکات، لەڕێی خۆی بەردەوام بوو، هەڵبەت ئەو مرۆیەکی ساکتو ئارام بوو، ئەگەر بە حوکمی زەرورەت نەبا قسەی نەدەکرد ئەگەر جار جار بیرۆکەیەکی دەهاتە سەر بۆ خۆی هەڵیدەگرت.

بەمجۆرە بوو پیاوەکە تووڕە بوو، لەو گوزەرانەی کە هەیبوو، گومانی لەوە دەکرد کە بتوانێ بە بەردەوامی بەرگەی ئەو ژیانە بگرێ بەبێ گۆڕان، هەروەها لەوەش کە بتوانی چەرخی ڕۆژگارو سالآن ڕاکێشێ تا دەمی پیریو مەرگ، بەتایبەت کاتێ لە زمانی چەند کەسێ لە ڕێبوارە ڕێ گوزەرەکان، کە لە قاوەخانەی کەنار جادەوە دەوەستانو

بەگوێی خۆی بیستبووی کە لە پشت ئەڵقەی کێوەکان‌و لەدەمی ئەو رووبارەی کە لەبنارەکانیانەوە هەڵدەڕژا، شتی زۆر سەیر هەن کە مایەی تەماشاکردنن، بۆیە بەرگە گرتنی ئەو ژیانە بە دیدی ئەو پڕ گرفتتر دەهاتە بەر چاو، رێبوارەکان دەیانگوت لەوێ کە رووبار هەڵدەڕژێتە دەریاوە شارێکی گەورەی پڕ لە ئادەمیزادی رەنگاورەنگی رەنگ جیاجیای لێیەو، لەوێ پارەوپول بە ئاسانی و بەبێ زەحمەت دێتە دەست، ئەوشارە پڕ لە قومارخانەیەو لەوێ ژنان گۆرانی خۆش خۆش دەچڕن، کچی جوانی وا کە خەڵکی ئێرە هەتا ناتوانن ئەندێشەشیان بکەن‌و بەدرێژایی تەمەنیشیان نایان بینن. لەو شارەدا هەموو شتێکی سەیر دەدۆزرێتەوە، پەیتون‌و گالیسکەی جۆراوجۆر و شەقامی ساف‌و بەچیمەن دەورەدراوو خانوی بڵندو جۆراو جۆرو مەغازەی زۆری لێیە، کە پێشخانەکەی پڕە لە شت‌و لە تەواوی دونیادا بە کەشتی هێنراون، مرۆڤ دەتوانێ بەدرێژایی ژیانی خۆی بە تەماشاکردنی ئەو شتانەوە خەریک بکات وقەتیش ماندوو نەبێ، هەروەها لەو شارە خواردنی زۆر خۆش هەیە، هەروەها ماسی، هەموو ئەو جۆرە خۆراکانەی لەدەریاوە وەدەستی دەهێنن، یەکجار زۆرە، کە مرۆڤ تێر دەبێ، باڵەخانەی گەورە هەیە دەتوانن لەوێ سەیری سینەما بکەن‌و یاخود سەیری نمایشنامەی جۆراوجۆر بکەن بەسەر شانۆوە، هەندێ لەو نمایشنامانە ئەوەندە بە پێکەنینن کە مرۆڤ لە پێکەنینان مڕ دەبێ و هەندێکیشیان سەیرو خەمگینن یاخود خۆشیبەخشن، لە هەموویان سەیرتر لەو شارەدا چرای وای لێیە بەدەست دروست نەکراوەو بە مەشخەڵی ئاگر رۆشن نابێ، بەڵکو نوورێکی سافە لە ئاسمان وەردەگیرێ‌و شەوی وەک رۆژ

ڕۆشنه، پیاوەکه جارجار لەگەڵ یەکێ لە ڕێبوارەکان یاری قوماری دەکرد، ئەو ڕێبوارە سەرسام بوو بەوەی کە لە گوندێکی بچووکی کوێستانیدا، قوماربازێکی وا تەڕدەست هەیەو پێی دەگوت:

- کوڕە تۆ حەتمەن ڕەگێکی شاریت تیایە، من سوێند دەخۆم تۆ دەتوانی لە هەموو قومارخانەکانی شار یاری بکەیت. پیاوە گەنجەکە بە بیستنی ئەو قسانە دەگرژیەوەو پاشان بە شێوەیەکی جدی دەیپرسی:

- بەڕاستی ئەندێشەی ئەوە دەکەی کە شتێکی وا بۆمن ببێ؟

ئەو کاتە نیوە بە خۆبچووک کردن و نیوە بە مەیل وەزعەکەی دەگۆڕی، دووبارە لەبەرخۆ دەیگوت:- ئەوە ڕاستە.. هیچ کەس لەو گۆشە بچووکە زاتی ئەوە ناکات ببێتە خەنیمی من، هەتا لە شاریش دەتوانم بەرامبەر هەرکەسێ بێ بوەستم، کاتێ دەکەوتە بیری ئەوەوە بەگەرمو گوڕییەکی زیاتر لە هەمیشە، ئارەزوووی دەکردو لە دڵی خۆی دەیگوت

- بریا دەیتوانی لەو ژیانە قێزەوەنەو کاری کۆیلەتی پڕ لە مەشەقەت کە بێزی لێ دەکردەوە دەست هەڵگرێ.

زۆر جاران لە مەزرادا هەرزەچنەکەی بەرزدەکردەوەو بە حەسرەتەوە لەکلوخێکی دەکوتا، بەبنی لێویەوە دەیگوت:- من کە جحێڵمو قشتمو لە قومار شانسم هەیە، لێرە وەکو ماسی وام لە ناو چاڵدا مابێتەوە، لێرە جگە لە بازنەیەکی بچووک لە ئاسمان کە هەمیشە یەک ڕەنگە هیچ شتێ لە باڵای سەرم نابینم، چ ببارێو چ هەتاو بێ، هەمیشە هەمان شتە، لە ماڵەوەش هەمان ژنەو هەموو ڕۆژێ دەبینین هەر مناڵەو یەک لەدوای یەک دێن، هەموویان دەگرین هۆڕەهۆڕیانەو

خواردنیان دەوێ، ئاخر من بۆ چەستەی خۆم تا موخی ناو ئێسقانم بۆ ئەوان داڕزێنم؟هیچ کاتێ نەتوانم لە کەمترین خۆشیدا بەهرەمەند بم؟

کاتێ دایکەکە سکی بەدوا کوڕ پڕ بوو و حەملەکەی دانا، پیاوەکە رووگرژو مۆن بوو، کە بۆچی لە دوای هەر منداڵبوونێ زۆر ئاسانو زوو دووگیان دەبێتەوە؟ لەگەڵ ئەوەش دەیزانی کە ئەوە خاسیەتێکە بۆ هەر هاوسەرێ مایەی ستایشە نەک سەرزنشت کردن، ئەی ئەگەر ژنەکەی نەزۆک بوایە، ئەوە ئەوکات دەیتوانی شکایەتی هەبێ؟ نەک ئێستا کە ژنەکەی هەموو ساڵێو لە وەرزێکی خۆش منالی دەبێ و زۆربەشیان کوڕن.

بەڵام لەوان رۆژاندا هەستی دادو ویژدان هێشتا لەودا مالی خۆی دانەنابوو، هێشتا لە زۆر بابەتدا رەوشتێکی منالانەی هەبوو، چونکە ئەو بە پێی نەریتی ئەو شوێنە کە دەبوایە وابێ، مێرد لە ژنەکەی جەوانتر بێ، ئەو دووسال لە ژنەکەی بچووکتر بوو، کەم کەم نەفرەتێکی توند لەودا سەرهەڵدەگەرا، بێ ئەوەی دەربەستی ئەوە بێ کە بۆتە باوکو چەند کوڕێکی هەیە، ئەو لە رووودا لەو کەسانەبوو کە سروشت جەستەی ئەوانی تەنها بۆ خۆشی داڕشتبوو، کە خۆشی، گەنجێکی ساغ بوو، ئەوەندە بالا بەرزنەبوو، بەڵام بە هێزو باریکو زۆر خورتو ئیسک سووکو تەبەشێکی زەریفی و ڕوخسارێکی نەرمو جوانی هەبوو، لەگەڵ چاوانێکی رەش کە قسەی لەگەڵ کەس نەکردبا، بریقەیان دەدایەوەو خەندان بوون، لەناو کۆڕی دۆستان هەمیشە ئاوازێکی تازەی بۆ چڕین هەبوو، حازر وەلامو تیژ هۆش بوو، شتی وایدەزانی کە لەرووودا قسەی سادە بوون، بەلام نەقۆلا بوون،

بۆ چێژی دێهاتییەکان بزاوتێکی پڕ پێکەنینی پەیدا دەکرد، بە نوکتەکانی خۆی کۆڕەکەی گەرم دەکردو دەیخستنە پێکەنینەوە، پیاوان هەتا ژنانیش ئەویان زۆر خۆشدەویست، کاتێ دەنگی پێکەنینی گوێگرانی خۆی دەبیست، دڵی لەبەر هەستی کاریگەریتی قسەکانیو کاریگەریتی شیرینی کارەکانی شەلاڵی شادیو غرور دەبوو، کاتێ دەگەڕایەوە ماڵێ خۆی لەبەرابەر قەلافەتی گیراوو هەیکەلی درشتو زبری ژنەکەی دەبینی، وای دەهاتە بەر چاو کە تەنها ئەوە کە قەدری پیاوێکی وا چالاک ناگرێت، چونکە ژنە هیچ کاتێ دەمی بە باشە بۆ ئەو نەدەکردەوە، راستیەکەشی، ئەویش لە ماڵێدا هیچ کاتێ سوحبەتێکی نەدەکرد، هەتا سەبارەت بە مناڵەکانیشی زۆر کەم رووێکی خۆشی دەنواند، ئەو لە زومرەی ئەو کەسانە بوو کە هەرچی خولقی خۆشەو زمانی نەرمەو میهرەبانییە بۆ بێگانەی هەڵدەگرێو هیچی بۆ ماڵەوە ناهێنێتەوە، ژنەکەشی ئاگای لەوە بوو کە هاوسێکان پێیان دەگوت :

- خانم ئێمە دڵنیات دەکەینەوە کە قسەی شیرینی مێردەکەتان لە هەموو کۆمیدیەک خەندەدارترە، وای ئەو پیاوە چەند دڵ زیندووو چالاکە.

ئەو لەم کاتەدا هەم دڵی توند دەبوو، هەم خەمی دەخواردو بە خۆنساردیەکی تەواوەوە وەلامی دەدایەوەو دەیگوت:

- بەڵێ بەڵێ پیاوێکی چالاکە.

جا بۆ ئەوەی نارەحەتی خۆی پەنهانکات، قسەی خۆی دەگۆڕی، چونکە ئەو مێردەکەی خۆی لە دڵەوە خۆش دەویستو دەیزانی ئەو پیاوە هیچ کاتێ رووی خۆش نییە لەگەڵ ئەو.

لەسەرتای هاویندا کاتێ دایکەکە مناڵی چوارەمی بوو،

شەڕێکی وا توند لە میانیانا روویدا، لەو شەڕە سەختتر، تا ئەو کاتە لە میانی هیچ ژن‌و مێردێ روویینەداوە.

رۆژێ لە رۆژانی سەرەتای هاوین و مانگی شەشەمی ساڵ بوو، رۆژانێ بوو خەونی خۆشبەختیی تازەی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا، پیاوەکە لە تەواوی سپێدەی ئەو رۆژە خەیاڵی خاوی دەچنی، هەوا وا پڕ بووبوو لە سستی و گەرما، گیاوگوڵ وا بە نەرم‌و تەڕی بریقەیان دەدایەوە، ئاسمان واشین دەدرەوشایەوە، پیاوەکە زۆر سەخت بوو خۆی بداتە بەر کارێ،، خەوتنیش بە نەزەری ئەو نەدەکرا چونکە هێشتا گەرمای تاقەتبەر دانەهاتبوو و ژیان لە دەوروبەری ئەو لە جونب‌و جۆش دابوو، هەتا مەلەکانیش لەدەوروبەری ئەودا بێ پسانەوە دەیانچڕی‌و جووکە جووکیان بوو، شنەی وروژێنەرو عەتراوی، وێڕای عەتری گوڵە یاسی زەرد، کە لە کوێستانەکان دەپشکوتن‌و دەگەڵ بۆنی ئوقاقیە کێویەکان، کە هێشوی ئەرخەوانی خۆیان لە دامێنی چیا شۆڕ دەکردەوەو لە لای چیاکانەوەڕا هەڵیدەکرد، باش پەڵە هەورە چرەکانی، کە وەک بەفر سپی بوون، لە پانایی درەوشاوەی فەزادا هەڵدەخزاند، مەزنییەکی سەیریان لە نووری زەق‌و سێبەری چڕوپڕ بە کێوو دۆڵەکان دەبەخشی‌و لە ئاسماندا بۆ هەموو لایەک رەت دەبوون، دیمەنەکە جار جار ساف‌و زوڵاڵ جارجارەش تارو تیرە بوون‌و لە هیچ شوێنێدا ئارامیان نەبوو، رۆژێکی وا وروژێنەر بوو، هەرگیز نەیدەهێشت خەڵکی کاربکەن. شورڕوشەوقی دەبەخشیە دڵی پیاوان. لە دیماهی ئەو سپێدە جوانەدا، دێوەرەیەک بە گوندیدا رەت دەبوو، بارێکی لە قوماشی رەنگاوڕەنگی بەسەر شانەوە بوو، دەڕۆیشت‌و لەدوو یەک دەیگوت:-

- وای لەو قوماشە جوانانە وای، قوماشمان هەیە بۆ فرۆتن.
لەماڵێدا کە ژنە و مێردو دایە گەورەو منداڵە بچووکەکانیان فراوینیان لە ژێر سایەی داربی دەخوارد، کابرای دێوەرە بەوێدا گوزەری کردو گوتی:-
- خانم ڕێ هەیە قوماشەکانی خۆم بە ئێوە نیشان بدەم؟
بەڵام دایکەکە بە توندی گوتی:-
- ئیمە پارەمان نییە مەگەر یەک پارچەی هەرزان قیمەت وئاسایی بۆ کوڕە بچووکەکەم کە تازە هاتۆتە دونیاوە، ئێمە هەژارین ناتوانین پارەیەکی ستور بە جلی نوێ بدەینو قوماشی تازە بکڕین، مەگەر بەقەدەر ئەوەی کە ڕووت نەبین.
دایە گەورە کە هەمیشە لە هەموو دیزان ئەسکو بوو، بە دەنگی زبرو گوێ تەزێنی گوتی:-
- بووکەکەم ڕاست دەکات، ئەسلەن قوماشی ئەو دەورو زەمانە هەمووی عەمبارەسۆتن، بە یەکدووجار شوشتن پارچە پارچە دەبن، بەبیرم دێت جەوان بووم کوڵەجەی دایکمم تا ڕۆژی بووکێنی لەبەر کرد، دوای ئەوە یەکێکی تازەم کڕی. ئەویشیان بۆ پۆز لێدان، ئەگینا کوڵەجەی دایەگەورەم هێشتا قابیلی لەبەرکردن بوو، بەڵام ئێستا قوماش زۆر کەمدەوامن، من کفنی دووەمی خۆم پارچە پارچە کرد، ئەوە دەبێ سێیەمیش بکڕم.
دێوەرەکە بۆنی کردبوو شتێ بە ئاودا دەکا، لەوان نزیک بۆوە، پیاوێکی خۆشمەشرەب بوو، لەوان زمانگێڕیو قسەی خۆشدا کەسابەتی فرۆشیاری دێوەرە بێ نەسیب نەبوو، لەبەر ئەوەبوو توانی دایکەکە لە زمان بگرێتو چەند قسەیەکی شیرینش بۆ دایە گەورە بکات:

- دایە گیان یەک پارچە قوماشت دەدەمێ لەرووی دەوامکردنەوە لە قوماشەکانی پێشترێ باشترو تاڕادەیەکیش جوانتر بێت، هەتا بۆ ئاغای کوڕیشتان کە تازە هاتۆتە دونیاوە ئەویشم هەیە، سەرە قەواڵەیەک ماوە خانمێکی پوولداری شارستان هەر ئەمڕۆکە بۆ کوڕە تاقانەکەی لەوی کڕی بوو، هەڵبەت بە نرخی تۆپم بەو فرۆشت، چونکە نزیکەی هەموو تۆپەکەی کڕی، یەک پارچەی بچووک لە سەری ئەو تۆپە ماوە، دەمەوێ هەرئاواش بیکەمە دیاری ئەو کوڕە بچووک و نازەنینەتان کە تۆ شیری دەدەیتێ.

دێوەرەکە لەو کاتەی ئەو قسانەی یەکنەفەس‌و زۆر رەوان دەکرد، لە ناوەندی بەستەی قوماشەکانەوە یەک پارچەی جوانی بە هەمان ئەو ناونیشانەی کە باسی کردبوو دەرکێشا، نەخشی قوماشەکە لە گوڵی کراوەی کوڵیکی درشت‌و سوور بوو، بەسەر زەمینەیەکی سەوزی چەمەنیدا.

پیرەژن لەگەڵ ئەوەش هێزی بینینی لاواز ببوو، بە تەماشاکردنی رەنگی تۆخ‌و سافی قوماشەکە خۆشحاڵی خۆی دەربڕی‌و دایکەکەش ستایشی دەکرد، پاشان چاوی خۆی هەڵخستە سەر مناڵەکە کە شیری مەمکی دەخوارد، مناڵەکە لەگەڵ ئەوەش پارچە قوماشێکی کۆنینەی بە دەوری سکیەوە بوو بەڵام خرپن دەهاتە بەرچاو. بەڕاستش مناڵێکی قشت بوو، لە هەرسێکیان جوانتر بوو، بەدایک‌و باوکی دەچوو. دایکی بیری دەکردەوە ئەگەر ئەو پارچە جوانە گوڵدارەی لەبەر بکات زۆر سەرنج راکێش دەبێت، هەستی کرد کە شل بووەو بەپێچەوانەی مەیلی خۆی پرسی:

- نرخی چەندە؟ بەڵام من ناتوانم بیکڕم چونکە ئێمە بە زەحمەت نانی نەژی‌و نەمری بۆ ژیانی خۆمان‌و مناڵەکان

وئەو پیرەژنەو هەروەها بۆ ئەو قەردەی کە دەیدەینەوە خاوەنکار، پەیدا دەکەین، بۆ ئێمە نابێ قوماشێ لەبەرکەین کە ژنە دەوڵەمەندەکان بۆ کورە تاقانەکانی خۆیان دەکڕن.

پیرەژن دڵی بەو قسانە توند بوو، کچە بچووکەکەش لە شوێنی خۆی بزاوت تا بە چاوی نیوەنووساوی تەماشای ئەو پارچە جوانە بکات، کوڕە بچووکەکەش بەبێ بایەخدان بەو هەڵلایە بەردەوامی بە خواردنی خۆی دەداو پیاوەکەش کە بێکار دانیشتبوو بەبێ ئەوەی بایەخ بەو پارچە قوماشە بدات کە بۆ منداڵەکەیان لەبەرچاو گرتبوو، لەبەرەخۆ گۆرانی دەچڕی. دێوەرە دەنگی خۆی هێنایە خوارەوە بۆ ئەوەی دایکەکە بخاتە وەسوەسەوە، قوماشەکەی لە منداڵە شیرخۆرەکە نزیک کردەوە، لە هەمان کات ئاگاداری ئەوەبوو کە قوماشەکە لەکەدار نەبێت تا ئەگەر مامەڵەکە سەرنەگرێ عەیبدار نەبێ، بە سۆزەوە گوتی:

- پارچەی واتان بە دەست ناکەوێ، وای چەند دەوام دەکات، چ رەنگێکی هەیە. من پارچەی زۆرم دەست کەوتووە، بەڵام هیچ پارچەیەک بە جوانی ئەوە نەبووە، خۆ ئەگەر من کوڕم هەبوایە ئەم قەوارەیەم بۆ ئەو دەهێشتەوە. بەداخەوە ژنەکەی من نەزۆکە شیاوی ئەوەی نیە پارچەی وای حەرام کەیت، دایە گەورە گوێی دابووە ئەو بازاڕ گەرمیەوە، کاتێ دێوەرەکە باسی ژنە نەزۆکەکەی خۆی کرد، گوتی:-

- حەیفە بۆ پیاوی وا باش بۆچی ژنێکی تر ناهێنی تابزانی منداڵت دەبێ یانا؟ من بیستوومە پیاو دەبێ سێ کەڕەتان سێ ژن تاقی بکاتەوە، تا تێبگات خەتای ئەوە یا نا.

بەڵام دایکەکە هیچ گوێی نەدەدایێ، دوودڵ بوو بیری دەکردەوە، هەستی دەکرد بە تەماشاکردنی منداڵەکە دەستو

پێی شلبووه، مناڵەکە بەو پارچە تازەیە کە لە نزیک پێستی نەرم زێڕینو گۆنای سووریان رادەگرت، زۆر جوان دەبوو، لە ئەنجامدا دایکەکە خۆیدا بە دەستەوەو لە پیاوە کاسبەکەی پرسی:

- دوا نرخێ کە لێی کەمتر نابێ بڵێ، دەنا من ناتوانم بیکڕم.

دێوەرەکە سەرەڕای دڵەراوکێی ژنەکە، نرخێکی زۆر لەباری گوت، دڵی ژنە لە خۆشیان داخورپا، لەگەڵ ئەوەش سەری راتەکاند قەلافەتێکی جیدی گرتە خۆو بە پێی نەرێتی ویلایەتەکە لە کاتی چەنە لێدان نیوەی نرخەکەی بۆ پێشنیار کرد، نرخەکە ئەوەندە کەم بوو. قوماشفرۆشەکە یەکسەر پارچەکەی گل دایەوەو لە شوێنی خۆی دانیایەوە، وای خۆ بەدەرخست دەیەوێ بڕوات، دایکەکە کەوتەوە بیری مناڵە قشتەکەیو نرخێکی بالاتری پێشنیاز کرد، بینەو بەردەیێ کەوتە نێوان، لە کۆتاییدا قوماشفرۆش دوای چەند جارێ خۆدەرخستنی بۆ ڕۆیشتن، ڕازی بوو لەو نرخەی یەکەم جار پێشنیازی کردبوو، کە تۆزێ دابەزێ، ئەو کاتە بەستەکەی داناو پارچەکەی لێ دەرهێنا، لەوکاتە دایکەکەش لە شوێنی خۆی هەڵسا تا ئەو پارەیە بهێنێ کە لە ناو کەلێنی دیوار حەشاری دابوو، مێردەکە ئەسلەن دەخالەتی ئەو بگرەو بەردەیەی نەکرد، بەبێ کاری دانیشتبوو، وردەوردە گۆرانی دەگوت. هەندێ جار بەرزی دەکردەوەو هەندێ جاریش خامۆش دەبوو، تا قومێ ئاوی گەرم بخواتەوە، کەوا باوبوو لە دوای خواردن دەیخواردەوە، قوماشفرۆش کوڕێکی بە هۆش بوو، زۆر زوو سوودی لەو هەلە وەرگرت، بە شێوەیێ گوزارەشتی لە بێ بایەخی دەکرد، پارچە قوماشێکی کەتانی

بەسەر زەوی پان کردەوە ئەو پارچەیە لە کەتانی کێوی دروست کرابوو، لە ڕۆژانی گەرم دا فێنکی بە لەش دەدا، پارچە قوماشە ڕاخستراوەکە لەڕەنگی شینی ئاسمانی بوو، وەکو ئاسمان سافو ڕۆشن بوو، قوماشفرۆشەکە پیاوەکەی بە ژێر چاویەوە چاودێری دەکرد، دەیویست بزانێ ئایا ئەو ئاگای لە فرۆفێڵەکانیەتی یا نا، پاشان ڕووی لە پیاوەکە کردو بە نیوە پێکەنینەوە گوتی :

– تۆ ئەمساڵ ئەگەر بۆ هاوین کەوات نەکڕیوە من پارچەیەکی وام هەیە جێی پەسەندی تۆ بێ، سوێند دەخۆم لە مەغازەی شار هەرزانترە، بەڵام مێرە گەنجەکە سەری ڕاتەکاند، حاڵەتێک لە خەمو خەفەت بەسەر بچمی جوانو سستی نیشتو بە دڵتوندی وەڵامی دایەوە :

– من لێرە شتێکی خۆم نییە کە شتێ بۆ خۆم بکڕم، تەنها دەبێ کار بکەم، هەرچەند زۆرتریش کار بکەم نانخۆرم زیاتر دەبێ، جگە لەوە هیچ سوودێکی بۆ من نییە.

دێوەرە بە زۆر شاران ڕەت بووبوو و زۆر شارانی بینی بوو، بەپێی پیشەکەی پۆتەلاکناس بوو، زۆر زوو تێگەیشت لەگەڵ پیاوێدا کەوتۆتەوە، حەزی لە هەوەسو لەززەتە، هێشتا گەنجەو بۆ ئەم ژیانە کە مەحکومە بەوەی بەردەوامی پێ بدات، بەوشێوەی کە دەبێ وابێ ڕەنگە هێشتا پوختە نەبووبێ، بە شێوەیەک کە هەق بەو بدات، بە چەشنێ گوزارشتی لە دڵسۆزی دەکرد پێی گوت :

– بەڕاستی وا دێتە بەرچاوم تۆ دەبێ ژیانێکی سەختو کەشەنگت هەبێ، لەباتی ئەوەش هیچ کەیفێک لە عومری خۆت وەرناگری، لە هەیکەلی شیاوو شەکلو شەمایلی دڵپەسندتان واتێدەگەم ئەم وەزعە بۆ ئێوە زۆر ناگەوارە، هەر بۆ تاقی

کردنەوە کەواییەکی نوو بکڕە، ئەوسا دەبینی ئەو کەوایە بۆ تۆ کاریگەری دەرمانێکی شەفابەخشی دەبێ کە شادیو خۆشی بە دڵت ببەخشێ، هیچ شتێ بە ئەندازەی کەواییکی زستانی و تازەو زەریف مرۆڤ شاد ناکات، بەو کەوا نوێیەوو ئەو ئەنگوستیلە بریقەدارەی لە دەستی ئێوەی دەبینم، خۆ ئەگەر هەندێ رۆنیش لە قژت بدەی قەولت پێ دەدەم لە تەواوی شاردا گەنجێ بە کەشخەیی تۆ پەیدا نابێ.

مێردە گەنجەکە بە خۆشخاتریەوە گوێی لەم قسانە ڕاگرتبوو، یەکسەر خەندەیەکی تۆزێ گەمژەلانەی سەرداو بەدەوری خۆیا سووڕایەوەو گوتی :

- باشە.. بۆ نموونە، چی دەبێ من یەکجار کەواییکی تازە بۆ خۆم بکڕم؟ ئاخر من جگە لەو منالە سەرکەو بنکانە کە یەک لەدوای یەک دێن، چ دڵخۆشییەکم هەیە ؟ مەگەر دەبێ تا دوایی ژیانم هەر ئەو جلە دڕاوانە لەبەر بکەم؟

بەبزاوتێکی خێرا لاربۆوەو دەستی دایە پارچە قوماشە باشەکەو لەوکاتەی کە خەریکی پشکنینی پارچەکە بوو، دایکە پیرەکەی بە سەختی کەوتە هەڵچوونەوە و گوتی

- کوڕم ئەوە پارچە قوماشێکی کەتانی زۆر باشە، ئەگەر تۆ خەیاڵی کڕینی کەواییکی باشت هەیە، ئەوە جوانترین کەوای شینە کە بە عومری خۆم نەمبینیوە، بەبیرم دێت باوکیشت کەواییکی وای هەبوو کە بۆ زەماوەند کڕیبووی، بەڵام نا... خودایە زەماوەندی ئێمە زستان بوو، چونکە من لە کاتی گرێبەستەکە ئەوەندە پژمیم جا خەڵکەکەش لەبەر ئەوەی بووک ئەوەندە پژمیوە هەموو پێدەکەنین.

مێرە جەوانەکە لەپڕێکا بە زبرییەوە گوتی:

- نرخی ئەو کەوایە چەندە؟

لەوکاتەی دێوەرەکە نرخی کەواکەی دەگوت، دایکەکە بەو پارەیەی لە دەستیا بوو تا درهەمی ئاخیری ژماردبووی، گەڕایەوە لەبەر ئەوەی لە قەسدی مێردەکەی گەیشتبوو تووشی وەحشەت بوو و هاواری کرد :- ئێمە ناتوانین لەوەندە زیاتر خەرج بکەین. مێردەکە لەبەرابەر ئەو ناڕازیبوونە هەستی کرد هەوەس لە بوونیا خورت بووەو بە شێوەیەکی فەرمان ئامێزەوە گوتی :

- من دەمەوێ کەواییکم لەوە هەبێ، بەتایبەتی ئەمڕۆکە دڵم دەخوازێ وێڵخەرجی بکەم، چاک دەزانم سێ تا سکە پوولی نوقرەییمان هەیە.

ئەو سێ سکە پارەیە کە مێردەکە هێمای بۆ دەکرد، زیاتر لە پارەی ئاسایی نرخی دەکرد، ئەوەبوو ژنە لە کاتی بووکێنی لەگەڵ خۆی بۆ ماڵەمێردی هێنابوو، پەیوەندی بەوەوە هەبوو. دایکی ئەو پارەیەی لەکاتی بەڕێکردنی بەودابوو، ئەویش بە تاسوقەوە پاراستبووی، تاکو ئێستا هیچ کاتێ پێویستیەکی وا نەهاتبووە پێش ناچاری بکات پێ لەدڵی خۆی بنێو ئەو سکەپارانە خەرج بکات. هەتا ئەو کاتەی دەستی کردبۆوە تا بۆ خەسووی کە لە گیانەڵا دابوو، هەموو وایان دەزانی ڕەفتەنیە تابوتێ بکڕێ، بەڵام وای بەچاک زانی بوو خۆی نەبان بکاتو هەندێ پارە قەرد بکاتو دەست لە پاشەکەوتی خۆی نەدات، هەمیشە لە ئەندێشەی ئەو سێ سکەیە بوو، کە لە ڕۆژی تەنگانە سەروەتێکی باش بکات. بۆ نموونە، هەرکاتێ جەنگێ ڕوویدابا یاخود گرفتارییێکی چاوەڕوان نەکراو هاتبایە پێش، ئەوانی لەبەروبوومی زەوی بێبەش بکردایە، لەوان ڕۆژانی تەنگانەدا بەو پارەیەی کە لە کەلێنی دیواری حەشار دابوو، ئەوان زوو لە برسان نەدەمردن، لەبەر ئەمە هاواری کرد :

- نەخێر تۆ نابێ دەست لەم پارەیە بدەیت.

پیاوەکە لە جێوە هەڵساو وەک پەرەسێلکە بەچالاکی دەرپەڕی، بە توندو توڕبوونەوە لە ژنەکەی، کەلێنی دیواری پشکنیو پارەکەی هەڵگرت، ژنە کەوتە دوایو پێی راگەیی، لە کاتێکا چنگی لەو گیر کردبووو هەوڵی دەدا رایگرێ، بەڵام دەروەستی چالاکی مێردەکەی نەهات، مێردەکە پاڵێکی پێوەناو ژنە بە هەمان ئەوحاڵەوە کە منداڵەکەی لە باوەش دابوو کەوتە سەر سەکۆ، پیاوەکە دەرپەڕیو هاواری کرد :

- ئالەم پارچەیە دوازدە پێم بۆ ببڕە، پێیەکیش یا تۆزێ زیاتریشم وەک باوە بدێ، .

دێوەرەکە بە پەلە فەرمانی ئەوی جێبەجێ کرد، هەندێکی کەمتر لە مەبلەغەکە داوا کردبوو، سێ سکە پوولەکەی نایە گیرفانی، ئەو مەبەستی بوو جنسی خۆی بفرۆشێ و پەلەی بوو بۆ ڕۆیشتن، دایکەکە دووبارە گەڕایەوە ئیدی دێوەرەکە نەمابوو، پیاوە گەنجەکە لە سایەی حەرەمی درەختەوە وەستا بوو، پارچە نوێو روونەکەشی لە دەستا بوو، پارەکەش پەڕزەدە بووبوو، پیرەژن کە لە شوێنی خۆی وەستابوو هەراسان بوو بوو، بووکەکەی خۆی بینی دەهاتە پێشو بە ئاهەنگێکی شکاوو بەرز بەرز دەستی کرد بە قسەی هەلەقو مەلەق :

- وای لەم پارچە قەشەنگو جوانە کوڕەکەم، زۆریش گران نییە، ئەوە چەندین هاوینە تۆ پارچەیەکی کەتانی وات لەبەر نەکردووە.

بەڵام پیاوەکە رەنگی سوورو لێڵ بووبوو، بەبەدی سەیری ژنەکەی دەکرد، لەو حاڵەتەدا بە جەسارەتێکەوە لە تووڕەییان نەڕاندی وگوتی :- ئێستا تۆ ئەو کەوایە خۆت

دەیدوری یا بیبەمە لای خەیاتو دەستهەقەکەی بدەم؟ من پێی دەڵێم کە تۆ ئامادە نەبووی بیدوری.

دایکەکە ئەسڵەن وەڵامی نەدایەوە دیسان بە بێدەنگیو خامۆشی لە کاتێکا رەنگی پەڕی بوو و لەبەر ئەو شکستەی تووشی هاتبوو دەلەرزی، بەسەر چوارپایەی بچووکی خۆی دانیشت، ئەو منداڵەی لە باوەشی بوو هێشتا لە ترسان دەگریا، دایکەکە هیچ بایەخی بە منداڵەکە نەدا، لەسەرخۆ ئەوی بەسەر زەمینەوە دانا، تا هەرچەند دڵی بیەوێ بزیرێنێ، خۆشی دەستی کرد بە بادانەوەی پرچی کە کرابۆوە، هەناسەی سوار بووبووو بەر لە وەڵامدانەوە، بێ ئەوەی سەیری مێردەکەی بکات دووسێ جار ئاوی دەمی قوورت دایەوەو گوتی:

- بێنە با بۆت بدورم، چونکە ئەگەر ئەو کارە بەدەستی ژنێکی تر ئەنجام درابا، بۆ ئەو مایەی خەجاڵەتی بوو، ئەو شەڕەی کە نزیکەی بۆ هەموان ئاشکرا بووبوو، زیاتر ئاشکرای دەکرد، بەتایبەتی کە هاوسێکان لەوکاتەدا هەموویان لەبەردەمی دەرگا وەستابوونو گوێیان لە دادو بێدادی ئەوان ببوو، بەڵام لەو ساتە بەدواوە ژنە بوغزێکی سەیری سەبارەت بە مێردەکەی پەیا کردبوو، ئەگەرچی هیچ دڵخۆشی لە بڕینو دورینی ئەو پارچە کەتانە وەرنەدەگرت، بەڵام تەواوی هەوڵو کۆششی خۆی تێدا بەکاربردبوو، چونکە پارچەکە نرخی زەحمەتیەکەی هەبوو، لە تەواوی ئەوماوەیەی کارەکە بەردەوام بوو،ژنە کینێکی لاملئامێزی لەبەرامبەر مێردەکەیدا لەدڵ نابوو، هەرگیز دەربارەی ئەو رووداوانەی کە رۆژانە روویدەدا بەتایبەت رووداوەکانی ناو کوچە، ووشەیەکی نەدەهێنا سەر زمان،، سەبارەت بەماڵەوەش هیچ یەک لەو قسانەی کە عادەتەن ئەو ژنانەی لە

ژیانی خۆیان رازین باسی دەکەن بەدیار نەدەخست، پیاوەکە لەبەر ئەو ڕەوشتە ووشکو زبرەدا زۆر بەدڕەوشت بوو بوو، ئیدی گۆرانی نەدەگوتو نانی نیوەڕۆی دەخواردو دەچووە قاوەخانەی تەک جادەکەوە، تا بەتڵێ لە شەو رادەبرد، بە خواردنی چاو قوماربازی دەگەڵ پیاوەکاندا خەریک دەبوو، هەر ئەوەش بوو دەبووە هۆی ئەوەی بەیانیان زوو لە خەو هەڵنەستێت، جارجار ژنە بەسەریا دەیقیژاند، هەر ئەوەندە ئەزیەتی دەدا تا ئەو لینگان باوێ‌و بێداربێتەوە،، بەڵام ئەوسا ئیدی لێیدەگەڕا تا دڵی بخوازێ بخەوێ، خۆشی بەتەنها بۆ مەزرا دەچوو، پیاوەکە هەرچیەکی دەکرد ئەو بەتەواوی بێ ڕەحمی بەردەوامی بەبێدەنگی دەدا، لەو کاتانەدا کە ژنە پێی لە سەر زبری‌و بەدخوڵقی دادەگرت، لە هەمان کاتدا دڵتەنگ‌و خەمبار بوو، هەتا لەو کاتەی دورینی کەواکەشی تەواو بوو، ئەوکارە زۆری درێژە کێشا، چونکە وەختی سەردەرهێنانی برنج بوو، دایکەکە نەیخستە بەرزمانی کە ئاخۆ کەواکە پڕ بە لەشی مێردەکەیەتی یا نا؟ کابرا کەواکەی پۆشی‌و ئەنگوستیلەکەی کە نقێمەکەی لەبەردی پیرۆزەی شکاو بوو لەدەست کردو بریقەی دەدایەوە، هەروەها پرچیشی بەڕۆنێ جەلا داو کە لە گۆسکەی ئاشپەزخانەی هێنابوو، بە نازو فیزەوە دەستی کرد بە پیاسە بە کۆڵاندا، کاتێ خەڵکی باسی شۆخی ئەوو شیکی کەواکەی ئەویان دەکرد، هەستی بەو لەززەتە خۆشە نەکرد کە چاوەڕوانی بوو، چونکە ژنەکەی هیچی بەو نەگوتبوو، پیاوەکە تۆزێ لەماڵێدا مابۆوە، بەڵام ژنە بەبێ ئەوی چاویشی بۆ بەرز بکاتەوە لار بۆوەو بە گەسکێکی قەفتە کورت، کە لە دەستی دابوو کەوتە گەسک لێدانەوە. ژنە بە پێچەوانەی رابردوو هەرکاتێ شتێکی بۆ

مێردەکەی دروست دەکرد، هەتا ئەو کاتەی کە کەوشیشی بۆ دەچنی ئەسلەن بیری لەوە نەکردبۆوە ببینێ کەواکەی بەبەری باشە یا نا، یا کەواکە پڕ بە لەشی ئەوە یا نا، لە کۆتایی دا پیاوەکە پێی لە جگەری جۆی ناو بە شەرمەوە گوتی:- بەڕای من تۆ لە دورینی ئەم کەوایە حەشرت کردووەو لە هەموو کەس باشترت دوریوە، وەکو جلی کوڕانی شار لە من دێت.

بەلاّم ژنە هەر چاوی بریبوە زەوی و گەسکەکەی دانایەوە شوێنی خۆیو پاشان چوو یەک گلۆڵە لۆکەی هێناو کەوتە رستنیەوە، چونکە ئەوەی هەیبوو بۆ رستن، لە کەوا شینەکەی مێردیدا بەخەرجی دابوو، دوای ماوەیەک بە شێوەیەکی نابەدڵ لەوەلاّمی مێردەکەیا گوتی: بەڵێ بەو خەرجیەی کە بۆ من تەواوبووە، دەبێ لە کەوای ئیمپراتور بچێ.

بەبێ ئەوەی سەیری مێردەکەی بکات ئەوقسانەی بەسەر زمان داهات، هەتا ئەوکاتەی پیاوەکە بە تووڕەییو نارەحەتییەوە دایە کۆلان، دیسان هەر سەیری لای ئەوی نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا، لە بنی دڵیەوە دەیزانی ئەو کەواشینە تا چ ئەندازەیێ لە قەدرو وەج وپایەی مێردەکەیدا زیادی کردوە.

# بەشی پێنجەم

دایکەکە چەندین سەعات بەدوای یەکترەوە، چاوەڕوانی گەڕانەوەی مێردەکەی کرد، ئەو ڕۆژە دەکرا، کە نەچنە مەزراوە، برنج لە گۆلی پڕ ئاوی کەم قووڵدا، مەرەزە کرابوو، ئەو بڕکە سەوزانەی کە تازە سەریان دەرهێنا بوو، لەبەر شنەبای لەباردا دەلەرینەوەو سەری تازە ڕسکاوی خۆیان لە ژێر هەتاودا ڕادەتەکاند، لەو ڕۆژەدا ئەوان پێویستیان بەوە نەبوو لە دەشتدا کاربکەن.

دایکەکە لە ژێر سایەی داربیدا دانیشتو کەوتە ڕستنی ڕیسەوە، دایە گەورەش خۆشحاڵ بوو بەوەی کەسێ هەیە گوێ لە قسەی ئەو ڕادەگرێ، هاتو لە کەناریا ڕاکشا، لە کاتی قسە کردندا یەخەی کراسی خۆی کردەوەو بازووی لەڕولاوازی خۆی لەژێر تیشکی هەتاوی سوتێنەردا لەیەک کردەوە، تا دەمارەکانی لەبەریەک ببنەوەوگەرمی خۆرەتاو بچێتە ناو موخی ئێسقانیەوە، مناڵەکانیش ڕووت بوون، ئەوانیش لەبەر هەتاودا هەڵدەزۆقینەوە، دایکەکە بێدەنگی هەڵبژاردبوو، لۆکەی تەشیەکەی بە بزاوتێکی خێرا لە میانی پەنجەو شادەپەنجەیدا کە بە نووکی زمان تەڕی دەکرد، هەڵدەسووڕاند، ڕیسی سپیو بادراو لە ناو ئەنگوستەکانیدا دەهاتە دەرەوە، هەرکاتێ درێژ دەبوو، دایکەکە ڕیسەکەی بە دەوری پارچە دارحەیزەرانێکەوە کە لەجیاتی قەرقەرە

به کاری دەهێنا، لوولدەداو دەیپێچایەوە. ڕستنی ئەو وەکو هەموو کارەکانی دیکەی توندوتۆڵ بوو، ئەو ڕیسەی ئەو دەیڕست لە دەستیا ڕەق‌و قورس خۆی دەنواند.

هەتاو لە سەرخۆ دەگەیشتە نیوەڕۆ، دایکەکە لە شوێنی خۆی هەڵسایەوەو تەشیەکەی لەزەوی داناو بە ووشکی و ساردو سڕییەوە گوتی:

- ئێستاکە برسیەو بەخۆی‌و کەواشینە جوانەکەیەوە دەگەڕێتەوە ماڵ، خەسوەکەی بە هەمان ورتە ورتی ئاسایی‌و وردە بزەی بێدرێغیەوە گوتی:

- بەڵێ هەڵبەت ئەوەی کە ورگ دادەپۆشێ ناتوانێ جێی شتێ بگرێتەوە کە بۆ ناو ورگ پێویستە، دایکەکە ئەو قاپەی کە لە کودی زەرد دورست کرابوو هەڵگرت‌و نایە بنی سەبەتەی برنجەوە، دوایی دەستەکەی تری بەسەری قاپەکە داهێناو زیادەکەی سەری دووبارە هەڵڕشتە ناو سەبەتەکەوە، تا یەک دانە برنجیش خەسار نەبێ، پاشان برنجەکەی هەڵڕشتە سەبەتێکی دیکەوە کە لە داروچکەی ناسکی خەیزەران دروست کرابوو، ئینجا چووە لای حەوزەکەوە، لەو کاتەی بە درێژایی کوێرەڕێی گۆمەکەدا بۆ پێشەوە دەچوو، ناو کووچەکەی دەپشکنی بەڵام ئەو تارماییەی نەدی کە کەوایەکی شینی لەبەربێ، بە ئاگا لەخۆبوونەوە چووە کەناری حەوزەکەوە تا برنجەکە بشواتەوە، سەبەتەکەی تەڕ کردو بە دەستە بەهێزو هەتاوسۆتی خۆیەوە، برنجەکەی هەڵدەپشافت‌و لەیەکی هەڵدەسوین، ئەوکارەی چەندین جار دووبارە کردەوە تا برنجەکە بە تەواوی سپی‌و پاک بۆوەو وەکو مرواری بریقەی دەدایەوە، لە گەڕانەوە بۆ ماڵێ لار بوەوەو لە بێستانی کەلەمدا سەلکە کەلەمێکی هەڵگرت‌و

مشتێ ئالیکی لەبەردەم گامێشەکەدا دانا، کە بە درەختێکەوە بەسترابۆوەو چووە ماڵەوە. ئەو کوڕەی لەمناڵەکانی دیکەی گەورەتر بوو، لە لادێکە دەگەڕایەوەو دەستی خوشکە بچووکەکەی لەدەستا بوو، دایکەکە بە خوێن ساردیەوە لێی پرسی:- باوکتت لە کۆلان یا لە قاوەخانە یا لەبەردەرگای هیچ ماڵێ نەبینی؟ کوڕەکە بە شێوەیەک کە گوزارشتی لە سەرسامی دەکرد، وەلامی دایەوەو گوتی:

- ئەوئێرۆکە تۆزێ لە قاوەخانە دانیشت و چای خواردەوە، منیش کەوای شینی ئەوم بینی زۆر جوان بوو، کاتێ ئامۆزامان بەو نرخەی زانی کە بەو کەوییەمان داوە بەباوکمی گوت، زۆر گرانت لەسەر وەستاوە، دایکەکە لە پڕێکا بە تووڕەیی گوتی:

- بەڵێ گران کەوتۆتەوە زۆریش گران. دەنگی فیتە ئاسای کچەکەشی لە دوای دەنگی براکەی بەرزبۆوەو گوتی:- بەڵێ کەوای بابە شین بوو، منیش دەمتوانی بیبینم کە شین بوو.

ئیدی دایکەکە هیچی نەگوت، ئەو منداڵەی کە لە سەبەتەی جۆلانەکەی خۆیا خەوتبوو، کەوتە گریانەوە، دایکەکە هەڵیگرتو دوگمەی کراسەکەی خۆی کردەوە ومەمکی لە زاری ناو لە کاتی شیرپێدانی کەوتە چێشت لێنانەوە، هەر لە کاتی قسەکردندا بە خەسووی گوت:

- هەر لەو شوێنەی دانیشتووی سەیرێکی کۆلان بکە بزانە کەوای شینی ئەو دەبینی؟ ئەگەر بینیت پێم بڵێ تا خواردنی بۆ لەسەر مێزەکە بۆ دابنێم.

خەسووی بە شێوەیەک گوزارشتی لە خۆشحاڵی خۆی دەکردو گوتی:- خاترجەم بە کچم. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ برنج کولا، بەو شێوەیەی کە پیاوەکە حەزی لێبوو، وەکو

لۆکە سپیو ووشک هەڵگەڕا بوو، ئەو کاتەی پیاوەکە هێشتا نەگەڕابۆوە، کەلەمەکەش کوڵا، هەتا ژنەکە لەو تام و چێژە ترشو شیرینەشی دروست کرد، کە بەسەر گەڵای نەرمی کەلەم دایدەڕێژنو مێردەکەی حەزی لێدەکرد، بۆ ماوەیەک سەبری گرت،، پیرەژن برسی بوو هەستی کرد دەستو پێی لەبەر بۆنی ئەو خۆراکەی کە دەگەیشتە بەرلووتی سست بووە، لە پڕێکا تەکانێکی دایە بەرخۆی، هەمان ئەو تەکانە لە ئەنجامی برسیەتی بوو، ئینجا گوتی:

- ئیدی چاوەڕوانی کوڕەکەم مەبەو من دەمم پڕ ئاو بووە، سکم وەکو تەپڵ خاڵی بووە هەواڵێکیش لەو نەبوو.

ژنە جحێڵەکە کاسەی پیرەژنی دایە دەستی، پاشان کاسەی منداڵانیشی دا پێیانو مۆڵەتی پێدان هەندێ کەلەمیش بۆ خۆیان ببەن، بەڵام مۆخی کەلەمەکەی بۆ باوکیان هەڵگرت، بۆ خۆشی تۆزێ خواردنی راکێشا چونکە کەمتر لە جاران برسی بوو، بڕێکی زۆر برنجو یەک قاپە کەلەم مایەوەو ژنەکە ئەوانی بە دیققەت لە گۆشەیێ لەبەر با دانا، تا بە فێنکی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئەگەر شەویش گەرمی کاتەوە، باش بێو بوخرێ، پاشان مەمکی نایە زاری منداڵەکەیو منداڵەکە ئەوەندەی خوارد تێر بوو، ئیدی خەوت، منداڵەکە خەپەو بەهێز بوو، کە لەبەر هەتاویشدا دەخەوت، لەسۆنگەی گەرمایی هەتاودا سوورو قاوەیی هەڵدەگەڕا، دوومنداڵەکەی تر لە سێبەری داربی ڕاکشانو خەویان لێکەوت، پیرەژن بەسەر تەختەخەوی خۆیەوە سەری ڕادەتەکان، ئارامیی خەوو بێدەنگی نیوەڕۆیەکی گەرم بەسەر ئەو گوندەدا بچووکەدا زاڵبوو، هەتا ئاژەڵەکانیش خەوەکوتکەیان بوو و لمووزی خۆیان شۆڕ دەکردەوەو مۆڕەیان دەکرد، تەنها دایکەکە بوو

خەو نەیدەبردەوە.
تەشی خۆی دەست دایىو لەژێر داربیدا کە سێبەرەکەی خۆی بە لای خۆرئاوای حەوشەوە هەڵکشاندبوو دانیشت، ڕیسەکەی باداو بە دەوری تەشییەکیدا وەرپێچایەوە، بەلآم هەر دوای ساتێک ئیدی نەیتوانی کار بکات، چونکە لە تەواوی ئەو بەیانیەدا زۆر بە جدیىو ئارامییەوە کاری کردبوو، ڕیسی دەڕستو تەشی هەڵدەسووڕاند، بەلآم ئەوسا ئیدی نەیدەتوانی لە شوێنێ قەرار بگرێت، هەستی دەکرد شلەژانێکی سەیر وەک چۆن گریەیەک لەدلیدا ئەمبار دەبێ وابوو، تا ئێستا نەیبینی بوو مێردەکەی هەتا بۆ یەکجاریش بێ، لە کاتی ژەمێدا نەهاتبێتەوە ماڵ، لەبەرەخۆ گوتی:
- ڕەنگە بۆ قومارکردن یا بۆکارێ چووبێتە شار.
پێشتر قەت ئەو بیرۆکەیە نەهاتبووە زەینیەوە، بەلآم ئێستا هەرچەند زیاتر ئەندێشەی دەکرد وای بەنەزەردا دەهات، کە ئەوبیرۆکەیە ڕاستو دروست بێ، دوای کەمێک ئامۆزاکەی کە هاوسێیان بوو، لە ماڵێدا هاتە دەرەوە بۆ ئەوەی بچێ بۆ دەشت، ئەوەندەی نەبرد ژنی ئامۆزاکەی کە لە ژێر درەختەکەدا چووبووە خەوی دوای نیوەڕۆوە، بێدار بوەوە وبانگی کرد:
- ئەوە مێردەکەی تۆ لەبەیانیەوە دیار نییە؟ ئەویش گوتی:
- بەڵێ بۆ کارێ کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە چۆتە شار.
ئامۆزاکە بەئارامی خەریکی گلدانەوەی هەرزەچن و بێڵو ئەو شتانەبوو، کەدەیویست، بەو دەنگە ناسکەی خۆیەوە گوتی :

- منیش بینیم بە خۆیو بە کەوای شینیەوە دەچووە شاری.

ژنە پرسی :- بەراستیتە؟ تۆزێ دڵی هێور بۆوە، ئەمجارە بە پەیوەندیەکی زۆرترەوە کەوتە ڕستنەوە، چونکە ئامۆزاکەش مێردەکەی بینی بوو بۆ لای شار بچێ، دەبێ بە کەوای نوێو ئەنگوستیلەی مسین وبریقە هاوێژو پرچی روون لێدراویەوە، بۆ ئەوە چووبێتە شار تا رۆژێکی خۆش بەسەر ببات، کەیفێ بکاتو تۆڵە لە ژنەکەی وەرگرێتەوە، لەوانە بوو هەر وابێ، ئەو بیرۆکەیە دەبوایە ئاگری تووڕەیی ژنەکە زێتروخۆشتر کات، بەڵام تووڕەیی ئەو دامرکابۆوە و نەیتوانی دووبارە هەڵیگیرسێنێتەوە، چونکە وێڕای قسەکانی کوڕە مامی، هێشتا هەر شڵەژانێکی سەیر ئاوێتەی ئەو بووبوو. دوای نیوەڕۆیەکی گەرمو دوورودرێژ کە هێشتا هەر بەردەوام بوو، پیرەژن لە خەو بێدار بۆوەو هاواری کرد :

- دەمم وەک پەلکی درەخت ووشک بۆتەوە.

دایکەکە لە جێوە هەڵساو چای بۆبرد، مناڵەکانیش بێدار بوونەوەو لە ناو خاک وخۆڵ گەوزینو دوایی قیت بوونەوە کەوتنە بازییەوە، مناڵە شیرخۆرەکەش چاوەکانی کردەوە بە شادیو خەندانەوە، لە ناو سەبەتەکەی خۆیدا مایەوە، لەبەر ئەوەی باش خەوتبوو لەسەرحاڵی خۆی بوو.

بەڵام دایکەکە هەرگیز نەیتوانی بحەسێتەوە، خۆ ئەگەر بۆی بکرایە هەڵبەت دەخەوت، چونکە ئەوەندە ساغ وبەهێز بوو، لەکاتی ئاساییدا هەتا لە کاتی کاریشدا بەئاسانی خەو دەیبردەوە، بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێ خەوێکی قووڵو شیرین دەیڕفاند، بەڵام ئەوێ رۆژێ شتێ دەروونی ئەوی دەکوڵیەوەو

وای لێدەکرد هەمیشە بێدار بێ، دەتگوت گوێی قولاغ کردووە تا دەنگێ ببیستێ، پاشان لەکاتێکا لەبەر چاوەڕوانی حەوسەڵەی نەمابوو، لە جێوە هەڵسایەوە، کەتەماشای جادەی دەکرد لەبەر ئەوەی وونبووەکەی خۆی نەدەبینی، جادەکەی بەخاڵی دەهاتە بەرچاو، مناڵەکەی هەڵگرتوو ئەوی بە توندی لەکەمەر بەستاو وێڕای هەرزەچنی خۆی، چوو بۆ مەزرا، لەکاتی ڕۆیشتن بە پیرەژنەکەی گوت:

- من دەڕۆم تا گەنمەفرافینی دامێنی ژوورووو بدورمەوە.

لە ڕێگەدا لەبەرخۆ بیری دەکردەوە کە ئەگەر لەدەرەوەی ماڵێ بێت کەمتر خەفەت دەخوات، هەروەها ئەگەر خۆی بداتە بەر کاری گرانو سەخت، کات زووتر دەڕوات، بەدرێژایی ئەودوای نیوەڕۆیە، لەکاتێکا لەبەر گەرمای خۆرەتاو ڕوخساری بە دەسماڵێکی کەتانی پاراستبوو، بەبەردەوامی هەرزەچنی لە میانی قەدوبالای سەوزو تازە ڕسکاوی گەنمەفرافینیدا بەرزو نەوی دەکردەوە، کارێکی ناهەموار بوو، چونکە زەوییە سافەکەیان بۆ برنج تایبەت کردبوو، هەتا لەزەوی سافو گۆڵ گۆڵی دامێنی کێویش هەرشوێنێ توانیبوویان ئاوی بگەیەننێ برنجیان تیا مەرەزە کردبوو، چونکە برنج خواردنێک بوو لە گەنمەفرافینی بەتامتربووو بەگرانتریش دەفرۆشرا.

هەتاو دەچووە پشتی کێوە ڕووتەکەوە، تیشک ئەوەندە توندو پێکەر بوو کە کەواکوڵەی ژنە لە ماوەیەکی کورتدا شەلاڵی ئارەقە دەبوو و ڕەش هەڵدەگەڕا، بەلام ئەو نەیدەتوانی بحەسێتەوەو هەناسە تازەبکاتەوە، مەگەر تەنها ئەو کاتانەی مناڵەکە دەگریاو دەبوایە شیری بداتێ، ئەو کاتە تاقباز بەسەرزەویی ڕادەکشاو مەمکۆڵەکانی لەدەمی مناڵەکە

دەنا، روخساری سوتاوی خۆی پاک دەکردەوە، بێ ئەوەی شتێ ببینێ چاوی دەبڕیە دەشتایی ڕۆشنی هاوینەوە، کاتێ منالّەکە تێر دەبوو وازی لێ دەهێناو دووبارە دەکەوتەوە کار تا ئەو کاتەی کە جەستەی کەشەنگ دەبوو، بیری لە کار دەکەوت. چونکە جگە لە لەگیای هەرزە کە بە نووکی هەرزەچن هەڵدەکەنراو یەکسەر لەبەر گەرمای هاوین ووشک دەبوون‌و سیس هەڵدەگەڕان، بیری لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە، لە ئاکامدا خۆرەتاو لە سنووری ئاسۆدا وچانی گرت و دۆڵەکە لە پڕێکدا نوقمی تاریکی بوو، ئەو کاتە ژنە لە جێوە قیت بۆوەو ڕوخساری تەڕی خۆی بە ناوبەری کەواکوڵەی خۆی پاککردەوەو بە دەنگی بەرز بەخۆی گوت:

- ئەو ئێستاکە حەتمەن لە ماڵێ چاوەڕوانەو دەبێ بچم فرافینی بۆ ئامادەبکەم.

منالّەکەی کەبەسەر جێگەوە لەسەر زەوی خەوتاندبوو، هەڵگرت‌و گەڕایەوە ماڵ، بەلاّم پیاوەکە هێشتا نەگەڕابۆوە ماڵەوە، کاتێ ژنە گۆشەی ماڵەوەی دەور کردەوە، لە هیچ شوێنێ دیار نەبوو، پیرەژن بە جۆش‌و خرۆشەوە دەیڕوانیە دەشتایی ودوو منالّە بچووکەکە، کە لە ئاستانەی دەرگادا دانیشتبوون، بە ماندووییەوە مابوونەوە چاوەڕوانیان دەکرد، کەدایکیان بینی دەستیان بەگریان کردو ئەویش بەسەراسیمەییەوە پرسی:

- ڕۆڵە باوکتان کوا هێشتا نەگەڕاوەتەوە؟

کوڕەکە گوتی:- هێشتا نەگەڕاوەتەوە ئێمە برسیمانە.

کچەکەش بە لاسایی کردنەوەی براکەی بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ گوتی:

- بابە نەهاتۆتەوە ئێمە برسیمانە.

لەو کاتەدا چاوەکانی بە توندی داگرت، تا لە گەزەندەی دوا تیشکی زێرینی خۆرەتاویان بپارێزێ. پیرەژن لە شوێنی خۆی بڵند بوو و بە پەلەکوتێوە تا بن حەوشەی خەرمەنگاکەوە چوو، بە دەنگێکی تیژو گوێتەزێنەوە، لە ئامۆزای پرسی کە تازە بۆماڵەوە دەگەڕایەوە:

- تۆ کوڕی منت نەبینیوە؟

بەڵا دایکەکە بە پەلە چووە ناو قسەکانیەوەو گوتی:

- لەسەرەخۆ نەنە گیان لەسەرەخۆ پێی ناوێ بە هەموان بڵێیت هێشتا نەهاتۆتەوە.

بەڵام پیرەژن کە دەستە پاچەبوو بوو، هەوڵی دا دوورتر ببینێ وگوتی:

- خۆ درۆم نەکردوە نەهاتۆتەوە ئیدی.

ئیدی دایکەکە هیچی تری نەگوت، شتێکی ساردی دا بە مناڵەکانو هەندێ ئاوی گەرمیشی هەڵڕشتە ناو قاپی پیرەژنەکەوە، هەنێ وردە خۆراکی بەرماوەشی پەیداکردو لەبەردەمی سەگەکەیدا هەڵڕشت، پاشان کە ئەهلی ماڵ خەریکی خواردنی فرافینێ بوون، ئەو خۆیو مناڵەکەی باوەشی بەکوچەدا سەرەوژوور بۆوەو تا قاوەخانەکە چوو، لەوێدا چەند موشتەریو یەکدوو رێبواری راگوزەری بینی، دەیانویست بگەڕێنەوە هەمان ئەو گوندەی خۆیان کە لەهەمان ئەو نزیکانە بوو، چونکە کاتەکە، کاتی تەواو بوونی کاری رۆژانە بوو، پیاوەکان عادەتەن دەبوایە لە ماڵی خۆیان بن.

لەبەرەخۆ گوتی لەوانەیە مێردەکەی لە پشت یەکێ لەو مێزانەی قاوەخانە بێت، لەوێ دەتوانێ ئەوەی روودەدا ببینێ ببیستێ، لەوانەشە لەگەڵ میوانێکی تازە هاتووی هەڵاتوو لە خەڵوەتو تەنهایی دا دانیشتبێ، یاخود ئەگەر پەڕۆی قومار

پان کرابێتەوە ئەوە حەتمەن ئەویش بەشدارە. بەڵام هەرچەند سەیری ئەملاو ئەملای کرد سۆراغیێ لە کەواشین نەبوو، هەروەها گوێی لەدەنگی قوماربازان نەبوو، کە بەدەوری مێزەوە کۆببنەوە، لەدەرگای قاوەخانە نزیک بۆوە سەرێکی هەڵکێشایە ناویەوە، قاوەچی تەنها بوو و لەدوای فرافینێ لە حاڵێکا پشتی بە دیواری کەنار سۆپاکەوە دابوو، روخساری هێشتاکە لەبەر دووکەڵو چەوری چەند رۆژە پۆخڵ بووبوو، خەریکی حەسانەوە بوو، وەک بڵێی شوشتنی روخساری بەبێ سوود دەزانی، چونکە بەو کارە پۆخڵەی کە هەیبوو دووبارە هەرزوو رەش دەبۆوە، ژنە گەنجەکە لێی پرسی:- تۆ باوکی مناڵەکانی منت نەدیوە؟

قاوەچی نینۆکی درێژو رەشی خۆی نایە ناو ددانیو مژیو بەبێ بایەخەوەگوتی:

- ئەمرۆ بەیانی خۆیو کەوای شینی هاتو چەند دەقیقەیێ دانیشتو پاشان هەڵساو رۆیی تا لە شار رابوێرێ.

پاشان وەکو ئەوەی هەستی کردبێ شتێ لە میاندا هەیە پرسی :

- چۆن خانم مەگەر شتێ روویندابێ؟

دایکەکە بە توندی گوتی:

- نەخێر هیچ رووینەداوە هیچ ... کارێکی لە شاردا هەبوو حەتمەن بۆ هەمان ئەو کارە دواکەوتووە، دەبێ ئەمشەو لە شار بەسەر بباتو بەیانی سپێدە دێتەوە.

قاوەچی کە لە پرێکا هەستی بزۆزی بزاوت پرسی:

- مەگەر دەبێ چ کارێکی هەبێ؟

دایکەکە لەو کاتەی رووی لەو وەرگێڕابوو گوتی:- من لە ژن زیاتر نیم، مەگەر لە کێ بزانم چ کارێکی هەیە؟

لەوکاتەدا بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە ئەو کەسانەی کەڕووبەڕووی دەبوونەوە دەیانپرسیو ئەویش بە بنی لێویەوە وەڵامی دەدایەوە، بیرێکی هات بە زەینا، هەرکە چووە ناوماڵەوە ئەو کاژێرکەی پشکنی کە لە دیواری ماڵێ لێدرابوو، کاژێرکەکە خاڵی بوو، دەیزانی دەبوایە چەند سکەیەکی مسینو یەک تاکە سکەی بچووکی نوقرەیی، لە ناو ئەوکونەدا پارەی پاشەکەفتی هەبێ، چونکەمێردەکەی یەکدوو ڕۆژ پێشتر برێ پوشاڵی برنجی، بە پارەیەکی باش فرۆشتبوو، چونکە ئەو لە چەنەلێدان ودەبێو نابێی فرۆشتن کارامە بوو، برێکی زۆرتری پارە هێنابووە ماڵەوە. یەکسەر ئەوپارەیەی لەمێردەکەی سەندبووو لەو کونەکەدا شاردبۆویەوە، لەبەر ئەمە دەبوایە لەوێ با، بەڵام هیچ خەبەڕێ لەو پولە نەبوو، ئەوکاتە دایکەکە تێگەیی پارەکەی بردووەو ڕۆیشتووە، دووچاری سەرگێژی بوو وهەمووشتێکی بە تاری بینی وخۆشی تەواو لە حاڵی خۆی گەیشت، لەپڕێکا بەسەر سەکۆی گڵی ناوەندی ماڵێدا دانیشت هەر بەو جۆرەی کە مناڵەکەی لە باوەشدابوو، بەکپیو خامۆشی لەسەرەخۆ دەستی بە بادانی سەروگەردنی خۆی کرد بۆ پێش وپاشەوە، باشە ئەو ڕۆیشتووە لەمە بەدوا دایکەکە خۆی لەگەڵ سێ منداڵەکەیو لەگەڵ پیرەژن دەمینێتەوە،

- بەڵێ ئەو ئیدی ڕۆیشتبوو.

مناڵە شیرخۆرەکە دەستی بەگریان کردو دایکەکە بێ ئەوەی بزانێ چی دەکات مەمکی بۆ دەرهێنا، دوو مناڵەکەی دیکە هاتنە ژوورەوە، کچووڵەکە دەگریاوچاوەکانی هەڵدەپشافتن، پیرەژن لە کاتێکا کە خۆی هاوێشتبووە سەر گۆچانەکەی بەردەوام دەیگوت:- کچەکەگیان لەبیری ئەوەدام ئەو کوڕەی

من دەبێ بۆ کوێ چووبێت؟ زۆر سەیرە کوڕەکەم ڕۆیشتبێ، پیرەژن گوێی دایێ وتۆزێ هێور بۆوەو دووبارەی کردەوەو گوتی:

- بەڵێ حەتمەن بەیانی دێتەوە. پاشان بەئەسپایی بە ناوەندی ژووری تاریکدا رەت بووو بۆ لای تەختە قەبەکەی خۆی چوو.

دایکەکە دوومناڵەکەی بردە حەوشەو وەک چۆن وابوو شەوانی هاوین بەر لە نوستاندنیان دەیشوشتن، هەردوکیانی پاککردەوە، سەتڵە ئاوێکی بەسەر سەری هەر یەکێکیان داکردو هەر لەوکاتەش بە دەستە پێستێکی قاوەیی‌و خز لەشی ئەوانی ئەوەندە ساودا تا پاک بوونەوە، ژنە گەنجەکە بەری بە چەنەبازی مناڵەکان نەبوو و هیچ بایەخێکی بە ناڵەناڵی کچۆڵەکە نەدا، کە لەبەر ئازاری چاوەکانی دەینالاند، تەنها ئەوکاتەی مناڵەکانی بەسەر تەختەکەوە خەواند، کوڕەکە لە نەهاتنەوەی باوکی ئاگادار بۆوەو بەسەرسامییەوە پرسی:

- ئەی بابە لە کوێ دەخەوێ؟

هەر ئەوکاتەش بوو دایکەکە لەگەڵ ئەوەشدا کە هێشتا هەر گێژ بوو لەوەڵامدا گوتی:

- حەتمەن لە شارە چونکە ئەو سبەی یا دووسبەی دەگەڕێتەوە.

پاشان بە تووڕەییەوە گوتی:- لەوانەیە ئەوکاتە بگەڕێتەوە کە ئەو برە پارەیەی خەرج کردبێ، دیسان بە ناخۆشییەکی زیاترەوە گوتی:

- ئەوکراسە شینەشی پیس دەبێ‌و ئەوەندە پیس دەبێ کە دەبێ بیشۆم. دایکەکە لەسەرێکەوەش سەبارەت بەوەی مێردەکەی تووڕەیە، هەستی بە لەززەت دەکرد، ئەو پابەندی

تووڕەیی خۆی بوو وبە توندی خۆی پێ هەڵواسی بوو، چونکە لەوحاڵەتەدا مێردەکەی خۆی وا دەدیت کە زێتر لێی بە نزیک دەکەوێتەوە، هەتا ئەو ساتەش کە ئاژەڵی دەبردنە تەویلەو کێلۆنی دەرگەی لەبەر مەترسیەکانی شەو دادەخست، دیسان هەر تووڕە بوو و بەورتەورتەوە لەبەرەخۆ دەیگوت:

- سوێند دەخۆم کە هەمان ئەمشەو کەهێشتا خەو ناچێتە چاوم دەنگی لە دەرگەدانی دەبیستم.

بەڵام لەو شەوە تاریکەو لە قووڵایی ئەو شەوە گەرمو ئارامەو لە دڵی خامۆشی ئەو ژووورە دەرگا داخراوەیەدا، تووڕەیی لە دڵی نەماو ترس جێی گرتەوە، ئەگەر مێردەکەی نەگەڕێتەوە ژنێکی گەنجو تەنها قوڕی کێ بکات بەسەر خۆیا؟ تەختەی خەوێ وادەهاتە بەر چاوی کە گەورەو خاڵییە، ئەو شەوە پێویستی بەوە نەبوو خۆی ئازار بدات، بەمەیلی خۆی دەیتوانی دەست وپێی خۆی بۆهەر لایێ بیەوێ درێژ بکات، هەوەسێکی ناگەهانیو سووتێنەر بۆ لەباوەشگرتنی ئەو پیاوەی کە پەیوەست بەو بوو، سەراپای ئەوی داگرت، شەش ساڵ بوو کە شان بە شان لەگەڵ ئەودا دەخەوت، هەرچەندە ئەو پیاوە رۆژی وا هەبوو خولقی ئەوی ناخۆش دەکرد، بەڵام لەکاتی شەوێدا، دیسان خۆی لە باوەشی ئەوا دەدۆزییەوەو لەبیری دەچوو، ئەو تەمەڵەو بزاوتی منالآنەی هەیە، ئێستاکەش وا بەبیری دێتەوە کە ئەو چ جەوانێکی قشت وخۆشقەلافەت بوو، وەکو زۆر لە پیاوان دەمو لێوێکی ئەستوری نەبوو، دەمی بۆنی لێ نەدەهات زۆر بە نمەک بوو، ددانەکانی لە سپێتیدا لە برنج دەچوو. بەو شێوەیەی کە پاڵکەوتبوو، هەستی کرد کە هەوەس جێگەی رق وقین دەگرێتەوە..سپێدە لە جێوە هەڵسایەوە لەبەر بێخەوی ماندوو

و شەکەت بووبوو، دووبارە دڵی گیرایەوە، دوای وەدەرنانی ئاژەڵەکان لە تەویلەو دوای ئەوەی خواردنی دا بەپیرەژن و منداڵەکان، بینی هێشتا خەبەرێ نییە لە مێردەکەی، دیسان بەدی بە دڵا نەهات، بە بۆڵەبۆڵەوە بەبنی لێویەوە گووتی:

- کە پارەو پوولی تەواودەبێ دەگەڕێتەوە، من چاکدەزانم کە ئەوکاتەدەگەڕێتەوە.

کوڕەکە سەیری تەختەخەوی خاڵی کردو کاتێ بەسەرسامییەوە لە دایکی پرسی:

- ئەی بابە شەو لە کوێ ماوەتەوە؟

ئەویش بە ئاهەنگێکی شکستەوەو لەپڕێکا بە ئاشوفتەیی وەڵامی دایەوە :- گوتم تا یەکدوو رۆژی دیکە نایەتەوە، ئەگەر لە کوچە لە تۆیان پرسی بڵێ تا یەک دوو رۆژی دیکە رۆیشتووە، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێ منداڵەکان بۆ یاریکردن لەماڵێ بەدوور کەوتنەوە ئەو نەچووە مەزرا، کورسیەکەی بە شێوەیێ دانا کە بتوانێ هەموو ئەو کەسانە ببینێ کە بە کوچە تەنگو تریسکەکەدا تێدەپەڕین، لە کاتی ئەوەشدا هەر وەڵامێ کەدەهاتە بەردەمی دەیدایە دەست خەسووە پڕ قسەکەی، دەیگوت:

- رەنگی شینی کەواکەی بە قەدەرێ ساف ویەکدەستە، کە من لە مەودایەکی زۆر دووریش بێ، دەتوانم دەست نیشانی بکەم، دەستی کرد بە تەشی رستن، لە میانی هەر سوڕانەوەیێ کە بە بەنەکەی دەدا، نیگایەکی دەکردە کوچەکەشەوە، ئەو پارەیەی حسێب دەکرد، کە مێردەکەی لەگەڵ خۆی بردبووی، بە هەمان رێژە تەخمینی ئەو وەختەی دەکرد کە پارەکەی بەشی دەکرد، وای هاتە بەر چاو کە ئەو پارەیە زیاتر لە شەش رۆژ ناخایەنێ، مەگەرئەوەی کە

شانسی بێنیو بەو دەستە کارامانەی سەرکەویو مەبلەغەکە زیاتر بکاتو ونبوونی خۆی زیاتر بکات، وردە وردە رۆژ بەرەو پێشڤەدەچوو و لە دەست چەنەبازی پیرێژن تووشی زەلالەت بوو بوو، بەلام دیسان تاقەتی دەهێناوە بەرخۆی، چونکە ئومێدەوار بوو کە رەنگە مێردەکەی لە ڕێی گەڕانەوە بێت بۆ ماڵەوە، نیوەڕۆ کاتێ منالەکان بەرەو ماڵەوە کەوتنە ڕێ برسیان بوو، کوڕەکە کاسەی کەلەرمەکەی کە بۆ باوکی لەلایەک داندرابوو دۆزییەوەو داوای کرد، بەلام دایکی پێی نەدا، کە منالەکە لاملی کرد دایکەکە بە سەختی لێیدا:

- نەخێر ئەوە بۆ باوکتە ئەگەر ئەمشەو بگەڕێتەوە برسی دەبیو هەموو ئەوانەی دەوێ.

دوای نیوەڕۆی درێژو گەرمی هاوین بەسەرچوو، بەلام ئەو نەگەڕایەوە، هەتاو وەکو هەمیشە سەنگینو تژی تیشکی زێرین، ئاوابوو، دۆلەکە بۆ چەند ساتێ رۆشن هەلگەڕا، پاشان شەوێکی تاریک و قوول داهات، دایکەکە خۆی دا بە دەستەوە، قاپی کەلەرمی لەبەردەم منالەکان داناو پێی گووتن:

- ئێستا هەرچەند دلتان دەخوازێ بخۆن، چونکە ئەگەر رۆژێ زیاتر رایگرم تێکدەچێت، کێ دەزانێ؟ رەنگە.

بڕێکیشیمزرەمەنی هەلگرتو دای بە پیرەژن، گوتی:

- تۆش بیخۆ ئەگەر ئەو بەیانی هاتەوە ئەوە هی تازەی بۆ دورست دەکەم.

دایە گەورە پرسی:

- واتە بەیانی دێتەوە؟

- بەلێ لەوانەیە بەیانی ....

ئەو شەوە زۆر بە خەمگینی خەوت، لە ناو جێدا ترسا، بە راشکاوی لە دلی خۆی گوتی هیچ کەسێ نازانێ کە ئاخۆ

ئەو دەگەڕێتەوە یا نا؟
هەر لەو ساتانەدا ئومێدی دایکەکە هەر بە بەسەرچوونی ئەو حەوت ڕۆژە بوو، کە بە گومانی ئەو دوای ئەوە مێردەکەی دەبوایە بەبێ پارە بمێنێتەوە، ئەو حەوت ڕۆژە یەک لە دوای یەک بەسەر چوون، هەر ڕۆژەی بە نەزەری ئەو وەک ڕۆژی گەڕانەوە خۆی دەنواند، ئەو لەو ژنانەدا نەبوو، کە لە دێدا بەدوای ڕێگایێ بکەوێ‌و لەگەڵ هاوسێکانی بکەوێتە چەنەبازییەوە، بەڵام ئێستا بیست نەفەر لەوان هاتوون‌و بە حاڵی مێردەکەیان زانی بووو دەیانگوت:-
ئێمە هەموو لەیەک خانەوادەین هەموو کەم‌و زۆر لەگەڵ یەکدا خزم‌و کەسین.
عاقیبەت دایکەکە بۆ پاراستنی ئابڕوی خۆی داستانێکی لێکهەڵچنی و لەبەر کاریگەرێتی ئیلهامێکی لە ناکاودا پێی لە جەرگی خۆی ناو لە وەڵامی ئەواندا گوتی:-
مێردەکەم لە شارێکی دوورە دەستا دۆستێکی هەیە، ئەو دۆستە کارێکی بۆ ئەو بە پارەیەکی کەم پەیدا کردووە، بە شێوەیێ ئێمە ئیدی ناچار نابین هەموومان لە مەزرادا کار بکەین، ئەگەر ئەو حەزی لەو شوێن‌و کارە نەبێ، ئەوە هەرزوو دەگەڕێتەوە، دەنا دەبێ سەبر بکات هەتا خاوەنکارەکەی مۆڵەتی پێ دەدا.
ئەو هەرگیز قسەی ڕاستی وا بەو خوێن ساردی‌و ئارامییەوە نەهێنابووە سەر زمانیەوە، بە شێوەیێ پیرەژن هارو هاج بووو پرسی:
- باشە ئەی بۆ خەبەرێکی وا خۆشت بەمن نەداوە کە من دایکی ئەوم؟ دیسان دایکەکە درۆیەکی دیکەی کردو بەسەریاو گوتی:- نەنە گیان خۆی قەدەغەی کردبوو کە

بەکەسی نەڵێم، چونکە ئەو لەو باوەڕەدایە کەتۆ ناتوانیت زمانت بگریت، یەکسەر تەواوی ئەهلی دێ تێدەگەینی، ئەوحەزی لێبوو ئەگەر کارەکەی سەرنەگرێ باشتر وایە شتێ بە کەس نەگوترێ، پیرەژن بە منەمنەوە لەحاڵێکا خۆی هاوێشتبووە سەر گۆچانەکەی، هەردوو شەویلاکی بێددان و سواوی شۆڕبووبوونەوە، بە شێوەیەکی هەندێک رەنجاوەوە گووتی:- ئۆەه تۆش هەروا بیردەکەیتەوە؟راستە کە من هەمیشە قسەدەکەم، بەڵام واش نییە کە نەتوانم زمانم بگرم.

دایکەکە چەند جارێ داستانی دروستکراوی خۆی دەگوتەوەو هەمووجارەی کلک وگوێی بۆ زیاد دەکرد، تا زیاتر لەراستی نزیکی کاتەوە، ژنێکی هاوسێیان هەبوو، کە هەموو جارێ بەبەر دەرگایماڵیاندا رەت دەبوو، ئەوژنە لە لای براکەی دەژیا کە لەخۆی گەورەتر بوو، لەبەر ئەوەی هەم بێوە بوو و هەم منالیشی نەبوو، زۆر بێکار بوو، رۆژانە لە سپێدەوە تا رۆژاوا دادەنیشت و بە ئاوریشم کەوشەکانی گوڵدۆزی دەکرد، لە تەواوی ئەو ماوەیەدا لەبیری روداوی نالەباردا بوو، کە لە دەورووبەری ئەودا دەیانگێڕایەوە، ئێستاکەش چیرۆکی ئەو پیاوەی کەماڵو ژیانی خۆی تەرک کردووە، هەستێکی بزۆز ئەوی بە سەختی خستبووە هەڵچوونەوە، رۆژێکیان بیرۆکەیەکی بەخەیاڵ داهاتو بەو خێراییەی کە پێیە بچوکەکانی رێیان پێ دەدا، بە درێژایی کوچە رایکردو هاتە لای دایکەکەو بە قەلافەتێکی رەندانە پێی گوت:

- زۆر لە مێژە نامەیێ نەهاتۆتە دێو نەمبیستووە نامەیێ لە مێردەکەی تۆ گەیشتبێ، دایکەکە وەڵامی دایەوەو گوتی:

- چۆن هەمان هەفتەی پێشوو هەواڵی ئەوم وەرگرتووە،

بێوەژنەکە رۆیشتو پەیوەندی بە پیاوێ کرد، کە بە تەنها ئەو لەودەوروبەرەدا خوێندنو نووسینی دەزانی، ئەو پیاوێ بوو ئەگەر بە سوتفە کەسێ ویستبای نامە بنووسێ دەچوونە لای ئەوەوە، ئەو کارە کۆمەگی بە ژیانی ئەودەکرد، ژنە بە شێوەیەکی پڕ ماناوە لێی پرسی:- ئایا تۆ بینیوتە نامەیێ لە – لی- یەکەم کوڕی لی سێهەم لە نەوەی پێشوو هاتبێتە گوندەوە؟ پیاوەکە گوتی نەخێر، ئەوکاتە بێوەژنەکە بە دەنگی بەرزەوە گووتی بەڵام ژنەکەی دەڵێ لە هەمان ئەو چەند رۆژەی پێشوو نامەیەکی لەوەوە بۆ هاتووە، پیاوەکە بە ئەندێشەی ئەوەی لەوانەیە چووبێتە لای میرزای گوندە نزیکەکەیان تووشی حەسادەت هات، چەندین جار ئەو هەواڵەی ئینکار کردو گوتی:

- تەواو دڵنیام کە هیچ کاغەزێ نەهاتۆتە دێکەوە، هیچ کەس داوای لە من نەکردووە هەتا یەک خەت بۆ ئەو بخوێنمەوە، هیچ کەسێکیش بۆ ناردنی نامە داوای پوولی لە من نەکردووە،

چونکە جگە لەلای من لای هیچ کەسێکی دیکە پول پەیدا نابێت، ئێستا زیاتر لە بیست رۆژ دەبێ ئەسڵەن تەتەرەکانی پۆست لەگوند نزیک نەکەوتونەتەوە، ئەوکاتە بێوەژن بۆنی کرد کە دەبێ ئەوماستە موێکی تێدابێت، لە هەموو جێگایێ بە پسە پسەوە دەیگوت کە ژنی لی یەکەم درۆ دەکات، هیچ نامەیەکی بۆ نەهاتووە، بێشک مێردەکەی هەڵاتووەو دەستی لەو بەرداوە، ئەدی ئەوە نەبوو لەسەر ئەو کەوا شینەی کردیانە چتۆ شەڕ؟ تەواوی خەڵکی دێ بیستیان کە جوێنیان بەیەک دەدا؟ مەگەر پیاوەکە ژنەکەی خۆی پاڵ پێوە نەناو مارکوتی نەکرد؟ لانی کەم مناڵەکانی خۆیان ئەو قسانە دەکەن، کە

ئەو قسانە کەوتە بەر گوێی دایکەکەوە، بە شەهامەتی تەواوە لایەنگیری کرد کەراستی کردوەو هەتا گوتی:

- ئەو کەواشینەی تەنها بۆ سەفەرکردنی مێردەکەی بۆ ئەو شارە دوورەی دووریوە، شەڕی ئەوان لەبەر شتێکی دیکە بووە. بەڵام سەبارەت بە نامە، ئەسلەن نامەیێ لە ئارادا نەبووە، بە ڵکو پەیامێ بووە هەر قسە، کە کاسبێکی گەڕیدە لە کەناری دەریاوە هاتبوو لەگەڵ خۆی هێنابووی، بەمجۆرە بوو دایکەکە بە شێوەیەکی کارامە لەبەرامبەر درۆکانی خۆیدا وەستایەوە، پیرەژن ئەو قسانەی بەبنی دڵییەوە باوەڕ دەکرد، هەموو دەمێک لە بارەی کوڕەکەیو سامانی ئەوەوە قسەی دەکرد، لە کاتێکا دایکەکە بەو شێوەیە قەلافەتێکی ئارامو یەکجووری بە خۆوە دەگرت، وەکو ئەو ژنانە نەدەگریا کە مێردەکانیان جێیان بهێڵن، سەرەنجام هەموو حەکایەتەکەیان باوەڕکرد، خودی ئەو بێوەژنە لاسارەش دەمی خۆی داخستو بەسی کرد، کاتێ بەسەر گوڵدۆزی ئاوریشمی خۆیەوە لار دەبۆوە، دڵ بە خەمو خەمناک بەبنی لێویەوە بۆڵەبۆڵێکی دەکردو دەیگوت:

- باوابێ پاشان دەبینین کە کابرا پارە دەنێرێو نامە دەنووسێ یا ئەوەتا قەت ناگەڕێتەوە.

بەمجۆرە ئەو هەندە هەڵچوونەی کە لە دێدا هەڵسا بوو هەندێ نیشتەوە، خەڵکی هەمووی بەدوای کارو ژیانی خۆیدا چوو، ژنو گەنجەکان داستانی ئەویان فەرامۆش کرد، ئەوکاتە بووکە دایکەکە بە گەرمو گوڕییێکی زیاتر کەوتە کارەوە، ئەو حەوت رۆژەی کە ئەو بە تەمای بوو، ماوەیەک لەمەوبەر بەسەر چووبوو، مێردەکەشی هەر نەگەڕابۆوە، لە وماوەیەدا برنج پێگەیی بوو و فەریکەکەی زەرد هەڵگەڕا بوو، بە

سەنگینی بە قەدی خۆیاندا شۆڕ بوو بوونەوە، ئامادەبوون بۆ دروێنە کردنییان، بەڵام هەمدیس خەبەریَ لە پیاوەکە نەبوو، ئیدی ژنە بە تەنهایی برنجی دروێنە کرد، جگە لە دوو رۆژ کە ئامۆزاکەی لە دروێنەکردن‌و دەست و بەندکردنی برنجی خۆی، ئینجا هاتە کۆمەگی ئەوەوە، ژنە بەکۆمەگی ئامۆزاکەی خۆشحاڵ بوو، بەڵام لێی دەترسا، هەرچەندە ئەو پیاوێکی کەمدوو بوو، بەڵام جارناجار پرسیاری سادەی دەکرد، کە ئەگەر وەڵامی ناراستت بدابایەوە ئەوە گرفت بوو، بەڵام ئەو بێدەنگ‌و خامۆش کاری خۆی کرد، جگە لە چەند قسەیەکی زروری هیچ قسەیەکی دیکەی نەکرد.

- ئەگەر پیاوەکەت تا هەڵگرتنەوەی بەشی خاوەنکار نەگەڕایەوە، ئەوە من دیسان ئامادەم کۆمەگت بکەم، چونکە سەرکاری تازەی خاوەنکار پیاوێکی رندو بە هۆشە، ژنیَ بە تەنها ناتوانیَ لەگەڵیا دەرچێت.

ژنە بە خوێن ساردییەوە سوپاسی کردو بەو کۆمەگە خۆشحاڵ بوو، رۆژەکان بوونە ساڵ‌و دایکەکە هەموو رۆژیَ بەر لە سپێدان لە خەو هەڵدەستا، لێدەگەڕا پیرەژن‌و منداڵەکانی بخەون، خۆی نانی بەیانی ئەوانی ئامادە دەکرد، تا دەمی بێدار بوونەوەیان لەبەر دەستی دادەنان، پاشان بە دەستیَ منداڵە شیرخۆرەکەی لەباخەڵی دەناو بەدەستەکەی تری داسی کوتیلەی خۆی هەڵدەگرتوو دەچوو بۆ دەشت، منداڵەکە ئەوەندە گەورە بوو بوو کە بتوانیَ خۆی دانیشیَ، دایکەکە ئەوی بەسەر زەمینەوە دادەنا، تا بە مەیلی خۆی یاری بکات، منداڵەکە دەستەکانی پڕ لە خۆڵ دەکردو بۆ دەمی دەبردو خۆڵەکەی دەخوارد، جا لەبەر ئەوەی تامەکەی خۆش نەبوو لە دەمی تفی دەکردەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی زوو لە

بیری دەچوو، ئەو کارەی دووبارە دەکردەوە تا ئەو کاتەی کە لچ ولێوی لەبەر تفاندنەوە هەموو بە قورِ پۆش دەبوو، لەگەڵ ئەو هەمووەش دایکەکە کەمترین بایەخی پێ نەدەدا، چونکە ئەو بێچارەیە دەبوایە کاری دوو نەفەر بکاتو ئەم وەزیفەشی بە تەواوی رەشادەتەوە ئەنجام دەدا، خۆ ئەگەر مناڵەکە بگریا با ئەوە دەبوا هەروا بمینێتەوە، هەر کاتێ دایکی ماندوو دەبوو دادەنیشت تا نەفەس تازە بکاتەوە ومەمکەکانی لە دەمی قورِاوی ساواکە دەناو بێ پەروا لەوەی کە مەمکی پیس دەبێت یا نا، لێدەگەڕا ساواکە هەرچەند دڵی دەخوازێ بیمژێ .

لە حاڵێکدا هەر جارەی کە لار دەبۆوە، گوڵە برنجی زەردو شکاوی دەسکەنە دەکرد، پاشان دەستە دەستە بەسەر یەکەوەی کەڵەکە دەکردن، کاتێ گەداو فەریکچنەکان وەک عادەت وابوو لە کاتی دروێنەدا لە خەرمانان وەنزیک دەکەوتنەوە، تا ئەو گوڵە برنجانە کۆکەنەوە کە لە کاتی دروێنەکردندا هەڵدەڕژان، دایکەکە روخساری خۆی کە لە ئارەقەو خۆڵدا رەش هەڵگەڕابوو، هێڵەکانی روخساری لەبەر رەنجو زەحمەتیدا درێژ بووبوونەوە، سەری بۆ لای ئەوانەوە وەردەگێڕاو بە بەجوێندانەوە بانگی ئەوانی دەکردودەیگوت :

– ئەی گەداکان، ئەی دزی چەپەڵینە، ئێوە لە خەرمانەی ژنێکی بێکەسدا گوڵە برنج دەچنن، کە پیاوێکی نییە کۆمەگی بکات، من لە ئێوە هەژار ترم، جوێنی پیسی پێدەدان ونەفرەتی لەو ژنانە دەکرد کە ئەوانی هێنابووە بوونەوە، هەروەها ئەو کوڕانەی کە توخمو رەچەڵکی ئەوان بوون، لە ئەنجامدا لەبەر جوێنی ئەو دەترسانو نەیان دەوێرا لە مەزرای ئەوەوە وەنزیک کەونەوە، پاشان ئەو بەستە بەستانەی

برده حەوشەی خەرمانگەوە کە درویّنە کرابوون، گامیّشی بۆ کوتانەوەیان بەستایەوە بە خەرمانکوتی زەبەلاحەوە، لەسەرتاسەری رۆژانی ئارامو گەرمی پاییزدا، ئاژەڵی خستە ژێر کارەوەو کەوتەکارکردن، بێ ئەوەی هەتا تێبینی خۆشی بکات، کاتێ گوڵە برنجەکان کوترانەوە، کاکەی ئەنبار کردو لەوکاتەی کە با هەڵیدەکرد دەکر، دانەویّڵەکانی شەنەبا دەکرد، ئەوسا کوڕە بچوکەکەشی ناچار دەکرد لەگەڵیا کار بکات، خۆ ئەگەر کوڕەکە تەمەڵی کردبا یا چەتونی کردبا، بەبێ گویّدانە ئەوەی خۆی ماندوو بووەو تاقەت وتوانای لەبەربڕاوە، منداڵەکەی دارکوت دەکرد، بەلاّم خودی دایکەکە توانای ئەوەی نەبوو سەرکەویّتە سەر تاکراوەکان، ئەو فیّر نەبوو بوو بەستە درویّنە کراوەکان بەسەر یەکەوە کەڵەکە بکات لەبەر ئەوەی میّردەکەی ئەو کارەی لە هەموو کارەکان کەمتر رق لیّدەبۆوە، هەمیشە خۆی ئەو کارەی دەگرتە ئەستۆ، میّردەکەی بەتایبەتی لەو کارەدا دیققەتیّکی زۆری بە خەرج دەدا، زۆر باشی لەبەر دەهاتە دەر، پاشان سەری تایەکانی ساف وهەموار دەکردو بە کاو قوڕ سواخی دەدان.

دایکەکە داوای لە ئامۆزای کرد کە ئەوجارە چۆنیەتی ئەنجامدانی ئەو کارەی پێ نیشان بدات، تا ساڵی دوایی ئەگەر میّردەکەشی نەهاتەوە لەگەڵ کوڕەکەیدا ئەوکارە بکات، ئامۆزاکەی قبوڵی کردو ژنە لەگەڵیا کەوتە کارەوە، بەردەوام راست دەبۆوەو لار دەبۆوە، بەستەکانی بۆ بەرزدەکردەوەو ئامۆزاش کە بەسەر تایەکەوە وەستا بوو، سافو ریّکی دەکردن و بەسەر یەکەوەی کەڵکە دەکردن، بە مجۆرە بەرهەمەکە سواخدرا .

دایکەکە لەبەر کاری زۆرو ماندووبوونی یەک لەدوای

یەکدا، بێ ئەندازە لاواز بوو بوو، گۆشتی جەستەی تاوابۆوەو پێستی سووتاوی رەنگێکی قاوەیی وا توندی بە تەبەشی ئەودابوو، کە سووری گۆناو لێوەکانی ئەوی دەست نیشاندەکرد، هەروەها مەمکەکانی ئەو بەردەوام شیرێکی زۆری تێدا بوو، ژنانی وا هەن کە خۆراک لە بەدەنیان دەبێتە چەوری بۆیە ناتوانن خۆراکی ئەو منداڵەی کە لە ناو سکیانە یا ئەومناڵەی کە شیری دەدەنێ دابین بکەن، بەڵام ئەو دورست کرابوو بۆ ئەوەی دایک بێت، بە پێی پێویستی منال شیری بوونی خۆی بیرەحمانە هەڵدەڕشت.

پاشان رۆژی دابەشکردنی بەرهەم لەگەڵ ئاغا دەستی پێکرد، ئەو پیاوە دەوڵەمەندە خاوەنی گوندو مەزرای دەوروبەری ئەوێکە بوو، لە شارە دوورەکاندا عومری خۆی بە بێکاری دەگوزەراندو ئەم زەویانەی لە باووباپیرانی بە میرات بۆ مابۆوە، قەت زەحمەتی نەدەدایە بەر خۆی بەڵکە هەمیشە سەرکارێکی لە جێی خۆی دەنارد بۆ خڕکردنەوەی بەرهەمەکان، ئەمجارە سەرکارێکی دیکە هاتبوو، چونکە سەرکارە کۆنەکە دوای بیست ساڵ خزمەت باش دەوڵەمەند بوو بوو، ئەوەندەی کۆکردبۆوەو باری خۆی بەستابۆوە پێویستی بە کارکردن نەمابوو، چەند مانگێ لەمەوبەر خزمەت ئاغای بە جێ هێشتبوو، سەرکار سەری بە هەموو ماڵێکی جوتیاراندا دەکرد، کە سەروسەکوتی بەدیار کەوت، دایکەکە لە ئاستانەی دەرگای ماڵدا لە پشت قرشەی بەرهەمدا، کە لە حەوشەی خەرمانگەدا کەڵەکەی سەر یەکتری کردبوو وەستابوو.

ئەو سەرکارە نوێیە کە کابرایەکی باڵا بەرزو پاکو خاوێن بوو و جلێکی لە جامەی ئاوریشمی خۆڵەمێشی لەبەرا

بوو، کەوشێکی چەرمی لە پێدا بوو، لە پێیەوە تا سەری وا نیشانی دەدا کە کوڕێکی شارییە، هەمیشە دەستی پان‌و پۆڕی، کە پێستێکی نەرمی هەبوو بەسەر لێوی تراشراویدا دادەنا، لەگەڵ هەر بزاوتێ بۆنی عەتر دەگەیشتە بەر لوت، دایکەکە هەر بەنزیک کەوتنەوەی ئەوەوە پاشەکشەی کرد، کە سەرکار پرسی؟ ئەی جوتیاری ئێوە کوا؟ دایکەکە بەخامۆشی مایەوە، لێگەڕا تا پیرەژن بەدەنگی وەک فیتەی خۆی، وەڵام بداتەوەو گوتی:

- کوڕم لە شار کاردەکات، جگە لە ئێمە کەس بەسەر ئەو مەزراوە نییە.

دایکەکە کوڕەکەی خۆی ناردە دوای ئامۆزاوخۆشی بەئارامی لە چاوەڕوانیدا مایەوە، جگە لەوەی کە بە مەبەستی بردنی چا بۆ سەرکارو پێشکەش کردنی سەلام‌و ڕێز نەچووە پێش، لەگەڵ ئەوەش هەستی بەوە کرد، سەرکار نیگایەکی سووتاو لە شەهوەتی بڕیوەتە قاچی ڕووت ڕوخساری ئەوەوە، خۆشی لە کەنارێ وەستا تا ئامۆزا بەشی ڕەعیەتی ئەوو ئەو بەشەی کەدەبوایە بدا بەسەرکاری ئاغا بپێوێ، ئەوەندە پشتی بە شەرافەتی ئامۆزا دەبەستا، خۆشحاڵ بوو لەوەی پێویستی بە دەخالەتی ئەو نەدەکرد، هەتا پێویستیش نەبوو لە دابەشکردنی بەرهەمەکە لەوان بە نزیک کەوێتەوە، بەڵام دەیبینی کە بەرهەمەکەی دەسترەنجی ئەو، چۆن پارچە پارچە دەبێ، ئەمە بۆ ئەو وەک هەموو ڕەعیەتەکانی دیکە بە ئازار بوو، کە بە خاتری ئەو ئاغایە شیکپۆشە، ئەو هەموو بەرهەمە کە بەو هەموو ڕەنج‌و مەشەقەتییە وەبەریان هێناوە بە فیڕۆ بڕوات، ڕەعیەتەکانی دیکەش وەکو ئەو بەرهەمی خۆیان بەهەستی نارەزایی‌و سەرکێشییەوە تەسلیمکرد، بەڵام

هەموویان باشیان دەزانی کە ئەگەر ئەو بەشە بە ئاغا نەدەن دوچاری چ دەردەسەرییەک دێن، ئەوەبوو کە هەموو جگە لە بەشی ئاغا، دەبوایە یەک دوو مریشکی قەڵەوو یەک پەیمانە برنج‌و چەندهێلکەیێ، هەتا مەبلەغێکیش پوولی کاش بدەن بەسەرکار، پاشان کاتێ کە بەرهەم لەگوندیدا کۆدەکرایەوە، دەبوایە مێوانداریەکی باشیش لەسەر شەرەفی سەرکار ئەنجام بدەن، هەر ماڵێ دەبوایە خواردنێ چێکات، دایکەکەش ئەو ساڵە تەنها بوو، مریشکێکی گرت‌و سەری بڕی، ئەویش بەمە بەشە خۆراکی خۆی بۆ ئەو میوانداریيە تایبەتیە دورست کرد، مریشکی لە سەر ئاگر دانا تا بە هەڵمی خۆی بکوڵێ، هەتا دوای کوڵانیشی مریشکەکە بە پێستی خۆی مابوو، گۆشتەکەی بە قەدەرێ ناسک ونەرم هەڵگەڕا بوو، کە بە یەک تۆز داگرتنی داروچکەی ناسک ی تایبەت بە خواردن گۆشتەکە ورد ورد دەبوو، ئەندێشە کردن‌و بۆنکردنی ئەو مریشکە لە تەواوی ئەو چەند سەعاتەی کە دەکوڵا شتێک بوو، لە تاقەتی منداڵەکان بەدەر بوو، بەچەشنێ کە لە دەورو بەری ئاشپەزخانە دوور نەدەکەوتنەوە، منداڵەکە دەم بە دەم هاواری دەکرد:

– دایە دڵم دەخوازێ ئەو مریشکە بۆ ئێمە کولابا، دڵم دەخوازێ تاقە جارێک خۆشمان بمانتوانیایە گۆشتی مریشک بخۆین،

بەڵام دایکەکە لەبەر ماندوبوون کاتەکەی لێ تاڵ بوو بوو گوتی:

– جگە لە پیاوی دەوڵەمەند کێ دەتوانێ ئەو گۆشتە بخوات؟ لەگەڵ ئەوەی دوای بەرگوزار بوونی مێوانداریێتی دایکەکە لەو مێزە بە نزیک کەوتەوە، کە پڕ بوو لەخۆراک

وپیاوانی دێ بە دەوریا دانیشتبوون، پارچە ئێسقانێکی کە لە مریشکەکەی جێمابوو هەڵگرت، لەگەڵ هەندێ لە پێستەکە هێشتا پارچە گۆشتێکی پێوە مابوو، دای بە کوڕەکەی تا بیرپنێتەوەو بە کوڕەکەی گوت :

- کوڕم پەلە کە تا گەورە بیت ئەو کاتە تۆش دەتوانی لەگەڵ ئەو پیاوانە فرافین بخۆیت.

کوڕەکە بەسادە دڵیەوەگوتی :

- وەلێ ئاخر باوکم مۆڵەتم دەدات؟

دایکی بە گرژیەوە وەڵامی دایەوە:

- ئەگەر ئەو نەبێت تۆ شوێنی ئەو دەگریتەوە، قەولت پێ دەدەم کوڕەکەم.

ساڵ بەسەر دەچوو، ئیدی پایز دادەهات منداڵەکان بە زەحمەت بەبیریان دەهاتەوە کە کەسێ لە کەناری ئەوان و لە تەنیشت دایکیان دەنووست، خودی دایەگەورەشیان لەبیری ئازارو نارەحەتیەکانی خۆیەوە بوو، زۆر بەکەمی لە کوڕەکەی دەپرسی، ئێسقانی پیرو لەڕی لەگەڵ بای سارد دەکەوتە دەردەوەو هەمیشە بەدوای ئەوەبوو، کە گۆشەیەکی گەرمی روو لە هەتاو پەیدا بکات، هەمیشە لەبەر گۆڕانی با دەینالاندو شکایەتی هەبوو لەوەی کە گەرمای خۆرەتاو هەموو ساڵێ کەمتر دەبێتەوە لە ساڵی پێشوو ، کوڕەکە ئەوکارە بچووکانەی بە هی خۆی دەزانی و بە رێکی ئەنجامی دەدا، ئەگەر کارێکی دیکە لە ئارادا نەبوایە ئەوە گامێشەکەی بۆ لەوەڕ دەبردە کێو، لەوکاتەی کە گامێشەکە بەسەر گیای وردەوە دەلەوەڕا، کوڕە بەدرێژایی رۆژێ پشتاوپشت بەسەر زەویدا رادەکشا، یا خود لەدامێنی کێو سەرەوژێر دەبۆوە بەسەر گۆڕیکەوە دەکەوتە هەڵبەزو دابەزەوە، لەوێ دادەنیشت

ولەناو گیاوگۆڵدا، زیک زیکەی دەگرت، قەفەزێکی بچوکی بە قەدی دالاش بۆ دەچنی‌و عەسر کە دەگەڕایەوە قەفەسەکەی لەسەر دەرگای ماڵ هەڵدەواسی و زیکزیکەکان دەیانخوێند، مناڵە بچوکەکەو خوشکەکەی غەرقی شادی دەکردن، بەڵام گیای کێوی بە نزیک بوونەوەی وەرزی زستان هەر زوو زەرد هەڵدەگەڕان، گوڵە کێویەکان کە لەناوگیادا سەریان دەردەهێنا و دەڕسکان، پڕ لە دانە دەبوون، کوێرە ڕێگاکان پڕ لەگوڵە مینای ئەرخەوانی وداودی زەردی ورد دەبوون، کە گوڵی پاییزی بوون‌و دەرازانەوە، کاتی ئەوە بوو کە گیاوگۆڵ دروێنە بکرێ، ئازوقەی سووتەمەنی زستانان دابین بکرێ، کوڕەکە هەموو رۆژێ لەگەڵ دایکی دەچووە دەشتەوە، دایکەکە گیای ووشکی بە هەرزەچنەکەی دەدوریەوە، لە هەمان کاتدا کوڕە بە گیا کەژی دورست دەکردو ئەوا بەستانەی پێ دەبەستانەوە کە دایکەکە وەدەستی دەهێنان، دامێنی کێوەکان بە خاڵخاڵی شین داپۆشرابوون، کەسانێ بوون وەک کوڕەو دایکەکە ئەوگیاوگۆڵەیان دەدوریەوە کە زەرد هەڵگەڕابوون، لە کاتی خۆراوا بووندا، کە هەتاو لە پشتی کێوەوە دادەبەزی وهەوای فێنکی شەو لەبەرزایی گردۆلکەکانەوە دەهاتە خوارەوە، هەمووەدەگەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان، کاروان بەدرێژایی کوێرەرێ تەنگەکانی کێوەکاندا کەوەک مارپێچیان دەخوارد، کەوتبووە ڕێگاوە، هەریەکەو دوودەستەی گەورەی گیای لە کۆتایی داردا بە ستابۆوەو بەسەر شانی خۆی دادابوو، هەڵیانگرتبوو، دایکەکەش بارێکی هەبوو وکوڕەکەشی دووبەستەی هەڵگرتبوو،

کە دایکەکە گەیشتەوە ماڵەوە، مناڵە شیرخۆرەکەی لە باوەش کردو هەردوو مەمکە پڕشیرەکانی خۆی لەزاری نا،

بۆ ئەوەی باریان سووک بکات، مناڵەکە بەدرێژایی رۆژێ کە جگە لە شیلەی برنج هیچی نەخواردبوو، بە تاسووقەوە شیرەکە دەخوارد، پیرەژن لەو شەوە ساردانە کەزۆر زوو سارد دەبوو، تا خۆرەتاو ئاوادەبوو، بەسەر تەختە خەوەوە خۆی هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکرد، بە ئومێدی ئەوەی خۆی گەرم کاتەوە،

کچە لە دوا ساتی رۆشنایی دا بەپەلەکوتیەوە، لە ماڵێ دەهاتە دەرەوە، تۆزێکیش لەبەر ئازاری چاوی هەتا لەبەر ئەو رۆشناییە کزەدا ئاخاندی. پاشان لە ئاستانەی دەرگای ماڵدا دادەنیشت و بە شادی دیداری براکەی پێدەکەنی، کە ئەوە چەند رۆژێکە دەچێتە کارو جێگەکەی لای خوشکی خالی بوو.

بەڵێ پاییز بەمجۆرە بەسەر چوو، کاری کێلان‌و چاندنی گەنمیش هاتە پێش، دایکەکە فێری کوڕەکەی کرد کە چۆن بە یارمەتی هەڵکردنی با دانەی گەنم بپژێنێ، دوای ئەوە زستان گەیشت، گوڵەگەنم تازە سەری دەرهێنا بوو، بەو سەرمایە کەرۆژ بە رۆژ رووی لە زیادبوون دەکرد ووشک هەڵدەگەڕا، دایکەکە ئەو جلە زستانیانەی دەرهێنا کە لە ژێر تەختەخەوەوە دایابوو، دایانە بەر رۆژ وپاک و تەمیزی کرد، تا بکرێ لەبەریان بکات، بەڵام کارە سەخت و زبرەکانی هاوین‌و پاییز، ئەوی وا قاش قاش کردبوو، کە هەتا بەنی ئەستور ئەستوریش لە کەلێنی دەستیا گیری دەخوارد، ئەنگوستە زبروزارەکانی ئەگەر چی هەمیشە نەرم‌و شلک بوون، نەرمی خۆیان لە دەست دابوو.

بەم وەسفەوە لە ئاستانەی دەرگای ماڵەوەدا روو لە خۆرەتاوی باشوورو لە پەنایێ کە بای نەیدەگرتەوە دادەنیشت،

بەردەوامی بە دوورین دەدا، یەکەم جار دەستی کرد بە جلەکانی خەسووی کە ئازاریکی زۆری بە دەست سەرماوسۆڵەوە دەچەشت، داوای لێکرد یەک دوو رۆژ لە سەر جێ وەمێنێ تا بتوانێ ئەو کفنە قورمزیە لەبەر کاتەوە، کە هەمیشە لەبەری دەکرد، ژنە گەنجەکە ئەو دوو قۆڵو پلپلەیەی کە لە هاویندا لە کورتەکی پیرەژنی دەکردەوە، دووبارە تێی خستنەوەو لە شوێنی خۆیانی دانانەوە، دایە گەورە کە بە رحەتی لە جێدا نووستبوو، بە شادیو خۆشحاڵیەوە چەنەبازی دەکردو دەیگوت:

– کچم تۆ وا بیر دەکەیتەوە کە تەمەنی من لەتەمەنی ئەوکفنە زیاتر بێت؟ بەنەزەری من لە هاوین دەبوو وابێ، وەلێ لەزستان گومانم هەیە، چونکە ئەو رۆژانە هەرچیەک دەیخۆم کەمتر لە پێشوو جەستەی من گەرم دەکاتەوە، دایکەکە بە کەمتەرخەمییەوە وەلامی دایەوە:

– ئاە نەنە گیان من قەول بەتۆ دەدەم کەزۆر دەژیت، چونکە تاوەکو ئێستا پیرێکی وەکو تۆم نەدیوە، ئەوەندە لە دونیا مابێ، پیرەکانی دیکە هەمووی سەرای جاویدانیان گرتە پێش‌و رابوون.

دایەگەورە شادو دڵخۆش کەوتە خەندەو کۆخەوە، هەر لەوکاتە بە ئاهەنگێک کە لە قدەقدی مریشک دەچوو گوتی:

– بەڵێ بەڵێ من زۆر سەگرۆحم، خۆشم ئەوە دەزانم، پاشان ئارامی گرت تا کفنەکەی بە گەرم ونەرمیەوە دروست بکەن، ئەوکاتە دایکەکە کەوتە چێکردنەوەی جلی مناڵەکان، ئێستا دەبوایە جلی کچۆڵەکەی لەبەر مناڵە بچوکەکەی بکاتو جلی کورەکەشی بۆ کچەکەی دورست بکاتەوەو بیگونجێنێ، چونکە هەرسێکیان لە ماوەی سێ ساڵدا باش گەشەیان کردبوو،

ئەوکاتە مەسەلەی جلی کوڕی گەورەتر هاتە ئاراوە، دەبوایە چ لەبەر ئەو بکات؟ کۆتی پلپلەداری باوکیو و شەلواری باوکی کە خودی ئەو ماوەی سێ زستان بوو لەبەری دەکرد، هێشتاکەش باش بوون ؟ دایکەکە دڕانی یەخەو قۆڵەکانی بە چاکی دوریبۆوە؟ لە پێشەوەی کۆتەکە دڕانێکی درێژی جێی شاخی گامێش دەبینرا، ئەو هەڵزڕانە یادگاری ڕۆژانێ بوون، کە پیاوەکە لەدەست گامێشەکە توورە بووبوو؟ ئەو کاتەی کە گوریسێکی لە پەڕەی لووتی گامێشەکەوە شەتەک دابوو و ڕایدەکێشا، ئەویش لەبەر ئازار کەوتبووە هەڵبەزو دابەزەوەو شاخی لەکۆتی پیاوەکە گیرکردبوو؟ ژنە جحێڵەکە زاتی نەبوو کۆتو شەلوارەکە بە قەدی کوڕەکەیدا ببڕێ و کورتی کاتەوە، ئەوەبوو جلەکانی بە ڕێکو پێکی هەڵگێڕو وەرگێڕ دەکردو حەیرانو سەرگەردان، خۆی دەخواردەوە کە چی بکات؟ لە کۆتایی دا بەزەمزەمە کردنەوە گوتی:

- بەهەر حاڵ ئەگەر گەڕایەوە چی؟باشە با ببینم پاشان چی دەبێ.

بەڵام کوڕە جلی زستانەی نەبوو، سپێدان زوو و شەوانە کە هەوا سارد دەبوو دەلەرزی، تا لە کۆتایی دا دایکەکە بڕیاری دا کۆتو شەلواری باوکی بۆ کورت کاتەوەو پێی لە جەرگی خۆی ناو ئەو کارەی ئەنجامدا، دڵگەرمی دایە خۆیو لە دڵیەوە گوتی:

- ئەگەر ئەو لە ساڵی نوێ گەڕایەوە ماڵ، ئەوە برنج دەفرۆشینو یەک دەست جلی تازەی بۆ دەکڕم، لەناخەوەش خۆشحاڵ بووبوو.

زستان بە نۆبەی خۆی تێپەڕیو ژنە بەزەحمەت دەیتوانی باوەڕ بکات کە ونبوونی مێردەکەی تا جەژن درێژە بکێشێ،

چونکە هەموو خەڵک جگە لە گەدایانی خانە بە شان، ئەگەر زیندوو بن لانی کەم لە کاتی جەژن دەگەڕێنەوە ناو ماڵو زیندەگی خۆیان، کە لەویان دەپرسی لەوەلامدا دەیگوت:

- جەژنی سەری ساڵی تازە دەگەڕێتەوە.

پیرەژن ڕۆژێ بیست جار دووبارەی دەکردەوە:

- ئەو کاتەی کوڕەکە لە جەژنی سەری ساڵی تازە دەگەڕێتەوە....

هەتا منداڵەکانیش بە هیوا بوون، جاجارە بێوەژنی فزوولی دێ بەتیزەوە بزەیەکی دەهاتێو جووتێ کەوشی نوێی بۆ ڕۆژی جەژن دەدوری، بە شێوەیەک کە گوزارشتی لە شەیتەنەت دەکردو دەیگوت:

- زۆر سەیرە هیچ نامەیێ لە مێردەکەتانەوە بە تۆ ناگات، ئاخر من ئاگام لێیە میرزا بەمنی گوتوە، ئەوکاتە دایکەکە بە شێوەیێ لەڕوودا ئارام دەیگوت:- من چەندین جار بە وەسیلەی ڕێبواران لەمێردەکەمەوە هەواڵم بۆ هاتووە، من ومێردەکەم هیچ کاتێ حەزمان لەوە نەبوە نامە بۆ یەکتری بنووسینو پارەی خۆمان بۆ کارێکی وا بێهودە بەخەرج بدەین، خەڵکی چ دەزانێ کە میرزاکان چ شتێ لەنامەدا دەخەنە سەر قەڵەم؟ پێشوو کاغەزیان بەئاشکرا لەبەر چاوی خەڵکی دەنووسی، من ئەگەر بە ڕێکەوت نامەیەکم هەبوا» تەواوی ئەهلی گوند پێیاندەزانی، لەبەر ئەمە من زۆر خۆشحاڵم کە ئەو نامەم بۆ نانووسێ.

بەم قسانە بوو کە دەمی بێوەژنە فزوولەکەی دادەخست، پێشترێ دووبارەی کردبۆوە کەمێردەکەی بۆ جەژنی ساڵی نوێ دەگەڕێتەوە، لەدوایی دا لە خودی خۆشی کەوتبوە گومانەوە.

جەژن نزیک کەوتبۆوە خەڵکی هەمووی خەریکی تەدارەکی جەژن بوون، ئەویش نەک تەنها بە خاتری منداڵەکانی، کە پێویست بوو پێڵاویان نویێ بکاتەوەو جلیان بشواو کڵاوێکی تازە بۆ بچکۆلانەکەی بدوریێ، بەڵکو لەبەر خاتری مێردەکەی دەبوایە دەست بەکاربێ، لەسۆنگەی ئەوەی زاتی نەدەکرد زیاتر لە ئەندازە ئازوقە دەرێنێ، دوو سەبەتی پڕ برنج کردو بردیە شارو توانی بە نرخێکی باش‌و لەبار کە پێشتریێ مێردەکەی هەر وای دەفرۆشت بفرۆشێ، ئەو کارە بووە مایەی خۆشی ئەو، چونکە بە تەنهایی دەیتوانی مل لەبەر ملی پیاوان بنێ، پارەی برنجەکەی بۆ کڕینی مۆم وئەو عەترانەی کە بەنییەتی نەزرونیاز، لەبەردەم خودادا دایدەگیرساند خەرج دەکرد، هەروا بۆ کڕینی کاغەزی قورمزی کە بە ئارەزووی خۆشبەختی بە ملی گامێش‌و کەڵ‌و پەڵ‌و کەرەسەی زرعاتەوەی وەدەکرد، پاشان رۆن‌و شەکری کڕی بۆ دورست کردنی نانی شیرینی جەژن، بەو پوڵەش کە مابۆوە چووە کۆگاو نزیکەی شەش حەوت مەترە قوماشێکی باشی دەزی بەرەنگی شین داوا کرد، پاشان لە کۆگایەکی دیکەدا بە قەدەری پێنج -لیور- ناوبەری کڕی کە بۆ قۆڵ دەستی دەدا، دایکەکە ئەوەندە لە هاتنەوەی مێردەکەی دڵنیا بوو، مەقەستی دەست دایەو پارچە قوماشەکەی بەتەواوی ئاگادارییەوە بەباشترین شێوە کە دەیزانی بڕی‌و هەڵپاچی، لەودا کۆت‌و شەلوارێکی دروست کرد، ناوبەری لە کۆتەکەداو ساف و یەکپارچە کۆکی کرد، بەمجۆرە هەمووکارەکانی دورین‌ومورین هەتا دوگمەی جلەکانیشی کە لەگەڵ خودی قوماشەکەی گونجاندبوو، توندوتۆڵ دووری وتەواوی کرد.

پاش ئەمە جلەکەی دەق کردو پێچایەوە، تا مێردەکەی

دێتەوە، هەمووکەسێ وای هەستدەکرد کە ئەو دەستە جلە مێردەکەی لە خانەو کاشانەی خۆی نزیک دەکاتەوە.

بەڵام ئەو ڕۆژە دیاریکراوە گەیشتو پیاوەکە نەگەڕایەوە، بەدرێژایی ئەورۆژە لە کاتێکا کە ئەهلیماڵەکە جوانترین جلی خۆیان لەبەر کردبوو، لەچاوەڕوانیدا دانیشتبوون، مناڵەکان تەڕوتەمیز بوون، سایەدی ئەوەبوون کە خۆیان پیس نەکەن، پیرەژن بە دیققەتەوە ئاگاداری ئەوەبوو، خواردنی خۆی بەسەر ئەژنۆکانی دا نەڕێژێ، دایکەکە بزەیەکی ناچاریی بەسەر لێوەوە بوو، بەردەوام دەیگوت:

- دوور نییە ئێستاکە بەدیار کەوێ چونکە هێشتا هەر ڕۆژە.

دۆستە دێرینەکانی پیاوەکە تا ئاستانەی ماڵی هاتن، بە ئومێدی ئەوەی بەخێرهاتنەوەی لێبکەن، بەڵام دایکەکە ناچاری کردن تا لەو نانە شیرینەی لەبەردەمیانا دانیا بوون بخۆنو لە وەڵامی پرسیارەکانی ئەواندا دەیگوت:

- بەڕاستی ئێمە هەموو لەسەر قسەی مێردەکەم حسابی خۆمان کردبوو، من دەزانم خاوەنکارەکەی زۆری خۆشدەوێو هەموو ئومێدی بەوە، هەڵبەت دڵی ڕازی نەکردوە بۆ ماوەیەکی درێژ جێی بهێڵێو مۆڵەتی پێبدات، تا بکەوێتە سەفەرێکی دووروودرێژی ئاوا. هەمان وەڵامیشی دابووە ئەو ژنانەی کە سبەینەی پێشترێ هاتبوونە لای، بەبێ بایەخیەوە بزەیەکی هاتێو بەوانی گوت:

- ئێستاکە نەهاتۆتەوە بەڵام هەر زوو زوو نامەیەکم لەوەوە پێدەگات، تیایا بۆمنی ڕوون دەکاتەوە کە بۆ چی نەهاتۆتەوە، پاشان کەوتە سەر بابەتی دیکەوە. ڕۆژەکان یەک لەدوای یەکتری بەسەر چوون، ئەویش هەمیشە بە

شێوەیەکی ئاسایی ودڵنیا قسەی دەکردو منداڵەکان‌و پیرەژن بەرەهایی باوەڕیان بە قسەکانی ئەو دەکرد، بەڵام شەو کاتێ هەوا تاریک دادەهات‌و لە بێدەنگی‌و خامۆشیدا زۆر بە کوڵ بۆ رۆیشتنی مێردەکەی دەگریا، پاشا چەند ساتێکی دیکەدا لەبەر ئەوە دەگریا کە پیاوەکە ئەوی بەهیچ نەزانیوە وسووکی پێکردووە، یا خود لەبەر ئەوەی ژنێکی بێکەس‌و تەنها بووە، بەڕاستی ژیان بۆ ئەو ی کە پابەندە بە ئاگالێبوونی چوار سەرە نانخۆرەوە، زۆر بە سەختی‌و تاقەتپڕووکێنییەوە بە سەردەچوو، رۆژێکیان کە ئەندێشەی هەموو هۆیەکانی گریانی خۆی دەکرد، لەبەرخۆ گوتی، لانی کەم دەتوانێ خۆی لەنەنگی ئەو خەفەتەی کەلەبەر ئەو وەزعەوە هاتۆتە کایەوە رزگار بکات.

کەوتەوە یادی ئەو پارەوپولەی کە بۆ کڕینی جل‌و شیرینی جەژن وعەترو بخورو هەروەها بۆ دوعاو نەزرو نیاز خەرجی کردووە، لەگەڵ ئەو هەمووەشدا مێردەکە هەر نەگەڕایەوە، کەوتە یادی تیچاوە ئازاربەخشەکانی بێوەژنی فزووڵی دێ‌و کینایەو پسەپسی ئەوەوە، کەوتە یادی ئەو خاڵەی کە هەرچەند رۆژان یەک لەدوای یەک رادەبردن، نەهاتنەوەی مێردەکەی درێژەی دەکێشا، گومان‌و دوودڵی ئامۆزاکەی زیاتر دەبوو، بۆیە بڕیاری دا کەخۆی لەم ریسواییانەدا رزگار بکات. چاوانی بە فرمێسکی خۆی پاک کردەوەو بۆ ساتێک لە ئەندێشەدا رووچوو و نەخشەیەکی کێشا، یەکسەر ئەو بڕە برنج و پووشالەی برنجێ کە دەیتوانی هەڵیگرێت، بردیە شارو فرۆشتنی، ئەو پارەیەی کە لەبرنجەکە بەدەستی هێنابوو کرد بە کاغەز، پاشان چووە سۆراغی میرزایەکی نەناسیاو، میرزا لە دەرگەی دارینی

خۆی له نزیک پەرستگای کۆنفیشیوسدا دانیشتبوو، دایکەکه لەکەناریا بەسەر کورسیەکی بچووکەوه دانیشت‌و پێی گوت:

– دەمەوێ لەدەمی براکەم که لەشار کار دەکات‌و ناتوانێ بگەڕێتەوه ناو ماڵ‌و زێدەگی خۆی که له گوندییه، نامەیەک بۆ ژنەکەی بنووسی، که ئەو نەخۆشەو لەماڵێ کەوتووه، من لەزمانی ئەوەوه پێت دەڵێم چ بنووسی، پیرەمێرد چاوی له تەماشاکردنی ڕێبواران هەڵگرت چاویلکەکەی له چاوکردو پەڕه کاغەزێکی سپی هەڵگرت، قەلەمی له ناو مەرەکەب ناو سەیرێکی دایکەکەی کردو لێی پرسی:

– یەکەم جار بڵێ بزانم ناوی ژنی برای تۆ چیەو له کوێ دادەنیشێ و ناوی خودی تۆ چییه؟ دایکەکه له وەڵامدا گوتی: ئەوه برای منه تکای لێ کردووم که نامەیێ بۆ ژنەکەی بنووسم من تازه لەو شارەی که ئەو لێی دادەنیشێ هاتووم و پێویست ناکات ناوی خۆم به تۆ بڵێم. ئەو کاته ناوی مێردەکەی خۆی به نیشانەی ناوی براکەی به میرزا گوت، زێدەی کردو گوتی له شارێکی دوور دەژیت‌و له بیریەتی کەناوی ئەو شاره له ویلایەتێکدایه که خۆی له منالی لەوێ ژیاوه بیستویەتی، پاشان ناوو ناونیشانی خۆی وەک ناوونیشانی براژنەکەی به میرزا گوت‌و دیسان گوتی:

– ئێستا ئەوەی برام دەیەوێ بۆ ژنەکەی بنووسێ ئەوەیه

:

– من کارێکی باش‌و شوێنێکی باشم هەیەو ئەو خۆراکه دەخۆم که حەزم لێیەتی. سەرکارێکی نازەنینم هەیه تەنها داوام لێدەکات قەلنەی بۆ داگرم، یا چای بۆ ببەم یا پەیامی ئەو بگەیەنمه دۆستەکانی، خوردوخۆراکم لەگەڵ خاوەنکاره، جگه لەوەی لەیەک مانگدا سێ سکەپارەی نوقرەم هەیه، تا ئێستا

ده سکەپارەم کۆکردۆتەوە، کە ئەوانم بە یەک ئەسکەناس گۆڕیوەتەوە، نرخی ئەسکەناسەکە لەگەڵ سکەکان یەکە، تۆ ئەوپارەیە بۆ دایکمو خۆتو منالەکان خەرج بکە.

بەهەمان ئەو شێوەیەی کە دانیشتبوو چاوەڕوانی دەکرد، پیرەمێرد هەموو ئەو قسانەی بە وردی دەنووسیەوە، ئەوکارە ماوەیەک درێژی کێشا، لە کۆتایی دا میرزا لێی پرسی تەواو بوو؟

ژنە لەوەڵامدا گوتی نەخێر هێشتا ماوە، بنووسە:

- من ئەمساڵ نەمتوانی بۆ جەژن بگەڕێمەوە ماڵ، سەرکارەکەم ئەوەندەی من خۆشدەویّ ئامادە نەبوو چاوم لیّ بپۆشیّ، بەڵام ساڵی ئایندە ئەگەر خوا بکات دێمەوە، ئەگەر دیسان رێک نەکەوت ئەوە ساڵی جاریّ ئەوەی کە پاشەکەوتم کردووە بۆتۆی دەنێرمەوە».

پیرەمێرد دیسان بە نووسین خەریک بوو، دایکەکە دوای ساتیّ بیر کردنەوە گوتی :

- دیسان شتیّ ماوە - بەدایکم بڵیّ کە هاتمەوە» بۆ کفنی سێهەمی لە باشترین جنسی قوماشی قورمزی بۆ دێنم کەلەبازاردا هەبیّ .

نامە تەواو بوو، پیرەمێرد ئیمزای کردو لەناو زەرفی داناو سەری داخست وناونیشانیّ کە وەریگرتبوو نووسی:

- پولێکی گرتو بە لیکی دەم تەڕی کردو پێیەوەی نووساند، پاشان ژنە قەولی دا کە نامەکە بخاتە ئەو پۆستەی کە خۆی پێیدەزانیّ

ژنە دەستهەقی ئەوی داو گەڕایەوە ماڵ .

ئەوەبوو ئەو نەخشەیەی کە لە دوای پاک کردنەوەی فرمێسکی چاوانی خۆی داپڕشتبوو.

# بەشی شەشەم

دوای حەوت ڕۆژ تەتەرێک بەخۆو بە تورەگەی سەرشانیەوە بەدێدا تێپەڕی، ئەوەیان تەواو تازە بوو، چونکە پێشتریێ تەتەر لە ئارادا نەبوو، گوندینیەکان زۆر سەیریان پێدەهات بتوانرێت هەواڵەکان بەم ڕێگەیەوە بگات، لەگەڵ ئەوەش هەر وای لێهاتبوو، پیاوەکە زەرفێکی لە تورەگەی خۆی دەرهێناو لەکاتێکا سەیری دایکەکەی دەکرد پرسی تۆ هاوسەری لی ت؟ ژنە تێگەیی کە مەسەلەکە دەربارەی نامەکەی خۆیەتی گوتی:

- بەڵێ خۆمم، تەتەرەکە پێی گوت:

- کەواتە ئەم نامەیە پەیوەست بە تۆیەو مێردەکەتان لەو شارەی کە لێیەتی بۆ تۆی نووسیوەو ناوەکەشی لە پشتی نامەکەوە نووسراوە، ژنەکە هەوڵی دا خۆی شاد بنوێنیێو هاوارێکی کرد گوزارشت بوو لە سەرسامی، پیرەژنی بانگ کردو گوتی:

- ئەوەش خەبەری کوڕت، بە منداڵەکانیشی گوت باوکتان نامەی ناردووە، هەموو بەبێ سەبری چاوەڕوانی خوێندنەوەی نامە بوون، دایکەکە دەم وچاوی خۆی شووشت و کوڵەجەیەکی خاوێنی لەبەر کردو پرچی شانە کرد، لەو کاتەدا گوێی لێ بوو خەسووەکەی ژنی ئامۆزای بانگ دەکاو دەڵێ لە کوڕەکەمەوە نامە هاتووە، لەکاتی گوتنی ئەم

ووشانە ئەوەندە شادبوو پێدەکەنی، لە ناوەندی پێکەنینەکەی تووشی کۆخە هات، کۆخەکە بەرادەیێ بوو کە خوشکی ئامۆزای تووشی ترس هات، لەو هەڵچوونەی کە بەو جەستە پەککەوتووەی تووشی ئەو حاڵەتە بووە، بە غارەغار هاتوو دەستی کرد بە شێلانی پشتی پیرەژنەکە، بەشێوەیەکی گەرمو لە ناخەوەڕا گوتی:- نەنەگیان بۆ خاتری خوا خۆت بۆ ئەم شتانە مەکوژە.

کاتێ بینی بوکەکەشی پێکەنی، درێژەی بەقسەکانی خۆی داو ووتی - سەیرکە پیرەژن لەبەر خۆشیی نامەی کوڕەکەی خۆی دەخنکێنێ، دایکەکە لەوکاتەی نامەکەی نیشاندەدا هەوڵی دا جۆشو خرۆشێک بدا بە خەندەکەی و ووتی بەڵێ بەڕاستی بەڕاستی ئەوەش نامەکە، کاتێ لە کۆلانێ سەرەو ژێر بۆوە، هەموو خەڵکی کۆلان بەدوای کەوتن. لەبەر ئەوەی منداڵەکەش بەدوای ئەوەوە کەوتبووە ڕێ، لەوەلامی ئەو کەسانەی کەشتێکیان لێ دەپرسی منالەکە شەویلاکی تا بنەگوێی دەکردەوە، دەیوت باوکم نامەی ناردوە، کچۆڵەکەش بەدوای براکەی دا ڕایدەکرد، خۆی بە کۆتی ئەو هەڵواسیبوو، چونکە وەرزی زستان بوو خەڵکە بێ کارەکان لەپێش ماڵی میرزای دێدا کۆببوونەوە، ئەویش سەری سورمابوو لەوەی کە یەکسەر بەردەم ماڵەکەی وا قەرەباڵغ ببوو، کاتێ میرزا لە بابەتەکە گەیشتو نامەکەی وەرگرت، بۆ چەند ماوەیەک سەروبنی کردو سەیری پشتو سەری نامەکەی کرد، پاشان وەکو ئەوەی بابەتەکە لەوان بگەیێنێو کە نامەکە لەچ کەسێکەوە هاتووە، بەشێوەیەکی گرانو سەنگینەوە ووتی ئەوە نامەی مێردی تۆیە، دایکەکە وتی بەڵێ حەدسم بۆ چووبوو، بیوەژنی فزوولی دێیەکە کە

خۆی خێواندبووە ناو ئاپۆڕەکەو بەدەنگێکی بەرزەوە ووتی هەڵبەت ئەدی دەتویست لە پیاوێکی ترەوە بێت؟

قاقاو خەندە لە پێشوازی ئەو کینایەتەدا بەرزبۆوە، میرزا لەسەرەخۆ دەستی کرد بە خوێندنەوەی نامەکە هەموویان بێدەنگ بوون بوون، دایکەکەو مناڵەکانو ئاپۆڕەکەش هەموو گوێیان قولاغ کرد.

میرزا دوای خوێندنەوەی هەموو ووشەیێ ڕادەوەستا، تا ماناکەی بەباشی ڕوون کاتەوە، چونکە ئەو ووشانەی کە دەنووسرێن جیاوازە لەوەی کە بە قسان دەیڵێن، لەوە بترازێ میرزا دەیویست زانیاری خۆشی بەرۆح بێنێ، دایکەکە وای خۆ بەدیارخست کە ئەوە یەکەمین جارە ئەم ووشانە دەبیستێ، لەگەڵ هەر ووشەیەک سەری دەلەقان، کاتێ میرزا گەیشتە رستەیێ تیایا دەربارەی ناردنی پارە قسەی کردبوو، دەنگی بەرزکردەوەو ئەو ڕستە گرنگەی بەڕوونیەکی تەواوەوە ئەدا کرد، کەسانێ بەدەوەری ئەوا ئەڵقەیان بەستابوو، واقیان ورمابوو، پاشان هاواریان کرد کەوا نامەکە ئەسکەناسیشی تیایە.

ژنە بەهێمای سەر وەلامی بە ئەرێ دایەوە، دەستی کردەوەو ئەسکەناسێ کە لەجێی پارە بوو، بە هەمووان نیشان دا. دوایی پارە کاغەزەکەی دایە میرزا کە ئەویش سەری سوڕمابوو، میرزا بەشێوەیەکی پڕ لە شکۆوە گوتی بەڵێ راستە من ژمارەی (٥)بە سەر پارەی کاغەزەکەوە دەبینم، بێشک ئەو ژمارەیە نیشان دەدا کە نرخەی بەرامبەر (٥) سکەی نوقرەیە.

هەریەکەو بە نۆبەی خۆی سەیری پارە کاغەزەکەی دەکرد، وێنەی ئەفسەرێک بەڕیشی (فاوری)ەوە بەسەر پارەی

کاغەزەکەوە چاپ کرابوو، کە بیوەژنە خوتێهەڵقورتێنەرەکە سەیری کرد سەری سوڕماو گوتی:
- وای خانم مێردەکەتان چەند گوڕاوە، چونکە وای ئەندێشە دەکرد ئەم وێنەیە پیاوەکەی بێو ئەوانی تریش جگە لەوە ئەندێشەی شتێکی تریان نەدەکرد، جگە لەدایکەکە کە گوتی:
- ئەمە وێنەی مێردەکەی من نییە، من دەزانم، میرزا بەبێ هەواوە گوتی:
- کەواتە دەبێ وێنەی خاوەنکارەکەی بێت، هەموو ویستیان جارێکی تریش سەیری وێنەی سەر پارەی کاغەزەکە بکەن، هەموو وایان خەیاڵ دەکرد دەبێ ئەو سەرکارە چەند دەوڵەمەند بێو چ خواردنێکی باش بخوات؟ لەوکاتەی دایکەکە کاغەزەپارە گرانبەهاکەی خۆی لەناو دەستیدا لوول و دەیکوشی. لەسەرسامییان خەڵکەکە هەمووی زمانیان گیرابوو و لەگۆکەوتبوو، هەرکە خوێندنەوەی نامەکە کۆتایی هات، نامەکەی لە ناو زەرفەکە نایەوەو بە تەواوی ویقارەوە گوتی:
- خانم بەختو یەقباڵی تۆ زۆربەرزە، هیچ یەک لە ژنەکانی تری دێ مێردێکی نییە شایانی دۆزینەوەی جێیەکی واباش لە شارێکی وا گەورەی هەبێ، کە لە پاشەکەوتی خۆی پارە بۆ خانەوادەکەی خۆی بنێرێ، چونکی مەعلومە لەو شارە گەورەیەدا جێی گەلەک خۆش هەیە بۆ خەرج کردنی پارە.
ئاپۆرەکە بە تەواوی رێزەوە خۆ بە خۆ پەرش و بڵاوبوونەوەو ژنەش بەغروورو سەر بڵندییەوە گەڕایەوە ماڵەوە، مناڵەکان بەدوای ئەودا کەوتنەڕێوە، ئەوانیش بەشداری ئەم شانازییەی دایکیان کرد، لەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە

پێویست بوو قەزیەکە بۆ دایە گەورە بگێڕێتەوە ئەو کە بیستی کوڕەکەی دەربارەی کفنی سێیەمی ئەویشی نووسیوە، لە شادیان کەوتە پێکەنین، بەو چەشنەی کە لەبەر دڵخۆشیو ڕازی بوونییەوە ئەژنۆی خۆی دەکوتایەوە، بەدەنگێکی لەرزۆکو شکستەوە هاواری کرد:

- بەه بەه چ کوڕێکم هەیە! من قەولت پێ دەدەم کە هاوتای نیە، هەڵبەت ئەو پارچە قوماشە شاریەش دەبێ لە جنسێکی یەکجار باش بێو زۆر دەوام بکات. پاشان بەشێوەیەکی جدیترو تێکەڵ بە هەندێک ئاخو داخ بەردەوامی بە قسەی داو گوتی:

- بەڵێ کچەکەم قوماشەکە بەو شێوەیەی کە ئەو دەڵێ وا باش بێ دەترسێم بەرلەوەی کۆنی بکەم بمرم، ئەوە حەتمەن دوا کفنی من دەبێ، کوڕەکە کاتێ شێوەی قسەکردنی داخئامێزی دایە گەورەی بیست کەوتە ژێر کاریگەرییەوە، وەکو نەوەیەکی چاک کەوتە دڵدانەوەی و گوتی:

- نادایە گەورە نا.. چونکە تۆ تاوەکو ئێستا دوو کفنت کەون کردووە، حەتمەن هی سێیەم دوو بەرابەری ئەوانەیە. پیرەژنی میهرەبان لەباری هەستەوە بژێوی هاتە بەر دل، وەک نیشانەیەکی باش بۆ هێزو زەکاوەتی نەوەکەی خەندەیەکی سەرداو بە بووکەکەی خۆی گوت:

- کچم چەند باش بوو لەبیرت بوو کە کوڕەکەم وای گوتووە، وەکو ئەوەی کە نامەکە خۆت خوێندبێتەوە، دایکەکە لەوەڵامدا بە ئارامی پێی گوت:

- بەڵێ باشم لەبیرە.

بە تەنهایی چووە ناو ماڵەوەو لەپشت دەرگا وەستاو لەسەرخۆ گریا، ئێستاکە نامەو پارەی کاغەزەکە لەگەڵ بوونی

سەربڵندی خۆیەوە، لەبەر چاوی ئەودا وەکو خۆڵەمێش وابوو، کاتێک کە خۆی بە تەنهایی دەبینی ئیدی نامەو کاغەزوپارەکەی بێ مەعنا بوو، تەواوی نرخی خۆی لەدەست دەدا. ئەو فێڵە ئەنجامێکی سەرکەوتووی هەبوو، .ئیدی هیچ کەس لەدێ دا فشەی بەدایکەکە نەدەکردو دەستیان هەڵگرت لەوەی کە لە گۆشەو لابەلایاندا باسی ئەوە بکەن‌و بڵێن دەبێ مێردەکەی دەستی لەو هەڵگرتبێ‌و جێی هێشتبێ، نەک هەر ئەوە دەبوایە دایکەکە تۆزێکیش دڵڕەق بێ چونکە هەر لەو کاتەوەی خەڵکی دێ زانییان پارەی کاغەزی هەیە، ساڵی دواییش دیسان پارەی کاغەزی بۆ دێنن، ئەوە بەدزییەوە دەهاتن داوای قەرزیان لێدەکرد، یەکەمین کەسێ کە داوای قەردی لێ کرد میرزای پیری دێ بوو، پاشان یەک دوو بێکار ژنەکانی خۆیان ناردبووە لای، بۆ دایکەکە زۆر زەحمەت بوو داوای ئەوان رەت بکاتەوە، چونکە لە دێدا هەموو پێکەوە خزم‌و کەسی یەکتربوون‌و هەموویان ناوی خانەوادەکەیان (لی) بوو، بەم وەسفەوە هەر چۆنێ بێ وەڵامی ئەوانی دەدایەوە بۆنموونە دەیگوت قەردم هەیە یان خەرجم کردوە، کاتێ لە ئاستانەی دەرگای ماڵێدا دەکەوتنە چەنەبازییەوە ژنە جحێلەکەیان دەخستە بەردەم پرسیاری جۆراوجۆرەوە، یاخود بێوەژنی فزوڵی دێکە، سەبارەت بەنرخی کەمەری شینی یەک پارچە قوماش‌و یەک سوزەن‌و چەند کڵافەیێکی ئاوریشم‌و بۆ گوڵدۆزی بەسەرکەوشەوە، پلاری تێدەگرد، ئەوکاتە لە حزووری ئەودا دەیانگوت خەنی لە خۆت کە تۆ ناچار نی بۆ کڕینی هەمووشتێ خەمی یەک درهەم‌و سەد دینار بخۆی، چونکە ئەتو مێردێکت هەیە لەوێ کە زۆر زیاتر لەوە کە ئێمە لەم زەویە بێ بەرهەمە بەدەستی دەهێنێن، پارە

بۆ تۆ دەنێرێ، جارێکیش پیاوێ بەدەنگێکی بەرز دەیگوت:
- مەرج نییە مرۆڤ ژنێکی وا دەوڵەمەند لەدێدا راگرێ، چونکە سەروەت‌و سامان دزەکان بەلای خۆدا رادەکێشێ، وەک چۆن هەنگوین مێش‌و مەگەز بۆ لای خۆیدا ڕادەکێشی، وادەهاتە بەرچاو کە ئەو نارەحەتیانەی لە ئەنجامی ئەو پارەیە بوو، رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو، جگە لەو بەد گۆیی‌و ئەو پرسیارانەی یەک لەدوای یەک‌و بێجگە لەو کەسانەی کەدڵیان دەیخوازی لە نزیکەوە ئەو پارە کاغەزە ببینن، ژنەکە خۆشی چونکە عادەتی بە هەبوونی پارەی وانەکردبوو، هەستی بەترس دەکرد، لەوانەیە بابیبا، یا مشک بیخوا، یا منداڵەکان بەدەستیان کەوێ‌و یاری پێ بکەن بەبێ ئەوەی بزانن قیمەتی ئەو پارەیە چەندە، لە کۆتاییدا لەو پارە کاغەزە وەرەز بوو، هەمیشە دەچووە سەر سەبەتی برنج‌و سەرێکی پیاهەڵدەکێشا، لەبەر ئەوەی پارەکەی لە سەبەتی برنج شاردبۆوە، چونکە دەترسا لەناو کەلەنی دیوار بڕزێ‌و شێ بکێشێ، ئەو پارەی کاغەزە بۆ وی وابیوە گرێ، رۆژێکیان کە بینی ئامۆزاکەی دەچێتە شار بەدوایا ڕایکردو لەسەرەخۆ پێی گوت:
- بێ زەحمەت ئەو پارچە کاغەزە بۆ من خوردکەوە، لەجیاتی ئەوە سکەی گەورەو نوقرەییم بۆ بێنە، تا من بتوانم لەدەستی خۆمیان بنێم، چونکە ئەو پارچە کاغەزە هیچ نموودێکی لەناو پەنجەکانم نیە. ئامۆزاشی شانی دایە بەر ئەوکارە، چونکە پیاوێکی دروستکارو بە شەرەف بوو، لەجێی ئەو پارە کاغەزە سکەی بێ عەیب‌و نوقرەیێ بۆ هێنا، لەکاتی گەڕانەوەی لەبەر چاوی دۆتمامی خۆی هەموویانی خستە زرینگەوە، ژنە بەپێی حەقناسی‌و لەترسی ئەوەی کە نەبادە چاوێک لێێ بداو بەشێوەیەکی هەندێک حەسرەتئامێزەوە پێی

گوت:
- یەکێ لەو پارەی کاغەزانە وەکو پاداشتی کۆمەکت بۆ خۆت هەڵگرە، چونکە تۆ لەگەڵ مندا لەوەرزی دروێنە کردن زەحمەتت کێشاوە، هەروەها دەزانم ژنەکەی تۆ دووبارە زگی هەیەو پێویستی زۆر بە پارە هەیە، پیاوەکە سەیرێکی سکەکانی کردو بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێبی لە هەوەسان چاوی هەڵتەکاندو هەناسەی لەسینە حەپس کرد ،بەلام قبولی نەکرد، چونکە پیاوێکی باش‌و بەویژدان بوو، بە پەلە گوتی نە دۆتمام گیان نە تۆ ژنێکی تەنیای‌و من هێشتا دەتوانم نانی خۆم پەیدا بکەم، ژنەکە چونکە دەیزانی مرۆڤ چەند باش بێ ناتوانی بۆ ماوەیەکی درێژ تەمەشای دیمەنی پارە بکاو سست نەبێت، بەپەلە پارەکەی هەڵگرت‌و لەوکاتەشدا گوتی:
- کەواتە هەرکاتێ پێویستیت بەپارە بوو، دەتوانی لەمنی قەرد بکەی، هەمان شەوکاتێ دایە گەورەو منالەکان خەوتن، ژنە لەجێوە هەڵساو مۆمی داگیرساندو بە هەرزەچنەکەی خۆی چالێکی لەزەوی هەڵکەند، هەر دەسکە نوقرەییەکەی لە پارچە پەرۆکێ پێچایەوە تاشێ هەڵنەهێنی‌و خستیە ناو چاڵەکەوە، گامێشەکە سەری وەرسوڕاندو چاوە لێلەکانی بڕییە ژنەکەوە، مریشەکان لەژێر تەختە بێدار بوونەوەو گارەگارێکی سووکیان کرد، جارێ ئەوپێڵوەو جارێ ئەو پێڵوەی تری چاویان سووڕاند بەلای ئەم شتە سەیرەوە. ئینجا چاڵەکەی پڕکردەوە بۆ ئەوەی ئاسەواری نەمێنی‌و بەپێ کوتایەوە.
لەو حاڵەتەدا کە هێشتا بێدار بوو، تا نیوە لە دەریای خەوندا رۆچووبوو، بە تەواوی لەبیری کردبوو کە ئەو پارەیەی پەیوەست بوو بەخۆیەوە کە نابوویە چاڵەوە،

ئەو پارەو پوولەی کە بەدروێنەکردنی بەرهەمی خۆیو بە کوورپکردنەوەی پشتی و ماندووبوونی خۆی بۆ هەر باوەشە گوڵە برنجێ بەدەستی هێنا بوو، کەم کەم خۆشی کەوتبووە گومانەوە، کە ئەو پارەیەی بۆ ئەو رەوانەکرا بەڕاستی دەبێ مێردەکەی بۆ ئەوی ڕەوانەی کردبێ؟ لە پارەو پوولی خۆشی گرینگ ترو بە نرخ تر بوو، بۆیە لەدڵی خۆیدا گوتی ئەوە لەباتی ئەو پارەیە بوو، کە باڵاپۆشی شینی پێ کڕی بوو، بەرهەحاڵ باش بوو چونکە ئەو لەوێ پارەی زۆرتری هەیە.

ئەوکاتە لەو خەتایەی بووری کە مێردەکەی کردبووی و چووە خەوەوە، پاشان کە داوایان لێدەکرد پارە کاغەزەکە ببینن، بەخۆێن ساردییەوە وەڵامی دەدانەوەو دەیگوت پارەکەم بە پارەی خۆمان گۆڕیەوەو دواییش خەرجم کرد. کاتێ بێوەژنی فزولی دێ ئەو قسەیەی گوێ لێ بوو، دەمی شڕی خۆی کردەوەو دیسان گوتی یانی هیچی نەماوە؟

دایکەکە بەپێکەنین و بە ئاساییەوە گوتی:

- نەخێر ئاخر من شتومەکم دەویست یەکدوکاسەی نوێ و پارچە قوماشێک و شتی ترم کڕیوە، جاکە ئەو دیسان ئەو پارەیەم بۆ بنێری بۆ رەزیلی بکەم؟ ئەو کاتە چووەماڵەوەو ئەو جلە تازەیەی کە بۆ گەڕانەوەی مێردەکەی دووری بووی بە هەموانی نیشانداو گوتی:

- برێ پارەم بۆ دروست کردنی ئەو جلە خەرج کردوە. هەموو یەک بە یەک جلەکەیان ئەزموون دەکردو دەیان گرتە دەستو باسی جنسی باشی ئەو دەستە جلەیان دەکرد، بێوەژوەنی لاساری دێ بەپێچەوانەی مەیلی دڵی خۆی گوتی:

- تۆ چ ژنێکی باشی برێ پارەت بۆ ئەو خەرج کردوە، هەمووت بۆ خۆتو مناڵەکانت دا نەناوە، دایکەکە بێ نەوەی

دەستە پاچە بێ لەوەڵامدا گوتی:
- بەڵام منو مێردەکەم تەواو لەیەک رازین، لەوەش بترازێ منیش بەشی خۆم هەڵگرتووەو داومەتە زێڕەنگر تاوەکو جووتێ گوارەو ئەلقەیێ بۆ پەنجەم دروست بکات، چونکە مێردەکەم هەمیشە حەزی لێبوو کە ئەگەرهەرکاتێ بڕە پارەیەکمان پاشەکەوت کرد زێڕم من بکڕێ، دایە گەورە کە گوێی لەم قسانە ڕادەگرت خۆشی چەند ووشەیەکی لێ زیاد دەکردو دەیگوت:
- بەخودا قەسەم کوڕەکەم ئەوها باشە وەکو بووکەکەم دەڵێ ئەو بۆ کفنی سێیەمی منیش باشترین ئەو پارچە قوماشەی کەلەشار دەست دەکەوێ دەکڕێ، گەر خوا بکا دۆتمام تۆش منداڵێکی باشت ببێت، چونکە دەبینم زگی تۆ وەکو کاڵەک گەییوە، ژنەکان بەپێکەنینەوە ڕۆیشتن، چونکە شەو داهات، بەڵام هەرکە ئەوان ڕۆشتن، دایکەکە لەدڵەوە ناڵاندیو بەسەختی پەشیمان بۆوە، کە بۆچی داستانێکی وەهای لە قالب داوە وگوتی:
- ئەوەی پێشتر گوتبووم بەس بوو ئێستا پارەی زێڕ لەکێ پەیداکەم؟
بەم چەشنە ئەگەر بمەوێ بە قسەکانم باوەڕ بکەن، دەبێ پارەی پێویست بۆ کڕینی زێڕەکەش بەدەست بهێنم، سەبارەت بەو بیرۆکە تازەیەی کە تازە خستبوویە ئەستۆی خۆیەوە ئاخێکی هەڵکێشا.

# بەشی حەوتەم

جارێکی تریش بەهار هاتەوە، دایکەکە ناچار بوو بەتەواوی هێزی خۆیەوە بپرژێتە سەر کاری مەزراوە، کوڕەکەی بەکۆمەکی خۆی گرت‌و فێری کرد، چۆن چۆنی گامێش رادا، منداڵەکە هێشتا زۆر بچووک و وردبوون بۆ بەکارهێنانی گاجووت، ناچار تەنها ئەوەندەی ئەنجام دەدا کە بەدوای گامێش رابکات‌و پشتی زەبەلاحی گامێش بلاوێنێتەوە، کە لە رەنگی گاشەبەردێ بوو، بەڵام پشتی گامێش بەقەدەرێ قەبە بوو، منداڵەکە هەرچەن بەدارەکەی دەستی ئاژەڵەکەی رادەدا، نەیدەتوانی هەتا پشتی ئاژەڵەکە داشماڵێنێ، دایکەکە سیخورمەیەکی دارحەیزەرانی دروستکردو بەکوڕەکەی گوت:- دەتوانی سوود لەمە وەرگریت، تا ئاژەڵەکە لەو تەمەڵی‌و بێحاڵییە دەربهێنێ.

کچەکەشی خستە بەر چەند کارێکی سووکترەوە، چونکە دایەگەورەیان هەرچەند بەتەمەندا دەچوو تەمەڵتر دەبوو، ئەوسا هەموو شتێکی فەرامۆش دەکرد، تەنها دەیتوانی برسیەتی‌و تینویەتی بەبیر بێتەوە، قەت لە جێگەی خۆی نەدەبزووت، مەگەر ئەوکاتەی منداڵە بچووکەکە بەگریان و شیوەنی ئاسایی خۆی شتێکی داواکردبا. چونکە دایە گەورە ئەو نەوە بچووکەی بە حەدی پەرستن خۆشدەویست، کچەکە فێربووبوو برنجی تایبەتی ژەمی نیوەڕۆ لە گۆمەکەدا بشواتەوە. بەڵام ناچاربوو بەرلەوەی بۆ دەشت بڕوات

ئەوکارە ئەنجام بدات، چونکە ترسی ئەوەی هەبوو چاوی باش نەبینێ و بکەوێتە گۆمەکەوە هەروەها فێر بوو برنج لێ بنێ و تا ئەوان لە دەشت دەگەڕێنەوە خواردن ئامادە بکات.

هەرچەندە بەو قەدە بچووکەی خۆیەوە بەزەحمەت دەستی دەگەیشتە قەپاغی مەنجەڵ، هەتا دایکی فێری ئەوەشی کرد کە چۆن ئاگر بکاتەوەو بەردەوام بەداگیرساوی رایبگرێ، کچۆڵەکە بەچاکی هاتە بەر ئەو کارانەوە، کاتێ کە دووکەڵی ئاگرەکە دەهاتە دەرەوە دەچووە چاویەوە، بەلام بەرگەی سووتانەوەی پێڵووەکانی خۆی بەتەواوی دەگرت، قەت زمانی بە شکایەت نەدەکردەوە، چونکە دەیزانی لەبەر نەبوونی باوکی، دایکەکەی دەبوایە لەباتی هەموو کەسانی خانەوادەی کار بکات، بەڵام کاتێ کاری تەواو دەبوو و دەچووە ناو ماڵ و دەخزییە گۆشەیەک کە هەتا لە کاتی نیوەڕۆیانیشدا تاریک بوو، بەو چەشنە، کە دادەنیشت چاوەکانی خۆی کە ئاوی لێ دەتکایەوە، بە پارچە پەڕۆیەک کە بۆ هەمان ئەو کارە دانرابوو، پاک دەکردەوە.

بە باشترین ئەو شێوەیەی کە دەیتوانی بەرگەی ئازارەکانی خۆی دەگرت، لەو کاتەی کە هەوا خۆش بوو، ئیدی مناڵەکە کەوتە سەرپێ، چونکە لە زستاندا مەشقی ئەوەی نەکردبوو کە بەرێگادا بڕوات، بۆیە ئەگەر بەرببوایەوە دەبوا سەبر بگرێ، تا کەسێ بەوێدا تێپەڕێ‌و لە زەویدا بڵندی بکاتەوە، ئەوەی دڵی دەیخوازی، بەچاکی گەشەی کردبوو، بەلام دایکەکە هێشتا رێی پێدەدا شیری مەمکەکانی بخوا، چونکە لەو کاتەدا هەستی بە لەززەتێکی نادیار دەکرد.

کاتێ مناڵەکەی دەمی خۆی بەسەر سینەیا دادەگرت، یان لەکاتی خۆرئاوادا، بۆ هەڵمژینی چەند دڵۆپە شیرێ کە هێشتا

له مەمکەکانیدا مابوو، پەلەی دەکردو دەچووە پێشوازییەوە. هەستێکی نادیارو شیرین لە دڵگەرمیو بژێوی دڵ، بەسەر بوونی دایکیا زاڵدەبوو.

بەهاری لەبار گەیشتە نیوەی، ژنە جحێڵەکە بە درێژایر رۆژ، زەحمەتی دەکێشاو کوڕەکەی پێبەپێ لەگەڵ ئەودا کاری دەکرد، دەبوایە کێڵگەکە بە چاکی بکێڵن، کێڵگەکە وەکو وەرزی رابردوو، کە پیاوەکە خۆی کاری تیا دەکرد، واتە ئەو کاتەی کە ژنەکە بەتەنها تووی دەدا، راستو رەوان نەبوو، بەو چەشنە ژنە توانی فاسۆلیاو کەلەرمو توورچە کە بابەتی بازاڕ بوو بچێنێ، گوڵە بەرۆژە دووبارە خونچەی کردبوو، یەکەمین گوڵی ئەو گوڵەبەرۆژەیە سەری دەرهێنابوو، پاشان بە رەنگی زەردی زێڕین گوڵی کردبوو.

دایکەکە بە ئەندازەیەک کاری دەکرد، کە شەوانە ئەوەندە ماندوو دەبوو بۆیە دەچووە خەوێکی قووڵەوە، بە زەحمەت لە خەو هەڵدەستاو ئەسلەن پیاوەکەی خۆی لەبیر کردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا رۆژێ وەبیری کەوتەوە کە ژنی ئامۆزای لە رۆژی دانانی حەملەکەی وەنزیزیک کەوتبۆوە، هەر ئەوەبوو کە رۆژی مژدەبەخشی بگات، یەکێ لە منداڵەکانی هاتە سۆراغی دایکەکە کە هەم دۆستو هەم نزیکترین هاوسێی بوو، کچەکە دایکەکەی لە دەشت دۆزیەوە خەریکی کاربوو، نەسیمێکی دڵڕفێنی بەهاری بەسەر کراسی شلو ملی ئەو حجێڵە هەڵی دەکرد، ئەو دڵۆپە ئارەقەیەی وشک دەکردەوە کە وردە وردە لەسەرو سورەتی ئەوا هەڵدەڕژا، پەیامهێنەری تەمەن بچووک هاواری کرد:

- ئاهای ئامۆژن، دایکم وەختی هاتووە، تکات لێدەکات کە پەلەکەیت، چونکە خۆت دەزانی ئەو چەند زوو سکی

دادەنێ، ئێستاکە وا لە چاوەڕوانیدا دانیشتووە، کە تۆ منداڵەکە وەرگریت.

دایکەکە پشتی دووقەد کردبۆوە، خۆی ڕاست کردەوەو لە وەڵامدا وتی:

- سەرچاو هەر ئێستە دێم.

ڕووی لە کوڕەکەی کردو وتی:

- هەرزەچنەکە بگرەو هەتا من لێرە نیم تۆ فاسۆلیاکە بڕنەوە، ئەگەر کچی ئامۆزا وەکو جارانی پێشوو زوو منداڵەکەی ببێ، ئەوە لە سەعاتێ زیاتر دواناکەوم.

ژنە جوانەکە لە میانی مەزراوە بەدوای کچۆلەکەدا کە رایدەکرد، کەوتە رێگەوە، لە رێگەدا بەشێوەیەکی بێ پێشینەو لەژێر کاریگەرێتی هەوای خۆشی رۆژا قەراری گرتبوو، ئەم دۆڵە هەمیشە لەبەرچاوی بوو، بەڵام ئەوەندە گرفتاری کارو زەحمەتی خۆی بوو، کە هیچ وەختێ نەدەکەوتە بیری ئەوەی سەر بڵند بکاتو سەیری دیمەنی دنیای دەرەوە بکات.

فیکرو حەواسی ئەو هەمیشە بەسەر مەزراوماڵەوەبوو، چاوی تەنها لەکاری خۆی بوو، ئێستا سەری بڵند کردو کەوتە تەماشاکردنەوە، داربیەکان بە گەڵای نەرم داپۆشرابوون، سەوزو بریقەدار دەدرەوشانەوە، گوڵی سپیو شکۆفەی درەختی گولابی کەوتبوونە دەستی باوە. گوڵناری ئاگرینی تەک درەختی هەنار، کەوتبووە میانی سەوزەی تازە ئەنگووتوەوە، نەسیم گەرم بوو، با لەپڕێکا هەڵیدەکردو پاش کەمێ ئارام دەبۆوە، ژنە جحێڵەکە گوتی:

- ئایا چ شتێ خۆشترو شیرینتر لە بێدەنگی دەشتەکانەوە هەیە کاتێ کە با لە هەڵکردن دەکەوێ و بۆنی زەوی کێڵراو پەش و بڵاو دەبێتەوە؟ بەمجۆرە لە لە گۆڕانی با لە کپییەوە

بۆ هەڵکردندا کەوتە یادی جەستەی بەهێزو گەنجو پڕ لە ژیانی خۆیەوە، هەوەسی پیاوەکە بە پێوانەیەکی تازەو فراوان بەسەریا زاڵبوو، هەر لە زەمانی بوکێنیەوە تا ئێستا نزیکەی هەموو بەهارێک منالێکی دەبوو، بەلاّم ئەو بەهارەیان جەستەی نەزۆک هەڵگەڕابوو، پێشتریێ منال بوون بۆ ئەو کارێکی تەواو ئاسایی دەهاتە بەرچاو، شتێ بوو دەبوایە رێک دووبارە بوایەوە، ئێستا وای دەهاتە بەرچاو ئەو کارە بۆ ئەو شادیو لەزەتێکی هەبووە، کە خۆی تاوەکو ئێستا دەرکی پێ نەکردووە، هەستکردن بە تەنهایی سەرتاپای داگرتو بوو بە گڕێ لە دڵیا، کاتێ لەم بارەوە بیری کردەوە مەمکەکانی تووشی ئازارهاتن، ئەگەر مێردەکەی هیچ کاتێ یا لەو وەرزە نەگەڕێتەوە ماڵێ، ئەوە ئەو ئیدی ئەو قەت دووگیان نابێ، لەپڕێکا هەوەسی ئاگرینی ئەو بە وێنەی هاوارێکی دەروونی لە دەرەوە بڵاوبۆوە:

- ئاخ بگەڕێوە، بگەڕێوە، بۆ ماڵی من بگەڕێوە.

وا هاتە بەرچاوی کە خۆی ئەو وشانەی گوێ لێ بووە، لە ترسی ئەوەی نەوەک بەرگوێی کچەکەی کەوتبێ کە لەرێگادا لەگەڵیا بوو، بێ مەیل وەستا، بەلاّم هیچ دەنگێ لە لێوەکانی دەرنەهاتبوو، جگە لە دەنگی بایەکی توندو چالاکبەخش و ئەو مەلەی کە لەلای درەختی هەنارەکەوە دەیخوێند، هیچ دەنگێکی دیکەی بەرگوێ نەدەکەوت. کاتێ دایکەکە چووە ناو ماڵە تاریکەکەوە بینی کە روخساری خڕکەڵەی کچی ئامۆزای تەواو درێژ هەڵگەڕاوەو چۆتە ناو یەکەوە، غەرقی ئارەقە بووە، لە جیاتی ئەو شادییە گەشاوە هەمیشەییە، پەردەیێ لە دەردو ئازارکەوتبووە سەر روخسارییەوە، هەستی کرد کە ئەوە سگی خۆیەتی پڕو سەنگینە، وەک ئەوەی خۆی

بیەوێ منالی ببێت نەک ژنێکی دیکە، منالەکەی گرتو لە پارچە قوماشێکی وەرپێچا، پاشان کە ئازادبوو دەیتوانی بۆ مەزرا بگەڕێتەوە، هەستی کرد ناتوانێ ئەو کارە بکات، بی پەروا بۆ مالەوە گەڕایەوە، دایەگەورە هاواری کرد:

– ـها چ بووە؟ مەگەر کاتی نیوەڕۆیە؟ خۆ من برسییم نییە، ئەو کاتە کچۆلەکەی کە دەستی بە چاویەوە گرتبوو هاتە دەرەوەو پرسی:

– دایە کاتی ئەوە هاتووە ئاگر لەژێر مەنجەلدا داگیرسێنم؟

– بەلام من ئەمڕۆ هەست بە ماندووبوونێکی سەیر دەکەم، دەمەوێ بحەسێمەوە، رۆیشتو بەسەر تەختە خەوەوە راکشا، بەلام ماندووبوونی هیچ نەڕەویەوە، ناچار لەجێوە بەرزبۆوەو منالە بچووکەکەی لەباوەش گرتو بەتوندی لە سینەی خۆی کوشی، مەمکەکانی رووت کردەوەو ویستی منالەکە ناچار بکات مەمکی بگرێت، بەلام منالەکە خۆی پچکڕانەوەو رایدا، سەیری زبری و دڕی دایکی کرد کە بۆ ئەو ئاسایی نەبوو، چونکە برسی نەبوو، جگە لەوەش برسی نەبوو، دەیویست یاری بکات، توورەبوونێکی سەیر و نادیار بەسەر دایکەکەدا زالبو،لە منالەکەی داو بە توورەبوونێکی تەواوەوە بە زەوی دادا، منالەکە گریا دایکەکە بە بۆلەبۆلەوە گوتی:

– ئەو کاتەی من بەسەر مالەوە نیم تا شیرت بدەمی، تۆ شیرت دەوێ، بەلام ئیستا من دلم دەخوازێ شیرت بدەمێ تۆ دەیکەیتە فشە.

به بینینی منالەکە کە کەوتبووە سەر زەوییەوەو دەگریا هەستی بە لەززەتو لەززەتێکی تال کرد، دایە گەورە گوێی لە قیژەو شیوەنی منالەکە بوو، یەکسەر بانگی کرد خوشکەکەی چوو تا براکەی لەسەر زەوی هەلگرێتەوە، ژنە جحێلەکە

هەستی کرد ئارامی خۆی گرتۆتەوەو نەیهێشت کچە کوڕەکە لە زەوی هەڵگرێتەوە، بەڵکو خۆی بە جوڵەیەکی لە هیکڕاوە منداڵەکەی هەڵگرتەوە. تۆزو خۆڵی لێ هەڵتەکاندو روخساری بە فرمێسک پیس بووی بە دەست پاک کردەوە، لەبەر ئەوەی شەرمەزاربوو، بەوەی گرێی دڵی بەسەر منداڵە بێ گوناهەکەدا هەڵڕشتوە، لە دڵەوە لۆمەی خۆی کرد.

هەر لەو کاتەوە ئیدی منداڵەکە مەمکی دایکی نەگرتەوەو دایکە لەو لوززەتە پەنهانە بێبەش مایەوە.

# بەشی هەشتەم

ئەم ژنە لە سەردەمی گەنجییەوە گرۆتینێکی شاراوەی لەخۆدا حەشار دابوو، وەک هەندێ لە ئافرەتان بۆ سەیرکردنی لاوان و هەڵسەنگاندنی ئەو پیاوانەی کە بەڕێدا گوزەریان دەکرد، دەست و پەنجەی خۆی نەدەشکاندەو، دڵێکی هێندە قووڵی هەبوو، کە خۆشی زاتی نەدەکرد لە گەرداوەکانیدا بگەڕێت و دەست بە دۆزینەوە بکات، بەر لە شووکردن، کاتێک خۆی بەتەنها دەبینی، هیچکات بیری بۆلای پیاوان نەدەشوو، بە خاتری خودی ئەوانەوە، کاتێکیش هەوەس و مەیلە سەیرەکان کە تێگەیشتن لێیان ئاسان نەبوو، لە بوونیا سەریان هەڵدەدا، بایەخی پێ نەدەدان و هەوڵی نەدەدا کە بزانێت ئەو هەوەسانە بۆچی و لە کوێوە هاتوون. بێ دوودڵی و ڕاڕایی، دەچوو بەدەم کاری خۆیەوە، بەسەبر و ئۆقرە و چاوەڕوانییەکی بێدەنگ و هێمنانەوە، خۆی لە بەردەم ئەم سەختییانەدا ڕادەگرت. تەنها پاشی زەماوەند بوو، کە زەینی کەمێ ڕۆشن بۆوە، بە دروستی تێگەیشت پیاو مانای چییە؟ هەوەسی قووڵو بێ زمانی ئەو، بە چەشنێکی وا کەوتە چکانەوە، کە هەتا لە ساتەکانی تووڕەیی‌و لەوکاتەی لە دەست مێردەکەشی تووڕە دەبوو، هەستی دەکرد کە بێ ئەو ناتوانێ بژیت، ئەم هەوەسە عەجوڵ و چەقبەستە، هەندێ جار بە وێنەی هەوری تۆفانزا کەڵەکە دەبوو، هەر

له خۆڕا ئەوی له دژی کەسێ که خۆشیدەویست، دەخسته تووڕەییەوە، تووڕەییێ که تا کۆتایی لەودا هەر دەما، ئەو هەورانه یەکتریان بەتەنگی دەپەستایه باریەک، ئەویش به شێوەیەکی سادەو کۆن ئیقناع دەبوو، بەمجۆره ئارامی خۆی وەدەست دەهێنایەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا بوونی پیاوەکه به تەنها بۆ ئەو بەس نەبوو، دەبوایه لەو پیاوه دووگیان باو هەست بەوه بکات، که منداڵ لەناو دەروونی ئەودا ژیانو شێوه وەردەگرێ. تەنها لەو کاتەدا که منداڵەکه له سکیدا تەکانی دەخواردو گەشەی دەکرد، ئەوسا بەشادیو دڵخۆشی له بەختەوەری خۆیا دەهاتوودەچوو، هەستی دەکرد گەیشتۆته ترۆپکی کەمالی خۆیەوە، کاتێ منداڵەکان لەژێر دەستو پێی ئەودا لولیان دەخوارد، ئەو بێهووده له دەستی ئەواندا ناڕەحەت دەبوو، کاتێ دەیانقیژاندو دەگریان، یان وەکو هەموو منداڵەکانی دیکه تووشی چەند هەوەستێ دەبوون، بەلاش بەوان تووڕه دەبوو، چونکه هەرجارەی که نیشانەی دووگیانیی تازەی دەبینی، خۆی دەبینی که له بوونی خۆیدا، هەستی به شادی دەکرد، وەک ئەوەی که باشی خواردبێو باش خەوتبێو باش حەسابێتەوە، ئیدی جەستەی هەوەسی شتێکی دیکه نەکات.

هەتا لەو کاتەوەش که هێشتا کچ بوو له ماڵه باوکی، له دێیەکی تۆزێ گەورەتر لەو دێیه کوێستانیانەدا دەژیا، هەمیشه منداڵی ساوا سەرنجی ئەوی بەلای خۆیدا رادەکێشا، ماڵی باوکی پڕی منداڵ بوو، ئەو خۆی له هەمووان هەراشتر بوو، به حوکمی دایکی ئەوان حسێب بوو، زۆر جاران لەکاتی خۆراوابووندا، لەبەر کاریگەرێتی کاری رۆژانه هەستی به ماندووبوون دەکرد، منداڵان خۆیان به قاچو قولی هەڵدەواسی،

ئەویان دەهێنایە هاوارو بەسەریاندا هاواری دەکرد، بەڵام بەم وەسفەوەش هیچکاتێ خۆشەویستی ئەوانی لەدڵدا دەرنەدەچوو، بچووکی ئەوان نەزەری ئەوی بۆلای خۆی رادەکێشاو ئەوی نەرم ونیان دەکرد، زۆر جاران وا روویدەدا لە ماڵی خۆیاندا، یا لە ماڵی دراوسێکان، مناڵێکی بچووکی لە زەوییەوە بەرز دەکردەوەو لە باوەشیدا دەیکوشیو بە توندی بۆنی دەکرد، تا ئەو کاتەی مناڵەکەی دادەنا دەیلاواندەوە، لەو کارەدا هەستی بە شادییەکی هەڵچوونئامێز دەکرد، کە خۆیشی پەی بە هۆیەکە نەدەبرد. دڵی بۆ هەر شتێ دەچوو پشتی پێ دەبەست، هەرچییەک لەوان بۆنی جەوانی لێدەهات بەرەولای دەکشا، لە بەهاردا زۆر خۆشی بەوە دەهات کە جوجەلە مریشکەکانو فەرخە مراوییەکان سەریان لە هێلکە دەردێنا، زەحمەتێکی زۆری بە خۆراک پێدانی کرمی ئاوریشم دەکێشاو لەززەتی لە گەورەبوونی ئەوان وەردەگرت، گەشەکردنی ئەو بەنە باریکو زیندوانە کە قەبەوو درشت دەبوون، کە قۆزاخەی خۆیان کون دەکرد بەباڵی خۆیان دەپەڕینەوە دەرەوە، پەروانە لەگەڵ پەروانە جووت دەبوون، لەسەرەتای ئەو سەیرو لێوردبوونەوەیە، پاشان ئەو شادییەی کە لەوەدا دەهاتە کایەوە، لە جەستەی خۆیا گیانی وەبەر دەدان. ، رۆژێکیان کە هەموو مناڵەکانی ماڵی باوکی گەورەبوو بوون، خودی ئەویش ئامادەی رۆیشتن بوو بۆ ماڵە مێردی، کارێکی وایکرد، لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ هەر پیاوێ، حەواسەکانی باشتر بێداربنەوە، لە ماڵە هاوسێکەی کوڕێکی بچووک هەبوو، کە هێشتا پێی نەگرتبوو، مناڵێکی درشتو خەپەبوو، سەرتاپا رووتو قووت بوو، خوشکە لەخۆگەورەترەکەی لەسەرتاسەری زستان، ئەوی بە

پارچەیەکی کۆن لە پشتی خۆی هەڵدەداو دەیسوڕاند.
ئەو لە رۆژانی دوای بەر لە زەماوەندی، رۆژێکیان ئەو پارچە قوماشەی لە پشتی کچە هاوسێکەیان کردەوە، خۆی منداڵەکەی لەباوەش گرت، کچەکە خۆشحاڵ بوو کەرزگاری بوو لەو بارە، رایکردە یارییەوە.
لەوێ رۆژێ بەدواوە، بە دوای ئەو منداڵە خرپەنەوە دەچوو، کە وەک مانگ وابوو لەنێو منداڵەکانی دیدا، ئەو منداڵە وردەوردە بوو بە خۆشەویسترین کەس، بوو بە گەورەترین مایەی شادی دڵی ئەوەوە، لەباوەشی دەکردو دەستە گۆشتنەکانی بۆن دەکردن، لەززەتی لە گۆنا خڕو دەمە بچووکو گوڵڕەنگی ئەوەوە وەردەگرت، ئەوی بە پشتی بەهێزی خۆی بۆ هەموو لایەک دەبردە پیاسە، کە دایکەکەی بەسەریدا هاواری دەکرد، ئاخر مەگەر لەو ماڵەدا منال نییە!!، یاخود دەیگوت:
- من ماندوو مردوو تۆش دەچیە سۆراخی منالانی خەڵکەوە! ئەویش پێدەکەنیو لە وەلامدا دەیگوت:
- چی بکەم بەدیدی خۆم هیچ کاتێ لە منالی شیرەخۆرە تێر نابم! زۆری نەخایاند کە بەبێ ئەوەی خۆی ئاگاداربێ، پەیوەندی ئەو بەو منداڵەوە گینگڵی بە هەوەسێک دا لە ناخیا، کە تا ئەو کاتە هیچ کاتێ لەخۆیدا هەستی پێ نەکردبوو، دڵی وەکو هەموو ژنەکانی دیکە منالی دەویست، وای باوەڕبوو خۆشی هەقی هەیە کە پاشان مندالی هەبێ، بەلام ئەو منالە درشتو بەهێزە، بە چاوانی ئارامی خۆیەوە، کارێکی کردە سەر ئەوەوە، کە لەسەروی گینگلدانی هەوەسی ئەوبوو، ئەوەش کە بە ناوی یارییەکی مندالانە دەستی پێکردبوو، شتێکی لەسەروی ئەوەوە ئەنجامدا، واتە ئەو هەوەسە قووڵو

نهێنی ئامێزە کەوتە سەر شتێکەوە، کە ئەو خۆی لێی غافل بوو، کە منداڵەکەی لە باوەش بوو، ئەوانی تر لە مەزرا یا لە ئاشپەزخانە سەرگەرمی کاری خۆیان بوون، ئەو بەدوای بەهانەیێ دەگەڕا، تا تەنها لە گەڵ ئەومنداڵەدا لەوێ بە دوور کەوێتەوە، خوشکی مناڵەکە لەوکاتەدا خۆشحاڵ دەبوو، لە کاتێکا ئەو مناڵەجوانو ساغەی دەکوشیە باوەشییەوە، لەگۆشەیێ دادەنیشتو بالۆرەی بە گوێی مناڵەکەدا دەکردو ئارامی دەکردەوە، تا کەم کەم هەستی بەوە دەکرد، کە ئەو جەستە بچووکو گۆشتنە، خۆی بە رەحەتی لە باوەشی ئەودا رەها کردووە. تازە چەند ددانێکی مناڵەکە سەریان دەرێنا بوو، کچە جحێڵەکە زۆر جاران برنج یا نانی شیرینی دەجوی و لەسەرخۆ هاڕدراوەکەی بە لالێوی خۆی لە دەمی مناڵەکە دەنا، کاتێ مناڵەکە بە حاڵەتێکی گیراوو سەرسام، ئەو خۆراکەی دەمژی کە لەدەمی دەنرا، کچە جحێڵەکە بەبێ ئەوەی دەلیلی ئەوە بزانێ پێدەکەنی، هەرچەندە لەو هەوەسە سەرکێشو ئازارناکو قووڵەوە، کە خۆی نەیدەزانی چۆن هێوری بکاتەوە، هەستی بە هیچ جۆرە خۆشیو گەرمو گوڕییەک نەدەکرد.

کەمێک بەر لە چوونی بۆ ماڵە مێردی، رۆژێکیان خۆی بە تەنها لەگەڵ مناڵەکە دۆزیەوە، نزیکی نیوەڕۆ بوو، لەگەڵ ئەوەش کاتی شیرپێدانی مناڵەکەبوو، کچە دواکەوتبوو، هێشتا کاتی بردنی براکەی نەهاتبوو، مناڵەکە دەگریاو ناڕەحەت بووبوو، کچەی جحێڵ کە بینی ئەو برسییەتی تووشی هەڵچوونێکی شەهوەتی توند هات، لەخۆدا کوێر کوێرانە بەبێ ئەوەی خۆی بیەوێ، یا نەیەوێ ئەوی بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکرد، خۆی و مناڵەکەی باوەشییەوە، چووە

ژووری خۆیەوە، دەرگای توند داخست پاشان بە دەستی لەرزۆکو سوتاوی خۆیەوە، دوگمەی سوخمەی خۆی کردەوە، مناڵەکەی پەستایە سەر مەمکۆڵەی ناسکو شلکی خۆیەوە، مناڵەکە بە حیرس‌و ئیشتیهای تەواوەوە، مەمکی گرت‌و بەتوندی کەوتە مژینییەوە، ئەو کاتە لەو حاڵەدا کە سەری ئەو بەسەر ساواکە لاربووەوە، موچڕکەیەکی وا هەڵچوونئامێز گۆشتی تەنی ئەوی هێنابووە لەرزەوە، کە فرمێسکی لە چاواندا قەتیس ما، دەنگێکی پچڕ پچڕ لە لێوی دەهاتە دەرەوە، تا ئەو کاتە لە هەڵچوونی وادا بێ ئاگابوو، بێ ئەوەی بزانێ چ هەستێکی هەیە، تا دەهات مناڵەکەی زیاتر بە سینەی خۆیەوە دەکوشی، ئەو هەستە لەرزەیەک بوو لە دەروونی‌و هەوەسێ بوو لە گەورەیی مناڵێکدا، کە لە باوەشی دابوو، کە هەتا پێی لە خودی ئەویشدا بڵندتر دەنا، پاشان ئەو جۆش‌وخرۆشە وردوخاش بۆوە ناویەکتر، مەمکی قشتیلەی ئەو خاڵی بوو، مناڵەکە گێژو نائومێد دەمی لێکدەدا، ناچار کچە تولازەکە دووبارە دوگمەی سوخمەکەی خۆی داخستەوە، بە کەمێک شەرمەزاری لەو کارەی کردبووی، بە پەلە لە ژوور چووە دەرەوە، رووبەڕووی ئەو کچە بووەوە، کە بەدوای مناڵەکەدا هاتبوو، هەر زوو مناڵەکەی پێدایەوە، ئەویش بە پەلە چوو تا مناڵەکە بگەیەنێتە دایکی.

ئەو ساتە بووبووە هۆی بێداربوونەوەی هەستێک لە کچە گەنجەکەدا، کە رەنگە لە خودی زەماوەند زیاتر بایەخی بۆ ئەو هەبوو، ئەو پیاوەی کە دواتر ئەوی کرد بە ژنی خۆی، پایەیەکی باڵابەرزی لە ژیانی ئەودا بینییەوە، بەتایبەت کە ئەوی دەکرد بە دایک. ئەو تەنها لەبەرخاتری خۆی مێردەکەی خۆشنەدەویست، حاڵەتەکە ئەوەهابوو، لەوکاتەی کە جحێڵ

بوو تەواو خۆی نەگرتبوو، ئێستاکە تەواو وێڕاگەیشتووە، تەواو ئاشنای ڕەمزی ڕەگەزی خۆی بووە، ژنێ لەهەمان ڕسکانی جەستەدا بوو، بەتەنهاو بێکەس ژیانی بە سەردەبرد، کوڕەکانی ڕۆژ بەڕۆژ گەورەتر دەبوون، هەرچەند لە دەورانی منالّی بەدوور دەکەوتەوە، هەستی بەوە دەکرد کە کەمتر پەیوەندییان بەوەوە هەیە.

کوڕە گەورەکەی باریکەلّەو زراف بالآی دەگرت، بێدەنگ و سەربەرەوژێر بوو، کەمدووبوو، بەلآم هەولّیدەدا، کاری سەنگین بکات، کاتێ دایکی لە کۆتایی ڕۆژێدا، دەیویست کۆلکەداری گەورەو زبر هەلّگرێو بیباتەوە مالّ، بارە کۆلکەدارەکانی لە دایکی وەردەگرت، ئەو بارە سەنگینەی وەک نیرێک کە لە ملی گامێشی بکەن، دەیدایە سەرشانی لاوازی خۆیەوە، لە کاتێکدا کە بەسەر کلۆخەکاندا هەلّدەخزیو بالانسی خۆی لە دەست دەدا، دەگەڕایەوە مالّ.

ئێستا ئەو بوو کە ئاوی لە بیر هەلّدەکێشاو کاودانی دەدایە گامێشو هەولّی دەدا، کە بەشی خۆی کاری مەزرا ئەنجام بدات، وەک بلّێی خۆی باوکی خۆی بێ، بەلآم بەو تەرزە ڕەفتارە جگە لەوەی بەشداری ڕەنجو ئازاری دایکی بە دلّسۆزیو پەیوەندییەکی زۆرەوە دەکرد، بە شێوەیەکی شاراوەو هەست پێنەکراو مەوداوی لەو وەردەگرت، زۆر جاران خۆی بزۆزو یەکدەندە پیشان دەدا، دایکەکە بێ ئەوەی پەی بە هۆیەکەی بەرێ، هەستی دەکرد کوڕەکەی وەک جەستە لەو بەدوور دەکەوێتەوە، کوڕەکەی حەزی نەدەکرد نزیک دایکی بکەوێتەوە، وەکو ئەوەی بۆنێکی ناخۆش لە تەنی ئەوا بێ، زۆر جاران لەسەر شتی بچووک دەکەوتنە مشتوومڕەوە، بۆ نموونە ئەگەر دایکی بۆی شەرح بکردایە، کە

چۆن هەرزەچن لە دەست بگرێ، ئەو سەرپێچی دەکردو بەو شێوەیەی دەگرت، کە خۆی دەیەوێ، هەرچەندە بەو شێوەیە کاری خۆی سەختتر دەکرد، لەبەر ئەو داواو داواکاریەدا، بەهەمان پووچییەوە لەگەڵ یەک مشتومڕیان دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا هەردووکیان بە شێوەیەکی شاراوە هاگایان لەوەبوو، کە ریشەی ئەسڵی نەگونجانیان لە شوێنێکی ترە، دەلیلێکی تری هەیە کە هەردووکیان لێی بێخەبەرن. کچەش بەو چاوە نیوە کوێرەی چالاکییەکی نەبوو بۆ دایکی، ئەو منداڵە بێ نەوایە، بەو هەموو سەبرو خاکییەوە، هەرچی لە دەستی هاتبا ئەنجامیدەدا، زیاتر لە جاران دەمی بە شکایەت نەدەکرەوە، مناڵە لە هەمووان بچووکترەکە ئەوساکە بەڕێدا دەڕۆیشتو رایدەکرد، حەزی لێبوو بەیاری کردن لە کۆڵاندا رابوێرێو لەگەڵ هاوزاکانی خۆی شەڕ بکات، لەو کاتەدا کچە خۆی دەگەیاندە دایکیو برا گەورەکەی کە لە مەزرادا خەریکی کارێ بوون، بەڵام دیسانەوە لەوێ یارمەتی ئەو، بەتایبەت لە بژارکردنی تازە رواوەکان، زیاتر لایەنی گرفتی هەبوو، چاوەکانی ئەوەندە تاری بوو، کە فەریک لە هەرزە نەدەکردەوە، زۆری لەوگوڵەگەنمانەی لەجیاتی گیا لە ریشەوە هەڵدەکەند، براکەی توورەبوو و هاواری بەسەریا کرد:

- بڕۆ بە دوای کاری خۆتکەوە، ئەوەش بووە یارمەتی؟ بڕۆ لای نەنە دانیشە.

کچەی بێچارە بە بیستنی ئەم قسانە، بە سەختی دڵی ئازاری دەخوارد، بەڵام بە نیوە بزەوە لەجێوە هەڵدەستایەوە، دیسان براکەی بە دەنگی گوێتەزێنی خۆیەوە هاواری دەکرد:

- سەیری بەردەمت بکە گوڵەگەنمەکانت هەموو تولْخاندەوە. ئەو کاتە کە کچە یەکجار زۆر غروری دەشکا،

ئیدی نەیدەتوانی لەوێدابمینێتەوەو دەڕۆیشت، دایکەکە لەمیانی کوڕو کچەکەیدا گیری خواردبوو، لە هەمان کاتدا لە زمانی هەردووکیان دەگەیشت، کوڕە لەبەر ئازارو کاری لە تاقەت بەدەری خۆیەوە، کە زیاتر بوو لە تەمەنی خۆی جارزو وەرەس بووبوو، کچەش بە سەبرو مەندی زۆری خۆیەوە، خوێنی دڵی خۆی دەخواردەوە، دایکەکە لەکاتی ئاخ هەڵکێشاندا، بە کچەکەی دەگوت:

- بەڕاستی بەڕاستی کچە مەزلومەکە خۆ تۆ زۆر بەکەڵک نایەیت، چونکە بەو چاوە بە ئازارەتەوە، ناتوانی دورین و مورینیش بکەیت، بەڵام بگەڕێوە ماڵ گەسک لێبدە، یا ئاگر داگیرسێنەو شیو بەسەرنێ، ئاگاداری منداڵەکەش بە کە لە گۆلەکەدا غەرق نەبێ، چونکە ئەو لە هەموو ئێوە بێ کەڵەترو سەرشەقترە، هەروەها لەبیر نەکەیت جارجارە چا بۆ دایە گەورە تێکەی، وەزیفەی تۆ ئەو کارانەیەو دەتوانی کۆمەگی من بکەیت، منیش هەرکە هەڵێکم دەستکەوت ئەوە دەچم تیمار بۆ چاوەکانت دەهێنم.

بەمجۆرە دایکەکە هەوڵی دەدا دڵی کچەکەی بداتەوە، بەڵام کچە بە نۆبەی خۆی بەهیچ جۆرێ نەیدەتوانی ببێتە مایەی قووتی دڵی دایکەکە، چونکە هەمیشە لە گۆشەیەکدا بە بێدەنگی دادەنیشت، سەعات بە سەعات ئەو ئاوەی پاکدەکردەوە کە لە پێلوەکانیدا هەڵدەڕژا، هەمیشە بزەیەکی بێگیان، کە گوزارشت بوو لە خاکێتی ئەوەوە، بەسەر لێویەوە بوو، جار جارە کە دایکەکە سەیری کچەکەی دەکردو دادوبێدادی تووڕەی کوڕەکەی دەبیست، دەیبینی کە کوڕە بچووکەکەی بە گەرموگوڕییەکەوە دەچێتە یاری کردنەوە، بە حەسرەتەوە لە خۆی دەپرسی، کە بۆچی ئێستا منداڵان

کەمتر دڵی ئەو رازی دەکەن؟ لە کاتێکدا کە ئەوان بچووک بوون، ئەوەندە پێی هەڵدیگوتن تا رادەیەک لەوان رازی بوو و هەموویانی بە چاکدەزانی، جار جارە دایکەکە شەو درەنگان سەیرێکی حەسرەتباری دەکردەماڵی ئامۆزاکەی، لەو ماڵەدا مێردێکی بەشەرەفو غیرەتمەند دەژیت، نازیباو تۆزاوی، ئەگەرچی وەکو هاوسەرەکەی قشت نەبوو، وەلێ بە هەرحاڵ بە شێوەیێ بوو کە بتوانێ سەر لە شت دەربکات، بە حوکمی وەزیفەی مێردایەتی دەهاتە ماڵەوەو خواردنی دەخوارد، دەچووە دوای کاری رۆژانەی خۆیو دەخەوت، رێکوپێک وەچەی دەنانەوە، ژنەکەی شادو بێ خەیاڵ لە ماڵی خۆیدا دادەنیشت، خۆشحاڵ بوو بەو منداڵە تازەیەی خۆی، لەسەر چۆکی خۆی دادەنا، ژنێ بوو رووگەشو سادەو هیچ کاتێ زمانی بە خراپە نەدەگەڕا، بەم وەسفەوە هاوسێیەکی یەکجار باش بوو، زۆر جاران بە راکەراکە دەهاتو پارچە گۆشتێکی لەگەڵ د ایکەکە دەکردە دوو بەشو میوەی دەدایە منداڵەکانو گوڵێکی کاغەزی  کە وەک نیشان بۆ پرچی کچەکە دروستی کردبوو، ئەوێ ماڵێ بوو پڕ لە بەرەکەتو لە سەفاو خۆشحاڵێ، دایکەکە بە بینینی ئەوەوە هەستی بە ئێرەیی دەکرد، لەو حاڵەتەدا هەوەسێ لە وێنەیەکی قووڵو خەمەنگیزو شادومان لەناخیا گەورە دەبوو.

# بەشی نۆیەم

لانی کەم ئەگەر بیتوانیایە پیاوەکەی خۆی لەبیر بکات و هەست بکات کە هەمووشتێ لەنێوان ئەواندا تەواو بووە، یا خەبەری وەرگرتبا کە ئەو مردووە، بەخاک سپێردراوەو بۆ هەمیشە ونبووە، ئەوسا رەنگە ژیان لەبەرچاوی ئاسانتر گوزەری کردبا، خۆ ئەگەر لەدێدا وەک ژنێکی بێوە تەماشایان کردایە، رەنگە بیتوانیایە بە قودرەتێکی رۆحی و بە پاکی خۆی حاڵەتی بێوەژنێتی خۆی بەرگە بگرتایە، خۆ ئەگەر لەزمانی گوندینییەکان لەکاتی گوزەر کردن بیبیستایە، کە چییان بەگوێیدا دادەچرپان، یاخود لە شوێنێکی دیکەدا لە قەولی ئەوان دەیبیست کە بڵێن (ئەو بێوەژنەی (لی) ئەلهەق ژنێکی نەجیبو شەریفە، سەیرکەن گەرچی ژنە مێردەکەشی مردووەو حەوت کفنی رزی کردووە، ئەو هێشتاکەش بەجیدیو شەرافەتەوە بەردەوامی بە رێگەی خۆی دەدا، قەدیمیەکان بۆشانازی کردن بە ژنێکی وا حەتمەن تاقی سەرکەوتنیان لە سەنگی مەرمەڕ، یاخود لانی کەم لە بەردی ئاسایی بەرز دەکردەوە، ئەوجۆرە قسانە دەبووە هۆی دڵگەرمی ئەوەوە، بەناچار خەڵکەکە خۆیان بەو وێنەوە رادێنا، کە لە دڵی خۆیان سەبارەت بەوەوە دورستیان دەکرد، چونکە لە دڵەوە باوەڕی بەو زرورەتە هەبوو کە باشتر لە وەزعی ئێستادا دەژیا، چونکە خەڵکەکە دەربارەی ئەو بەهەمان شێوە قەزاوەتیان

دەکرد.بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە دەبوایە وەڵامی ئەو کەسانە بداتەوە کە دێن و لەمێردەکەی دەپرسن، بە رووی کراوەو بەشێوەیەکی شاد درۆ لەگەڵ هەمووان بکات، هەمان ئەو درۆیانە ئەوی ناچاردەکرد، کە هەمیشە خەیاڵ لە مێردەکەی بکاتەوە، وا روویدەدا کە خەڵکی لێیان دەپرسی:

- بەراستی خانم ئاخۆ نامەیەکی تازە، یا قاسیدێ نەهاتوو کە هەواڵێ لەمێردەکەتانەوە بهێنێ؟

ئەویش کە بۆ بازار دەچووو باری بە سەر شانەوە بوو، یاخود خۆیو سەبەتی خاڵی لەسەرخۆ لە بازاڕ دەگەڕایەوە، دەبوایە ماندوو مردوو وەڵام بداتەوە:

- چۆن؟ خەبەرم هەیە کە حاڵی باشە، بەڵام ئەو ساڵێ لە یەک نامە زیاتر بۆ من نانێرێ، لە گەڕانەوەی بۆ ماڵێدا هەستی دەکرد کەوا خەریکە بەو درۆیانە ووردو خاش دەبێ، لە هەمان ئەو گۆشەگیریە خەمەنگیزەدا گیانی دەکەوتە فیغانو لەبەرەخۆ دەیگوت:

- من چ ژنێکی بێچارەو بەدبەختم، چونکە لە راستیدا جگە لە مێردێ، کە بە فرتوفێڵ و خۆهەڵخەڵەتاندن بۆ خۆمم دورست کردوە، مێردێکم نییە، لەو ساتانەدا لە گۆشەیێ دادەنیشت و چاوی دەبڕیە رێگاوە، بە کزۆڵەییەوە وای بەخۆ دەگوت:

- ئەیکاش دڵی بەراتی دەدا بگەڕێتەوە ماڵەوەو کەوای شینەکەی لە دوورەوە بە دیارکەوتبا، وای ئەو کەوایە، بەڕاستی چتۆ رەنگی جوانو سافی هەبوو.

هەرکاتێ چاوی بە لەکەیەکی رەنگ شین دەکەوت، ئەوە دڵی لە سینە دادەخورپا. کاتێ مرۆڤێ لە دووری مەودایێ لەوبەرەوە رادەبرد، بێ ئەوەی خۆی بیەوێ دەستی لە کار

دەکێشایەوەو هەناسەی لە سینەدا حەپس دەکرد، تا ببینێ کە ئەو پیاوە لە کوێوە دێت، ئەگەر لەو کاتەی بینیندا، لە بیابان بوایە بۆنی دەکرد، لەبەر هەتاودا دەستێکی لەسەر چاوی دادەنا، لەو کاتەدا لە خۆی دەپرسی کە راگوزەرە شینپۆشەکە، لە کام لاوە رووی لەوەو ئایا لەدێ وەنزیک دەکەوێتەوە یا دوور دەکەوێتەوە؟ ئەوسا هەرزەچنی خۆی دادەنایە سەر زەوی، لەگەڵ ئەوەشدا جارێ نەبوو ئەو رێبوارە مێردەکەی ئەو بێ، رەنگی شین رەنگێکی ئاساییە وسادەترینو هەژارترین کەس دەتوانێ لەو رەنگە لەبەرکات، هەندێجار کە چەند درۆیەکی لە قاڵب دەدا، ئەوی لە دژی مێردەکەی دەکفکفاند، چونکە ئەوی بە شایانی ئەو شانۆسازییە نەدەزانی، وابوو ئەگەر بگەڕابوایەوە ئاگری تووڕەیی ئەو نێلەی دەداو دەیدایە بەر نەفرەت و جوێنەوە، بەم وەسفەوە ئەوی خۆشدەویست، چونکە پیاوەکە ئازاری دەدا، هەندێ جاریش ئەو حاڵەتە سەرکێشیە، چەند رۆژێکی دەخایاند، هەر ئەو وەختانە بوو سەبارەت بە مناڵەکانو دایەگەورە عەبوس دەبوو و بەهانەی دەنایەوە، بە زبرییەوە سەگی ماڵەوەی بە دەسماڵی خۆی یا بە سێڵکەکە رادەدا، بەڵام لە ناخی دڵەوە تا دەهات زیاتر ئازاری لەو کارە دەچەشت.

جارێکیان لە نواندنی یەکێ لەو دەورە نەهامەتیەدا بوو، دوای دروێنە کردن کاتی پێوانەکردنی برنج گەیشت، دیسانەوە هەر بە تەنهایی زەحمەتی کۆکردنەوەی بەرهەمی کێشا، لەم کارەدا جگە لە کوڕە گەنجەکەی و هەروەها یەکدوو رۆژیش ئامۆزا میهرەبانەکەی کەسێ کۆمەگی ئەوی نەکرد.

ئێستاکە کاتی دابەشکردنی بەرهەمی کوتراوە گەیشتووە و وای دەهاتە بەر چاو، ئەو جۆشوخرۆشەی کە نانیشێتەوەو

ئەو تووڕەییە دەروونییەی، دڵی ئەوی وابریندار کردووە، کە بە دیتنی هەموو شتێ ناڕەحەت دەبێ، زۆر شتی ورد کە بە ئاسایی نایەتە بەر چاوی کەسەوە، ئەو دەست نیشانی دەکردو هەستی پێدەکرد، لەهەمان کاتدا کە هەوەس ئازاری دەدا، راستەوخۆ سەرکاری بینی کە لە حەوشەی خەرمانداو لە کەناری خەرمانە برنجی کوتراوەدا وەستا بوو، پیاوێک بوو، هەیکەلێکی توندوتۆڵی هەبوو، ئاوریشمێکی خۆڵەمێشی لەبەرابوو، سەرێکی چوارگۆشە و جوان‌و بالای هەبوو، رەفتارو رووکاریشی هەمان ئەوە بوو، کە ژنە لە دیداری یەکەمدا لە بیری مابوو، رووبەڕووبوونەوەی هاودەم بوو لەگەڵ ئەدەب‌و نەزاکەتدا، چاوانی درشت‌و نیوە خەوتووی لە ناو پێڵوێکی قەبەوە پەنهاندا بوو، ژنە گەنجەکە لە تەرزی تەماشای ئەودا، لە حاڵەتێ پیاوەکە بە ژێر پێڵوە پفبوو و کەوتووەکانیدا تێیڕادەما، تێگەیی کە ئێستاکە دەتوانێ دەربارەی خودی خۆی و رۆیشتنی مێردەکەی بۆ شارێکی ترو دواکەوتنی لە گەڕانەوەیدا ئەودا، لەگەڵ ئەو پیاوە قسە بکات، ئەو رۆژە دڵێکی پڕی وای هەبوو، کە بیر لەوجۆرە شتە بکاتەوە، لە راستیشدا لەوان ئەو پیاوانە بوو، کە کاتێ چاوی بە ژنێکی تەنها و بێکەس دەکەوت، نەیدەتوانی لە دڵی خۆیا نەپرسێ کە ئەوکێیەو جۆری بیرکردنەوەی چۆنە و تەن‌و بەدەنی چۆنە، لەگەڵ بوونی رازاوەو روخساری پان‌و پۆڕو گۆشتن‌و دەنگی زبری ئەودا، کە دەیزانی چۆن شێوەی هاوڕێیەتی‌و رووخۆشی پێببەخشێ، رۆحێکی سەگانەی هەبوو، لەگەڵ میهرەبانی دەسکردو قسەی بێ تەکلیفی، جوتیاران قێزیان لێیدەکردەوە، لەبنەوەش لێیدەترسان، چونکە رەوشتێکی توندو دوومشتی سەنگینی هەبوو، کە وەختێ

بەرخیلافی مەیلی ئەو رەفتاریان کردبا، یاخود قسەیان لە قسەی کردبا، هەردووکیانی دەکردە گرێو دەیکوشین، حازرو ئامادە سەیری تەنیشت خوی دەکرد، کە پێلوەکانی لێکدەکردەوە، چاوە بریقەدارو ترسناک و رەشو زاڵمەکانی دەردەخست و پیشان دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا جارجار خەڵکی لەدەستی پێدەکەنین، چونکە کاتێ بەشی خاوەنکاریان بێ چەندوچون بەو دەدا، ئەو بۆ ئەوەی مەرهەمێ لە برین هەڵسوێ، لەگەڵ هەمووان شۆخی دەکرد، قسەی وایدەکرد، بیانویستایەو نەیانویستایە بێ ئەوەی خۆیان بیانەوێ پێدەکەنین.

ئەو رۆژەی هاتە ماڵی ژنە جحێڵەکە، کە پێشتر دەیزانی بە تەنها دەژی ومێردی نییە، خۆی شادو شەنگوڵ نیشاندا، کە گەیشت بەڕوویێکی کراوە بە کوڕگەورەی ماڵەکەی گوت:

- دەبینم لەگەڵ پیاوێکی وەک تۆ زبرو زرنگدا، دایکت بێ باوکت دەتوانێ کاری مەزرا بکات .

کوڕەکە بەو قسەیە دڵی خۆشبوو و دڵیداکەوت - قەندی دڵی توایەوەو بوو بە شیرناو-

کەمەری راتەکاندو ئحمێکی کرد، لەو کاتەدا دەشترساو گوتی :

- ئاە.. بەڵێ منیش بە بەشی خۆم کار دەکەم.

پاشان بە لاسایی کردنەوەی خەڵکی گەورە، تفێکی کردە زەوی‌و دەستی نایە کەمەری باریکی خۆیەوە، وای هەستکرد کە پیاوێکی کامڵ عەیارە، سەرکار پێکەنی بە لووتفو میهرەبانییەوە، سەیرێکی کردە دایکەکە، وەکو ئەوەی کە دەیەویست دەربارەی بزاوت‌و رەفتاری کوڕەکەی لەگەڵ ئەودا شۆخی بکات، ژنە گەنجەکە نەیتوانی رێ لە بزەی خۆی

بگریٚ، چایەکی بۆ سەرکار هێنا، کە پێشتر بەسەری نابوو، چونکە بۆ هەموو میوانێ کە ڕێی دەکەوتە ماڵەکەی، وەکو ڕێوڕەسمی ئەدەب هەر وای دەکرد، لەوکاتەی کە خۆی لە چاوانی خەندانی پیاوەوەکەوە زۆر بە نزیک بینی، نەیتوانی تەماشای نەکات، بێ ئەوەی خۆی ئاگای لێبێت، تاسووقی دڵی پڕ هەوەسی خۆی لە چاوانی خۆیدا پێچەوانە کردەوە، سەرکار لە سەراپای ژنەدا وردبۆوە، پەی بە هەوەس وشەوقی ئەو برد، تاسوقی خۆشی لە وەلامی ئەودا بەدەرخست، پاشان قەڵافەتێکی گرتەخۆ و ئەو پیاڵە چایەی وەرگرت کە ئەو بۆی هێنابوو، دەستی خۆی بە سەهوێکی ئەنقەست بە دەستی داهێنا، ژنە لەو ساودانەدا دەستی ڕاجفری، پەی بەو هەوەسە سوتێنەرە برد، کە لەودا خۆی حەشاردا بوو، بە شەرمەزارییەوە ڕووی وەرسوڕاندو گوێی نەدایە هاواری دڵی خۆی، خۆی بە برنجەوە خەریک کردو لەپڕێکا کەوتە وەحشەت لە وجوودی خۆی، لەسەرخۆ بە کوڕەکەی گوت:

- بڕۆ ماڵی ئامۆزاو تکای لێبکە، بێتە ئێرەوە، بۆ هێورکردنەوەی دێوانەیی خۆی بەمجۆرە بیری کردەوە:

- کاتێ ئەو .... ئامۆزای میهرەبانی ئێمە ..... لێرە بێت .....

بەڵام کوڕە مەغروورو لاسارەکەی کەوتە یەکو دوو و گوتی:

- دایە من خۆم لێرەم و یارمەتیت دەدەم بە بوونی من پێویستیت بە کەسێ نییە.

سەرکار دەستی لە ڕانی زبری خۆی کوتاو خەندەیەکی بەرزی سەردا، بۆ بەدسوود وەرگرتن لە بەرائەتی کوڕەکە، گوتی:

- هەڵبەت کوڕم دایکت پێویستی بە کۆمەگی پیاوێکی

دیکە نییە، کوڕەکە بەو هاندانە جەسورتر بووبوو، بینی کە دایکی بایەخی پێداداو بیستی دایکی دەڵێت :

- لەگەڵ ئەوەش باشترە کە ئامۆزای ئێمە لێرە بێت.

منداڵەکە لە وەڵامدا گوتی:- نەخێر دایە، من بانگی ناکەم ئیدی من گەورە بوویم، بێ چەندوچوون خۆی وەرسووڕاندو تەرازووەکەی هەڵگرت و پەیمانەی پڕ برنج کرد، ژنە نارەحەت بوو، بەڵام پێدەکەنی‌و هێزێکی دەروونی ئەوی ناچاری کرد کە خۆی بدات دەستەوە، لێگەڕا کوڕەکەی هەرچیەک دەیەوێ با بیکات، کە برنجەکە کێشرا، دایکەکە پەیمانەیەکی دیکەی زێدە کردە سەر بەشی خاوەنکار، بۆ سەرکار، پیاوەکە بە بزاوتێکی ئاغایانە قبوولی نەکرد، بەسەری پەنجەی بە گەمەکردن بە لێو و خۆ هەڵکێشانەوە، بە نیگایەکی حەریس‌و پڕ تاسوق چاوی بڕیبووە روخساری ژنە گەنجەکە، چونکە جگە لە منداڵەکان‌و پیرەژن کە لە ژێر سایەبانەوە وەنەوزی دەدا، کەسێکی تر لە ماڵ نەبوو، سەرکار بە دایکەکەی گوت:

- نا خانم من هیچم ناوێ، تۆژنێکی تەنهای و مێردتان رۆیشتووە، ئەوە بەرهەمی کاری خودی ئێوەیە، من جگە لە بەشی خاوەنکار شتێ وەر ناگرم، تا لە لۆمەی خەڵکی بە دوور بم، بۆ خۆم شتێ لە تۆ قەبووڵ ناکەم.

لەپڕێکا دایکەکە ترسا، لەگەڵ بوونی ئەو شورو گەرمی‌و گوڕییەی کە ئازاری ئەوی دەدا، بە شەرم‌و حەیاوە لاملی کرد، تا سەرکار ئەو بەشە وەرگرێ کە عادەتەن پەیوەست بوو بەوەوە، پیاوەکە بە جوڵەی دەستی کە بۆ رەتدانەوەی لاملی ژنەکە، لە سەر دەستی دانابوو، لە قبوڵ کردنی برنجەکە خودداری کرد، پاشان بە بڕیارێکی یەکجارەکی ئەو پەیمانە برنجەی خاڵیکردە ناو ئەو زەمبیلەی کە ژنە بەشی

خۆی تێ رشتبوو، ژنه لەوقودرەته زیاتر سوورِ نەبوو، له ئەداو شێوەی تێکەڵ به بزەو روخساری ساف‌و کراسی خۆڵەمێشی پیاوەکەوە، هێزێکی سەرسام شاردرابۆوە، که له پرتەوی هەتاوی پاییزییدا، له بوونی ئەوا دەگەشایەوەو وەک نێلەی ئاگر ژنەی دەگرته خۆو هەڵیدەکرد، ئەو وەک کچێکی گەنج سەری لەبەرەخۆ نابوو، بێدەنگی هەڵبژاردبوو، که پیاوەکه برنجەکەی دایەوە ژنەکه، به خەندەو شەرمەوە لەوێ دوورکەوتەوە، ژنه نەیتوانی یەک قسه بخاته سەر زمانی. هەروا که به پێی سووتاوی لەبەر هەتاو و بێ گۆرەوی‌و به پێڵاوی کون کون وەستابوو و هەناسەی نەدەهات، گۆشەی کەتانی کورتەکی پینەداری خۆی لوولدەدا.

دوای رۆشتنی سەرکار ژنه سەری بڵند کردو ئەوی بینی که دوور دەکەوتەوە. ئەزقەزا له هەمان ساتدا، پیاوەکه ئاوڕی دایەوە، نیگای ئەم دووە به یەک کەوتن، پیاوەکه دووباره سەلامی کردەوەو پێکەنی، بەڵام ئەو یەکانگیرەییەی نیگاکان به شێوەیەک بوو، که ژنه هەزار جار ئەفسووسی خوارد، که ئەیکاش سەری بڵند نەکردبا؟ هەتا لەو ساتەدا وروژان وا به هێز بوو، که بەرگریکردنی وەکو شتێکی قبووڵ نەکراو وابوو، کوڕه شادو خەندان به دایکی گوت:

- دایه، بەراستی ئەو پیاوه مرۆڤێکی باش بوو، که بەشی خۆی له ئێمه وەرنەگرت، من قەت نەمبیستووە سەرکارێ ئەوەنده باش بێت له هەقی خۆی خۆش بێت. که ژنه جحێڵەکه بێدەنگ‌و خامۆش، هێشتا لەبەر ماجەرای رابردوو پەرێشان خاتر بوو، چووە ئاشپەزخانەوە، کوڕه به دوایدا رایکردو دیسانەوە گوتی:

- نه دایه، مەگەر پیاوەکی باش نییه، که بۆ خۆی هیچی

له ئێمه قبووڵ نەکرد؟ جا لەبەر ئەوەی دیسان وەڵامێکی نەبیست، بێتاقەت بوو و هاواری کرد:

- دایه من لەگەڵ تۆم نییه؟

دایکەکە لەپڕێکا راجفریو بە دەستەپاچه بوونێکی سەیرەوە گوتی:

- ئا... چۆن کوڕم چۆن.

کوڕه دیسان بەردەوام بوو:

- پیاوەکی چەند باش بوو دایه، چونکه دەیزانی لەو کاتەوە باوکم رۆیشتووەو ئێمه زۆر هەژار بووینه، بۆیه نەیویست شتێ لە تۆ وەربگرێت.

دایکەکە لەوکاتە کە سەری مەنجەڵەکەی بەرزکردبۆوەو لە دەستی دابوو، ووشک هەڵگەڕابوو، چاوی بڕیه کوڕەکەی و شەرمەزار بوو، کە هێشتاکە سەرخۆشی تایەکی خۆش بوو بوو و بیماری کردبوو، دەنگدانەوەیەکی سەیری لە قوڵایی خۆیدا هەستپێکرد:

- بە راستی نەیدەویست شتێ لە من قبوڵ بکات؟ بەڵام وەڵامی کوڕەکەی نەدایەوە.

پیاوەکە هەمدیس هێزی نەبوو جۆشو هەڵچوونی ژنه فەرامۆش بکات، سوودی لە بچووکترین هەنجەت وەردەگرت، تا بگەڕێتەوە دێ، جارجار بە هەوای حسابێ کە گوایه هەڵەی کردووە دەگەڕایەوە، جارجاریش بە ناوی ئەوەی کە فلان کەس بەشی خاوەنکاری بە دورستی نەداوەو خاوەنکار لەو بابەتە ناڕازییه، هەمووجارێ دەچووە ماڵی ئامۆزای ژنەکە، کە لەنزیک ماڵی ئەواندا بوو، بۆ رۆیشتن بۆ ئەوێکەوە، هەمووجۆره هەنجەتێکی بۆخۆی دەتراشی، یا ئەوەتا ناوکە پەمۆی تازەی دەهێناو دەیگوت لەهەندێ شوێنی دیکەدا زۆر

مەرغوبە، یا پیاوێکی دیکەی لەگەڵ خۆی دەهێنا، لەگەڵ تۆزێ کشڵ کە بۆ بە پیتکردنی زەوی زۆر بە سوود بوو، ئامۆزا، کە لەبەر سەردانی بەردەوامی سەرکار دامابوو، لەوە دەترسا ئەو ماستە مووێکی تیا بێتو ناڕەحەت بوو، لەوەی نەیدەتوانی سەرەدەرێ لەوە دەربکات، بۆیە بە ژنەکەی گوت:

- ئەو سەرکارە دەبێ مەبەستێکی هەبێ، کە ئامادەنییە وەها زوو گۆڕی خۆی گوم بکات و دەفن بێ.

بە شپرزەییو نیگەرانییەکی زۆرەوە چاودێری سەرکاری دەکرد، چاوی لەسەر هەڵنەدەگرت، وەزعی لێ تێکچووبوو، نەیدەتوانی بپەڕژێتە سەر کارو ژیانی خۆی، لەلایەکیش لەوە دەترسا لەبەر چاوی کەسێ کە دەیتوانی سەدمەیەکی بەرکەوێ و بێ ئەدەبانە دەرکەوێ، نە ئامۆژنی ونە ئامۆزای ئاگایان لەوە نەبوو کە سەرکار هەمیشە بەبنی چاویەوە تەماشای ژنێ دەکات، لەوبەری کوچەوەی دەبینێ، هەرکاتێ ئەو ژنە لە ماڵ نەبوا سەرکار کەم دەمایەوە، بە پێچەوانەوەش کە ژنەکە لە ماڵ بوایەو سەرکار بیتوانیایە بیبینێ ڕووبەڕووی دەوەستاو ئەو کاتە بە دەنگی بەرزو بە خۆشڕوویی دەستکردەوە بە ئامۆزای دەگوت:

- دۆستی من ئیدی من عەرزێکم نییە، منیش مرۆڤێکی باشو زەحمەتکێشم، منیش جوتیارم، زیاتر لە هەموو شتێ حەزم لێیە لەبەردەم ماڵی جوتیارێکی بە شەرەف، ساتێ وەدۆزمو لە ژێر پرتەوی هەتاوی پاییزیدا، خۆمان بخەینە بەر حەمامی خۆری گەرم. بەڵام لەو خاڵە دوور نەدەکەوتەوە، کە ئەگەر ژنەکە خەریکی رستن یا قسەکردن با لەوێ.

وەرزێ بوو کەمکەم سروشت لەسرێ و بێ هەستی زستان ڕوودەچوو، زەوییان تۆدابوو، چاوەڕوانی باران

بوون تا گەنم سەردەرێنێ، ئەوسا دایکەکە کاتی زۆرتری بوو، لەبەردەم دەرگا دادەنیشت و جلی دڕاوی دەدورییەوە، یاخود کەوشی دەچنی، لەبەر ئەوەی چاوی کچەکەی نەیدەبینی، ئومێدی بەو نەبوو، ژنە گەنجەکە لەبەر هەتاو و لەبەر گەرما دادەنیشت، لەوکاتەی کە خۆی لەخەون و دیدگای خۆی تێر دەکرد، گوێی دەدایە چەنەبازی دایە گەورەو قسەی منداڵەکانی، چینێکی تەنک نیشتبووە سەر لێوەکانی، کە گوزارشتی لە ئارامخاتری ئەو دەکرد، ، پێستی لەشی مینا ڕەنگی زێڕ هەڵگەڕابوو، کەزیە ڕەش‌و ساغەکانیشی تازە شانە کردبوو و بریقەیان دەدایەوە، چونکە ئەوان دەمان هەموو ڕۆژێ کاتی هەبوو ئارایشی سەرو سورەتی خۆی بکات، هەرچەندە ئێستا پێی نەناوەتە سی‌و پێنج ساڵی خۆیەوە، بەڵام گەنجتر لە سی‌و ساڵیی خۆی، خۆی نیشان دەدا، باش دەیزانی سەرکار چەند پێیەک لەولاتری کۆڵان وەستاوە، بەڵام ئاگای لەوە هەبو کە سەر بڵند نەکات، زۆر جاران سەنگینی نیگاکانی ئەوی بەسەرخۆیدا هەست پێ دەکردو دەچووە ناو ماڵەوە، تا ئەوکاتەی ئەو دەڕۆیی لە هەمان جێدا دەمایەوە، باش دەیزانی لەسۆنگەی چییە؟ پیاوەکە بۆ هەموو جارێ دێتە ئەوێکەوەو چاوی لەسەر هەڵناگرێ، نەشیدەتوانی لەبیری کات، بەدرێژایی ماوەی زستان دایکەکە لە بیری ئەو پیاوەدا بوو، کە هەوا زۆر سارد بوو سەرکار بە کاڵفامیەوە لە دووی ئەونەخشەیەی کە هەیبوو، ناچاربوو سەرفی نەزەر بکات، کە بەفر زەوی داپۆشی و بای ووشک و گەزەندە لەلای باکووری خۆراواوە دەستی بە هەڵکردن کرد، ژنە دڵی دەخوازی کە بتوانێ ئەو پیاوە فەرامۆش بکات، بەڵام نەیدەتوانی.

جارێکی تریش ساڵی نوێ داهاتەوە، ئەوجارەش وەک جەژنەکانی پێشوو دایکەکە چووە شارو برنجی فرۆشت، پارەی برنجەکەی خورد کردەوە، کەوتە دوای میرزایەکی ترەوە تا لەزمانی مێردەکەی نامەیەکی مەسلەحەتی بۆ ناونیشانی خۆی بنووسێ، جارێکی تریش خەبەری ئەوماجەرایە بەرگوێی ئەهلی دێ کەوتەوە، هەموو زانیان کە مێردی ئەو ژنە جحێڵە پارەی بۆ ناردووە.

هەموو ئەو حەسودییەی بەویان برد و هەموو ئەوقسانەی سەبارەت بەویان کرد، نەیانتوانی ئەو چۆلییە پڕکەنەوە کە لە رۆحی ئەودا دروست بوو بوو پڕ، هەتا ئەو سەربلندی وغرورەش کە لەم وەزعەوە دروست بوو بوو، ئیدی بۆ رازی بوونی ئەوبەس نەبوو، بەسەرو سەکوتێکی ئارامەوەو بێ پەروا گوێی لە نامەی خۆی گرت، بەڵام شەو نامەکەی هاوێشتە ناو ئەو سۆپایەی کە پووش وپەلاشی تیا دەسووتا، پاشان چووە ژووری خۆی و لە یەک ساتدا چەکمەزەی مێزی راکێشاو سێ نامەی لێ دەرهێنا، وای ؟ نەهاتنەوەی مێردەکەی چەند درێژەی کێشاوە؟ ئەو نامانەشی بردە موبەقو هەمووی هاوێشتنە ناو مەشخەڵی ئاگر.

کوڕەکەی لە هەمان کاتدا گەیشتو بەسەرسامییەوە هاواری کرد:

- خۆ تۆ وا نامەی باوکم دەسووتێنی؟

دایکەکە کە وەک مردوو سارد هەڵگەڕا بوو، چاوی بڕیە کوڕەکەی و گوتی:- بەڵێ.

کوڕێژگەکە بە شێوەیەکی پاڕانەوەئامێز گوتی:

- باشە ئێمە لە کوێ تێبگەین کە باوکمان لە کوێیە؟

دایکەکە گوتی:

- من باش دەزانم، تۆ وا خەیاڵ دەکەی من لەبیری دەکەم؟

بەمجۆرە بوو کە دایکەکە دەقی دڵی خۆی خاڵی کردو ماڵێی لە پڕی و شتی زیادە پاککردەوە.

بەڵام کە دڵ خاڵی بێت چۆن دەتوانێ بە زیندوویی بمێنێتەوە؟ کەمێک دوای ئەمە، ڕۆژێکیان دایکەکە چووە شارو ئەسکەناسی خۆی کردە پارەی نوقرە، ئەوساکە بە تەنهاییدەیتوانی ئەو کارانە بکات، زۆر بە کەمی داوای یارمەتی لە ئامۆزای دەکرد، کە دە سکە پوولی نوقرەیی وەرگرت، گەڕایەوە تا بێتەوە دێ، بەڵام پیاوێ لەکوچە نزیکەکەی ماڵێ وەستابوو، پیاوەکە پێدەکەنیو سمێڵی خۆی بادەدا، هەمان سەرکاری خاوەنکار بوو، ئەو لە کۆتایی پاییزەوە بەولا، بەو ئەندازەیە لە نزیکەوە ئەوی نەبینی بوو، پیاوەکە بە خەندەو بە زاتو جەسارەتەوە سەیری ژنە گەنجەکەی کردو پرسی:

- خانم تۆ لە کوێو ئێرە لە کوێ؟

- خەریک بووم هەندێ پارەم خورد دەکردەوە. لەپڕێکا قسەی خۆی بڕی، کە بە تەمابوو لە دەمی دەرپەڕێو بڵێ ئەو پارەیەی کە مێردەکەم بۆ منی ڕەوانە کردووە.

بەڵام ئەم ووشانە نەهاتە سەر زمانیو بێدەنگ مایەوە، پیاوەکە کە پێڵوی چاوەکانی بەرز کردبۆوە، بە مکوڕی زەقەی تەواوەوە چاوی بڕیبووە ژنەکەو گوتی:

- باشە پاشان؟

ژنە سەری لەبەرخۆناو هەوڵی دا بە هەمان شێوەی ئاسایی خۆی قسە بکات، دەمویست یەک سنجاقی نوقرە یا لانی کەم بە ئاوی نوقرەیی بکرم تا پرچم ڕاگرێ، سنجاقی خۆم ئەوەندەی کارکردبوو دوێنێ شکا،

ئەزقەزا بێ ئەوەی خۆی ئاگای لەو بابەتە بێت، دوێنێکە سنجاقی سەری شکا بوو، بەڵام توندتر پێی هەڵگرتو لە پیاوەکە دوور کەوتەوە، چونکە شەرمی دەکرد لەوەی کە لە ناوەندی شارێکی گەورەدا، نائاشنا لەگەڵ پیاوێکی غەریبە قسە بکات، بەتایبەت کە ئەوپیاوە بە قەڵافەتی تەواویو روخساری پانوپۆڕی و رەنگی پەڕیوی، لەوانی دیکە جیاواز بوو، خەڵکی لە کاتی گوزەر کردن کەمکەم خەریک بوون هەردووکیانیان بەسەر دەکردەوەو بە بزۆزی سەیریان دەکردن . پیاوەکە بەرێدا بەدوای کەوت، لەوکاتەی کە ژنە ئارامو سەربەرەوژێر بە رێی خۆیدا دەرۆیشت، ئاگای لەوەبوو کە پیاوەکە بەدوایەوە دا دێت، دەترسا لەوەی کە بەرخەلافی ئەوەی کە بە پیاوەکەی گوتبوو وا کار بکات، ئەوەبوو کە بە ناچاری چووە ناو دوکانێکی زێڕفرۆشی ئاشناوە، بەو چەشنەی کە لەبەردەم پێشخانی مغازەکە وەستابوو، سنجاقێکی ئاومسکراوی شینی داواکرد، تا بەسەری خۆی تاقی بکاتەوە، هەر لەو کاتەدا بە جووتی گوارەی نوقرەیی کە لەبەردەستی دابوو، خۆی پێ خەریک کرد، لەپڕێکا سەرکار هاتە پێش بەبێ ئەوەی خۆی وا نیشان بدات، کە ئەو ژنە دەناسێ، لە زێڕی پرسی و گوتی:

- ئەو گوارانە بە چەندن؟ دوکاندار گوتی:- بەپێی وەزنی دەیکێشم، بەنرخێکی عادیلانە دەیدەم بە تۆ.

سەرکار کە کەوایەکی ئاوریشمینی لەبەر بوو، بێ گومان بە بەراورد لەگەڵ ئەو ژنە دیهاتیە قەدوبالا داپۆشراوە، دەبوایە کڕیارێکی چەورتر بێت، ئەوە بوو کە لە پیشاندانی سنجاقەکە بە ژنەکە ئەوەندە پەلە بە خەرج نەدات، ناچار ژنەجحێڵەکە بەبێ جولە لەچاوەڕوانیدا مایەوە، هەوڵی دەدا نیگای ئەو

دەگەڵ دزەنیگای بێشەرمی ئەو یەکانگیر نەبێتەوە، پیاوەکەش بێ پەروا چاوەڕوانی دەکرد، تا زێڕفرۆش گوارەکان لە ناو تەرازوی بچوک دابنێ، گەوهەرفرۆش بەدەنگێکی بەرزگوتی:

- دوومسقاڵو نیوە.

پاشان هێدیترو بەشێوەیەکی ئیشوەگەرانە گوتی:

- ئەگەر ئەو گوارانە بۆ خانمی خۆتان دەکڕیت، بۆچی ئەو دوو ئەنگوستیلەش لەگەڵ ئەواندا ناکڕیت؟ سەیرکە چەند باش لەیەک دێن، ئەوە دەبێتە دیارییەکی باش کە بەدڵی هەموو ژنێکە.

سەرکار بزەیەکی هاتێو بێ پەروا گوتی:

- زۆر باشە ئەوانیش بپێچەوە .

پاشان بە پێکەنینەوە روونی کردەوەو گوتی:

- ئەوانە بۆ ژنم نییە، چونکە شەش مانگدەبێ کە ژنی من مردووە.

گەوهەرفرۆشەکە لە باشفرۆشی وادا خۆشحاڵبوو، بە پەلە ئەنگوستیلەکانی پێچایەوەو پاشان گوتی:

- کەواتە ئەم دیاریە بدە بە ژنی تازەتان.

سەرکار ئیدی وەڵامی نەدایەوە، بە نیگایەک کە رامابوو، دەستی بە سمێڵانی دادێنا، ئەو هەتا یەکسات واخۆی نەنواند، کە ئاگای لە ژنە دێهاتیەکەیە، هەر کە زێڕو زیوەری کڕدراویان پێچایەوە وەریگرتو چووە دوای کاری خۆیەوە، بەڵام هەرکات رۆیشت، ئەو دایکەکە ئاخێکی هەڵکێشا، چونکە پیاوەکەی دیت دوور دەکەوتەوەو سەبارەت بە ژنێ کە ئەو زێڕ و زیوەرانە دەکرێتە دیاری ئەوەوە، هەستی بە ئێرەیی کرد، چونکە خودی ئەو هەمیشە هەتا بەر لە گواستنەوەشی ئارەزووی بوو کە زێڕوزیوی ئاوای هەبێ. ئەزقەزا

ئەوزیوەرانە هەمان ئەوەبوون کە خۆی داوای کردبوو، کە بە مەیلی مێردەکەی رایسپاردبوو، هەموو جارێ پیرەژنە لاسارەکەی دێ لێی دەپرسی:

- باشە کوانێ ئەو ئەنگوستیلانەی کە باست دەکرد؟ لانی کەم نەخشەکەیم نیشانبدە..

دایکەکە زۆرجاران بە سەختی دەستە پاچە دەبوو و دەیگوت؛

- ئەوانە راستە، پێچاومەتەوەو لە شوێنێ حەشارم داوە، بەلام بەبیرم نەماوە لە کوێم داناون.

یاخود دەیگوت:- گەوهەرفرۆش خەریکە قەڵەمیان دەکات.

ئەوسالیش لەوجۆرە بەهانانەدا زۆری تراشی بوو، تا رۆژێ ئەوپیرەژنە لاسارە بە تەواوی شەیتەنەتەوە لێی پرسی بوو:

- باشە تۆ هیچ کاتێ ئەو ئەنگوستیلانە لە دەست ناکەی؟

دایکەکە وەڵامی دابۆوە:

- ئێستا دڵ و دەماغی ئەوکارانەم نییە، ئەوانە رۆژێ لەدەست دەکەم کە مێردەکەم بگەڕێتەوە.

بەڵێ، کە سنجاقەکەی کڕی لە پرچی چنراوی خۆی کردو هاتە دەرەوە، رێگەی گرتە بەر، خەونی ئەو زێڕە بە نرخانە کە بەم زەرافەتەوە کاری لەسەر کرابوو، دووبارە لەبەر چاوی جیلوەی کردەوە، ئاخێکی هەڵکێشا، هەستی کرد کە توانای نییە بە پارەی خۆی کە ئەو هەموو زەحمەتەی کێشاوە تا وەدەستی هێناوە، هەندێکی لێهەڵگرێ، هەتا یەک پارچە زێڕی سادەش بۆخۆی بکڕێ. لەوەش بترازێ، کەسێ باکی بەو نەبوو، باشتر وابوو بە هەمان سەرو سەکوتێ کە هەیبوو وەمینێ، لەو کاتەی کە دەستخۆشی ئەو بیرۆکە

تاریک و خەمەنگیزانە بوو بوو، لە دەروازەی شار هاتبووە دەرەوە و لە جادەیەکی کوێستانی، باریک کە دێی بە شارێی گشتی پەیوەست دەدا سوڕایەوە ماڵی خۆیو ئەندێشەی ئەو فرافینەی دەکرد کە چاوەڕوانی دەکرد، چونکە لەززەتی خۆراک خواردن تەنها لەززەتی دونیایی بوو، کە بۆ ئەو مابۆوە، لەپڕێکا پیاوەکە لە خۆراوای ئەو رۆژە کورتەی زستانیی لەگۆشەیەک، وەک تارماییەکی رەش هاتە دەرەوە، باسکی ژنەی گرتە دەستی درشتو نەرمی خۆیەوە، لەو دەوروبەرەدا تاکە مەلێکیش باڵی لێکنەدەدا، کاتێک بوو کە جوتیاران عادەتەن هەموویان گەڕابوونەوە ماڵەوە، سەرمای شەو هەست پێدەکراو هەوا بەستابووی، واتە هەوایێ بوو کە کەسێ لەو کاتانەدا تەنها بە حوکمی زرووورەت نەبێ نەدەهاتە دەرەوە، لەگەڵ ئەوەش ئەو پیاوە لەوێ بوو، دەستی ژنەی گرتبوو و لەناو دەستی خۆیا دەیکوشی، ئەو دەستە پیاوانەیە کە گرانی خستبووە سەر دەستی ئەوەوە ئەندامەکانی لەشی ئەوی سڕکردبوو، تەواو لە جولە گیرابوو، پاشان ئەو بەستە گەوهەرەی بەو دەستەی کە ئازاد بوو، لە گیرفانی هێنایە دەرەوەو لەناو دەستی ژنەی نا، کە هێشتا لەناو دەستی ئەوا بوو، ئەنگوستەکانی ئەوی قوچاندەوەو گوتی:

– من ئەو زێڕوزیوەم تەنها بە خاتری تۆ کڕیوە، بەڵێ تەنها بە خاتری تۆ.

پاشان خۆی لە ناو تاریکیدا، کە بەردەوام روو لە زیادبووندا بوو، گەیاندە بناری دیواری شار، ژنەی بە خۆی ئەوزێڕانەوە تەنها جێهێشت.

ئەو کاتە ژنە هاتەوەخۆیو بە دوای پیاوەکە رایکردو بە دەنگێکی بەرز گوتی:– نا قەت نابێت، من ناتوانم وەریگرم.

بەڵام ئەو ون بووبوو، ژنە گەنجەکە دووبارە لە دەروازەی شار چووە دەرەوە، لە پرتەوی نووری کزی چەند دوکانێکا، کە هێشتا کراوە بوون سەیری دەوروبەری خۆی کرد، بەڵام خەبەرێکی لە پیاوەکە نەبوو، زاتی نەدەکرد لەناوشار بۆ پێشتر بڕوات، چونکە ئەگەر لەو نیوە تاریکیە دووبارە ڕووبەڕووی سەرکار بووبایەوە، شەرمی لە خۆی دەکردەوە، بەدووودڵی ئازاردراوەوە لە هەمانجێدا مایەوە، ئەو سەربازانەی کە چاودێری دەروازەکەیان دەکرد حەوسەڵەیان نەما، بەسەریا هاواریان کرد:

- خانم ئەگەر خەیاڵی ئەوەتان هەیە لە دەروازە بچنە دەرەوە پەلە بکە، چونکە لە ترسی ڕێگرە تازەکانی کۆمۆنیست کە گەیشتوونەتە ئەو دەوروبەرە، هەر ئێستا دەبێ دەروازەی شار دابخەین. ژنە گەنجەکە ڕێی خۆی گرتە بەرو لە گردەکەوە سەرهەڵگەڕاو سەرەوژێر بۆوە بۆ دێ، پاش ساتێک گەوهەرەکەی لە سینەی قایم کرد، کەمێ دوای ئاوابوونی خۆرەتاو قورسی مانگی پانو بەستوو و ساف هاتە دەرەوە، کە ژنە گەڕایەوە ماڵ ومناڵەکان، خزابوونە سەر جێو دایە گەورە چووبووە خەوەوە، تەنها کوڕە بچوکەکەی بێدار بوو، کە دایکی دیت گوتی:

- دایە دڵم بۆ تۆ لێی دەدا، دەمەویست بێم بە دواتەوە، بەڵام لەوە ترسام دایە گەورەو مناڵەکان بە تەنها جێبهێڵم .

ئەو جۆرە قسانە ئەگەر لە کوڕە گەورەترەکە با، یاخود لە کچەکەی، سەیر نەبوو، بەڵام لە کوڕە بچوکەکەی بوو، ئەویش بەو شێوەیەی کە دەتگوت سەبارەت بەوان بۆتە پیاو، جێگەی تەعەجەب بوو.

هەتا بەم وەسفەوەش بزەیەک نەهاتە سەر لێوی

دایکەکەوە، تەنها وەڵامی دایەوەو گوتی:

- بەڵێ کوڕم، دیتت کە هەر هاتمەوە، ڕاستیشت دەوێ زۆر ماندووم، پاشان لە جێوە هەڵساو خواردنێکی بۆخۆی پەیدا کردوهەر بە ساردی خواردی، لە حاڵێکدا کە گەوهەرەکان هێشتاکە لە ناو سینەی دابوو، کە سەیری لای تەختەخەوی کرد، لەبەر ئەوەی لە ژێر پرتەوی نووری مۆمدا بە چاوی خۆی بینی کە کوڕی گەورەی چۆتە خەوەوە، پەردەکانی تەختە خەوی ڕاکێشاو لە پشت مێزەکەیەوە دانیشت، بەستە بچوکەکەی لە باخەڵی دەرهێنا، ئەو زێڕکاغەزەی کردەوە کە زێڕەکەی لێ وەرپێچرا بوو، ئەنگوستیلە سپی بریقەدارەکان جیلوەیان دەدا، گوارەکان کە بە سێ زنجیری بچووک ڕازابوونەوە، هەریەکەو لە کۆتایی خۆیدا شتێکی پێوە لکا بوو، دایکەکە بۆ ئەوەی لە نزیکەوە سەیری گوارەکان بکات، هەمووی گرتنە دەستی زبری خۆیەوە، لە بنی یەکێ لە زنجیرەکان ماسیەکی وردیلەی پیاهەڵواسرا بوو، لەبنی زنجیری دووەم زەنگوڵەیەکی بچووک بوو، لەبنی زنجیری سێهەم ئەستێرەیەکی نووک تیژ بریقەی دەدایەوە، ئەوگەوهەرانە بەو زەریفیەی کە لە دورست کردنیا بە کارهاتبوو، دڵی هەموو ژنێکی دەفڕاند، دایکەکە هەرگیز زێڕی وای بەو جوانییەوە لە دەستی پینەبەستو هەتاوەسۆتی خۆیەوە نەبینیبوو، هەر بەو چەشنەوە دانیشتو کەوتە تەماشایانەوە، ئاخێکی هەڵکێشاو دووبارە لە زێڕ کاغەزەکەی وەرپێچانەوە، نەیدەزانی چ بکات چۆن چۆنی بیداتەوە کابرا.

بەڵام کاتێ لە تەنیشت منداڵەکان خزیە ژێر لێفەوە، خەوی لێ نەکەوت، بەدەنی لە سەرمای نمناکی شەو سڕ بووبوو، گۆناکانی هەر بەو چەشنەوە دایسابوو، زۆری

پێچوو تا کەمێ خەو بردیەوە، لەخەودا شتێکی سەیری بینی کە دەدرەوشایەوە، لە هەمان حاڵدا دەستێکی پیاوانەی زۆر گەرمی بینی بەسەر جەستەی خۆیەوە.

# بەشی دەیەم

ئیدی دایکەکە لەماوەی ئەم بەهارەدا، کابرای نەبینییەوە، بەلام جارجار بەبیری دەهاتەوە، تا رۆژێکیان لە سەرەتای هاویندا، سەروکەللەی کابرا بەدەرکەوتەوە، گوڵەگەنم وەک زێڕ هەڵدەهاتنو بالایاندەکرد، ژنە گەنجەکە لە پارچەی چوارگۆشە و پەشمرەنگی مەزرای برنجی نزیک ماڵەوە، لەکاری شەتڵچێنی برنجی ناو شەتڵجاڕ ببۆوە، ئەو گوڵە برنجانەی کە تازە سەریان دەرهێنابوو، رۆحیان وەبەر قەدی نەرم وناسک و سەوزی خۆیان دەدا، دایە گەورە دەیتوانی ئەوانە لە شەڕی تەیروتوار بپارێزێ، کە بە سەختییەوە بەتاسوقی کوشتنی ئەو گوڵە برنجە تازەهەڵچوو و رسکاوانەدا بوون، دایکەکە بە درێژایی ئەوماوەیە هەستی دەکرد شتێ بەسەر دڵی ئاوارەو سووتاوی ئەودا گران هەڵدەگەڕێ.

بەڵێ لە سەرەتای هاویندا، رۆژێکی ئارامو وێڕای گەرمایەکی عادەتی بێ نموونە هەلات، زیکزیکەکان ئاوازی تیژو گوێ تەزێنی عاشقانەی خۆیان تا دوا پلە خستبوە چریکانەوە، پاشان دەنگەکان کپ دەبوونەوەو لەسەرەخۆ لە بێدەنگیدا نوقم دەبوون، خۆرەتاویش تیشکی خۆی وەک شەرابێکی گەرم هەڵدەڕشتە ناو بنی دۆڵو کوچەی تەنگەوە، فەرشی بەردی سافو یەکنەوا، گەرماییان لێ پێچەوانە دەبۆوە، هەوا دەدرەوشایەوەو لەبەشەکانی بالاتریش سەمای

دەکرد، منالە بچووکەکان بەرووتوقوتی لە کاتێکا ئارەقە بەسەر جەستەی لوسیانەوە بریقەی دەدایەوەو، رایاندەکرد، لەمیانی هەڵمێ یارییان دەکرد کەبەرزدەبۆوە، هیچ شنەیەک هەڵینەدەکرد، دایکەکە کە لەبەر ئاستانەی هەیواندا وەستابوو، لەبەرەخۆ دەیگوت کە تاوەکو ئێستا نەیبینیوە، لەسەرەتای هاویندا هەوا وازوو و یەک کەرەت ئەوەندە گەرم بێتو تەنگ بەمرۆڤ هەڵبچنێ، کورە بچووکەکەی رایکردە لای گۆمەکەو لە ناو ئاوەکەدا دانیشت، پێدەکەنی هاوزاکانی خۆی بانگدەکرد تا بچنەلای ئەوەوە، کوڕی گەورەترێی کۆتی لەبەر کردەوەو دەلینگی شەلواری هەڵکردو کڵاوێکی کردە سەری، کە هی باوکی بوو، لە چیلکەی خەیزەران دروستکرابوو، چووە لای مەزرایێ کە گەنمەشامی باڵای خۆیان هەڵکشاندبوو، کچەکە لە ماڵێدا مابۆوە بەدوای پەنایەکی تاریکدا دەگەڕا، دایکەکە گوێی لە ئاخ هەڵکێشانی ئەو بوو، تەنها پیرەژن بوو کە حەزی لەو هەوایە بوو، لەبەردەم رۆشناییەکدا رونیشتو بەدەنی لەشی پەککەوتەی خۆی تا کەمەر رووت کردبۆوەو دابوویە بەر هەتاو، تا تیشکی خۆر بچێتە ناو ئێسقانی پڕوسکاویەوە، هەردوو مەمکەکانی وەک دوو مسکی ووشکەوە بوو شۆڕبووبوونەوە، پیرەژن کە بووکەکەی بینی، بەو دەنگەی خۆی کە لە فیتە دەچوو گوتی :

- کچم من هاوینان قەت لە مردن ناترسم، هەتاو خوێنی تازە هەڵدەڕژێنێتە ناو دەمارەکانمو ئێسقانی منی پیرو کەنەوت گەنج دەکاتەوە.

بەڵام دایکەکە نەیدەتوانی بەرگەی گەرمای دەرەوە بگرێت، لەوکاتەدا کانێکی یەکجار هەڵقرچاوی لەدەروونی خۆیدا هەست پێدەکرد، ئەو رۆژە خوێن لە دەمارەکانیدا

لەبەر شورو هەڵچوون هاتبووە جۆش و خرۆشەوە، بڕیاریدا لەماڵێ بچێتە دەرەوە، لەبەر ئەوە رایگەیاندو گوتی:

- نەنە گیان من دەبێ بڕۆم، تاتۆزێ شەتڵە برنجەکان ئاو بدەم، ئەو هەتاوە سووتێنەرە ووشکیان دەکاتەوە. سێ لکەکەی خۆی هەڵگرت و دوو سەتڵی خاڵی بە شانیدا هەڵواسی، بە کوێرە رێگاییدا سەرەوژێر بۆوە، کە کۆتایی بە گۆڵاوێکی باڵاتر لەشەتڵجاڕەکانی برنج دەهات، هەستی کرد کە لە بە رێدا رۆیشتن دڵی بۆتەوە، وادەهاتە بەرچاو کە هەوای دەشتایی زۆرتر گیان بە مرۆڤ دەبەخشێو کەمتر لەهەوای کوچە تەنگ بەمرۆڤ هەڵدەچنێ، ژنە تولازەکە بێ ئەوەی رووبەڕووی کەسێ بێتەوە کەوتە دوای رێگەی خۆیەوە، چونکە لەو کاتەی دوای نیوەڕۆدا پیاوان لە حەسانەوە دابوون، ئەگەر بە سوتفەش جوتیارێ بەدەرکەوتبا کە زۆرتر لە جوتیارەکانی دیکە لە مەزرا مابێتەوە، ئەوە نەیدەتوانی لەو هەوایەدا کار بکات وخەو دەیبردەوە، ئەوە ئەم جوتیارە ناچار دەبوو لە سێبەری درەختێکا راکشێ وکڵاوەکەی بخاتە سەر دەم وچاوی، تا خۆی لە شەڕی مێش ومەگەز بپارێزێ و لە ئەماندا بێت.

لەکەناریا گامێشەکەشی بە قەپۆزی شۆڕەوەبووی و لاشەی رەهای خۆیەوە، لەبەر گەرمای سوتێنەردا وەرکەوتبوو و خەوەکوتکەی بوو لەگەڵ ئەوەش ژنە تاقەتی بەرگریکردنی ئەو تیشکە سووتێنەرەی هەبوو، چونکە کە لە ئاسمان دەهاتە خوارەوەو بەسەر تەنووری ناو چواردیوارو هەروەها بەسەر ئاگری دەروونی ئەودا کە دەمارەکانی ئەویان دەسووتان، یەکەمجار فەریکی برنجی دەچنی، پاشان بە کۆمەگی کەرەستەی خۆی مەرەزەکانی سەرەوەی

مەزرای چوارگۆشەی هەڵدەکەند، ئەوانی بە هۆی جۆگەلەوە بە گۆماوەکە دەبەستایەوە، پاشان بەو دوو سەتڵەی کە بە شانیەوە بوون، ئەو جۆگە تازەیەی تژی ئاودەکرد، کە بە گۆڵەکەوە پەیوەستی دابوو، ئەو بزاوتەی چەندین جار دووبارە دەکردەوە، تا رەنگی خاکەکە لیڵ بوو و شەلاڵی شێ بوو، وای دەهاتە بەرچاو، کە ئاو بە بوونەوەرێکی تینوو دەدات‌و گیانی پێ دەبەخشێت.

لەنیوە نیوەی ئەو رەنج‌و تەقەلایەدا، قەدی خۆی راست کردەوەو سەتڵەکەی دانایە سەر زەوی، بۆ حەسانەوە لە کەنار گۆماوەکە دانیشت، سەیرێکی لای باکوری بەلای دێوە کرد، بینی پیاوێ لەبەردەم دەرگادا وەستاوە، لەگەڵ دایە گەورە قسەی دەکردو پاشان بەلای ئەودا کەوتە رێ، کە نزیکتر کەوتەوە ژنەکە ئەوی ناسییەوە، سەرکاری خاوەنکار بوو، ژنە جحێڵەکە هێشتا زێڕو گەوهەرەکانی ئەوی لابوو، سەری نایە بەرەخۆی و دوودڵ بوو، کە چۆن چۆنی بێ ئەوەی رووبەرووی سەرکار بێتەوە، سەبارەت بەو شتانە لەگەڵیا قسە بکات، نەزانی ئەوەی هەبوو هەستێت‌و بچێ لە ماڵەوە بیهێنێ، نە زاتی ئەوەشی هەبوو لە رۆژی رۆشن دا بیانداتەوە پیاوەکە، چونکە لەوە دەترسا رێبوارێ لە خەڵکی دێ ببینێ، یاخود دایە گەورە کە حەتمەن بێدار بوو و لە هەموودیزان ئەسکو بوو زۆر زوو دەبووە نۆکی هەموو ئاشێ .

پیاوەکە دەهاتە پێشەوەو کە گەیشتە دایکەکە، ژنە جحێڵەکە لەسەرەخۆ لە جێوە هەستایەوە، چونکە لە چینێکی خوارتری کۆمەڵایەتی بوو، جگە لەوەش ژن لەبەرابەر پیاوان دەبوایە بەسەر پێوە بوەستن، پیاوەکە بە شێوەیەکی خۆمانی

قسەی بۆ ئەوکردو گوتی:

- خانم من تەنها هاتووم سەیری گەنمەکان بکەم، بزانم چۆنن و هەروەها بزانم بەرهەمی ئەمساڵ چۆن دەبێ؟

بەڵام لەکاتی ئەو قسانەدا، سەیری لەش ولاری ژنە تولازەکەی دەکرد، کە لەبەر گەرمای توندی هەوا، ئەوەندە دانەپۆشرابوو، جلەکانی بریتی بوو لە فانیلەیەکو یەک شەلواری شینو پینەدار، کە بە لەشی وەنوسابوو، لەکۆتاییدا سەیرەکانی خۆی هەڵخستە سەر پێیە پەتی و هەتاوەسۆتی ژنە تولازەکە، ژنە دەستەپاچەو ترساو لەدڵی خۆی بەپەلە گوتی:

- مەزراکە لە خوارەوەیە لووتف کەو برۆ بیبینە.

پیاوەکە بێ ئەوەی زەحمەت بداتە بەرخۆی تا بچێتە سەر مەزراکە، هەر لە دوورەوە لێی وردبۆوەو بە شێوەیەکی شۆخو خۆشی نواندنی پیاوانی شارستانی گوتی:

- خانم ئەمساڵ وەزعی بەرهەم باشە، ساڵانی پێشتر کەمتر واباش بوو، ئەوکاتە لە گیرفانی باخەڵیدا دەفتەرێکی دەرهێنا، بەجۆرە چیلکەیەکی باریک چەند ووشەیەکی یاداشت کرد، ژنە تا ئەوکاتە قەڵەمی وای نەبینی بوو، ئەو پارچە دارەی بەسەر کاغەزەوە دەنا بێ ئەوەی وەکو میرزاکان لە مورەکەبی هەڵێنێ، هەرخۆی بەرەنگی رەش دەینووسی، دایکەکە لەژێر کاریگەری هەستی بزۆزیو کەمێکیش بە عیللەتی ئەو غرورەی کە لە جیاوازی چینایەتیەوەبوو، هەروەها سەبارەت بە نەزەری پیاوێکی وا دیارو خوێندەوار بوو، سەیری نووسینی سەرکاری کرد، ئیدی ئەو رۆژە لە قسەکردن لەگەڵ پیاوەکە سەبارەت بە زێرەکان پەنگایەوە، کە پیاوەکە لە نووسین بۆوە، بزەیەکی هاتێ و دەستی بە

سمێڵی داهێناو داوای لە ژنەکە کردو گوتی:

- ئەگەر کاتت هەیە مەزرای جۆوەکەتان بە من نیشان بدەیت، چونکە من هەمیشە لەگەڵ مەزرای ئامۆزاتان لێم تێکدەچێ.

دایکەکە نزیکەی بە بێ وویستی گوتی:

- مەزرای من لە لایە لە پشتی گردەکەوەیە، پاشان سەری لەبەرخۆنا، وای خۆ نواند کە هەرزەچنی خۆی هەڵدەگرێتەوە، پیاوەکە قسەی ئەوی بە شێوەیەکی تێکەل بە ئیشوەگەری دووبارە کردەوە:

- لە پشت هەمان ئەو گردەوە.

بەو چەشنەی کە بزەی دەهاتیو بە دەستە پانو نەرمەکانی خۆی یاری بە سمێڵی دەکردو لاملی لەوە دەکرد ودەیگووت :

- کەواتە خودی خۆت ڕێنماییم بکە خانم.

دیسان بەسووربوونو جەسارەتەوە لە ژنە وورد بۆوە، ئەو نیگایە ژنە گەنجەکەی لە جێوە هەڵکەند، سێ لکەکەی دانایە سەر زەوی وەکو باو بوو کە ژن دەبێ هەمیشە لە دوای پیاو بڕوات، بەدوایەوە کەوتە ڕێگاوە، خۆرەتاو بە هەموو جیلوەو درەوشاوەیی خۆیەوە بەسەریانا هەڵدەهات، زەوی کە بە گیای نەرمو سەوز داپۆشرا بوو، لەژێر پای ئەواندا گەرمی دەدایەوە، دوای ڕێبڕینی چەند هەنگاوێ لە ژێر خۆرەتاوی سووتێنەردا، لەپڕێکا ژنە هەستی کرد، کە خاوییەک بەسەر جەستەیا زاڵبووە، بێ ئەوەی بتوانێ بەو هۆیە بکەوێ، کە لە تەماشاکردنی هەیکەلی پیاوێ لەبەردەم ئەودا ڕێ دەبڕێ، هەستی بە لەززەتێکی قووڵ دەکرد، سەیری ماسولکەکانی ئەوی دەکرد، کە لە ژێر کەوای درێژو بریقەداریا لە جوڵەدا

بوون، ئەو کەوایەی کە لە قوماشی ناسک دورستکرابوو، هەروەها سەیری گەردەنی کلۆفت و رەنگ پەڕیوی ئەوی دەکرد، کە دانەدانە ئارەقەی بەسەردا دەبریقانەوەو ئەو پێیەی کە بە گۆرەوی سپیو کەوشێکی کەتانی مشکی داپۆشرا بوو، بەبێ دەنگی بە دوایدا دەڕۆیشت، کە لێی نزیک تر دەبۆوە، ئەو بۆنەی هەڵدەکێشا کە لەو هەڵدەستا، بۆنێکی هێجگار توند کە لەبۆنی ئەتر نەدەچوو، بۆنێ کە لە گۆشتی ئێسقانو ئارەقەی پیاوانە هەڵدەستا.

کاتێ ژنە گەنجەکە هەستی کرد، کە ئەو بۆنە دەگاتە بەرلوتی، هەوەسێکی وا زاڵ بوو بەسەریا، کە لە خۆیو لەوەی بەلای ئەوا رەوان بوو، کەوتە وەحشەتەوە. بەسەر ئەو کوێرە رێگایە بە گیا دەپۆشراوەیەدا وەستاو بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی:

- ئاخ، یادم چوو کە دەبێ شتێ بە دایە گەورە بدەم.

لەوکاتەی کە پیاوەکە ئاوڕی لێدایەوە و چاوی بڕیە ئەو ژنەوە، کەوتە منەمنو زمانی تێکئالا، بە جەستەی سووتاو لە گەرماییو هەوەس، کە لەپڕێکا دووچاری لاوازی هات گوتی:

- ببورە من شتێکی پێویستم لە بیر کردووە.

بە خێرایییەکی تەواوەوە بە هەمان رێدا گەڕایەوە، پیاوەکە لە کاتێکا چاوی لەو دووری بوو، یەکڕاست گەڕایەوە ماڵو بێ ئەوەی کەسێ ئاگای لێ بێ لەسەرەخۆ لەدەرگادا چووە ژوورەوە، هەمووخەوتبوون، وردە وردە رۆژ هەڵدەکشاو گەرماکە خنکێنەرتر دەبوو، لەولای کوچەوە ژنی ئامۆزاکەی دانیشتبوو، خەو بردبوویەوەو دەوی بە نیوە کراوەیی مابۆوە، منداڵە ساواکەی بەسەر مەمکیەوە چووبووە خەوەوە، لەولاشەوە دایە گەورە خەوتبوو، لوتی تا سەر چەنەگەی شۆڕ

بووبۆوه، وەکو ئەو کاتەی کە لەبەر هەتاو دادەنیشت کراسی تا کەمەری هەڵکردبوو، کچەش لە ژووری گەرم و خنکێنەری ماڵ وەدەر کەوتبوو، لە پای بەردێکی فێنک کە لە جێی بالیف بە کاردەهات، گلۆڵە بووبوو ئەویش خەوی لێکەوت، برا بچوکەکەشی روتو قووت لە ژێر دار بیدا پانەوپان راکشا بوو، ئەوسا وەزعی رۆژ گۆڕا بوو، رووناکیەکەی کەم دەبۆوە، هەرچەند کپیو وەستانی زێدەتر دەبوو، گەرمای سووتێنەری توندتر دەبوو، پەڵە هەوری درشتو رەش کە سکی پڕ بوو لە شێوەی سەیرو سەیرو غەریب، لەبەرزایی کێوەکاندا کەوتبووە هاتو چۆوە، لەهەمان حاڵدا بریقەیان دەدایەوە، شیرازەیان درەوشانەوەیەکی نوقرەییان هەبوو، هەموو لە نووری دەرونیدا رۆشن دەبوونەوە. هەتا دەنگی مەگەزو ئاوازی پەرەندەش لە کپی گەرم ودامەن بەرفرەی ئەو رۆژەدا خەفە بووبوو، بەڵام دایکەکە خەو نەیدەبردەوە، لە سەرەخۆ چووە ناو ژووری خامۆشو تاریکی ماڵەوەو بەسەر تەختەخەوی خۆیدا رونیشت، خوێن لە لاجانگەکانی لێی دەدا، ئەوە هەمان خوێنی جەستەی تێنووی ئەو بوو، ئێستا دەزانێ چ مەرگییەتی، ئیدی بەدوای ئەوە نەبوو وەکو ژنێکی شارستان خۆی هەڵخەڵەتێنێ و وەکو ئەو بڵێ نەخۆشم، ئەو سادەتر لەوە بوو کە خۆی لە خۆیدا پەنهان بکات، بەدرێژایی تەمەنی خۆی، هیچ کاتێ خۆی تا ئەو رادەیە ترساو نەبینی بوو، چونکە دەیزانی ئەگەر ئەو تێنوێتییە لە خۆیا بنیشێنێتەوە، ئەوە دەبێتە شێتی، هەتا لەبیری ئیمکانی ئەو بیرۆکەیەشدا نەبوو، کە ئەوپیاوە لە بیرخۆی بەرێتەوە، بە تایبەت ئێستا کە هەستی بەوە دەکرد، بەتایبەت کە ئەوساهەوەسی ئەو لە هەوەسی خۆشیدا بە شیدەت ترە، ئەوەبوو کە بە دەنگێکی

بەرز ناڵاندیو لەبەرەخۆ گوتی:

- باشتر بوو کە ئەو منی نەوویستایە و بریا منی لە خۆی بەدوور گرتبا، ئەوکات دەمتوانی نەجاتم بێت.

بەڵام لە هەمان ناڵەو مکوڕیدا، ناچار بوو تەختەخەوی خۆی جێبهێڵێ، لە جێوە هەڵسایەوە، ئەوگوندەی جێهێشت کە چووبووە خەوەوە، لە هەمان ئەورێگایەی کە پێیدا هاتبوو، گەڕایەوە دەشتایی، لە ژێر هەوری درشتو تیرەو شیرازە نورانیدا، لەوکاتەی کە کێوەکان دەورەیاندابوو، رەنگی سەوزو یەکدەستەی ئەوان بەسەر زەویدا دیار بوو، ریگەی دەبڕی، لە ژێر ئاسمانێکی واداو لە کوێرە رێگایێ بۆ پێشەوە دەچوو، کە بەدەوری زیارەتگایەکدا دەسوڕایەوە، لە ناو دەمی ڕاڕەوی ئەوزیارەتگایە بچووکەدا، پیاوەکە وەستا بوو چاوەڕوانی دەکرد.

ژنە ئەو قودرەتەی لە خۆدا نەبینی کە پێ لەسەر پێ هەڵگرێ، کاتێ پیاوەکە چووە ناو نوێژگای پەرستگاوە، ژنە گەنجەکەش بەدوای ئەودا تا ئاستانەی نوێژگاکە چووە پێشەوەو سەیرێکی ناو پەرستگای کرد، پیاوەکە لە گۆشەیەکی نیوە تاریکی پەرستگادا وەستا بوو، چاوەکانی وەکو درندە لەکەمیندا دەدرەوشایەوە، ژنەش بە نۆبەی خۆی چووە ژوورەوە، هەردووکیان لەو شوێنە مەیلەو تاریکەدا، لەیەکتر ووردبوونەوە، دوو بوونەوەر بوون کەلە خەونێکی کامڵدا ساتەکەیان بەسەر دەبرد، هەردووکیان بە نائومێدی کێشرابوونە قۆناغێکەوە کە دوورکەوتنەوە لەو قۆناغەدا لە قودرەتی ئەواندا نەبوو، هەردووکیان ئامادەی کارێ بوون، کە دەبوایە ئەنجام بدرێت.

لەو ساتەدا ژنە دوودڵ بوو، لە خەونی خۆی هاتە دەرەوەو

چاوی کەوت بە پەیکەری سێ خودای ناو پەرستگاکەوە، خودا گەورەکە لە سورەتی پیرەمێردێکی بە ویقار بوو، راستەوخۆ سەیری بەردەمی خۆی دەکرد، لەولاتر دوو دەستیاری ئەو کەدوو خودای شەریفو بچووک بوون، لە کەناری رێگایێ کە بەناوەندە خەرابەی پەرستگاکەدا رەت دەبوو، قەراریان گرتبوو، بە خاتری کەسانێ کە بەو رێگایەدا رەت دەبوون، تا سەبارەت بەوان مەراسیمی پەرستن ئەنجام بدەن، یاخود پەناهەندەی ئەوان بن، ژنە جلەکانی خۆی داکەندبوو، هاویشتیە سەریانەوەو چاوی ئەوانی داپۆشت.

# بەشی یازدەهەم

هەمان رۆژ لەکاتی شەودا، لەپڕێکا با هەڵیکرد، با وەکو پڵنگێ لە دوورەوە لە کوێستاندا بنەڕێنێ، دەینەڕاند، هەموو هەورەکانی ئاسمانێ، کە لە خاڵێکدا بە هەڵواسراوی‌و تژی باران مابوونەوە، کە ماوەیەک پێشتر رۆشناییان خامۆش هەڵگەڕابوو، هەموویانی بڵاوە پێدا، لافاو لە هەموولایەک دایکرد، پاش نیوەڕۆی لەخۆدا غەرق کرد.

لە دیماهیدا کە هەڵم پەرش و بڵاو بۆوە، سپێدەیەکی فێنک وساف، وەکو ئەوەی کە بەسەر تاقێکی خۆڵەمێشیدا کەوتبێ، گزنگیدا، بەڵام وێڕای تۆفان‌و سەرما، ئەجەلیش کە ماوەیەک دواکەوتبوو، لەپڕێکا هاتە سۆراغی دایە گەورەوە، پیرەژن ماوەیەکی درێژ خەوتبوو، جەستەی پەککەوتەی لەبەر بای شەواندا، بەرووتی مابۆوە، کە دایکەکە لە تەنگەی خۆراوابووندا بێدەنگ‌و خامۆش گەڕایەوە ماڵەوە، لەروودا هەمان ئارامی رۆژانی رابردووی هەبوو، کە لە رەنجی کارێکی شەرافەتمەندانە دەگەڕایەوە ماڵەوە، پیرەژنی بینی لەبەر نەخۆشی تاولەرزێکی ناگەهانی، بە جەستەیەکی بە ئازارەوە، لەناوجێدا کەوتووە، بە ناڵەناڵەوە گوتی:

- کچم رۆحێکی پیس بەسەر مندا زاڵبووە، بایەکی نەفرەتی کەوتۆتە گیانی منەوە، دەیناڵاندو دەستی لەڕو ئێسقانییەکانی خۆی درێژ دەکرد، دایکەکە دەستی گرت، بینی ووشک

وئاگراوییە، لەم وەزعەدا هەستی بە لەززەتێکی پەنهان کرد، خۆشحاڵبوو بەوەی دەتوانێ بێ ئەوەی ئەندێشەی دڵی خۆی و گووناهە شیرینەکەی خۆی بکات، بە دایەگەورە رابگات، بە سۆز کردنەوە گوتی:

- وای چ ئاسمانێکی رەش‌و گیراو بوو، من لە ترسی ئەوەی نەبادا ئێوە لەبەر باران مابنەتەوە، دەمووویست زووتر بگەڕێمەوە ماڵ، بەڵام بیرمکردەوە کە خۆتان دەبینن هەوا چەند تاروتیرەو گیراوە، پەنا بۆ ژوورەوە دەبەن.

پیرەژن بە ناڵە کردنەوە گوتی:

- من خەوتبووم، بە هەمان شێوە لە خەودا مامەوە، تا ئەو کاتەی کە بێدا بوومەوە، بینیم خۆر ئاوا بووەو ساردی مەرگ نیشتۆتە سەر چەستەمەوە.

دایکەکە بە پەلە ئاوی بۆ گەرم کردو بە زەنجەفیل، چەند گیایەکی تینبەخشی کوڵاوی دورست کرد و تێی هەڵسووی، لەگەڵ ئەوەشا لەکاتی شەودا، تای بیماری بەرزبۆوە نەنە گەورە شکایەتی لەوە هەبوو، مێردەزمە بەسەر سینەیەوە دانیشتووەو ناهێڵێ هەناسە بکێشێ و کێردی خۆی لە سیەکانی بردۆتە خوارەوە، پاشان لەقسە کەوت، هەناسە لە سینەی گیراویدا ووشک‌و پچڕپچڕ دەهاتە دەرەوە.

ژنە گەنجەکە خۆشحاڵبوو بەوەی کە ناهێڵن بخەوێ و رازی بوو بەوەی کە ناچارە تەواوی شەو، بەسەر بالینگانی خەسووی خۆی بەسەر بەرێ، هەر کاتێکیش بە ناڵەو پاڕانەوە ئاوی بوێت ئاوی بداتێ، یا هەر کاتێ لە بەر توندی تایە سووتێنەرەکەدا، لێفەی لەسەر خۆ لابدا، دووبارە لێفەکەی بەسەر داداتەوە. لەدەرەوە شەو تاریکبوو، تۆفان و بارانێکی تووش، بەسەر بانی پووشالیدا دەیکوتایەوە، جێبەجێ میچی

کون دەکرد، لەبەر هەندێ دایکەکە ناچار بوو، کە تەختە خەوی پیرەژن لەوشوێنەی دڵۆپەی دەکرد بکشێنێتە کەنارێکەوە، هەروەها سفرەیەکی حەسیریشی بەسەر منداڵەکان دادا، کە خەوتبوون، تا لە دڵۆپەیان بپارێزێ، ئەو هەموو ئەوکارانەی بە خۆشخاتری دەکرد، خۆشحاڵبوو بەوەی کە بەدرێژایی شەو خەریک بوو، لە بەربەرەی سپێدەدا، حاڵی پیرەژن خراتر بوو، ئیدی هیچ جێگەی گومان شوبهە نەبوو، دایکەکە کورە گەورەکەی خۆی ناردە سۆراغی ئامۆزای، ئەوەندەی نەخایاند کە خۆی ژنەکەیو چەند کەسێ لە هاوسێکان هاتن، هەر هەموویان سەیری پیرەژنیان دەکرد، کە هۆش وحەواسی لە جێی خۆدا نەبوو و نەیدەزانی چ لە دەوروبەری ئەودا روودەدات، لەبەر تووندی تاو هەوڵی زۆری بۆ هەناسە هەڵکێشان، زەینی تێکچوو بوو، هەر یەکەو بەدەنگێکی بەرز دەستوری کارێکی دەداو دەرمانێکی بۆ رادەسپارد، دایکەکە بۆ جێبەجێ کردنی ئەودەستورانە بەملاوبەملادا رایدەکرد، تا هەمووئەوانە یەک لەدوای یەکتری ئازمون بکات، لەیەکساتی دیاریکراودا پیرەژن هاتەوەهۆش وسەیرێکی ئەو ئاپۆرەیەی کرد، کە بەدەوریا ئەڵقەیان بەستابوو، ئەو کاتە بەدەنگێکی گیراو کە بە زەحمەت لە گەروی دەهاتە دەرەوە گوتی:

– مێردەزمە بەسەر سینەمەوە هەڵنیشتوەو ئەجەلی من گەیشتووە.

دایکەکە بە پەلە لێی نزیکبۆوە، تێگەیشت کە پیرەژن بێچارە تەقەللا دەدات، تا شتێ بڵێ بەڵام ناتوانێ، لە ناوەوە بەدەستی لەرزۆکی خۆی ئەو کفنەی رادەکێشا کە پێشترێ هەر کاتێ کفنەکەیان پینە دەکرد، ئەو پێدەکەنیو دەیگوت :

–ئەوکفنەش دەدڕێنم.

بەڵام ئەمڕۆش بەهەمان چەشن کفنی خۆی رادەکێشا، کاتێ دایکەکە لەسەرەخۆ سەری بەلای ئەودا خوار کردەوە، پیرەژن بە سەدایەکی پچڕ پچڕ تەنها توانی ئەوە بڵێ:

- ئەوکفنە پینەدارە...کوڕم..

ئامادەبووان بەسەرسوڕمانەوە سەیری یەکتریان کرد، بەڵام کوڕی گەورەترێ یەکسەر گوتی:

- دایە من دەزانم ئەو چی دەوێت، دەیەوێ کفنی سێهەمی نوێ بێت، دڵی دەخوازێ لەناو ئەو کفنە بخەوێ کە باوکم قەولی پێدا بوو بۆی بنێرێ، ئەوهەمیشە دەیگوت :

- تەمەنی خۆی بە دڕاندنی ئەو کفنە کۆنەوە بەردەوام پێدەدا.

سیمای پیرەژن کەمێ رۆشن بۆوەو هەموو ئەوانەی کە گوێیان لە دەنگی دەبوو گوتیان:

-بەڕاستی لەو تەمەنە چ دەماغێکی هەیە؟

پاشان لەسەری رۆیشتن وگوتیان:

- پیرەژنێکی چەند ئازایە حەتمەن بەوشێوەی کە خۆی چاوەڕوانە، کفنی سێیەمیشی دەپۆشێ.

شادییەکی مەرگامێز کە بەزەحمەت هەست پێدەکرا روخساری قۆپاوو بوم ئاسای ساودا، لەکاتێکا هەناسە سواربوو بوو، جارێکی تریش توانی بڵێ:

- تا ئەوکاتەی کە کفنی... نوێ نەدورن .. لەبەرم ... نەکەن، گیانم دەرناچێ.

بە پەلە کەوتنە سەر ئامادەکردنی قوماشەکەوە، ئامۆزا چوو تا بیکڕێ ودایکەکە گوتی:

- پارچە کوتاڵێ لە جنسێکی باش کە رەنگی قورمزی بێت هەڵبژێرە، ئەگەر پولت پێیە بیدە من بەیانی دەتدەمەوە.

ژنه گەنجەکە پێی لەسەر ئەوە داگرتبوو، کە بۆ خەسووی باشترین وجوانترین قوماش ئامادە بکات، لەهەمان شەودا کاتێ ئەهلی ماڵ ئارام بوونەوە، ئەو زەوی هەڵکەندو ئەوپارەوپولەی دۆزییەوە کە پەنهانی کردبوون،
بە میزان ئەوەندەی لێهەڵگرت کە بۆ بەرێکردنێکی ئابرومەندانەی خەسووی بۆ گۆڕستان پێوویست بوو، بەم وەسفەوە وا دەهاتە بەرچاو ئەو ئامادە نەبێ لەبارەیەوە ئەندێشە بکات، واتە ئەوساتەی کە سەرگەرمی کارکردن بوو، هاوکات شادی لەقوڵایی بوونی ئەودا شاردرابۆوە، ئەوی لە شێوەی ژنێکی باش ومیهرەبان خستبووە روو، کە بەتاسوقی خزمەت کردنی کەسانی خۆی بێت، کاتێ بەم پەیوەندی و دڵسۆزییەوە زەحمەتی دەکێشا، هەستی بەوە دەکرد، ئازاری رازەکەی دەروونی ئۆقرەی گرتووە، دوو شەوی تەواو نەیهێشت هەتا بۆ یەکساتیش چاوی لەسەر یەک دابنێ، بێ ئەوەی بایەخ بە ماندووبوونی خۆی بداتو یا بەسەر مناڵەکان بقیژێنێ، لە هەمان حاڵدا سەبارەت بەو نەخۆشەی لەسەرەمەرگا بوو، زۆر بەمیهرو خۆشەویستی رەفتاری دەکردو خۆی تەرخان کردبوو بۆ خزمەتکردنی ئەوەوە، کە ئامۆزاکەی قوماشەکەی هێنا، دایکەکە زۆری لەچاوی پیرەژن نزیک کردەوە، کە لە داخستن دابوو، چونکە پیرەژن هەرسەعاتو سەعات کوێرترو کوێرتر دەبوو، بەدەنگێکی بڵند پێی گوت:
- دایە خۆت راگرە تا من ئەو جلە بۆ تۆ بدوورم.
ئەوە بێنەوایەی لەسەرەمەرگا بوو، ئازایانە وەڵامی دایەوەو گوتی:- بەڵێ من نامەوێ بمرم. لەگەڵ ئەوەشدا هەناسە یارمەتی نەدەدا قسە بکات، هەتا نەیدەتوانی هەناسەش

هەڵبکێشێ، چونکە هەموو هەناسە هەڵکێشانێک بۆ ئەو بە ئازار بوو، دەبووە خڕەخڕ، دایکەکە پەلەی دەکرد، سوژنەکەی لە رادەبەدەر خێرا بوو، لەناو قوماشەکەدا رای دەکرد، جلەکە لە قوماشێکی جوان بریقەدار بوو، وەکو جلی بووکێنی قورمزی، ئاوا دوورایەوە، لەکاتێکا پیرەژن بە چاوانی لێڵو ماتی خۆی لەوقوماشەدا رامابوو، کە لە سەر ئەژنۆی دایکەکەدا دەبریقایەوە، ئیدی دایکەکە نە دەیتوانی خۆراکێ بخواتو نە دەیتوانی قومێ ئاو بخواتەوە، هەتا نەیتوانی ئەوشیرە شلەتێنە وئینسانیەش کە یەکێ لە ژنەکانی هاوسێ لە مەمکی خۆی کوشی بوویە ناوکاسەیەکەوە هەڵقوڕێنێ، کە دەیانگوت و بینی بوویان ئەوشیرە باشە گیانی پیرەمێردێکی لەمەرگ نەجات داوە، بە مووێکی باریکی ژیانەوە هەڵواسرابوو، لە چاوەڕوانی دابوو، دایکەکە بێ پچڕانەوە دەیدوری، هاوسێکان خۆراکیان بۆ دەهێنا تا ناچار نەبێ دەست لە کار هەڵگرێت، لە کۆتاییدا کاری خۆی لەماوەی رۆژێکو بەشێ لەشەو کۆتایی پێهێنا، ئامۆزاکەیو ژنەکەیو یەکدوو هاوسێ مابوونەوە و سەیری ئەویان دەکرد. لە راستیدا تەواوی خەڵکی دێ گوێیان قولاغ کردبوو و لە سایەدی دابوون، لە خۆیان دەپرسی کە کام یەک لەوانە لەو پیشبڕکێیەدا دەبەنەوە، دایکەکە یاخود ئەوەی لەسەرەمەرگ بوو؟

لە دیماهیدا هەموو شتێ کۆتایی هات، کفنی قرمزرەنگ ئامادە بوو، ئامۆزاکە تەنی لەڕولاوازی پیرەژنی بەرز کردەوە، لەکاتێکا کە دایکەکەو ژنی ئامۆزانەکەی ئەو جلە تازەیەیان لەبەر ئەو جەستە لاوازو ووشکو ژاکاوە دەکرد، کە وەک لقێکی شکاوی درەخت وابوو، پیرەژن ئیتر نەیدەتوانی قسە بکات، بەڵام لە مەسەلەکە گەیشت، پاشان دوای یەکدوو

خڕەحڕی توند، کەدوا هەناسەی بوو، چاوەکانی بە چەشنێکی زەق زەق لە یەک کردەوە، ئینجا بۆ ئەو کفنەی سێیەمی خۆی بینی ، کە دوا ئارەزووی هاتووە دی خۆی بوو، بزەیەکی هاتیو سەرکەوتووانە گیانی سپارد، دوای ئەورۆژەی کە دایە گەورە بە خاک سپێردرا، هەرچەندە پەلەکردنێکی تر بێ سوودبوو، بەڵام دایکەکە هەروەک پێشوو، بەردەوامی بە هەوڵو تەقەللای سەختی خۆیدا، زیاتر لەجاران لە کاری مەزرادا جیدییەتی بەخەرجدەدا، کاتێ کوڕەکەی دەیەویست دەست بۆ کارێک ببات، ئەو خۆی پێشتر دەستی پێکردبوو، بە شێوەیەکی زبرامێز بەسەریا هاواری دەکردو دەیگوت:

- لێگەڕێ با خۆم بیکەم، جێی دایە گەورە زۆر لەوە زیاتر خاڵییە کە من ئەندێشەم دەکرد، من پەشیمانم کە بۆچی ئەو رۆژە لە کاتی تۆفانەکە نەگەڕامەوە ماڵ؟ تا ببینم لەکاتی خۆراوادا تەواو گەرم وگوڕە یا نا؟

لە گوندەکەشدا هەروا خۆی دەنواند کە بۆمەرگی دایەگەورە دەگری، هەمیشە لۆمەی خۆی دەکرد، خەڵکی زۆر ستاییشیان دەکرد سەبارەت بەوەی تا ئەو رادەیە خەم دەخواتو دەیانگوت:

- وای بوکێکی چەند چاکە، کە ئەوەندە بۆ مەرگی خەسووی خەمبارە.

دڵیان دەدایەوە یەک لە دوای یەک دەیانگوت:

- نارەحەت مەبە خانم مەگری، ئەو زۆر پیر بوو، تەمەنی خۆی بەسەربردبوو، سودی چییە لەوەی کە ئێمە تا ئەو رادەیە خەمی ئەو ساتە بخۆین، هەتا بەر لەوەش کە پێبگرین یا وەقسە بێین؟ بۆ ئێمە موقەددەر بووە؟ سەد شوکر کە مێردەکەت هێشتا زیندووەو دوو کوڕیشت هەن. کەواتە

ئازایەتیت هەبێ خانم.

بەڵام ئەوە تەنها هێور کردنەوەیێ بوو بۆ دایکەکە، تا لە پەنای ئەوە بەهانەیێ بۆ پەنهان کردنی شپرزەیی‌و خەمی خۆی بدۆزێتەوە، چونکە ئەو بەڵگەی خۆی هەبوو بۆ ئەو ترس‌و شپرزەییە، زۆر جاران لە دەشتایی دا هەلی وەردەگرت‌و لەو کاتەدا ناخی دڵی خۆی دەپشکنی‌و سەیری ئەو ترسەی دەکرد، کە لەکاتی هەڵسانی تۆفاندا لەخۆیا حەشاری دابوو، لە چەند رۆژەی رابردوودا، خۆشحاڵبوو بەوەی کە تا ئەو رادەیە سەرگەرم و خەریک بووە، هەتا بە مەرگی پیرەژنیش دڵخۆش ورازی بوو، بە شێوەیەکی غەمبارانە بە خۆی دەگوت:

- باش بوو کە پیرەژن مردو لەوە نەگەیی کە من ترسم لە چی بوو.

مانگێ تێپەڕی بوو ئەو هەر دەترسا، پاشان دوو مانگ‌و سێ مانگ رابرد، وەرزی دروێنە کردن گەیشت، خەرمانیان کوتایەوە، ئەوەی ئەو لە کاتی کاری رۆژانە بە شێوەیەکی نادیارو شاراوە لێی دەترسا بوو بە یەقین، ئیدی هیچ گومانێ بۆ ئەو نەمابوو، رۆژگارێکی بەدتر لە چاوەڕوانی ئەودا بوو، لەبەر ئەوەی دایکی دوو کوڕو کابانی خانەوادەیەکی شەرافەتمەندو زەحمەتکێشی گوند بوو، ناچار بوو نەفرەت لەو رۆژە تۆفانی‌و لە هەوەسە ئاگرینەکانی خۆی بکات، بەچاکی وای بۆ دەچوو کە بەو جەستە سووتاوەی لە هەوەسدا، کە یەک پارچە ئامادەیی بوو، دەگەڵ ئەو بیرۆکە شپرزەیەی کە هەوەسێکی تایبەت بوو بەوەوەو بەدوایدا گەڕابوو، بە قەهرەوە دەبوایە بەرهەمی شومی ئەو ساتە وەبار بێت و بێتە کایەوە، جگە لەمەش، پیاوەکەش بەهێزو ساغ، لەو پەڕی

قودرەت دابوو، کەواتە چۆن دەیتوانی چاوەڕوانی ئەوە بێت جگە لەوەی، کە لەمیانی ئەواندا رابردبوو روداوێکی تر رووبدات؟

چ رازێکی سەیر بوو، دەبوایە لە بێدەنگی شەوەنگاواندا، لەوکاتەی کە منداڵەکان لە خەودابوون و دایکەکە بەو جۆرە حەپەساوی و سەرسامیە گەورەیەوە، هەوڵی شاردنەوەی ئەوە بدات؟ دایکەکە زاتی نەدەکرد هەتا گەورەترین ناڕەحەتی خۆشی وەدەرخات، سەیرەکە لەوەدابوو ئەو کاتانەی کە ئەو سگی بە منداڵە حەڵالەکانی خۆی پڕ دەبوو، هەستی بە هیچ جۆرە نارەحەتیەک نەدەکرد، بەڵام ئێستێ هەرکاتێ لوقمەیەک ئاودیو دەکات، دڵی سەخڵەت دەبێ، وا دەهاتە بەرچاو کە ئەو تۆوە لە سگی ئەودا وەک هێزی گیای هەرزن، ناقوڵاو سەرکێشانە گەشەی دەکرد، بێ ئامان جەستەی ئەوی دەخوارد، دەبوایە هیچکەس ئاگای لەو رووداوە نەبوایە.

هەر شەوێ کە رادەبرد، ناڕەحەت تر دەبوو، بە دژوارییەکی زیاترەوە دەیتوانی راکشێ، هەر لەبەر ئەمە بەسەر تەختەخەوی خۆی دادەنیشتو دەیناڵاندو بەخۆی دەگوت:

- بریا دیسانەوە خۆم بەتەنهایی هەست پێکردبا، ئەوشتە لەدڵم نەبووایە، بریا هەر وەکو پێشوو بام، خۆشبەخت بووم،.

زۆر جاران ئەو بیرە شیتانەیە لەسەری دەدا، کە خۆی بە تەختەخەوی خۆی هەڵبواسێ، بەڵام ئەمکارە عەمەلی نەبوو، سەیری منداڵەکانی دەکرد کە چووبوونە خەوەوە، منداڵە باش‌و حەڵاڵەکانی خۆی، هێزو تاقەتی بیرۆکەیەکی واینەبوو، کە هاوسێکان بێن‌و سەیری لەشی بکەن و تێبگەن، کە ئەو بۆ خۆی کووشتووە، لەبەر هەندێ رێگەیەکی تری لەبەردەمدا

نەبوو، جگە لەوەی بەزیندوویی بمینێتەوە، لەگەڵ بوونی دەردو رەنجی خۆی ونەفرەتێ، کە زۆر جاران راستەوخۆ لە بوونی ئەودا هەڵدەسا، دیسان هەوەسی ئەو پیاوەی دەکردەوە، هێشتاکە لە بیماری ئەو جەزبەیەی کە ئەو پیاوەشارستانە بەسەر ئەوی هێنا بوو، بەهەمان قودرەت ودەسەڵاتی نهێنی، کە کاریگەریەکەی لە بوونی ئەو ژنە گەنجەدا بەهێز دەبوو، ئەوی توووند راگرتبوو، پەشیمان بوو لەوەی کە تەسلیمی ئەو پیاوە بوو بوو، بەم وەسفەوە سەرەڕای شەرمی راستگۆیانە وداخی ئەوەی لەبەرابەری ئەودا موقاوەمەتی نەکردووە، لە رۆژو لە شەودا لە حەسرەتی دیداری ئەوا ئاخی هەڵدەکێشا، لە هەمان کاتدا لەترسی ئەوەی نەوەکا بیبینن، زاتی نەدەکرد بەدوایا بگەڕێ، چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی کە لە چاوەڕوانی ئەودا بمینێتەوە، چونکە وەها دەهاتە بەرچاو، کە ئەو تاقیب کردنە ئەوی بە وێنەی ژنێکی کەوتوو و بودەڵە وەدەرخات، تا ئەو شوێنەی کە وای لێدەکرد ئامادە بێت تەسلیمی هەموو رێبوارێ بێت،

سەیر ئەوە بوو لەولاوە پیاوەکە لەو تێر بوو بوو، ئیدی بەدرێژایی هاوین نەگەڕایەوە دێ، تەنها بە حوکمی وەزیفەکەی نەبا، واتە ئەوکاتە بەدیار کەوت کە بەرهەم هاتە دەست، ئەو جارە وەکو رابردوو تووڕەو توند بوو، پەیمانە بەشی خۆی تەواوداوادەکرد، کوڕە گەنجەکە بەسەرسوڕمانێکی تەواو وەدەریخستو گوتی:

– دایە مەگەر ئێمە لەچی ئەومان ناڕەحەت کردووە؟هاوینی رابردوو زۆر میهرەبان بوو.

دایکەکە بە بڵمە بڵم وترشڕوویییەوە وەڵامی دایەوەو گوتی:–

- من چوزانم؟
وەلیّ کە بینی سەرکار ئامادە نییە سەیری سەکوتی بکات، تێگەیشت کە مەسەلەکە لە کوێیە، پیاوەکە هەتا لە جەژنی دروێنەشدا، کەمترین سەیری ئەوی نەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ژنە گەنجەکە، ئەو رۆژە خۆی تەڕو تەمیز شوشتبوو، قژی شانە کردبوو و رۆنی لێدا بوو، سوخمەو شەلوارێکی خاوێنی لەبەر کردبوو، تەنها ئەو گۆرەویە نوێیەو ئەو پێڵاوەی لەپێ بوو، کە بە بۆنەی بە خاک سپاردنی دایە گەورەوە بۆ خۆی دورستی کردبوون.
دایکەکە بەم سەرووەزعو جلەوە، بە ئومێدێکی لاواز لەدڵ و نارەحەتیەکی زۆرەوە، کە خوێنی هێنابووە گۆناکانیەوە، بە نیگایێ کە لەبەر کاریگەرێتی ترس‌و شپرزەیی زراوچوونی دەروونی بوو، تای گرتبوو، بەپەلە بەرەو لای ئەنجوومەنی جەژن چوو، لەوێ لەبەردەم سەرکار دەهات‌و دەچوو، لەگەڵ ئەم وئەودا کەوتە قسەوە وهەرای خستبوە ئاراوە، هەوڵیدا خۆی شادو گەش پیشان بدات، ژنان لە گۆنای سوورفڵ و نیگای رۆشنی ئەوەوە سەریان سوڕ مابوو، چونکە تاوەکو ئێستا ئەویان هەر بە رەفتاری توندوتۆڵ و بەویقار بینی بوو، لەگەڵ ئەوهەمووەشدا پیاوەکە هیچ بایەخی پێنەدا، شەرابی برنجی کاڵی خواردەوە، لەبەر ئەوەی تامی کردبوو بە شێوەیەکی فەرمانئامێزەوە بەجووتیارەکانی گوت:
- من یەکدوو گۆزە لەوشەرابەم دەوێ، ئەگەر پێتان دەکرێ بمدەنێ‌و سەریشی بەتوندی بە گڵ بگرن، تا تامی شیرینی خۆی لە دەست نەدات.
بەڵام وانەدەهاتە بەر چاو، کە چاوی بە دایکەکە کەوتبێ، کە ژنە بەبەردەمیا رەتدەبوو وا بە زەحمەت نیگای بەلای ئەوا

دەکرد، وەک بڵێی ژنێکی نەناسیاو و ئاسایی لەبەرامبەریدا تێپەڕیوە، ژنە گەنجەکە دڵی دەیخوازی تێبگات، کە ئەگەر ئەوپیاوە ئیدی خۆشی ناوێ، هێور دەبێتەوە یا نا؟ بەڵام نەیدەتوانی تاقەتی بەرگەگرتنی ئەندێشەکردنی ئەوەی هەبێت، لە ناوەندی جەژنەکەدا، دوای نیوەڕۆ گەڕایەوە ماڵ، بە دەستێکی لەرزۆکەوە ئەو زێڕانەی لە حەشارگاکە دەرهێنا، کە پیاوەکە بەوی دابوو، ئەنگوستیلەکانی لە جیاتی ئەلقە فلزییەکە، لە گوێ کرد، کە ساڵانێکی دوورودرێژ، بۆ ئەوەی کونی لالەی گوێی پڕ نەبێتەوە، لەگوێی کردبوو، ئەنگوستیلەکانی لە پەنجەی ناقولاو بەهێزی خۆی کرد،پاشان جارێکی تر بە مەبەستی سەرنجراکێشانی سەرکار، وێڕای ژنانێ کە خزمەتی پیاوانیان دەکرد، لەتەنیشت مێزی جەژندا وەستا، بێوەژنە فزولەکەی دێ، ئەورۆژە لە ناو ژنان دانیشتبوو، هەتا توانیبووی پێیەکانی خۆی، بەوکەوشە نوێیەی کە لەپێی کردبوو نیشان دابوو، کە چاوی بە دایکەکە کەوت بە دەنگێکی بەرز گوتی:

- بەه بەه خانم دواجار پێت لە جگەری خۆت ناو زێڕت کڕی، هەرچەندە مێردەکەشت لێرە نییە بەخۆتت هەڵواسیوە.

ئەوقسانەی ئەوندە بە بەرزی گوت، کە ژنەکانی دیکە هەموو سەریان بەرز کردەوەو کەوتنە پێکەنینەوە، پیاوانیش لەبەر خەندەو وخۆشحاڵی ژنەکان کەوتنە خەندەوە، سەرکاریش کاتێ ئەو پێکەنین و قسە تیزئامێزانەی سەبارەت بە ژنەکە بوو بیست، بە پۆزەوە سەری لەسەر سنی خواردن هەڵگرتو بە دەمی پڕەوە، سەیری سەراپای دایکەکەی کرد، بەو چەشنەی کە خەریکی جوینی لوقمەکە بوو. بە بێ بایەخییەوە بەڵام بە دەنگی بەرز کە ژنە جاحێڵەکە بیبیستێ

گوتی:- ئەوژنە کێیە؟

سەیرێکیشی کردە روخساری سووراو لێدراوی، وا رووی خۆی لێ وەرگێڕا، وەک بڵێی ئەوی نەبینیێ، دووبارە خەریکی خواردن بۆوە، ژنەکە هەستی کرد رەنگی لە روودا پەڕیوە، بە خێرایی لە ئاپۆرەی جەژنەکەدا دەرپەڕی کەوتە راکردنەوە، لە کاتێکا ئەوانی دیکە لەوڕاکردنە شەرماویەی ئەودا، کە دەیانزانی لەبەر خەندەی ئەوان بوو، کەوتنە تیزبازیو جەفەنگبازییەوەوە. لەوساتە بە دواوە، دایکەکە خۆی دورەپەرێز گرت، لەگەڵ منداڵەکانی خۆیا مایەوە، هەراش بوونی ئەو بوونەوەرەی پەنهان دەکرد، کە لە دەروونی ئەودا نەشو نمای دەکرد، رۆژو شەو لە خۆی دەپرسی چی بکات؟ لەروودا بە ئاسایی کاری خۆی دەکرد، برنجی ئەنبار دەکردو هەموو شتێکی بۆ زستان رێکدەخست. لەجەژنی نیوە پاییزدا لەو کاتەی کە تەواوی خەڵکی دێ جەژنی خۆیان گێڕا بوو، هەر ماڵێ خۆشی و شادی تایبەتی خۆی هەبوو، ئەو کوچەی باریکی دێ غەرقی بەزم وچالاکی بووبوو، لەو کاتەی کە لە هەمووشوێنێ برنجێکی زۆرو خواردنی دیکە بوو، دایکەکە بەو هەموو ئەوخەم وخەفەتەی کە هەیبوو، چەند دانە نانی شیرینی لە شێوەی مانگ بۆ منداڵەکانی دورست کرد، منداڵەکان لەحەوشەی خەرمانگادا ئەوشیرینیەیان لە ژێر داری بیدا خوارد، کاتێ کە مانگ بە تەواوی دەرکەوت، هەموو بینیان مانگ نزیکەی وەکو خۆرەتاو رۆشن دەدرەوشایەوە.

بەڵام منداڵەکان هەموو بە مرومۆچی خۆراکیان دەخوارد، وا دەهاتە بەرچاو کە منداڵەکان لە نەبوونی خۆشبەختی لە ناوخانەوادەکەیان و هەروەها لە خولقی ناخۆشی دایکیان بەئاگابن،، چونکە لە دیماهیدا کوڕی گەورەترێ، بە شێوەیەکی

جیدی به دایکی گوت:
- من هەندێ جار لای خۆم، وا زەندەکەم باوکم مردبێ، چونکە تاوەکو ئێستا نەگەڕاوەتەوە.
دایکەکە راجفری بە توورەییەوە وەڵامی دایەوە:
- کوڕم بەد ئەو کەسەیە کە دەربارەی مەرگی باوکی خۆی قسە دەکات. بەڵام بەم قسەیە بیرۆکەیەکی کەوتبووە سەری .
کوڕە گەنجەکە دیسان گوتی:
- هەندێ جار وا دێتە سەرم، کە بچمە سۆراغییەوە، تۆ ئەگەر هەندێ پارەم بدەیتێ من ئەمساڵ هەرکە گەنمەکان چاندران ئەوەدەچم، جلی زستانیم لە پشتم دەبەستم و تا ئەگەر گەڕان‌و سووڕانم درێژەی کێشا، بتوانم لە زستاندا سوودیان لێ وەرگرم. ئەوکاتە ترس کەوتە دڵی دایکەکەو بۆ ئەوی سەرنجی کوڕەکە لەوبابەتە لادا گوتی:
- کوڕم ئێستاکە شیرینیەکی تریش بخۆ و دیسان یەکدوو ساڵ سەبر بگرە، ئەگەر تۆ وون بیت من چ خاکێ بەسەری خۆما کەم؟ لانی کەم ئەوەندە سەبر بگرە، تا برا بچوکەکەت بتوانێ جێت بگرێتەوە.
بەڵام کوڕە بچووکەکە وەکو هەمووجارێ، کە لاملی لە خواستنی شتێ دەکرد، بە بزەیەکی توندوئاگرین گوتی:
- ئەگەر براکەم بڕوات منیش لەگەڵیا دەڕۆم.
بەوچەشنەی کە بە توورەیی سەیری دایکی دەکرد، لێوە بچوک وقورمزیەکانی بە مۆڕیەوە کەوتنە سەر یەک.
دایکەکە لۆمەی کوڕە گەورەکەی کردو بڕیاری خۆیداو گوتی:
- دەبینی کاتێ ئەوقسانە دەکەی چ ئاگرێ دەکەیتەوە و

ئەومنداڵە دەخەیتە چ خەیاڵێکەوە.

ئیدی ئامادە نەبوو لەو بابەتەوە شتێکی دیکە ببیستێ، ژنە جاحێڵەکە جارێکی تر کەوتە ئەندێشەی نەخشەیەکی دیکەوە، کە کەوتبووە بیرییەوە، ئەوە پێنج ساڵ بوو بە تەنهای دەبردە سەر، خۆ ئەگەر مێردەکەی زیندوو بوایە حەتمەن تا ئێستا دەگەڕایەوە، پێنج ساڵ؟ کەواتە حەتمەن مردووە، دەبێ ماوەیەک لەمەوبەر بیوە بووبێ وئەو نەیزانیوە، سەرکاریش دووبارە ژنی نەهێنابۆوە، بۆیە ئەویش هەر بێوەمێردە، ئەو کاتانە چونکە خۆی ئازاد ئەندێشە نەدەکرد، هیچ بایەخی بە قسەی سەرکار نەدا، بەڵام ئێستا بێوەژنە، تا بەتڵێ لە شەوی رابردوو سەیری قورسی مانگی کرد، کە لە ئاسماندا دەدرەوشایەوە، منداڵەکان نووستبوون، جگە لە یەکدوو سەگ، کە هێشتا زیندوو بوون و بەو مانگە دەوڕین، ئیدی خەڵکەکە هەمووی خەوتبوون، دایکەکە هەرچەند زیاتر بیری دەکردەوە، زیاتر بەڵگەی بۆ بێوەژناتی خۆی دادەتاشی، جا ئەوکاتە ئەگەر سەرکار بیگوتایە کە مەیلی لێیە بیخوازێ، ئەوە زوو نەبوو؟ رووداوەکان یەک لەدوای یەک روویاندەدا، ناچار بوو کارێ بکات، کوڕە گەورەکەی نەخشەی خۆی لە بیر نەکردبوو، بەهەڵچوونێکی تەواوەوە خەریکی کێلانو چاندنی گەنم بوو، دوای تەواوکردنی ئەوکارانە دەیەویست بێ چەندوچوون بچێ و بەدوای باوکیدا بگەڕێ، ئەوکاتە نزیکەی باڵای بە قە باڵای باوکی بوو، وەکو قەدی خەیزەران نەرم وباریک وتووندوتۆڵ بوو، هەستی بەوە دەکرد کە گەیشتۆتە تەمەنێ پێویستی بەوە نییە قبوڵی قسەیێ بکات، بەسەر قسەی خۆیەوە، سروشتێکی ئارام و لە هەمان کاتدا بزۆز و یەکدەندەی هەبوو، ئەگەر بڕیارێکی دابا هیچکاتێ لێی

نەدەگەڕایەوە، بە دایکی دەگوت:
- لێگەڕێ هەر ئێستا بڕۆم وباوکم بدۆزمەوە، ناوی ئەو شارەی کە ئەو لێی نیشتەجێیەوە وناوی ئەوگەڕەکە و ناونیشانی ئەومالەم بدێ، کە ئەوکاری لێدەکات.
دایکەکە بۆ ئەوەی زەینی کوڕەکەی سەبارەت بەم بیرۆکەوە، سەرچیغ ببات، بە ناچاری وەلامی دایەوەو گوتی:
- نامەی ئەوم سووتاندووە، دەبێ تا سالی نوێ چاوەڕوانی نامەی تری ئەو بم.
کوڕە گوتی:- بەلام تۆ قەولت بەمن دابووکە لە بیرت نەچێ.
دایکەکە بە توندی وەلامی دایەوە و گوتی:
- وام خەیال دەکرد دەتوانم، بەلام ئەوەندە لە سەرم مایەوە فەرامۆشم کرد، سەرەڕای هەموو خەمانیش مەرگی دایە گەورەی بەسەردا هات، ئەو کاتەی کە ئەو مرد ئەگەر ناونیشانیم لە بیر مابا، ئەوە نامەیەکم بۆ دەنووسی، کاتێ کوڕە گەنجەکە کە تۆزێک رازی بوو بوو، سەیرێکی سەرزنشت ئامێزی کردە دایکیو ژنە گەنجەکە بە شێوەیەکی تووڕەوە بەسەریا هاواری کرد:
- من چوزانم کە تۆ دەتەوێ بڕۆی وهەمووان بەسەرمندا جێبهێلی، ئەوەش کەی؟ لەو کاتەی کە گەورە بوویت و بە کەلکی من دێیت؟ من قەت ئەندێشەم نەدەکرد کە تۆ دەتەوێ دایکت جێ بهێلی، من یەقینم هەیە کە لە سالی نوێدا وەکو جارانی پێشتر نامەیەکم لە باوکتەوە بۆ دێ.
ئیدی کوڕە گەنجەکە ناچاربوو سەرفی نەزەر بکات لە نەخشەی خۆی، لە هەمان کاتدا کە بە تاسووقی دیداری باوکی بوو، عەبوسترو ترشڕوو تر بوو بوو، بەلام بە

زەحمەت باوکی وەبیر دەهاتەوە، تەنها ئەندێشەیەکی نادیاری لە پیاوێکی مەقبول وخۆشڕووی لە زەینی خۆیدا هەڵگرتبوو، لەو کاتانەی هەرچەند زۆرتر ئارەزووی دۆزینەوەی باوکی دەکرد، لەدڵی خۆیدا کەمتر هەستی بە خۆشەویستی دەکرد سەبارەت بە دایکی، چونکە دایکیشی هەمیشە سەبارەت بەوەوە، تووڕە دەهاتە بەرچاوو ئامادەنەبوو یەک ووشەی حسابی لێ ببیستێ، هەر ئەوەش بوو کە کوڕە یەکجار زۆر یادی باوکی دەکرد.

دایکەکە لە بێدەرەتانییێکی سەیردا گیری خواردبوو، جگە لەرێگە چارەیەک هیچی نەدەهاتە زەینیەوە، ئەوەیش ئەوە بوو، کە بە خێرایی بروسکە دەست بەکار بێ، چونکە ئەگەر لە سەرەتای ساڵ نامەیێ نەگات، کوڕکەی ئازاری دەدات وناچاری دەکات دان بە راستیەکانەوە بنێ، ئەو کاتە چۆن دەیتوانی کوڕەکەی ئیقناع بکات، کە درۆیەکی بێبایەخ، کە لە رۆژی یەکەمدا، تەنها بۆ پاراستنی ئابڕوی ژنانەی خۆی چنیبووی، ئێستێکە بۆتە موسیبەتێکی وا گەورە و لەماوەی ئەوهەموو ساڵە رەگاژۆ بووەو پینە کردنەوەی وا بۆتە ئەو گێچەڵە.

جارێکی دیکەش دڵی خۆی بەم بیرۆکەیە دایەوە کە بڵێت پیاوەکەی مردووە، قەت نەبووەو نەبیستراوە، کە مێردێ زیندوو بێت و نەهاتبێتەوەش، جارجارە نەگەڕابێتەوە شاری خۆی وسەری لە ماڵ ومناڵ ولە کاشانەی خۆی نەدابێتەوە، هەر دەبێ مردبێ، دایکەکە ئەو بابەتەی ئەوەندە دووبارەکردبۆوە، هەتا لە کۆتاییدا خۆشی باوەڕی کردبوو، ئێستاکە تەنها دەبوایە ئەوهەواڵە راگەیەنێ تا کوڕە گەنجەکەی و خەڵکی دێ دڵنیابن.

جارێکی تریش ئاسایی چووە شارو ئەو جارە میرزایەکی هەڵبژارد کەنەیدەناسی، بە ئاخ هەڵکێشانەوە تکای لێ کرد تا نامەیێ بۆ براژنی بنووسێ:-

لووتفەن بۆی بنووسە، کەمێردەکەی مردووە، مەسەلەکەش بەمجۆرەیە، ئەو لەماڵێکدا بووە کە ئاگری گرتووەو ئەویش بە حەبسی ماوەتەوە، ئاگر گرتنی ماڵەکەش بەوهۆیەوە بوو، کەیەکێ لە غولامەکان چرایەکی وەرگەڕاندووەو ئاگر بەرپا بووە، ئەویش لەخەودا بووەو سووتاوە، خۆڵەمێشەکەشی نەماوە، هیچی لێ بەجێ نەماوە، کە بیگەڕێننەوە ماڵ.

پاشان ناوی خۆشی لە جێی براژنەکەی کە نامەی بە عینوانی ئەو نووسیوەو ناوێکی قولابیشی بە ناونیشانی بێگانەیەکی نەناس، کە گوایە نووسەری نامەو راگەیەنەری هەواڵەکە بووە، ریزکردووە.

میرزا بە زیادە پارەدان رازیبوو، کە ناوی شارەکەو شێوەی ناردنەکە بگۆڕێ، هەڵبەت ئەو روداوە بە نەزەری میرزا فێڵێ بوو، بەڵام هیچی نەگوت، چونکە پەیوەندی بەوەوە نەبوو، جگە لەوەش هەقی بێدەنگ بوونی وەرگرتبوو، ژنە هەستی کرد کە رزگاری بووە، بەڵام بێ تاقەت بوو تا زووتر بزانێ ئەو رزگار بوونەی تەواوە یا نا، ئێستا دەبوایە بچێ وسەرکار لەوە ئاگادار کاتەوە، بەملاو بەملادا گەڕا بە پرس و مرس سۆراغی ماڵی کۆنی خاوەنکاری وەرگرت، چونکە دەبوایە لەم دەوروبەرەدا سەرکار بناسن، چووە ئەوێکەوەو پەروایەکی نەبو، جگە لە رزگاری خۆی، وا دەهاتە بەرچاو کە خوداکان لەوان رۆژاندا، لەگەڵ ئەو بوون وئەویان دەپاراست، چونکە سەرکاری لەبەردەم پلیکانەی ماڵی خاوەنکاردا بینی کەدەیەویست بچێتە ماڵی خاوەنکار، لە خۆشیان هاواری

کردو دەستی لەسەرشانی ئەوپیاوە دانا، پیاوەکە سەیری ژنەو سەیری ئەنگوستەکانی ژنەی کرد، کە بەسەر قۆڵیەوە بوون، پرسی:

- چییە ژنێ؟

ئەویش بە زەمزەمە کردنەوە گوتی:- ئاغە من بوومەتە بێوەژن، هەر تازە ئەمڕۆ ئەم هەواڵەم وەرگرتووە، پیاوەکە بە لووتبەرزییەوە دەستی ئەویلادایە دواوەو گوتی:

- جا پەیوەندی بە منەوە چییە؟

کە بینی ژنە بە نیگایەکی پڕ لە ئازارەوە چاوی بڕیوەتە ئەوەوە، لەسەر قسەی خۆی ڕۆشتو گوتی:

- من کە هەقی تۆم داوەو بە زیادەوەش.

لەپڕێکا یەکێ لە ئاشنایانی سەرکار بەکوچەکەدا ڕەت دەبوو، بە قاقاوە رووی قسەی لەوکردوگوتی:

- ها هاورێ دەڵێی ئەوخانمە قشتو جوانە حاڵی خراپە بەم پڕ ڕوویییەوە پێش لە پیاوێ دەگرێ؟ بەڵام سەرکار زۆر بە زەحمەت برژانگە سەنگینەکانی خۆی بەرزکردەوەو گوتی:

- بە لێ ئەگەر تۆ ژنێکی کەس نەناست حەز لێیە، فەرموو من هی ئەو شتانە نیم، ئیدی چووە ڕێی خۆیەوە.

ژنە جاحێڵەکە بێ ئەوەی شتێ لەوقسانە تێبگات ماتو حەپەساو وشەرمەندە، لە جێی خۆی ووشک هەڵگەڕا، مەگەر سەرکار چ کرێیەکی بەودا بوو؟ لەپڕێکا کەوتەوە یادی ئەوزێڕەی کە ئەو پیاوە کردبوویە دیاری ئەوەوە، کەواتە کرێپارەی ئەو، هەمان ئەو زێروزیوەرانە بووە، هەمان ئەوخرتو پرتە کەمنرخە، ئەستۆی سەرکاری لەبەرابەر ئەودا ئازاد دەکرد؟.

ئێستاکە پەی بە هەمووشتێ بردووە، دەبێ چی بکات؟

به دڵێکی شکاوو به هەنگاوی خێرا خێراوە، لەورێگایەی کە لێیەوە هاتبوو گەڕایەوە، لە ڕێگەدا یەک لە دوای یەک لەبەرخۆ دەیگوت:

- ئێستا کاتی گریەکردن نییە، هێشتا کاتی ئەوە نەهاتووە، بەری لە فرمێسکی خۆی گرت، هەر چ فرمێسکێ بوو لە چاویدا کۆبۆوە، جەستەی خۆی دەخستە لەرزەو ڕێی نەدەدا هەڵبرژێ، تا گەیشتنی هەواڵ خۆی ڕاگرت ودڵی خۆی لە کپیو خامۆشیدا، سەخت سەنگین کرد، یەک دوو ڕۆژ دوای ئەمە ئەو نامەیەی کە خۆی بە دەستی خۆی نووسی بووی، بردی بۆ لای میرزای دێ، بێ ئەوەی لەرزەیێ بنوێنێ بە میرزای گوت:

- مامە گیان دەترسم ئەونامەیە خەبەرێکی بەد بێ، چونکە پێشتر لە کاتی ئاسایی خۆیدا گەیشتووە.

پیرەمێرد نامەکەی گرتو خوێندیەوە، بە شێوەیەکی کاریگەر ئامێزەوەگوتی:

- بەڵێ خانم هەواڵێکی بەدە، خۆت بۆ بیستن ئامادەکە، پیرەمێرد نامەکەی دانایە سەر زەوی چاوێلکەی لە چاوکردەوە بێ ئەوەی ژنە لە نیگای خۆی بەدوور بگرێ، بە شێوەیەکی پڕ لە شانو شەوکەتەوە گوتی:- مردووە.

ئەوکاتە دایکەکە پێشبەندی هاوێشتە سەر سەری و دەستی کرد بەگریان، ئیدی هیچ ترسێکی نەبوو لەوەی کە جلەوی خۆی شۆڕکات، یەک لەدوای یەک فرمێسکی هەڵدەڕشت کە دەتگوت بەڕاستی مێردەکەی مردووە، بۆ ساڵیانی گۆشەگیریو تەنهایی خۆیو بۆ ژیانی پەرێشانو پڕ ئازارو سەرنویشت و کۆچی مێردەکەی دەگریا، بەوچەشنە گریا، بۆئەوە گریا کە زاتی نەدەکرد ئەو منداڵەی لە سکی

دایە راگەیەنێ، دوایەش لەبەر ئەوەی کە ژنێکی قاودراو و قێزەوەنکراو بوو، هەموو ئەو فرمێسکانەی کە لە ترسی ئەوەی کە کوڕەکەی یا یەکێ لە هاوسێکانی پێ بزانن رایگرتبوون، ئێستاکە هەڵیدەڕشت، کەس لە دوی ئەوە نەبوو ئەو دەردە دەست نیشان بکات، کە ببووە هۆی هەڵڕشتنی ئەوحەمکە فرمێسکە، کە ژنانی دێ بەو هەواڵەیان زانی رایانکردو هاتنە دڵدانەوەی، هەموو رایانسپارد کە خۆی نەخاتە بەر خەمان، دەیانگوت:

- خۆ منداڵەکانت ساغن بە تایبەتی ئەو دوو کوڕە باشە.

پاشان بۆ بەهێزکردنی دڵی ئەوەوە چوون هەردووکوڕەکانیان هێنایە لایەوە، کوڕەکان لەبەردەم دایکیان وەستان، کوڕی گەورەترێ بێدەنگ بوو بوو و رەنگی پەڕی بوو، دەتگوت یەکسەر نەخۆش کەوتووە، کوڕە بچوکەکەشی بە هەوای دایکی لشمە لشمی بوو، لەپڕێکا لەکاتی ئەو شوڕوشیوەنە گشتییەدا، ناڵەیەکی پڕ سەروسەدا بەرزبۆوەو ناڵەو فیغانێکی توندتر لە گریانەکانی دایک بیسترا، بیوەژنی فزوڵی دێ بوو، کە لەژێر کاریگەرێتی ئەوخەم وخەفەتەی زاڵ بووبوو بەسەر ئەو دەوروبەرەدا، بە دەنگێکی پچڕپچڕ و بە دانە دانەی درشتی فرمێسکەوە، کەبەسەر گۆناکانیدا هەڵدەڕژا، هاواری دەکرد:

- ئاخر سەیری بێنەوایەکی بەدبەختی وەکو من بکەن، وەزعی من بە پلە بەدترە، من هیچ کوڕێکم نییە، من ئەی خانمی موسیبەت بار، زۆر زیاتر لە تۆ شایانی رەحمم، من لە هەمووکەسێ بەدبەختترم، خەمە دێرینەکانی ئەو وا گیانیان وەبەر هاتبۆوە، کە ژنانی دێ بەسەرسوڕمانەوە بۆ دڵدانەوەی گەڕانەوە لای، دایکەکە سوودی لەو پەرێشانیە

وەرگرتو لەگەڵ دووکوڕەکەیدا گەڕایەوە ماڵ، بەو چەشنە لەسەرخۆ دەگریا، چونکە نەیدەتوانی دان بە خۆیا بگرێت، لە ئاستانەی دەرگای ماڵدا دانیشتو دەستی بە گریان کردەوە، کوڕی گەورەتری بێ ئەوەی شتێ بڵێ فرمێسکی هەڵدەڕشتو بە پشتی دەستی چاوەکانی پاکدەکردەوە، براکەی بێ ئەوەی هیچ شتێ لە مانای مەرگی باوکیدا تێبگات، کە هەرگیز نەناسراو بوو بۆ ئەو، لاسایی برا گەورەکەی دەکردەوە، کچۆڵە بچکۆلەکەش بە ئەنگوستەکانی برژانگەکانی فشار دەداو بە دەنگێکی خنکاو دەیناڵاند ودەیگوت:

- منیش دەبێ بگریم چونکە باوکم مردووە، بەڵام فرمێسک زۆر بە سەختی چاوەکانم دەسووتێنێ، بەم وەسفەوە دەبێ بۆ باوکم بگریم.

بەڵام دایکەکە نەیدەتوانی بەو چەشنە بەردەوامی بە گریان بدات، ئەو کارە نەدەکرا تەنها ئەوکاتە نەبێ، کە بە مەبەستی خۆی بکات بۆیە لە گریە وەستا، لەوکاتەی بیری دەکردەوە لەدوای ئەمەدا چی بکات؟ بێدەنگی ئەو تا رادەیێ هێزی دایەوە بەر دڵی مناڵەکان. ئەو باوەڕی وابوو تەنها یەک ڕێگە چارە هەیە بۆ رزگاربوونی، ئەویش ئەوەیە خۆی بکوژێ، بەڵام ڕێگەچارەیەکی تریش هەیە، هەمیشە هەستی بە گەورە بوونی ئەو بوونەوەرە دەڵەمەیە دەکرد کە لە هەناویدا بوو، گەرەکی بوو بهێنێتە دەرەوە، تەنها گرفتێ کە لەو کارەدابوو، کە ئەو بە تەنها ناتوانێ خۆی بخاتە بەر ئەوکارە مەترسیدارەوە، پێویستی بەکۆمەگ بوو، تەنها ژنێ کە دایکەکە زاتی دەکرد داوای کۆمەگی لێبکات، ژنی ئامۆزای بوو، هەڵبەت دایکەکە وای بە چاکدەزانی کە ئەوکارە بەبێ ئامادەبوونی کەسێک ئەنجام بدات، رازی خۆی لەگەڵ

هیچ کەسێ نەخاتە میانەوە،بەڵام ژنی ئامۆزای ژنێکی زۆر دلسۆزو نازەنین بوو، هەموو شتێکی دونیای دەزانی ئاشنای وەزعو رەفتاری پیاوان بوو، بەچاکی دەرکی بە پێویستیەکانی جەستەی ئامادەو بارداری ژنە جاحێڵەکە دەکرد، کە تێنووی زایین بوو، لەگەڵ ئەو هەمووەش ئاشکراکردنی ئەو رازە بۆ دایکەکە بە ئازار بوو، هەر زوو هەلی ئەوەی بە دەست کەوت کە قسە لەگەڵ ژنی ئامۆزای بکات، ئەو دوو ژنە لەکوێرە رێگاییێدا بەیەکەوە دەڕۆیشتن ودەربارەی رووداوێ قسەیان دەکرد، ژنی ئامۆزای بە دەنگی زبرو گەورەی خۆیەوە پێی گوت:

- بەسیکە ئیدی خۆراک بخۆ ودەست لەخەم خواردن هەڵبگرە، چونکە رەنگت ئەوەندە زەرد بووە، کە مرۆڤ خەیاڵ دەکات جانەورێکت هەیە.

دایکەکە بیری کردەوە ولەسەرەخۆ لەوەلامدا گوتی:

- بەڵێ جانەوەرێ لە جەستەی مندا هەیە، کە کەمکەم خەریکە گیانی من دەخوات، کە بینی کچەئامۆزاکەی بەسەرسوڕمانەوە سەیری ئەو دەکات، دەستی لە سەر سگی خۆی داناو بە دوو دڵییەوە گوتی:

- شتێ لە هەناومدا خەریکە هەراش دەبێ، نازانم چییە؟ نەکا بام کردبێ.

ژنی ئامۆزای گوتی لێگەڕێ با ببینم.

دایکەکە دوگمەی کراسی کردەوەو سگی رووتکردەوە، کچە ئامۆزاکەی، بینی ورگی گەورە بووە و دەستی لێدا، بە سەرسوڕمانێکی تەواوەوە گوتی:

- ئەوە بە منداڵ دەچێ، ئەگەر مێردت هەبا ئەوە یەقینم دەبوو کە تۆ سگت هەیە.

ئەوکاتە دایکەکە لەبەر بێچارەیی بێدەنگبوو، سەری لەبەرەخۆ نابوو زاتی نەدەکرد سەیری روخساری کچە مامی بکات، کچە مامی بینی شتێ لە سگی دایکەکە، لەسەرەخۆ جوڵە دەکات بەسەراسیمەییەوە هاواری کرد:

– سوێند دەخۆم کە ئەوە منالە؟ بەلام ئەگەر ئەو تووە هی فریشتە نەبێ دەبێ چۆن پەیدا بووبێ؟ چونکە مێردی تۆ چەندین ساڵە کە لێرە نییە؟من بیستوومە کچانی پاکیزە بە تایبەت لە زەمانی پێشوودا،سگیان لە خودایان دەبوو، بەموەسفەوە خۆ تۆ پاکیزەی حەقیقی نیت؟ هەڵبەت ئەی کچە مامی من راستە تۆ ژنێکی هێجگار باشی وهەموو رێزی تۆ دەگرن، بەلام لەهەمانکاتدا توورەوتوندی و تەبیعەتێکی گەرمت هەیە، نەوەکا یەکێ لە خودایان لێت نزیک بووبێتەوە؟

دایکەکە زۆری حەز لێبوو درۆیەکی دیکە بکات، حەزی لێبوو ئەوە بگێڕێتەوە کە لە یەکێ لە شەوانی تۆفاندا پەنای بردبووە پەرستگای یەکێ لە خوداکان، لەوێ یەکێ لە خوداکان لێی وەنزیک کەوتبۆوە بەلام کاتێ دەمی کردەوە، ووشەکان سەرپێچیان لە فەرمانی کرد ونەهاتنە دەرەوە، لەلایەک لەوە دەترسا تاوانێکی شەرمهێن بداتە پاڵ ئەوخودایەی کە بە کراسی خۆی دەموچاوی ئەوی داپۆشتبوو، لە لایەکی ترەوەخۆی زۆر لەوە زیاتر ماندوتر هەست پێدەکرد، کە دیسان درۆ بکات، بەسەرو پۆتەلاکێکی بەزەیی ئامێزەوە سەیری کچە مامی خۆی کرد، گۆنای رەگپەڕیوەکانی سورو سورفڵ هەڵگەڕان، پڕیان بوو لە لەکە، بۆ ئەوەی کە بتوانێ بەڕاستی کچی مامی فریو بدات، ئامادە بوو نیوەی تەمەنی خۆی ببەخشێ، بەلام ئەکارە نەدەکرا، ژنە میهرەبانەکە کە سەیری روخساری ئەوی کرد، تێگەیشت مەسەلەکە چییە

وبێ ئەوەی هیچ جۆرە پرسیاریێ بکات تەنها گوتی:
- خوشکە خۆت داپۆشە نەبادا سەرماتان بێت.
هەردوکیان بەردەوامیان بە رۆشتنی خۆیاندا، دایکەکە سەرەنجام بە زبرییەکی تەڵخەوە گوتی:- زانینی ناوی ئەو کەسەی کە ئەو منالەی چاندووە گرنگ نییە، کەس ئەو ناناسێ، بەلام تۆ ئەی ئامۆزاکەم وئەی خوشکی میهرەبانم، ئەگەر کۆمەگم بکەیت تا تەمەنم مابێ ئاگام لە تۆ دەبێ!
کچە مامی لەسەرەخۆ لە وەلامدا گوتی:- سالانێکی دورودرێژ، ئەوە یەکەمجار نییە کە دەبینم ژنێ دەخوازێ لە ژێر باری ئەوەی لە سکیەتی رزگاری ببێ وبحەسێتەوە.
- بەلام چۆن؟بە چ هۆیەکەوە دەبێ؟
ئەگەر پارەی تەواو هەبێ دەبێ گیای تایبەتی پزیشکیی بکڕیت، گیای یەکجار بەهێز، کە هەندێ جاران منالەکەو دایکەکە دەکوژێ، بە هەرحاڵ ئازاری ئەوە لە ئازاری زایین زۆر ترە، بەلام ئەگەر بڕی دەرمانەکە بە ئەندازەی تەواو بێت ئەوە سەرکەوتن حەتمییە.
دایکەکە وەلامی دایەوە:- ئەگەر خۆشم لەناو بچم حەزدەکەم ئەوەی ناوهەناوم نابود بکەم، تا کوڕەکانمو خەڵکانی دیکە ئاگایان لێنەبێ و پێی نەزانن.
ژنی ئامۆزای رووبەڕوو سەیری دایکەکەی دەکردوپرسی:
- بەڵێ کە ئێستا مێردەکەتان مردووە ئیدی ئەوکارە دووبارە نابێتەوە.
دایکەکە سوێندی خوارد لەو شپرزەیی‌و بێچارەییەی خۆیدا بەدەنگی بەرزەوە هاواری کرد:
- ئەی نا! ئامادەم خۆم باوێمە گۆمەوەو بۆ هەمیشە سارد ببمەوە، وەلێ نەهێلم ئەو گەرمی وگوڕییەی کە هاوینێ

زاڵببوو بەسەرما، دووبارە سەرهەڵداتەوە.
لە شەودا نیوەی ئەو پارەیەی لە زەوی دەرهێناکە پاشەکەوتی کردبوو، هێنای ودایە کچەمامی وئەو گیایانەی کڕی.
دوای کڕینی ودوای ئەوەی کوڵاندیان و پەنما، شەوێکیان ژنە ئامۆزاکەی چووە لای دایکەکە کە لە چاوەڕوانی ئەودا بوو، گوتی:
- دەتەوێ ئەو گیایە کوڵاوە لەکوێدا بخۆی چونکە خوێنێکی زۆرت لەبەردا دەڕوات؟
دایکەکە کەوتە یادی ئەو زیارەتگایەی کەنار جادەوە، کە بە رۆژ چۆڵو شەوانە تەواو خەڵوەت بوو. هەردوو ژن چوونە ئەوێکەوە، دایکەکە گیا کوڵاوەکەی خواردو لە چاوەڕوانیدا بەسەر زەویدا راکشا.
ئەوەندەی نەبرد لەو زوڵمەتە رەهایەدا کەوتە ئازارەوە، دژواری ئازارەکە بە ئەندازەیەک بوو، ئەندێشە نەدەکرا، مەرگی بە چاوی خۆی بینی، ئەشکەنجەو ئازاری ئەو بە پلەیێ بوو، جگە لەو ئازارەی کە هەیبوو، ئاگای لە هیچ نەبوو. بەهەمان ئەموەسفەوە هاتەوە بیری کە بۆ هێورکردنەوەی ئازاری خۆی نابێ هاوار بکات، هەر بەو چەشنەش نەدەبوایە هیچ جۆرە گڕێ یاهەر جۆرە نووری بکاتەوە، نەوەکا کەسێ بەو دەوروبەرەدا تێپەڕێو لە دورەوە نوورێکی نائاسایی لە ناو زیارەتگاکەوە ببینێ، دایکەکە بیەوێ ونەیەوێ دەبوایە بەرگەی ئازاری خۆی بگرێ، ئارەقە وەکو دڵۆپەی باران بە هەموو شوێنێکی لەشیدا دەهاتە خوارەوە، جگە لە ئازاری گیانکێشی خۆی، لە هیچ شتێک نەدەگەیشت، وەک بڵێی جانەوەرێکی خوێنخۆر، چەنگی خۆی خستۆتە گیانی

ئەوەوە وشیرەی گیانی هەڵدەمژێ، لەکۆتاییدا دوای ماوەیەک چاوەڕوانی کرد، هەڵتۆقین هاتە کایەوەو دایکەکە هاوارێکی لە جەرگەوە هەڵێنا، کچە مام بۆ پێشەوە چوو، ئەوەی کە دەبوایە بیگرێ گرتی، ئەوی لە سفرەیەک پێچایەوە کە لەگەڵ خۆیدا هێنا بووی، بەر لە پێچانەوە دەستی لێداو بە شێوەیەکی داخئامێزەوە گوتی:

- ئەوەشیان دەبوو بە کوڕ، تۆ دایکێکی چەند نایابی هەمووی هەر کوڕ دەهێنی.

دایکەکە کەوتە ناڵە کردنەوەو گوتی:

- ئیدی هیچ کاتێ کوڕ لە ئارادا نابێ.

پاشان درێژ بوو وتۆزێ بەسەر زەوییەوە حەسایەوە، دوایی هەرکە توانی ببزێوێ، لەوکاتەی بازوی ئامۆزا کۆمەگ بەخشەکەی لە ژێر هەنگڵیدا بوو، خۆشی هەوڵیدا نەکەوێتە ناڵەو شکۆوە، بەرەو ماڵ بۆوە، کە بەبەردەم گۆلەکەوە رەتدەبوون، کچی مامی ئەو سفرەیەی کە پێچابوویەوە هاوێشتە ناوئاوەکەوە، دایکەکە چەندین رۆژ بیمارو کز لە ناوجێدا خەوت، کچە مامە میهرەبانەکەی تا ئەو جێیەی کەدەستی دەڕۆیشت کۆمەگی دەکرد، بەڵام بە درێژایی زستانی ئەو ساڵە، دایکەکە نەخۆشی و بەئازارەوە مایەوە،بەرزکردنەوەی شتێکی سەنگین‌و بردنی بار بۆ بازار بۆ ئەو عەزابێکی سەخت بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە جارجارە خۆی بخاتە بەر کار، لە ئەنجامدا رووی لە باش بوونەوە کرد، باوەکو لەو رۆژانەی کە هەواخۆش بوو، هەستی دەکرد تەندروستی باشترەو بۆ چەند ساتێ لەبەر خۆرەتاو دادەنیشت، لە بەهاردا حاڵی باشتر بوو لە پێشتر، بەڵام ئیدی ئەو بنەماو هێزەی لە خۆیدا نەدەبینی کە لە رابردوودا هەیبوو، کە کچەمامی خۆراکێکی

به تامی بۆ دەهێنا تا شەهیەی ببتەوە، دەستی خۆی لە سینە دەکوشی و دەیگوت:

- واخەیاڵ ناکەم بتوانم شتێ بخۆم، یەک شت ئێرەی من سەنگین دەکات، دڵم لەهەمان جێدا لە میانی مەمکەکانم بەقەدەرێ گران بووە، کە ناهێڵێ یەک پارو قورت بدەم، باری خەم ودەرد بەسەر دڵما بە هەندازەیەکە، کەناتوانم بە فرمێسکیان بشۆمەوە، ئەگەر یەکجار دانیشمو بە مەیلی خۆم تێر تێر بگریم ئەوە چاک دەبمەوە .

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵی دەیخوازی بگریت، بەڵام چاوەکانی هەر بە ووشکی مابوونەوە، بە درێژایی وەرزی بەهار نەیتوانی بگریت، هەروەها هێزی نەبوو وەکوجاران کار بکات، کوڕەگەورەکەی تا تاقەتی هەبوو هەوڵ وتەقەلای دەدا کاری پێویست بکات، ئامۆزاشی زیاتر لە ئاسایی کۆمەگی دەکردن، دایکەکەش بەوچەشنە بێکارو بێ ئەشک مابۆوە.

ئەمبارە تا ئەورۆژە بەردەوام بو، تا جۆ جووت گوڵە گەنمی دا، ژنە گەنجەکە بە نەخۆشی و کەشەنگییەوە لەبەردەم هەتاو دادەنیشتو قژی ئاڵۆسکابوو، چونکە ئەورۆژە خۆی لەوەماندوتر هەست پێدەکرد، دەستێ بەسەرو سورەتی خۆی دابهێنێ، لەپڕێکا دەنگی پێیەک دەنگی دایەوە و سەری بەرزکردەوە سەرکاری بینی، کوڕە گەورەکەشی چاوی پێکەوت وهەروەسا بەپەلە چووە پێشوازییەوەو گوتی:- ئاغە باوکی من مردووەو من جێنشینی ئەوم، چونکە دایکم چەند مانگێکە نەخۆشە ئەگەر تۆ هاتوویت سەرێ لەبەرهەمەکان بدەیت ئەوە من لەگەڵت دێم چونکە دایکم ناتوانێ لەگەڵتا بێت.

ئەوکاتە پیاوە شارییەکە بە خۆیو پرچی داهێنراویو ریشی تاشراوی، رووبەڕوو سەیرێکی بێ بایەخی کردە

ژنەکە و بە چاکی لەوەی کە بەسەر ئەوا داهاتبوو تێگەیشت، دایکەکەش تێگەیشت کە پەی بە رازی ئەو بردووە، کپ و خامۆش سەری لەبەرخۆ نا، بەڵام سەرکار بە بێ بایەخییەوە گوتی:

- کەواتە تۆ وەرە کورِم.

هەردووکیان دایکیان بە جێهێشتو دوور کەوتنەوە، ژنە جاحێڵەکە بینی کە هیچ خاڵێکی ئومێدی بۆ لە لای ئەوپیاوەدا نەماوە، لەلای خۆشیەوەش ئیدی هەوەسی ئەوپیاوەی نەدەکرد، چونکە ماوەیەک پێشتر جەستەی نەخۆش کەوتبوو، بەڵام هەمان نیگای دوایی زەربەیەکی لەودا، هەستی کرد ئەو جارەی کە بە قەولی خۆی بەسەر دڵییەوە بوو، بە جۆرێ توایەوەو ئەشک لە چاویدا قەتیس ما، لە جێوە هەڵساو ئەوکوێرە رێگایەی گرتە بەر کە بە ناو دەشتایی دا رەت دەبوو، بەلای ئەو گۆرە جێهێڵراوە تێکچرژاوەدا چوو، کە خۆی دەیناسییەوە، گۆری پیاوێکی نەناسیاو بوو، ئەوەندە کۆن بوو بوو، کە کەس لە بیری نەبوو هی کێیە، لەدیماهیدا کەوتە گریانەوە، سەرەتا ئەشکەکانی بە شێوەی دڵۆپەی تەڵخ وزوڵاڵ کەوتە رژانەوە، پاشان رەوانتر سەرەوژێر بوونەوە، ئەوکاتە دایکەکە سەری خۆی خستەسەر گۆرەکە هۆرِ هۆرِ گریا، وەک چۆن ئەو ژنانەی کەدڵیان پرە لە خەمو حەسرەتی ژیان ودڵیان وا پڕ لەدەردو رەنجە، کە تەنها لەو ئەندێشەن هەر چۆنێ بێ بتوانن دڵی بێ سامانی خۆیان بدەنەوە، چونکە پشتیان لە ژێر باری سەرنوێشتێکی کەمەر شکێندا رماوە، کە قەدەری ئەوانە، سەدای شینو زاری ئەو بە دەستی شنەباوە گەیشتەوە دێ، بە بیستنی گریانەکانی ئەوەوە، دایکان لە ماڵەکانی خۆیانو هاوسەرەکانیان سەیری یەکتریان کردو لە

سەرخۆ بە یەکتریان گوت:
- لێگەڕێن ئەو بەدبەختە بگریت و لە ئازارەدا بحەسێتەوە، چونکە هەر لەومانگەوەی بێوەژن بووە، دەقی دڵی خاڵی نەبووە، دەبێ بەمناڵەکانی بگوترێ رێ لەگریانی ئەو نەگرن.
ئەوانیش نەبوونە بەربەست گریانی ئەوەوە، بەڵام دوای ماوەیەکی درێژ، دایکەکە 'گوێی لە دەنگی خشەخشێکی کز بوو، لە تاریکی شەوانەدا سەری خۆی بڵند کرد، چونکە تا خۆراوا گریا بوو، کچەکەی بوو کە گەرەکی بوو بێتە لایەوە، رێگەی خۆی  بەسەر زەویدا دەدۆزییەوە،کچە لەدوورەوە هاواری کرد:
- ئاخ دایە کچە مام بە ئێمەی گوتبوو کە واز لە تۆ بهێنین تا دەقی دڵی خۆت خاڵی بکەیت، بەڵام مەگەر گریان تەواو نەبوو؟
ئەوکاتە دایکەکە بێدار بۆوەوهاتەوە خۆی، سەیرێکی کردە کچە بچووکەکەوئاهێکی هەڵکێشا، خۆی قیت کردەوەو پرچی ئاڵۆزاوی خۆی لاداو برژانگە هەڵاوساوەکانی خۆی پاک کردەوە، پاشان لە جێوە هەڵسایەوە.
کچەکە دەستی خۆی بۆ گەڕان بە دوای دەستی دایکی بردبووە پێشەوە، چاوەکانی خۆی داخستبوو تا لە گەزەندی نووری شەوانەدا لە کاتی خۆراوابوونی گوڵڕەنگدا بیانپارێزی، بە شێوەیەکی گلەیی ئامێز گوتی:
- حەزم دەکرد هیچ کاتێ ناچار نەبم بگریم، چونکە فرمێسک بە سەختی چاو دەسووتێنێ.
هەمان ئەو چەند ووشەیە لەپڕێکا دایکەکەی بە خۆ هێنایەوە، قسەیێ کە لە کۆتایی رۆژدا کرابوو وئەودەستە بێگوناهەی کە بەدوای دەستی دایکدا دەگەڕا، ئەوی لە چەنگی

ئەو بێئومێدی و حیرمانە رزگار کرد، کە چەند مانگێ بوو یەخەگیری بوو بوو، دووبارە هەستی بە دایکایەتی خۆی کردەوەو سەیری کچەکەی خۆی کرد، جا لەبەر ئەوەی لە ئەنجامدا لەو سستی وبێحاڵیەی خۆیا رزگاری بوو بوو، هاواری کرد:

- ها کچەکەم چاوەکانت خراتر بووە؟

کچیلەکە وەڵامی دایەوەو گوتی:

- وا خەیاڵ دەکەم هەروەک خۆیەتی، تەنها ئەوە نەبێ کە رووناکی، چاوەکانم زیاتر دەسووتێنێ، ئیدی وێنەی تۆ وەک جاران بە روونی نابینم، هەر لەوکاتەوەی براکەم گەورە بووە، تارمایی ئەو لەگەڵ هی تۆ تێکەڵ دەکەم، تەنها بە شێوەی دەنگی دەستنیشانی دەکەم.

ئەوکاتە دایکەکە بەو جۆرەی کچەکەی خۆی بە میهرو سۆزەوە بۆ ماڵەوە دەبردەوە، لە دڵەوە دەیناڵاندو لەبەرەخۆ دەیگوت:

- باشە من ئەوان رۆژان لە کوێ بووم؟بەکچەکەی گوت:

- من بەیانی لەگەڵ سپێدە دەچم بۆ شار، هەتوانێ کە چەندین جار قسەم لە بارەوە کردووە، بۆ چارەسەری چاوت دەکرم.

ئەوشەوە مناڵەکان هەستیان کرد کە دایکی خۆیان دۆزیوەتەوە، وەک بڵێی لە رێگایەکی دوورەوە هاتبێتەوە، دووبارە وەکو یەکەم جاری لێهاتەوە، کاسەی پڕ لە خۆراکی لەسەر مێز داناو دای بە مناڵەکان، سیمای رەنگ پەڕیو و ماتی ئارام دەهاتە بەر چاو، هەروەها هەستی ئەوەی لێدەکرا کە ئارام و ساف، دەتگوت یەک دووساڵە مناڵەکانی نەبینیوە، دەم بە دەم بە دیقەتەوە، لەقیافەی یەک یەکی ئەواندا رادەما،

سەیری کچە بچوکەکەی کردوگوتی:
-کورِم بەیانی کۆتی تۆ دەشۆم،
تا ئەو کاتە ئاگای لیَ نەبوو کە بەمجۆرە پیس ودراوە، تۆ لەوە نازەنین تری بەم جلە پیسانەوە بگەرِیی، کەسیش نا تۆ کە کورِی منی.
لەکورِە گەورەکەی پرسی:
- تۆ رۆژی پیشتر بەمنت گوت پەنجەت براوەو چرکی کردووە.
دوای ئەوەی دەستی ئەوی شوشت ومەرهەمی لە برینەکە هەلسووی دیسان گوتی:
- باشە کورِم بلیّ بزانم چۆن دەستی خۆتت برِی؟ کورِەکە لە سەرساميدا چاوی زەق بۆوە، بۆ روون کردنەوە گوتی:
- من کە پیّم گوتبوی دایە، کە داسەکەم بەسەر بەردەوە تیژ دەکرد تا بۆ دروینە کردنی جۆ ئامادەی بکەم، ئەنگوستی خۆم برِی.
دایکەکە بە دەستە پاچەییەوە گوتی:
- بەلیّ لەبیرم کرد کە بە منت گوتبوو.
مناڵەکان بیّ ئەوەی بتوانن لەو بەلگەیە بگەن، هەستیان کرد کە بە گەرم وگورِی و خۆشەویستی دەورە دراون، وا دەهاتە بەرچاو کە ئەوگەرم وگورِییە لە بوونی دایکیانەوە بەرزدەبۆوە، هەموویان غەرقی شادیو خۆشی بووبوون، ئیدی هەریەکەوقسەیەکی دەکرد وهەریەکیّکیان چیرۆکیّکی بۆ دەگیّرِایەوە، مناڵە بچوکەکەی پیّی گوت:
من دوو قرانم هەیە، کە ئەمرِۆکە بە شیّروخەت لە کوچەدا بردومەتەوە، نازانم من شانسیّکم هەیە هەمیشە دەبەمەوە.

دایکەکە هەر بە چاو کوڕەکەی دەخوارد، دەیبینی کە کوڕەکەی قشتو بەهێز بووەو سەری سوڕما کە بۆ تاوەکو ئێستاکە پەی بەوە نەبردووە، لەو حاڵەتەدا، کە لەپڕێکا تووشی میهرو مەحەبەتێکی گەرم بوو بوو گوتی:

- منالّی باش ئەوەیە کە لە جێی کڕینی نوقڵو شیرینی دەست بە پارەوپوولی خۆیدا بگرێ و بە فیڕۆی نەدات.

ئەو قسەیە کوڕەکەی نوقمی بیرکردنەوە کرد و بە پەرێشانییەوە گوتی:

- بەڵام من تەنها ئەمڕۆکە ئەم پولەم هەیە، چونکە خەیاڵی ئەوەم هەبوو بەیانی شیرینی بکڕم، ئاخر پاشەکەوت کردن بە کەڵکی چی دێت، چونکە من دەتوانم نزیکەی هەموو ڕۆژێ ئەوەندە بیەمەوە.

چاوەڕوانی سەرکۆنەو سەرزنشتی دایکی بوو، بەڵام دایکی بە لووتفو مەحەبەتەوە گوتی:

- زۆر باشە کە تۆ ئێستا دەتەوێ شیرینی بکڕیت ئەوە پارەکە هی خۆتە.

کوڕی گەورەترێ هەمیشە بێدەنگو بێ سەروسەدا بوو، هاتە قسەوئەویش گوتی:

- دایە دەمویست شتێکی سەیرت پێ بڵێم ئەمڕۆ کە کاتێ من وسەرکار سەرمان لە مەزراکاندا دەدا بەمنی گوت کە ئەوە دواجارە دێتە دێکەوە، گوایە بۆ کاروکاسبی بۆ شوێنێکی دیکە دەڕوات، دەیگوت بێزار بووە ئەوەندەی ئەو کوێرە ڕێگایانەی دێهاتەکان بکوتێتەوە، ماندووبووە لەوەی ئەوەندە سەر لەبەر سەری دێهاتییەکانو موسکێنو ژنەکانیان بنێ، دەیگوت ئەوکارە ماندوکەرە لە هەر وەرزێ کە تازە دەبێتەوە، بەڕاستی هەر یەکشتە، هەر لەبەر ئەمە

دەچێتە شارێکی دوور.

کەدایکەکە ئەوقسانەی گوێ لێبوو، کەوتە بیرکردنەوە لێیان، بەوچەشنەی کە دانیشتبوو، تەکانی نەدەخوارد، لە پرتەوی کزی نووری مۆمێ کە خۆی ئەو شەوە رۆشنی کردبۆوەو بەسەر مێزەوەی دانابوو، سەیری تەبەشی کوڕەکەی دەکرد.

کە کوڕەکەی بێدەنگ بوو، دایکەکە چاوەڕوان بوو تا هەل بداتە ئەو وشانەی کە بیستبووی، کە وەک چۆن باران بەسەر زەمینی ووشکو تێنوودا دادەبارێ، ئاوا دەچووە ناودڵیەوە، پاشان بە شێوەیەکی گەرم و نووساو پرسی:

- ئەرێ بەڕاستی کوڕم کە ئەو قسەیەکی وای کردووە؟

پاشان وەکوئەوەی کە پەیوەندی بەم پرسیارەوە نەبێ، بە توندی درێژەی بە قسەکەی خۆی داو گوتی:

- ئێستا دەبێ بچم، بخەوم وبحەسێمەوە، چونکە من سبەینێ زوو دەچمە شار تا دەرمانێ بۆ چارەسەری چاوەکانی خوشکت پەیدا بکەم.

دەنگی ژنە جەوانەکە دیسانەوە ئارامو تژی دەنگدانەوە بوو، سەگەکەی ماڵ هاتە پێشەوەو شتێکی دەویست، دایکەکە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە کەم وزۆریی، خۆراکێکی تێروتەسەلی دا بە سەگەکە، سەگەکە بە شادی سەرسامییەوە خۆراکی خۆی بە حەزێکی تەواوەوە خواردو تێر بوو، لە خۆشیاندا ئاهێکی سەردا، لەو شەوەدا هەمووخەوتن، خەوێکی قووڵو هێمنبەخش دایکەکە و منداڵەکانی رفاند.

# بەشی دوازدەهەم

بەیانی ئەو رۆژە سپێدەیەکی ئارامبەخش‌و رەنگ خۆڵەمێشی هەڵات، کەش و هەوا هەرەشەی بارانی هاوینەی دەکرد، هەورە نزم و تەڕو زکاوەکان قورساییان خستبوویە بەری دۆڵەکە و کێوەکانیان داپۆشی بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دایکەکە سپێدە زووهەڵسا، سوورڕ بوو لەسەر ئەوەی کچەکەی ببات بۆ شار، پاش ئەو هەموو مانگە، بگرە ئەو هەموو ساڵە چاوەڕوانییە، بۆ دامرکاندنەوەی ئازاری چاوی کچەکەی ئیدی تەنانەت یەک رۆژیش نەیدەتوانی سەبر بگرێت، لەو دایکایەتیە تازەیەیدا، کە بە فرمێسک پاک بووبۆوە، هەستی میهروسۆزی ئەو و ئەو پەلەیەی کە بۆ رازیکردنی دڵی خۆی هەیبوو، بە پلەیێ بوو، کە قەت ئەوەندە نەگەیشتبووە ئەم پایەوە.

بەڵام کچە گەنجەکە لەکاتی داهێنانی پرچە درێژەکەی و لەبەر هەڵچوون و ورووژانەوە دەلەرزی، پرچی خۆی تەڕو تەمیز هۆنیەوە و بەقەیتانێکی گوڵڕەنگیش بەستایەوە، کراسێکی شین‌و خاوێنی گوڵدار بە گوڵی سپی لەبەرکرد، جا لەبەر ئەوەی بەدرێژایی تەمەنی لەودێیەدا نەچووبووە دەرەوە، لەوکاتەی خۆی ئامادە دەکرد، بە بیرکردنەوە لە دڵەوە دەیگووت

– حەزم دەکرد چاوم باشتری بدیبایە، تا سەیری شتە

دیارەکانی شارم بکردایە.
کوڕی بچوکترێ وەلامێکی بە جێی ئەوی دایەوەو گوتی:
- بەڵێ ئەگەر چاوت ساغ بوایە پێویستی نەدەکرد بچیتە شارەوە.
ئەو وەلامە وەها ددانشکێن بوو، کە کچۆڵەکە گرژییەوە، بەو چەشنە بە هەر یەک لەو قسە خۆشمەزانەی کوڕەکە پێدەکەنی، بەلام چونکە لە نیعمەتی ڕۆشنی زەینیدا بێبەش بوو، وەلامی نەدایەوە، لە هەموو کارو ڕەفتاری خۆیدا منالێکی ئارام نەفەس و ساغ بوو، دوای ساتێ گوتی:
- بە باوەڕی خۆم وام بە چاکدەزانی هیچکات نەچمە شارەوە، بەلام چاوم باشی بدیبایە.
بەلام ئەو وەلامە ئەوەندە درەنگ درایەوە، کە منالەکە ئەسلەن لەبیری چووبوو، کە قسەکە لەسەر چی بوو؟ ئەو بە پێچەوانەوە منالێکی بێ ئارام بوو، بە خێرایی لە هەر یارییێ بۆ یارییێ دەچوو، لەو کارە بچوکانەی کە دەیکرد، حەزی لێبوو زوو کارەکەی تەواو بکات، لەو سێ منالە تەنها ئەو بوو کە زیاتر لە هەموویان بە باوکی دەچوو، دایکەکە گوێی بەوقسانە نەدەدا، خەریکی تەدارکاتی خۆی بوو، بۆ ساتێ لەبەر دەم سنووقەکەی خۆی وەستا، لە کۆتاییدا کردیەوە، لە ناوسنووقەکەدا، بەستەیەکی بچووکی هێنایە دەرەوە، ئەو کاغەزە زەریفەی کە لەو بەستەیەی پێچا بوو کردیەوە وسەیری زێڕەکانی خۆی کرد، لە خۆی پرسی:
- ئەوانە وەک خۆی لێگەڕێم یاباشترە بیکەم بە پارە ؟
یەکەم جار کەمێ دوودڵ بوو، پاشان بە خۆی گوت:
- هەموو من بە بێوەژن تێدەگەن، ئیدی من ناتوانم بە خۆمی هەڵواسم، مەگەر بۆ بووکێنی کچەکەم هەڵیانگرم، بەو

چەشنەی کە چاوی بڕیبووە زێڕەکانی ناو دەستی وبیری دەکردەوە، لەپڕێکا یادەوەری خاتیراتی ئەو زێڕانە دەستی پێ شلکرد، ئەوە بوو کە بڕیاری دا خۆی لە بەلای ئەوە رزگار بکات، هەروەها ئەو یادەوەریانەی کە ئەو زێڕە وەبیری ئەوی دەهێنایەوە، هەمووی سپاردە دەست لەبیرچوونەوە، ئەو جارە بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوە گوتی:

- من ئیدی ئەوانە راناگرم، جگە لەوەش لەوانەیە ئەو بگەڕێتەوە، بەڵێ لەوانەیە مێردەکەم بێتەوە، لەو حالەتەدا کە ئەوانە ببینێ، قەت باوەڕ ناکات کە من کڕیومن.

ئەو کاتە بەستە بچوکەکەی لە باخەڵی ناو، بانگی کچەکەی کرد تا بەڕێکەون، هەردووکیان ئەو رێگەیان گرتەبەر کە لە دێوە دا دەچێتە دەرەوە، بەناوەندی ئەو دێیەی کە خەڵک هێشتا لەو بەیانیە زووەدا لە خەودا بوون تێپەڕی، دایکەکە کە دووبارە هێزی وەبەر هاتبۆوە، هەنگاوی گەورە گەورەی دەناو بە ئازادیو سەربلندی بەناو تەمدا بۆ پێشەوە دەچوو، دەستی کچەکەی لە دەست دابوو، کچیلەکەی کە هەوڵیدەدا پێ بە پێی دایکی بڕوات بەڕێوە، ئەو ساکە پەی پێدەبرد، کە چاوی تا چ ئەندازە بە خراپی دەبینێ، لە ماڵێدا کە هەموو شوێنێکی شارەزا بوو، باشو دڵنیا بەرێدا دەڕۆیشتو هەستی بەوە نەدەکرد، زیاتر هەستی ساودانو بۆنکردن رێبەرایەتی ئەوی دەکرد، نەک هەستی بینایی، بەڵام لێرە لەو جادە نەناسراو و پڕ بەرزی ونزمیەدا، کە بەردەکان کەمو زۆر لەزەویدا چووبوونە خوارەوە، خۆ ئەگەر دەستی لە دەستی دایکی نەبوایە، هەڵبەت بەردەبۆوە.

ژنە جحێڵەکە لەو بابەت وەئاگا هات و ترس دایگرت، ئیدی گیانی چووە پێشوازی ئەو موسیبەتەوە، ترساو

هاواری کرد:
- ئەی وای منالّە بێ گوناهەکەم خوانەکا بە درەنگی تۆم وەبیر کەوتبێتەوە، وەلێ تۆ هیچ کاتێ بەمنت نەگوتووە کە چاوت نابینێ، من دەمزانی کە ئەوئاوەی کە لە پێلووت دێتە خوارەوە کوێرت دەکات، کچۆڵەکە کە نزیکەی کەوتبوە گریانەوە وەلامی دایەوەوگوتی:
- منیش وام بیر دەکردەوە دایە، وەلێ ئێستا نارەحەتی من تەنها لەو رێگە پڕ لە هەورازو نشێوەیە، کە من خووم بەوە نەگرتووە، ئەوەندە توند بە رێگادا بڕۆم.
دایکەکە هەنگاوی هێدی تر هەڵێناو بێ ئەوەی هەردووکیان قسەیێ بکەن، لەسەر رۆیشتن بەردەوام بوون، کە لە داروخانەدا وەنزیک کەوتنەوە، دایکەکە چونکە پەلەی بوو بێ ئەوەی هاگای لێ بێ دیسانەوە بە توندی هەنگاوی هەڵێنا، هێشتاکە زۆر زوو بوو ئەوان یەکەمین موشتەری دەرمانخانە بوون، دەرمانفرۆش بێ ئەوەی پەلە بکات تەختەکانی بەردەم دوکانەکەی هەڵدەگرت، زۆر جاران بۆ باوێشکدان دەوەستا، یا ئەنگوستەکانی خۆی دەبردە ناو قژی ئاڵۆزو درێژی وسەری خۆی دەخوراند، کەسەری خۆی بڵندکرد چاوی بە ژنە دێهاتیەکەو کچەکەی کەوت کە لەبەردەم پێشخانی مەغازەکەدا وەستاوەن، بەسەرسوڕمانەوە گوتی:- بەو بەیانیە زووە چیتان دەوێ؟
دایکەکە کچەکەی پێ نیشانداو پرسی:- کاکە تۆ دەرمانێکت هەیە بۆ چاوی نەخۆشی ئەوکچە؟
پیاوەکە چاوی بڕییە چاوی بێ نووری کچەکەوە، کە بەوان پێڵوی سوور هەڵگەڕاوی کە بە زەحمەت لێکدەبوونەوە وموعایەنەی کردن، پرسی ئەوە بۆ وای لێهاتووە؟

دایکەکە گوتی:

- یەکەم جار وام خەیاڵ دەکرد، کە لەبەر دووکەڵ وای لێهاتووە، مێردی من مردووە وناچارم، لە دەشت کار بکەم، لەبەر هەمان هۆ هەموو جارێ درەنگ دەهاتمەوە ماڵ وکچەکەم ئاگردانی دەکردەوە، بەڵام لەو ساڵانەی دواییدا، دەبێ عیللەتی دیکەی پەیدا کردبێ، چونکە من زۆرم ئاگا لێ بووە، وەکو ئەوە وایە کە ئاگرێ لە ناوچاوەکانی بێت و دەیانسووتێنێ، ، هەلبەت نازانم چ جۆر ئاگرێکە؟ چونکە کەس لەو کچە ئارامتر نییە، بە درێژایی ژیانم نەمبینیوە بەدخوڵقی بکات.

پیاوەکە سەری راتەکاندو باوێشکێکی گەرمو گوڕی هاتێ، پاشان بە خاوێرییەوە گوتی:

- زۆر هەن بە هۆی ئاگرێکی ناوەوەیی، چاوانیان وەکو چاوانی کچی تۆی لێدێ، هەڵبەت هەموو جۆریشی هەیەو هیچ مەرهەمێ ئەم جۆرە تایە چاک ناکاتەوە، ئەو دەردە هەردەبێو دەرمانی نییە.

ئەو قسانە وەک گوللە وابوو، ئەو دڵە خەمزەدەیە کە ئومێدێکی هەبوو داتەپی، دایکەکە بە گوڕانێ بەڵام بە دەنگێکی کز گوتی:

- رەنگە لەو دەوروبەرانەدا دکتۆرێ پەیدا ببێ، حەتمەن هەر هەیە، ببورە تۆ دوکتۆرێ باش ناناسی هەرزانیش بێ، ئێمە هەژارین.

بەڵام پیاوەکە سەری قژنی خۆی راتەکاند، لە کاتی هێنانی دەرمانێکی کۆنینە کە لەناو قوتیەکی داریندابوو لە وەڵامدا گوتی:

- هیچ هونەرێ ناتوانێ بینایی ئەو بگەڕێنێتەوە، من لەوە

دڵنیام، چونکە ئەمجۆرە دەردی چاوەم زۆر دیوە، هەموو رۆژێ چەند کەسێ دێتە ئێرەوە، کە چاوەکانیان ئاوایان بەسەر هاتووە، هەموویان شکاتی ئەو تایە دەروونیە دەکەن، لەڕوودا پزیشکانی دەرەوەش، دەرمانێکی کاریگەرییان بۆ ئەودەردە نەدۆزیوەتەوە، چونکە ئەوان هەرچەند لەگەڵ یەک هامشۆیان کردووە، لەم بارەیەوە وپێلوویان لێک کردۆتەوە، بە خوێندنی دوعاو نزا لەبەردی جەهەننەمیان سویوە، دیسان ئەوئاگرە گەڕاوەتەوە وچاوی خواردوون، هیچکەس ناتوانێ ئەو ئاگرە لە بێن بەرێت، چونکە لە ناوەوەڕا، هەتا لە قووڵاییدا داگیرساوە، من ئێستاکە یەک تۆزی فێنک کەرەوەتان پێدەدەم، کە بۆ ماوەیەک چاوی هێور دەکاتەوە، بەلام چارەسەری یەکجارەکی ناکات.

تۆزەکە کە وەک دانەی ووردی گەنم وابوو، بە رستەیەکەوە گلۆلە بووبوو، هەلێرشت و پاشان گوتی:

- بەڵێ خانم کچی تۆ کوێر بووە.

بەلام کە حاڵەتی کچۆڵەکەی بینی، کە بەو قسانە وەکو منالێ، کە لەپرێکا لێدانێکی بەرکەوتبێ زەندەقی چووە، ئەویش بە شێوەیەک کە گوزارشت لە دڵسۆزی بکات، زیادی کردوگوتی:

- تازە خەمخواردن چ سوودی هەیە؟ تەقدیر وابووە، ئەو وا دیارە لە ژیانی پێشتریێ خۆی-مەبەستی دۆناود ۆنە- کە دوای مەرگ رۆحەکە دەچێتە ناو جەستەیەکی دیکە- کارێکی خراپی کردبێ، یا سەیری شتێکی قەدەغەی کردبێ، ئاوا شایانی ئەو سزایە بێت، یا لەوانەیە باوکی یا تۆ خانم گوناهێکت کردبێ، مرۆڤ چ ئاگای لە دڵی خەڵکییە؟ بە هەرحاڵ هەر بەڵگەیێ بۆ ئەوموسیبەتە لە ئارادبێ، ئەوە ئێستا دامەنگیری

ئەو کچە بووە، هیچ کەس ناتوانێ وویستی خوداوەند بگۆڕێ، پیاوەکە جارێکی تریش باوێشکێکی هاتێ، ئەو باوێشکە بازێ بوو لە هەستی بەزەیی زووتێپەڕی ئەوەوە، ئەو پارەیەی کە بۆی درێژ کرد وەریگرت‌و ئیدی بۆ لای پشتی دوکانەکە بە رێکەوت، بەڵام ژنە گەنجەکە کە لەهەژمەتان جەسارەتی هاتبووە بەر، بە ئازایەتیەکی تەواوەوە نەرازی بوو و گوتی:

- نا نا ئەو کوێر نییە تا ئێستا بیستووتانە کەسێ لەبەر دەردی چاو کوێر ببێت؟ خەسوم هەر لە منداڵیەوە ئازاری چاوی هەبوو لەگەڵ ئەوەش بەکوێری نەمرد،

ئەوەی تر بێ ئەوەی مەودا بداتە دەرمان فرۆشەکە وەڵام بداتەوە، دەستی کچەکەی خۆی توووند گرت، تا لێنەگەڕێ بلەرزێ، لەوکاتەدا بۆ لای دوکانی زێر فرۆشەکە چوو، کە کابرایەکی نەناسیاوی ریشن بوو، دایکەکە کیسەکەی لە باخەڵی دەرهێناو دایە کابراو زۆر لەسەرەخۆ گوتی:

- بێ زەحمەت ئەوانە لەمن بکڕە، لەبەر ئەوەی مێردەکەم مردووە من ئیدی ناتوانم سوود لەوانە وەرگرم.

لەو کاتەی کە پیرەمێرد زیوەرەکانی لە ناو تەرازوودا دەکێشا، تا نرخەکەیان دەستنیشان بکات، ژنە گەنجەکە لە چاوەڕوانی دابوو، کچەکە قۆڵی لە سەر چاوی داناو دەستی کرد بە گریان‌و بە دەنگێکی پچڕاو گوتی:

- دایە من خەیاڵ ناکەم کوێر بووبم، چونکە ئێستا وا دەبینم کە شتێ لە ناو تەرازو دەبریقێتەوە، مەگەر وانییە؟ ئەگەر کوێر بوومایە ئەوەم نەدەدی، ئەی ئەوانە چییە؟

دایکەکە لەو قسانە تێگەیی کچەکەی چاوی نابینێ، یاخود بە زەحمەت دەبینێ، چونکە زێڕەکان لەبەر چاوی ئەو زۆر بە روونی دەدرەوشانەوە، ژنە بەو جۆرە لە دڵەوە دەناڵی،

لە وەڵامدا گوتی:
- هەق بە تۆیە کچم ئەوە ئەنگوستیلەیەکە کە ماوەیەکە هەیتم، بەڵام ئێستا ناتوانم لە پەنجەی کەم، ئێستا دەمەوێ بیفرۆشم، چونکە پارەکەی بە کەڵکمان دێت.
ئەو خەمە تازەیە بووە هۆی ئەوەی کە دایکەکە کەمترین بیر بکاتەوە لە بارەی ئەو زێڕانەوە، یا بە ماناوچەمکێ کە ئەو شتانەی هەبێ یا نا ناکەوێتە ئەندێشەوە، مناڵەکەی نەیتوانی بوو ئەو زێڕانە بە درەخشاوەیی ببینێت، ئەوەش تەنها شتێ بوو کە لە نەزەری ئەودا بایەخی هەبوو، پیرەمێرد زێڕەکانی بە سندوقێکی بچووک هەڵواسی کە بازوبەندوئەنگوستیلەو گەردەن بەندو هەموو جۆرە ئامێرێکی زینەت وجوانی دیکەی تێدابوو، ژنە گەنجەکە ئیدی دەربەندی زیوەرەکانی خۆی نەبوو، چونکە ئەوانە تەنها بۆ ئەو چەند شتێکی بریقەداربوون، کە مناڵە کوێرەکە دەستنیشانی نەدەکردن.
حاڵەکە کە وەها بوو، تەنها دەبوایە شتێکی دیکە بکڕێ، دووبارە دەستی کچەکەی گرت تا سایەدی بێت، چونکە دیار بوو کوچەکە کەمکەم پڕ دەبوو، خەڵکی بۆ کڕین وفرۆشتن دەهاتن، جوتیارو باخەوانەکان سەبەتی پڕ لە سەوزی تەڕو تازەی خۆیان، لە دوولای کوچە دادەنا، ماسی فرۆشان تەشتی پڕ ماسی خۆیان دادەنا، دایکەکە بەردەوام بوو لە ڕێگەی خۆی تا گەیشتە دوکانێ، کچەکەی لەبەردەم دوکانەکە ڕاگرت وخۆشی بە تەنها چووە دوکانەکەوە، فرۆشیارەکە لەمەبەستی ئەوی پرسی وبە هێمای پەنجەکانی شتێکی پێ نیشانداو گوتی:
- لەوە؟ ئەو شتە یەک سونجی بچوکی مسین بوو، کە چەکوشی دارینی پێویستیشی لەگەڵدابوو، کوێرەکان لەکاتی

بەرێ ڕۆیشتندا سوودیان لێوەردەگرت، تا کوێریی خۆیان بۆ ڕێبواران رابگەیەنن، فرۆشیارەکە بەر لەوەی شتەکە بپێچێتەوە، دووبارە شتەکەی خستەی دەنگەوە، تا باشی ئەو شتە بچەسپێنێ، کچە گەنجەکە کە گوێی لەو دەنگە بوو، لەپڕێکا ڕاجفری وسەری بڵند کردو بانگی دایکی کردو گوتی:

- دایکە لەو دەوروبەرانە کوێرێ هەیە، چونکە من دەنگێکی روونی وەک دەنگی زەنگوڵە دەبیستم.

فرۆشیارەکە قاقا پێکەنی، چونکە وەزعی چاوەکانی کچەی بە چاکی دەبینیو بە تیزەوە گوتی:

- لێرە کوێرێ جگە.....

بەڵام دایکەکە بە نیگاییێکی تووڕەی وا قسەی کابرای بڕی وقسەکە لە گەروی پیاوەکەدا مایەوە، تەنها ئەوەی کرد کە دارزەنگوڵەکە بدا بە ژنەکەو بە نیگایەکی گەمژەلانە سەیری رۆیشتنی بکات، پاشان گەڕایەوە ماڵ، کچە خۆشحاڵبوو بەوەی کە گەڕاوەتەوە ماڵ چونکە وردە وردە کە رۆژ هەڵدەکشا شار شلۆغ تر دەبوو، پڕ دەبوو لە جەنجاڵی، لە هەموو لایەکدا دەنگێکی تازەتر بەرز دەبۆوە، بۆ فرۆشتنی شتومەکی خۆیان وایان هاوار دەکر گوێی مرۆڤیان کاس دەکرد، ئەویان دەترساند، ئەو ڕێبوارانەی کە کچە ئەوانی نەدەدیت، خۆیان لێدەداو بە هەمان زەرافەتی ئاسایی خۆیدا بە رێدا دەڕۆیشت، پێی بچوکی خۆی لەملاو لەملادا دادەنا، لەگەڵ ئەوەشدا کە چاوی ژانی دەکرد، دەگرژییەوە، بەڵام دایکەکە لەناوەوە خەمی دەخوارد، ئەو شتەی کە تازەی کڕیبوو واتە دارزەنگوڵەی کوێرانی بە توندی لە دەستە بەتاڵەکەی خۆیدا گرتبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو دار زەنگوڵە بچووکەی کڕیبوو، بەڵام دڵی نەدەهات بیدا بە کچەکەی،

چونکە کچەکە خۆی بە تەواوی بە کوێر نەدەزانی.
تەواوی هاوین سەبری گرت ودووبارە بەرهەمیان هەڵگرتەوەو بەشی خاوەنکاریان دایە ئەو سەرکارەی کە پیرەمێردێ بوو، لە ئامۆزاو یا لەو خزمە هەژارانەی ئەوا بوو، پاییزیش گەیشت، بەڵام دایکەکە هێشتا ئامادە نەبوو بڕیار بدات، دڵی دەیخوازی ئەزمونێکی تر بکاتو لە خودایان بپاڕێتەوە، ئامادەبوونی کچە کوێرەکەی، هەموو رۆژێ قسەکانی دەرمانفرۆشی وەبیر دەهێنایەوە کە گوتبووی
-گوناهێ کەسو کاری ئەو، یاخو گوناهێ کە تۆ کردوتە ومرۆڤ چ ئاگای لە دڵی خەلکە؟
بەخۆی وت باشتر وایە بچێتە زیارەتی پەرستگاوە، هەڵبەت نە ئەو پەرستگایەی کەنار جادە، چونکە ئەو بە هیچ جۆرێ ئامادە نەبوو بچێتە لای خوداوەندێ کە لەو شەوەی گوریندا، روخساری ئەوی داپۆشیبوو، بەڵکو ئەو پەرستگایەی کە دە میل دوور بوو و دەیانگوت خودایەکی بەهێزوتوانای لێیە، کە ئەو کاتەی ژنان لەبەر بەدبەختی وبێچارەیی پەنای بۆ دەبەنو لە بنی دڵەوە دوعای بۆ دەکەن، ئەوە دوعایانە وەڵامی دەبێ، دایکەکە ئەو نەخشەیەی خۆی بە کوڕەکانی گوتو هەردووکیان، سەبارەت بەو موسیبەتەی کەبەسەر خوشکەکەیان هاتووە، بە سەختی خەمبار بوونو کەوتنە ژێر کاریگەرێتییەوە، کوڕی گەورەترێ بە هەمان ویقارو گەورەیی خۆیەوە گوتی:
- ماوەیەک لەمەو پێش بوو کە دڵم بۆئەو لێی دەدا، لەبیری ئەوەی نەوەکا وەزعی باش نەبێت.
بەڵام کوڕی بچوکترێ بەسەرسامییەوە گوتی
- من قەت لەوە بە ئاگا نەبووم، کە چاوی ئەو بەباشی

نابینیَ، دوعام کردبوو که ئەو هەر بەو وەزعە باشەی ببینم.
دایکەکە کچەکەی خۆشی لەو ماجەرایە ئاگادار کردەوە وپێی گوت:
- من دەچمە پەرستگایێ لە باشور، کە لەوێدا خودایێ هەیە، ئەوە هەمان ئەو خودایەیە کە دوای تەمەنێکی زۆری نەزۆکی کوڕێکی بەخشیە- ژنی لی- لەو کاتەی کە نزیک بووبۆوە لەو تەمەنەی کە منالّی نەبێت، مێردەکەی بێ تاقەت بوو بووو بە قەدەرەیَ لە نەزۆکی ژنەکەی ناڕەحەت بوو بوو، کە دەیەویست ژنێکی تر بهێنێ، ئەو کاتە ئەو ژنە چووە پێشگای ئەو خودایەو دوعاونەزری بۆ کرد، ئەو منالّە قشتەی کە ئێستا هەیەتی، ئەوی هێنا دونیاوە، کچە وەلاّمی دایەوەوگوتی:
- بەلّێ دایە باشم لەبیرە کە ئەو جووتێ کەوشی ئاوریشمیشی بۆ خودایەکە دووری بوو، کە منالّەکەی بوو، پێشکەشی خواکەی کرد، دەی دایە دوامەکەوە بڕۆ لایەوە، بەڕاستی خوایەکی میهرەبان وباشە، دایکەکە کەوتە ڕێگاوە، بەدرێژایی ئەورۆژە لەگەلّ بادا شەڕی دەکرد، کە لەومانگەدا بێبڕانەوە هەلّیدەکرد، سەرمای سەحرای باکوری لەگەلّ خۆیدا دەهێنا، شیدەت وساردی با بە قەدەرێ بوو، کە گەلاّی دارودرەختی کالّ دەکردەوەو گیاوگوڵی کەناری دەشکاندەوەوسیسی هەلّدەگەڕاندن، هەموو شتێ دەژاکاو دەمرد، بەلاّم سەنگینترو تالّتر لەو بایە ترسێ بوو کە بەسەر دایکەکەوە زالّ بووبوو، ترسی ئەوەی کە سزای ئەوگوناهەی ئەو کردبووی، بە گەردنی کچەکەیدا بشکێتەوە، کە گەیشتە شوێنی مەبەست ئەسلّەن لەبیری نەبوو سەیری شکۆو جەلالو جوانی پەرستگاو باشی دەرودیوارەکان بکات، کە

بە نەخشی گوڵی سوور بوو، هەروا ستایشی خواکان بکات، کە خەڵکێکی زۆر دەهاتنە حزوریان وسوژدەیان دەبردو دەچوونە دەرەوە، بەپەلە خۆی خزاندە ژوورەوە تا بەدوای خودایێ بگەڕێ کە خۆی دەیناسێ، لە پەرستگادا هەندێ عەترو مۆمی کڕی، لە یەکەمین رۆحانی سەر ڕێی خۆی پرسی کە پرچێکی گەنم رەنگی هەبوو

- ئایا خودای زیندوو لە کوێیە ؟ رۆحانییەکە لەسەرو وەزعی ئاسایی ژنە دێهاتیەکەدا کەوتە گومانەوە، لەگەڵ یەکێ لە ژنە نەزۆکەکاندا کەوتۆتە پەیوەندی، کە هەموو رۆژێ گروپ گروپ بۆ پاڕانەوەو دوعاکردنی بۆ دووگیان بوون دەهاتن، ئەوەبووکە لێوی خۆی جولاندەوە وگۆشەیەکی تاریکی لە پەرستگاکەدا نیشاندا، کە لەکۆتایی ئەو خوایە پیرو چرکینەدا لە میانی دوو پەیکەری بچوک وبێ نرختردا لە خۆی دانیشتبوو، ئەو دوانە دەستیارانی خۆی بوون، دایکەکە بۆ هەمان ئەولا چووە پێش، پاشان سەبری گرت تا ئەو پیرەژنە پشت کووڕە لە دوعاکردنی خۆی ببێتەوە،، پیرەژن بۆ کوڕەکەی لە ئاستانەی خودایی دەپاڕایەوەو دەگریاو دەیگوت ئەوە ساڵەهایە بەزەوی نووساوەوە ناتوانێ بجولێ، بێماری ئەو بە پلەیەکە کە هەتا ناتوانێ مناڵێکی ببێ.

پیرەژن لە کاتی دوعادا دەیگوت:

- ئەی خودای رەحمەت ئەگەر گوناهێ لە ماڵی ئێمە کرابێ و کەفارەتمان نەدابێ، ئەوە ئێمە حاڵی بکە، ئەگەر لەبەر ئەوگوناهەیە کە کوڕەکەی من ناتوانێ بجولێ بە من بڵێ بزانە کە من کەفارەی ئەوە دەدەم، بەڵێ من کەفارەی دەدەم.

پاشان پیرەژن هەڵسایەوەو بە کۆخەکۆخ وناڵەکردنەوە

لەوێ بە دوور کەوتەوەو دایکەکەش بە نۆبەی خۆی بۆ نەزر و نیاز کەوتە سەر ئەژنۆوە، چەند دەیکرد نەیدەتوانی قسەی پیرەژن لەبیر بکات، وایدەهاتە بەرچاو، کە خوداکە قیافەتێکی عەبوس‌و زبری گرتۆتە خۆی، نیگاکردنی ئەو روخسارە رەنگزێڕو سافە، لەبەرابەر رۆحی گوناهکارێدا، کە بەر لە کەفارەدانی گوناهی خۆی هاتۆتە دوعاوە، زۆر کاریگەر نییە، لە دیماهیدا دایکەکە لە جێوە هەڵسایەوەو بە زەحمەت هەناسەیەکی هەڵکێشا، نەیدەزانی گریەو زاری نرخی هەیە یا نە؟ بەڵام مۆمی داگیرساندو گەڕایەوە، کاتێ دووبارە ئەو دە میلەی بڕی ماندوو بووبووو تەزی بوو، گەیشتەوە ماڵەوە وخۆی هاوێشتە سەر چوارپایەی خۆی و لەوەڵامی ئەو پرسیارانەی کە مناڵەکانی سەبارەت بە شێوەی وەڵامی خوداوە، لەبارەی دوعاو نەزرو نیازی ئەوەوە، دەیانپرسی بە بیچمێکی خەمەنگیزەوە گوتی:

- من چ خەبەرێکم هەیە لە بارەی ئیرادەی خوداوەندان؟من تەنها دوعام کردووە، ئێستاکە پەیوەستە بە ویستی خوداوەند، دەبێ سەبر بکەین کە دوعامان قبوڵ بێت.

بەڵام لە قووڵایی دڵەوە ئارەزووی ئەوەی کرد کە خۆزگە ئەو گوناهەی نەدەکرد، هەرچەند ئەو ئارەزووە زۆرتر هێزی دەگرت، ئەوەندە زیاتر لە خۆی دەپرسی بۆچی خۆی بەو کارەوە پیس کردوە؟ ئێستاکە پیاوەکە، بە روخساری سافی خۆی ئەوی تووشی هێڵنج دەکرد، ئێستاکە بە خاتری گوناهی خۆی کە هەرگیز نەیدەتوانی بیشواتەوە، نەفرەتی هەبوو، لە ساتی ئەو نەفرەتە قووڵەدا، لە گەرم‌و گوڕی و لە گەنجێتی خۆیدا، کە ئەویان جێیان هێشتبوو، چاکبوونەوەی دۆزییەوە، ئیدی بۆ ئەوهیچ پیاوێ نەبوو لە دونیادا بە مانای

پیاو، جگە لەو سێ جگەرگۆشەیە، کە یەکیان کوێر بوو، ئیدی هیچ شتێکی دیکە بۆ ئەو نەمابۆوە.

# بەشی سێزدەم

دایکەکە وردە وردە گەنجێتی خۆی لە دەست دەدا، پێی لە چلو سێیەمین ساڵی تەمەنی خۆی نابوو، زۆربەی شەوان حسێبی ئەو زەمەنەی دەکرد، کە بەسەر رۆیشتنی باوکی منداڵەکانیدا رەت بوو بوو، تەواوی پەنجەی هەردوو دەستەکانی دەقوچاندەوەو دیسانەوە دوو چەنجەی تریشی دەخستە سەریانەو، بەڵام سەبارەت بەو ساڵانەی کە ئەوخۆی لە ئاواییدا بە بێوەژن ناوزەد کردبوو، ئەوە ژمارەی ئەو ساڵانە، لە ژمارەی پەنجەکانی یەکدەست تێپەڕی دەکرد.

بەموەسفەوەش هەروەها باریک بووبۆوە و توندوتۆڵتر لە هەمیشە بەرێدا دەڕۆیشت، تەنی قەبە نەدەبوو، ژنانی دیکە لەو سنو ساڵە دەشکانەوە، یا قەڵەو دەبوون، بۆ نموونە کچە ئامۆزاکەیو بێوەژنی زۆربلێی دێ هەموو ساڵێ قەڵەو تر دەبوون، بەڵام خودی ئەو وەکو رۆژانی جەوانی زراف و بەهێز مابۆوە، تەنها مەمکەکانی ووشک هەڵگەڕابوونو بچوک بووبوونەوە، کاتێ لەبەردەم رۆشنایی تەواودا سەیریان دەکرد، دەیانبینی کە بەدەورەی چاوانییەوە، لەبەر کاریگەریتی کاری سەختی بەر هەتاوی گەرمو سووتێنەردا چین چینی بچووک بەدیار دەکەوتن، پیستەی جەستەشی دوای چەندین ساڵ کارکردن لە دەشتەکاندا رەشداگەڕابوو، ئەو توندیو تیژیەی پێشترلەودا نەمابوو، چوستو چالاکی

کەم بووبۆوە، چونکە هەر لەوزەمانەوە کە ئەو تۆوە خەسارەی لە جەستەی خۆیدا دەراوێشت، ئیدی هیچ کاتێ خۆی وەکو ڕۆژانی یەکەم هەست پێ نەکردەوە، کاتێ لە دێکەدا بۆ ئەوە بانگیان دەکرد، تا بچێتە لای ژنێکەوە لە کاتی زاییندا، بەو پێیەی کە ئەو بێوەژن بوو، حسێبی ژنانی سەروپرچ سپیان ی گەڕەکیان بۆ دەکرد، کە زۆرجارانیش بابەتێکی وەها دەهاتە ئاراوە، خۆشی هەستی پێدەکرد کە پێویستی بە زەحمەتییێکە بۆ ئەوەی لە جێوە بجوولێتەوە، هەتا یەکدوو جاران ئەو ژنەی کە منالی دەبوو ناچار بوو بوو، تا گەیشتنی ئەو خۆی منالەکە ببێت، ڕۆژێکیان منالێکی نوزادی لە دەست کەوتە سەر فەرشی وەتاغەکەوە، منالەکە کوڕ بوو، خۆشبەختانە لەمەترسی قوتاری بوو، تەنها سەری پێکراو بێ ئەوەی مێشکی عەیبی تێ کەوتبێ، ئەز قەزا منالەکە زۆر ساغ وبەهێزیش ڕزگاری بوو.

منالەکانی وردە وردە گەورە دەبوونو ئەویان بە پیر لە قەلەمدەدا، کوڕە گەورەکەی هەمیشە داوای لێ دەکرد، کە بحەسێتەوە، لەکاتی زەوی کێلاندا، بەردی گەورە گەورە هەلنەگرێت، ئەوکارە بخەنە ئەستۆی ئەوەوە کە بە ئاسانی ئەنجام بدرێ، کوڕە ئەو ئەوساکە کە گەیشتبووە تەمەنی بلوغەوە لە ئەوپەڕی هێزوتواناى خۆی بوو، هەمیشە هەولی دەدا کەکاری سوک سوک بسپێرێتە دایکییەوە، هیچ شتێ ئەوەندە دلی ئەوی خۆش نەدەکرد، کە ببینێ دایکی لە ڕۆژێکی هاوینی دا بەسەر تەختەوە لەبەر سێبەر دانیشێو ئارام ئارام خەریکی دورین بێت وخۆشی بچێتە دەشتاییەوە.

بەلام لە ڕاستیدا دایکەکە بەو ئەندازەیە پیر نەبوو بوو کە کوڕەکە وای بۆ دەچوو، ئەو هەمیشە کاری کشت وکالی

لەهەمووکارەکان پێ باشتر بوو، حەزی دەکرد بەسەر زەویەوە کار بکات، پاشان بە جەستەیەکی شەلاڵ بە ئارەقەوە، پاکو پاکیزە کە بای دەشتایی ووشکی دەکردەوە هەروەها بە جەستەیەکی کوتراو بە ماندووبوونێکی ئاسایی بگەڕێتەوە ماڵ، چاوەکانی خوویان بەدەشت و کێوستانەوە گرتبوو، نەدەکرا وا بە ئاسانی ئەو دیمەنانە بە کونی دەرزییێکی ووردو باریکدا ببات، بەم وەسفەوە بەڕاستی جێگەی ژنێکی چوستو چالاک، بەخۆی و بە چاوەساغەکانیەوە لە ماڵێدا خاڵی بوو، بەتایبەتی کە ئێستاکە هەموو دەیانزانی کە کچۆڵەکە کوێر بووە، خودی ئەو بێچارەیەش هەر لەو رۆژەوەی کە لەگەڵ دایکی چوو بوو بۆ شار، پەی بەمە بردبوو، نەدایکەکەو نە کچە باوەڕیان بە موجیزەی خودای پەرستگاوە نەبوو، دایکەکە لەبەر ترسی سزای ئەو گوناهەی کردبووی‌و کچەش لەبەر ئەوەی وای خەیاڵ دەکرد کە کوێر بووە، رۆژێکیان دایکەکە لێی پرسی:

- ئەرێ لە ناو ئەو کیسەیەدا هێشتا تۆز بۆ چاوت ماوە؟

کچە جحێڵەکە کە لە ئاستانەی دەرگادا دادەنیشت ولەوکاتە کە چاوی بە تەواوی کوێر بوو بوو، ئیدی رونابیشی نەدەبینی کە پێیەوە نارەحەت بێت، لەوەلامی دایکەکەدا بە ئارامی گوتی:

- دایە زۆر لە مێژە کە هەموویم بە کار هێناوە.

دایکەکە دووبارەگوتی:

- کەواتە دیساندەبێ بیکڕینەوە، بۆ بەمنت نەووتووە کە تەواو بووە؟

کچە گەنجەکە سەری راتەکاند، کاتێ دایکەکە سەیری ئەوی کرد، دڵی لە لێدان کەوت، چەند ووشەیێکی دڵتەزێن لەو

دەمی وا مەکین و پەسندا دەهاتە دەرەوە:-
ئاخ دایە من کوێرم، من باش دەزانم کوێر بوویمە، ئیدی من ناتوانم تۆ ببینم، خۆ ئەگەر لەدیواری حەوشەی خەرمانگا بۆ ئەو لاتر بڕۆم، ناتوانم ڕێگەی خۆم بدۆزمەوە، ئاگات لێنییە کەمن ئیدی لەماڵەوە دوور ناکەومەوە؟ هەتا ناچمە دەشتاییش؟ لەوحاڵەدا کە بە گرژی و خەفەت و مەینەتەوە گازی لە لێوی خۆی دەگرتو بناغەی گریانی دانا، چونکە مەعلوم بوو کە گریان زیاتر چاوەکانی دەخاتە دەردەوە، ئەو بە پێی توانا هەتا هەوڵیشی دەدا نەگریت.
دایکەکە وەڵامی نەدایەوە، دەیتوانی چ بە منداڵە کوێرەکەی بڵێت؟ دوای ساتێ لە جێوە هەڵسایەوەو چووە ژوورەکەی خۆیەوەو لە بنی ئەوسندوقچەیەی کە پێشتر بۆزێڕوزیوەرەکانی بوو، ئەو سونجیە بچوکەی کە کڕی بووی، هێنایە لای کچەکەیو گەڕایەوە وگوتی:
- وەرە رۆڵە گیان من ئەوشتەم بۆ رۆژێ کڕی بوو کە.....
نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات، بەڵام دارزەنگوڵەکەی نایە دەستی منداڵەکەو ئەویش زوو زانی مەسەلەکە چییەو دار زەنگوڵەکەی گرتە دەست، کچە کە ئارامی خۆی وەدەست هێنابۆوە، دارزەنگوڵەکەی کوشییە ناودەستی و بە شێوەیەکی شکاتئامێزەوەگوتی:
- بەڵێ دایە پێویستیم پێیەتی.
کاتێ ئەو شەوە کوڕە گەورەکە لە دەشت دەگەڕایەوە، دایکی داوای لێکرد کە داردەستێکی موحکەم بباتو بۆ دەستی خوشکەکەی سافوولوسی بکات، تا بتوانێ لەلایەک بەودارزەنگوڵەیەوە خەڵکی ئاگادار کاتەوەو لە لایەکی

ترەوەش بە کۆمەگی ئەو دارە وەکوهەموو کوێرەکانی دیکە، بە ئازادییەکی زۆرترو بە ترسێکی کەمترەوە بە رێدا بڕوات.

لەوحاڵەتەدا ئەگەر کچە تووشی حاڵەتێکی بەد بووایە یاخود نائاگاهانە خۆیان لەو بدایەو بەزەویان دابا، ئەوە کەسێ دایکەکەی سەرزەنشت نەدەکرد، چونکە ئەو نیشانەییێکی داوە بە کچەکەی کە کوێرەکان دەبوایە هەیانبوا و هەموو دەیانتوانی چاکی ببینن، لەو رۆژەوە بە دوا بەبێ ئەودووشتە، واتە دارزەنگوڵە چوکەڵەکەی و داردەستەکەی، کە ئەوساکە فێر بووبوو چۆن بە ئارامیو روونی وەدەنگی بهێنێ، هیچ کاتێ لە ماڵ نەچووە دەرەوە، بە کۆمەگی ئەو دووشتەوە بە دڵنیاییەوە بە رێدا دەڕۆیشت، کچێکی نزیکەی خۆش بیچم بوو، روخسارێکی وردوخەمناکی هەبوو، هێڵەکانی دەموچاوی ئاسەواری خەمەنگیزی ئەو نەجوڵانەوەیەی کە عادەتەن کوێرایەتی بەسەر روخسارەوەی نەقش دەکات، پێچەوانە دەکردەوە، بەم چەشنەوە کارامەییێکی باشی هەبوو لە هاتو چۆکردن بە ناو ماڵدا، کە هەندێ جار پێویستی بە داردەست نەبوو، برنجی دەشوشتەوەو لێیدەنا، بەڵام دایکی نەیدەهێشت ئاگری ژێر مەنجەڵ دابگیرسێنێ ورۆشن بکاتەوە، وەتاغو حەوشەو وخەرمانگای گەسک دەداو ئاوی لە گۆمێ دەهێنا، هێلکەی مریشکانی لە کۆڵیتی مریشکان کە بۆ ئەو ئاسایی بوو کۆدەکردەوە، بەبۆن یاخود بەدەنگ دەسنیشانی دەکرد، کە شوێنی دەواران لە کوێیە؟ دەیتوانی ئالیکیان لەبەردەم دابنێت، بەکورتی دەستی بەسەر هەمووکارێکەوە دادەشکا، جگە لە کاری دەشت و خەیاتی نەبێ، هێزی کارکردنی دەشتایی نەبوو، وادەهاتە بەرچاو کە دەردو رەنجی کاتەکانی منالی، گەشەکردنی جەستەی ئەوی راگرتبێ، کاتێ کەدایکی ئەوی

بەمجۆرە لە ڕێی ڕۆیشتندا دەدی، جگەری دەبووە کەباب، بە شپرزەییی‌و نیگەرانییەوە لە خۆی دەپرسی کە کاتێ ناچار بێت بەشووی بدات، ئایا چ سەرنویشتێ لەچاوەڕوانی ئەودا دەبێت؟چونکە بەهەر تەقدیرێ بێت ڕۆژێکی وا دێتە پێش‌و ئەو دەترسێ لەوەی کە بەر لەمردنی کەسێ پەیدا نەبێت ئاگای لەو بێت، یاخود بیکاتە ژنی خۆی، چونکە ژن وەک بەشێ لەو تاکانەی کە لە خانەوادە لە دایک بووبن حسێب نەدەکرا، بەڵکو وەکو بەشێ لەخانەوادەی مێردەکەی حسێب دەکرا، زۆر جاران لەم بارەیەوە بیری دەکردەوەو لە خۆی دەپرسی ئاخر چ کەسێ ئامادەیە لەگەڵ کچێکی کوێردا زەماوەند بکات، جا ئەگەر کەسێ نەبوو بەرپرسیارێتی ئەو بگرێتە ئەستۆ چی بەسەر دێت؟ کەلەم بارەیەوە قسەی دەکرد کوڕە گەورەکەی دەیگوت:

- دایە تا ئەوکاتەی ئەو بەشی خۆی لەوماڵە کاردەکات، من ئاگام لێدەبێت.

ئەو قسەیە تا ڕادەیێ دڵی دایکەکەی دەدایەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەیزانی کە ناکرێ پیاو بناسرێ، تا ئەوکاتەی کە دەزانین ژنەکەی چۆنە، لەبەرەخۆ بیری دەکردەوەو دەیگوت:

- دەبێ کەسێ بدۆزمەوە کە بە چاکی ئاگای لە کچە کوێرەکەی من بێت، ئەوکاتەی ویستم بەدوای بوکێ بگەڕێم، دەبێ یەکێ هەڵبژێرم کە ئاگای لەدوو نەفەر بێت، لە مێردەکەو لە خوشکی مێردەکەی.

جگە لەوە ئێستاکە کاتی ئەوەش هاتووە، دایکەکە بکەوێتە بیری ئەوەی ژنێ بۆ کوڕەگەورەکەی پەیدا بکات، کوڕەکەی بێ ئەوەی خۆشی ئاگای لێ بێ، پێی لەنۆزدەهەمین سالێ تەمەنی خۆیا دەنا، بەم وەسفەوەش هیچ کاتێ نەبەسەر

زمانی هێنا بوو، کە مەیلی ژن هێنانی هەیە، نە پیشانیشی دابوو کە لەخۆیدا هەست بەوە دەکات ژنی هەبێت، هەرگیز کوڕێکی لەو نەجیبترو سەربەرەوژێر تر پەیدا نەدەبوو، زۆری کار دەکردو هیچ شتێکیشی داوا نەدەکرد، خۆ ئەگەر جارێ سەری لە قاوەخانە بدایە یاخود ساڵ نا ساڵێ لە رۆژێکی پشوودا سەفەری کردبایە شار، هەمیشە لەوکاتانەش کارێکی ئەنجامدەدا، هیچ کاتێ پێی لەکاری فسق وفجور نەدەناوقوماریشی نەدەکرد، تەنها جاجارە لەدوورەوە سەیری قوماربازەکانی دەکرد وهەمیشە لەبەرامبەر لە خۆی گەورەتردا بێدەنگ دەبوو، کوڕێکی تەواوعەیار بوو، هەرکە ئاسەواری منالّی لەسەر لاچوو ئیدی هیچ عەیبی نەبوو، جگە لەوەی کە تێبینی برا بچووکەکەی نەدەکرد، بەڕاستی شتێکی سەیر بوو کە کوڕێ بەم نازەنینیو خۆش خولقییەوە کوڕێ کە لەگەڵ هەموو خەڵکی بە غایەت باش و میهرەبان بوو، هەتا لەگەڵ ئاژەڵانیشدا بەلووتفو موررووەت رەفتاری دەکرد، کوڕێکی بێدەنگ و سەدا، کەدایکی دەچوو تا کۆتێکی نوێ بۆ بکڕێت، لێی دەپرسی کە چ رەنگێکی بۆ بکڕێت، بە زەحمەت وەلامی دەدایەوە، کەچی کوڕێکی وا لە هەقی برا بچوکەکەی بەو ناونیشانەی کە خۆی برا گەورەبوو وا بە زبری رەفتاری دەکرد، چونکە هەر کاتێ منالّەکە لەکاردا هەندێ تەمەڵی دەکرد، جوێنی پێ دەداو بەتووڕبوونێکی زۆرەوە، ئەوی مەجبور دەکرد کە جۆرە کارێ لە مەزرادا بکات، لە ماڵیدا هەمیشە شەڕو هەرا بوو، کوڕە بچوکترێکە زۆر بە گێچەڵ بوو، ئیدی قیژەو دادو بێدادی بوو، کوڕی گەورە مادامەکی هێشتاکە تاقەتی تاق نەبوو بوو، بێدەنگ دەبوو، بەلام کە کاسەی سەبری پڕ دەبوو و کار لەکار

دەترازا هەرچییەک لە دەستی هاتبا، بە دەستی خاڵی دەکەوتە گیانی براکەیو ئەوەندەی لێدەدا تا برا بچوکەکەی بەگریانو نەڕین وەکو گوێرەکە بەلای درەختەکانەوە رایدەکردو پەنای دەبردە بەر ماڵی کوڕی مامی، کە کار گەیشتبووە شوێنێ هەمووخەڵکی دێ برا گەورەکەیان لەبەر ئەو زبرییەوە سەرزەنشت دەکردو لایەنگیری برا بچوکەکەیان دەکرد، کوڕە لەو لایەنگیری کردنەی ئەو خەڵکە بۆ ئەو هارتر بوو، وەکو ئەوەی کی هەوساری پسابێ کاری خۆی بەرەلاکرد، تا ئەوجێیەی بەتایبەتی لە ماڵی کوڕی مامی لەمیانی ژمارەیەکی زۆر کچو کوڕ کە وەکو قارچک شین دەبوون، بێکارو بێعار بەرەڵلا ببوون دەژیا.

تەنها ئەوکاتانە دەیتوانی بگەڕیتەوە ماڵێ، کە دەیبینی براگەورەکەی بۆ کاری دەشت رۆیشتووە، ڵی کە رق لە دڵی براگەورەکەی کۆدەبۆوە، بەر لە وەختی خۆی دەگەڕایەوە ماڵ هەرکە برا بچوکەکەی لە ماڵێ دەدی سەری لە بن بازوی خۆ دەنا وئەوەندەی لێدەدا تا دایکی رایدەکردو دەیگوت:

- لێیگەڕێ کوڕم لێیگەڕێ، تۆ شەرم ناکەی ئاوا لە برابچوکەکەت دەدەی وخوشکت دەترسێنی؟

بەڵا پیاوە گەنجەکە دەیگوت:

- مەگەر نابێ پەروەردەی بکەم؟ ئاخر ئەوباوکی نییەو من برای گەورەی ئەوم، ئەو کوڕە لە کوڕێکی بەدرەوشتو بێکارو تەمبەڵ زیاتر نییە، هەر کاتێ هەلێ بە دەست دەهێنێ، دەچێتە دوای بەزمی خۆی، تۆ کە باش دەزانی دایە، بەڵام تۆ ئەوت لە ئێمە خۆشتر دەوێ.

لە راستیدا خاڵی بێهێزی ژنەکە لەوەدابوو کە پەیوەندییێکی زیاتری بە کوڕە بچوکەکەیەوە هەبوو، منالێ بوو دڵی دایکی

بۆی دادەخورپا، کوڕی گەورە لە روودا زۆر زوو ببووە پیاو، هەمیشە بێدەنگ بوو بێ ئەوەی لەگەڵ کەسێ یەک قسە بکات، دایکەکە ئاگای لەو لایەنە نەبوو، کە زیاتر ئەو ماندووبوونە دەمی کوڕەکەی دەبەستایەوەو ئەوەی کە ئەوی گرژومۆن و رووترش دەکرد شتێ نەبوو جگە لە ماندووبوونێکی لەرادەبەدەر.

بەلاّم کچەکەی، دەبێ بڵێین دایکەکە لە قوڵایی دڵییەوە خۆشی دەویست، بەلاّم ئەوموحیببەتە بە ئازار بوو، چونکە چاوی کوێری ئەو، هەمیشە گوناهی ئەوی بە رۆحیا دەکێشا، نەیدەتوانی لەبیری کات کە خودای پەرستگا دوعای ئەوی قبوڵ نەکردووە، زاتی دووبارە کردنەوەی ئەو نەزرونیازەی نەدەکرد، چونکە لەوە دەترسا کە گوناهی ئەو دامەنگیری منداڵەکەی بێت، ئەویش تاقەتی تامل کردنی ئەو شتەی نەبوو، هەرچەند دڵی بە حاڵی کچەکەی دەسووتا، کچە ئەوەندە چالاکی بەدایکی نەدەبەخشی، ئەوهەمیشە بە بزەوە لە دایکی نزیک دەبۆوە بە میهرو خۆشەویستیەکی زۆرەوە، لە کەنار دایکی دەوەستا، تا گوێی لە دەنگی بێت، بەلاّم دایکەکە بەهانەیەکی دەدۆزییەوەو لە جێوە هەڵدەستاو سەری خۆی بە کارێ گەرم دەکرد، چونکە هێزی ئەوەی نەبوو تەماشای چاوی تەڕو بەستراو و خاڵی ئەو بکات.

تەنها کوڕە بچوکترەکە خاپەڕۆک بوو ساغو بەهێزو چالاک بوو، ئەو بە باوکی دەچوو، ئەو ئەڤینەی کە دایکەکە پێشتر بۆ مێردەکەی هەیبوو هاتبووە ئەو کوڕەوە، دایکەکە ئەوی دەپەرست زۆر جاران لە میانی ئەوو براکەی سەرسامدەبوو، واتە هەرکات پیاوە گەنجەکە یەخەی کوڕەی دەگرت، دایکەکەخۆی دەهاوێشتە نێوانیانەوە، دەبووە سپەر

بۆ کوڕ بچووکترێکەی، جا لەبەر ئەوەی کوڕی گەورە لە لێدانیدا شەرمی لە دایکی دەکرد، ناچار دەستی لە لێدان هەڵدەگرت‌و کوڕە بچووکەکە رایدەکرد، کوڕە زیاتر لە پێشتر لە راکردنداوو، دوای ئەوەی کە ماوەیەک لەماڵی کوڕی مامیدا خۆی دەشاردەوە، لە هەمووشوێنێ هەتا لە شاریشدا وێڵوسەرگەردان بوو، یەکدوو رۆژ ون دەبوو، پاشان دەگەڕایەوە ماڵی مامی‌و لەوێ چاودێری خولقی براکەی دەکرد، کاتێکیش کە دەگەڕایەوە ماڵەوە جۆرێک بوو وەک بڵێی بەدوای ئاگرێکەوە هاتووە، هەموو ئەو کاتانەش کە ناچار بوو لە ماڵی کوڕی مامی بمینێتەوە دایکەکە لە چاوەڕوانی دا دەمایەوە، تا کوڕەگەورەکەی لە ماڵێ بچێتە دەرەوە، ئەوکاتە دەهاتە دوای و کوڕی بچوکی‌و ئەوی بە زمانی چەور دەهێنایە ماڵەوە، بەم وەسفەوە دایکەکە لەکوڕی گەورەی دەترسا، وا روویدەدا کە لەگەڵیا دەچووە دەشت، بەڵام زووتر دەگەڕایەوە ماڵ، تا زووتر بەر لە هاتنەوەی براکەی خۆراک بداتە کوڕی دووەمی، کوڕەکەی لە هەموو خۆراکێ سەرگوڵەکەی هەڵدەگرت و دایکیشی چونکە ئەوەندەی خۆشدەویست رێگری لەو نەدەکرد، دایکی لەبەر خاتری قسە خۆشەکان‌و بەخاتری بزاوت شێوەی و بە خاتری روخساری خڕکەلانەوە سافی، هەروەها بەخاتری ئەو جەستە نەرم وچاپوکەی کە زیاتر لە هەمووشتێ لە باوکیدا دەبینرا، ئەوی زۆر خۆشدەویست، کوڕە گەورەکە دەستێکی زبرو زلی هەبوو، هەروەها پشتیشی لە ئێستاوە لەبەر کاری زۆر لە کاتی بەرێدا رۆیشتن کووڕ بووبۆوە، بەڵام کوڕی بچوکی سەرزیندووی ئاگرپارەو زرنگ و رەشتاڵە بوو، پێستێکی سافی هەبوو وەک فەرخە پشیلە چوست و سووک بە رێدا

دەرۆیشت، هەربۆیەش دایکی خۆشیدەویست.

کوڕی گەورە کە وەها سەنگینو بەڕێز بوو، لەبەر ئەو میهرو خۆشەویستیەی کە هەستی پێدەکرد کە دایکی بۆ برا بچوکەکەی هەیەتی، لەم بارەیەوە رووەدەچووە ناو خەیاڵەوە، دەکەوتەوە یادی ئەو حەمکە رۆژانەی کەدایکی لەکارکردن مەعاف بوو، ئەوخۆی ئەو جەورەی کێشا بوو، گومانی لەوە نەدەکرد کە دڵێکی سەنگینی وەکو دڵی ئەو ژنە لە دونیا پەیدا ببێت، کە لە سەردەمی منالّیدا بە خاتری ئەوەوە ئەو هەموو هەوڵو تەقەللایەی دابوو، ئێستاش ئەو هەموو زەحمەتییەی ئەوی بە هیچ دادەنا، کەم کەم گرێکانی لەدڵدا کۆدەبۆونەوە، تا ئەو شوێنەی کە رقو کینەی لەبراکەی گرتە دڵیەوە.

## بەشی چواردەهەم

برا گەورە تا دەهات رق وکینەی سەبارەت بە برای بچووکەکەیەوە لە دڵدا کەڵەکە دەبوو، دایکەکە ئاگای لێ نەبوو کە ئەو رق وکینەیە چەند قووڵە، تا ئەو رۆژەی وەک چۆن کەنداوێکی مەزن کە لە پشت دیواری بەنداوێکدا پەنگی خواردبێتەوە، کەم کەم لەبەر کاریگەریتی دەلانی سەرچاوە نهێنییە جۆراوجۆرەکان هێزی وەبەربێت و بەندەرەکە ووردوخاش بکات و هەڵرژێتە دەرەوە، کاتێ بەربەستێکی وا هەموو لەمپەرەکان تێکدەشکێنێ، هەموو سەرسام دەبن، چونکە ئەوان لەو هێزەی کە ئاو لە کاتی هەڵرژانی ئاسایی خۆیدا کۆی کردبۆوە بێ خەبەر بوون.

وەرزی هەڵگرتنەوەی بەرهەمی برنج وکۆتایی هاوین، واتە کاتێ بوو کە دەبوایە لە سپێدەوە تا فرافینێ لە مەزرادا زەحمەتی بکێشایە و تەواوی ئەوکەسانەی کە توانای بە کرێ گرتنی کارگەریان نەبوو، دەبوایە خۆیان کار بکەن، کوڕە بچوکیشەکەش کەوتبووە کارکردنەوە، بەتەواوی خۆی دەکارێ هاویشتبوو، بەڵام لە کۆتایی دا هەنجەتێکی دەدۆزییەوەو تێی دەتەقان، بەڵام ئەمجارە دایکی بەدزی برا گەورەی نازی وەبەردابوو و دەستە ئێسقانیەکانی لاواندبۆوەو پێی گوتبوو:

- کوڕم لە کاتی دروێنە باش کار بکە، بە برا گەورەت

نیشان بدە کە چەند لەکاردا ئازای.

ئەگەر بتوانی ئەولەخۆت رازی بکەیت لەکۆتایی کاردا شتێکی قەشەنگت بۆ دەکڕم هەڵبەت هەرچییەک تۆ بتەوێ.

کوڕە قەولی داو لێوە قورمزییەکانی بە نیشانەی ترشرووی هاتبوونە یەکەوە، چونکە هەستی دەکرد کە رەفتاری بەدی بەرامبەر دەکرێ، بەبێ عوزرو هەنجەت چووە بەر کارێ، لەگەڵ ئەوەش سایەد بوو کە ئەگەر براکەی بە چاوی غەزەب سەیری ئەوی کردبا. بەسەلامەتی خۆی دەرباز بکات.

ئەو رۆژە باران هەرەشەی بارینی دەکرد، ئەوفەریکانەی کە دروێنەیان کردبوو، هێشتا بەستەیان نەکردبووە، هەموویان تا رابردنی پاسێ کە لەوەختی خۆی زیاتر بوو کاریان کرد، دایکەکە لەوەزیاتر توانای کارکردنی نەبوو، هێزی خۆراگرتنی ئەو ئەوساکە، کەمتر بوو لە زەمانی پێشوو، هی بەر لەو شەوە تاریکەی کە ئەوگیا کولاوە تاڵەی بۆ پاراستنی ئابڕوی خۆی هەڵقوڕاندبوو، ئاخێکی هەڵکێشاو پشتی بە ئازاری خۆی راستکردەوەوگوتی:

- کوڕم من دەگەڕێمەوەو فرافینی تۆ بە گەرمی هەڵدەگرم تا تۆ دەگەڕێیتەوە، چونکەمن ئیدی لە پێ کەوتووم و لەشم ئازاردەدات،

کوڕی گەورە بە شێوەیێ کە لە روودا زبر بوو، بەلام بەئەنقەست نەبوو، چونکە ئەوهیچ کاتێ دایکی ناچار نەدەکرد کەزۆرتر لە توانای خۆی کار بکات، لەوەلامدا گوتی:

- کەواتە تۆ بگەڕێوە.

دایکەکە رۆیشت وهەردوو براکەی بە تەنهایی بە جێ هێشت، هەتا بۆ ئەوانەی کە گوڵە گەنمەکانیشیان دەچنی،

که له کاتی رۆژدا چاودێریان کردبوون، درەنگ وەخت بوو، دایکەکەتازە خۆراکی لە سەر ئاگر دانابوو، کە کچەکەی بانگی کرد وەکو ئەوەی سەدای گریانی برا بچوکەکەی بیستبێ، کاتێ دایکەکە بە پەلە لە ئاشپەزخانە پەڕیە دەرەوە دەنگێکی شڵەژاو ئامێزی بەرگوێ کەوت، بەپەلە بەلای مەزرادا رایکرد، کە لەوێدا خەریکی کاری مەزرا بوون، کوڕەگەورەکەی کوڕە بچووکەکەی بە توندی پەستا بووە سەر تای گەنم وبە قەفتەی سێ لکەکەی بێ ئەمان سەروکەللەی دەکوتایەوە، کوڕەکە دەینەڕاند مست و پێلاقەی دەهاوێشت تا خۆی لە چەنگی براکەی قورتار بکات، گەردەنی توند گرتبوو بێ وەستان لێیدەدا، دایکەکە خۆی هاوێشتە سەر کوڕە تووڕەکەی‌و خۆی پێ هەڵواسی‌و بە پاڕانەوە پێی گووت:

-ئاخ کوڕەکەم ئاخر ئەوە منالە لێی گەڕێ،

لەم هەلەدا کوڕە منالەکە خۆی لە دەستی برا گەورەکەی رەها کردو بە چالاکی کەروێشک لەمیانی دەشت‌و سەحرادا رایکردو لە تاریکی ئێوارەدا وون بوو،، دایکەکە لە حزوری کوڕەکەی کە لێوانلێو بوو بوو لە تووڕەیی، تەنها مایەوەو بە شێوەیەکی لەرزاو گوتی:

- ئاخر ئەو منالە زیاتر لە چواردە ساڵ نییە هێشتاکەش حەواسی لای چەتوونییە،

پیاوە گەنجەکە لە وەڵامدا گوتی:

-مەگەر من لە چواردە ساڵی دا منال بووم؟ ئایا کەمن لە تەمەنی ئەودابووم، لە کاتی دروێنە کردندا چەتوونیم دەکرد؟یا ئەو کاتەی کە دینارێکمان دەرامەت نەبوو هیچ پێویستی بەوە دەکرد تۆ بە وادەی کڕینی ئەنگوستیلەو کەوای نوێ‌و نازانم وچی چی من ناچار بکەی کە کار بکەم؟

ئەوکاتە دایکەکە تێگەیی کە ئەوکوڕە گەمژەڵە ئەو وادانەی ئەو بەوی داوە، لای براگەورەکەی درکاندووە، جا لەبەر ئەوەی کەمتەرخەمی ئەو ئاشکرابوو، گێژوێژ هەڵگەڕاو بێ ئەوەی شتێ بڵێ چاوی بڕیە چاوی کوڕەکەیەوە.
کوڕە هەروا هاواری دەکردودەقی دڵی خۆی خاڵی دەکرد.:
- بەڵێ هەڵگرتنی پارە لای تۆیەو من هەرچییەک بە دەست دەهێنم دەیدەم بە تۆ، من هەتا یەک فلس چییە بۆخۆمی ناگێڕمەوە، هەرگیز نەبووە من پوولێ لەسەر قەلنەیێ یا گلاسێ شەراب دابنێم، ئەوەش کەمترین خەرجیە کە هەموو کەسێ لە جیاتی من بوایە هەڵیدەگرتەوە،
بەموەسفە تۆ دەتەوێ ئەوەی من بە خۆمی ڕەوا نابینم بیدەیتە ئەوئاخر بۆ؟ بۆ ئەوەی ناچاری بکەیت کار بکات؟ کارێ کە دەبێ بێ ترومنەتو تەنها لەبەرامبەر دابێن کردنی خۆراک وجلیدا ئەنجامی بدات؟
دایکە بە شێوەیەکی لەسەرخۆ و شڵەژاوەوە گوتی:
-من نە وادەی ئەنگوستیلەم بەو داوە نە کەوا.
لە حزوری کوڕێ کە ئەوەندە بەرێزو ئارام بوو، کەچی ئێستا وا لە حالەتی تووڕە بووندا بوو، کە نەدەناسرایەوە، هەستی بە ترس کرد، کوڕە دیسان بە هەمان حاڵەتی تووڕەییەوە گوتی:
- چۆن هەروایە وە، ڕەنگە بەدتریش بێت، چونکە ئەو خۆی دەیگوت کە دوای فرۆشی بەرهەمو دوای ئەوەی کە کەسری پارە دەدەیت، هەرچییەک بیەوێ تۆ بۆی دەکڕی، ئەو خۆی دەڵێ کە تۆ وادەت بەوداوە.
دایکەکە لەبەرانبەر ئەو کوڕە چاکە شەرمەندە بوو بوو،

لە وەڵامدا گوتی:
- مەبەستی من تەنها شۆخییەکی بێ نرخی سەد دیناری بوو.
پاشان تەواوی هێزو ئازایەتی خۆی کۆکردەوەو، چونکە بە هەر حاڵ دایک بوو، لەسەری رۆیشت وگوتی:
-خۆ ئەگەر وادەیەکیشم بەودابێ ئەوە بەومەبەستە بووەکە ئەو لەتووڕەیی وغەزەبی تۆ نەجات بدەم، کە هەر کارێک بکات دیسانەوە هەر لە ئەماندا نییە، تۆ هەمیشە بە نیگای غەنیمانەو بە قسەی ژەهرداروو ئێستاکەش بە خوترمەو تۆبز قیزەوەنی دەکەیت،
کوڕەکەی نەیویست هیچی وڵامداتەوە، دووبارە کەوتەوە کاری دەسکەنەکردنی برنجی دووراوەوە بە هەڵچوونێکی تادارەوە وەکو ئەوەی شەیتان چووبێتە ناو پێستییەوە کاری دەکردو زەحمەتی دەکێشا، دایکە حەیرانو شڵەژاو سەیری دەکرد، ئەو لەو هەستەی کە کوڕە گەورەکەی سەبارەت بە کوڕە بچووکەکەی بە زبرو بێڕەحم دەزانیو تا دەهات زێدەڕۆیی دەکرد، چونکە خۆشی کەمتەرخەمی هەبوو، لەودەمەی کە سەیری کوڕەکەی دەکرد لەوە بە ئاگاهات کە کوڕەکەی خەریکە دەگریێ، بەڵام هەردوو شەویلاکی بەسەر یەک دادەقرمسان تا رێ لە تەقینەوەی غەزەبی بگرێت، کاتێ دایکی سەیری کردە هەستێکی بە ئازاری وا لەو بوونەوەرەدا کە کاریگەرێتی لە خۆی نیشان نەدەدا، ئەوە دڵی دایکانەی ئەوی نەرم کرد، بەڵام هەستی خۆی وەکو هەموو جارێ کە یەکێ لە مناڵەکانی لە خۆی دەرەنجاند نیشان نەدا، چونکە ئەمجارە زیاتر لە هەموو کاتێ نەرم ونیان بوو بوو، بە خێرایی کەوتە قسەو گوتی:

- کەمتەرخەمی لە من بووە کورم، من لەو دواییانەدا لەگەڵ تۆدا بەد بوویمە.

من هیچ ئاگام لەوە نەبووە کەوا تۆئیدی وا گەورە دەبیت، تۆ ئێستا بووی بە پیاو، من ئێستا ئەو راستییە دەرک پێدەکەم، لەمەودوا ئەو پایەیە بەدەست دەهێنی کە شایانی تۆیە لە ماڵدا، هەڵبەت مەبەستم پایەی یەکەمە، کە لەکاتی کاردا هەمیشە هەتبووە، من هەموو ئەو مەسەلانە تێدەگەم وبێ چەندوچوون جێبەجێی دەکەم، چونکە راستیت بیەوێ من لەوە دواکەوتم، من ژنێ بۆ تۆ پەیدا دەکەم لەمەودوا نۆبەتی ئێوەیە واتە تۆو ئەو، بەمجۆرە دایکەکە ئابڕومەندانە مەسەلەکەی پڕکردەوەو کوڕ چەند ووشەیەکی نادیاری بە بنی لێویەوە گوت، ئەوکاتە پشتی لە دایکی کرد بێ ئەوەی شتێ زیاد بکاتەسەر قسەکە، دووبارە سەرگەرمی کاری خۆی بۆوە، دایکە هەستی کرد بەوئیمتیازانەی کە دای بە کوڕە گەورەکەی باری سووک بوو، بەوچەشنەی بۆ ماڵەوە دەگەڕایەوە وبەدەنگێکی بەرز گوتی:

-واخەیاڵ دەکەم برنجەکە خەریکە وا دەسووتی.

لەگەڵ ئەوچەند ووشەیە دەیەویست هەڵچوونی کوڕەکەی لەوساتدا کەم بکاتەوە وکارێ بکات کە ئەو ئاسایی تر دەرکەوێ، هەرکە گەڕایەوە ماڵەوە ماندووبوونی حەسایەوە، سەری خۆی لەملاو لەملادا بە کارێ گەرم کرد، کاتێ کچەکەی لێی پرسی:-

دایە چ هەبوو لەوێ؟

ئەویش بە خێرایی وەڵامی دایەوە:

- شتێکی گرنگ نەبوو کچەکەم، برا بچوکەکەت لەکارکردن سەرپێچی دەکرد، لەگەڵ برا گەورەکەت دەمەقالییان بوو، من

وا خەیاڵ دەکەم کە هەموو براکان لەگەڵ یەک بەشەڕ دێن.
بەپەلە خەریکی لێنانی ئەو خۆراکە بوو، کە کوڕەکە حەزی لێدەکرد، لە باخچەدا توری هەڵکەندو قاشی کرد، سرکەو رۆنی کونجیو مزرەمەنی پاقلەی پێداکرد، لەکاتی کارکردن بیری کردەوەوخۆشحاڵبوو بەوەی کە کەمتەرخەمی خۆی پڕ کردۆتەوە، وا هاتە بەر چاوی کە ژن هێنان بۆ کوڕەکەی کارێکی دورستە، لۆمەی خۆی کرد کە بۆچی تا ئێستا بێ ئەوەی ئامادە بووبێ ئەو ئیمتیازانەی پێ نەداوە، کە لە گەڵ تەمەنی ئەودا دەگونجێ بەڵام بەسەر ملی ئەویشی داداوە، ئێستاکە بڕیاری دا کە بۆ وادەی خۆی بە وەفا بێت، لە کۆتایی دا کوڕەکەی درەنگتر گەڕایەوە ماڵ، شەو بە تەواوی داهاتبوو، دایکە روخساری کوڕەکەی نەدەبینی تەنها ئەوکاتەی کە گەنجەکە لە مێز نزیک بۆوە، کە دایکەکە مۆمێکی رۆشنی لەسەر دانابوو، ئەوکاتە بێ ئەوەی کە گەنجەکە ئاگای لێ بێ لە نوێکەوە زەینی دایە بیچمی کوڕەکەی، هەستی کرد کە حالەتی ئاسایی خۆی گرتۆتەوە،، لەوەی کەدایکی پێی گوتبوو خۆشحاڵ دەهاتە بەر چاو، هەموو جۆرە ئاسەواری توورەیی ونارەحەتی لەروخساریدا نەمابوو،، کاتێ دایکە خولقی خۆش وئارامی گەنجەکەی بینی، کوڕە بچوکەکەی کە دوو دڵ وبرسی لەدەم دەرگاوەوەستا بوو ولە ترسان نەیدەوێرا بێتە پیشەوە، بانگی کردوپێی گوت:
– وەرە کوڕم وەرە ژورەوە.
کوڕە لە کاتێکا چاوی لەبراکەی هەڵنەدەگرت هاتە ژورەوەو براکەی کە ئێستا هێور بووبۆوە، ئەسلەن بایەخی بەونەدا، دایکە یەقینی بوو کە ئاقڵانە رەفتاری کردووە، خۆی خۆشبەخت هەست پێکرد وئیدی کەوتە بەر جێبەجێ کردنی

نەخشەی خۆی، ئەمجارەش وەکو هەموو جارێ کە گیرۆدەی گرفتێ دەبوو، بڕیاری دا کە بچێتە سۆراغی ئامۆزاو ژنەکەی، خۆی هیچ کچێکی گەنجی نەدەناسی، بابەتی هەڵبژاردنی کچێ لە دێکەدا نەخرابووە روو، چونکە هەموو کچانی دێ خزم وکەسی یەکتر بوون، هەموو ناوی خانەوادەی ئەویان لێ بوو، لەشاریشدا جگە لە چەند وردە کاسبێ، کە بەرهەمیان لەودەکڕی کەسێکی دیکەی نەدەناسی، بۆیە شەوێکیان چووە ماڵی ئامۆزاو ژنەکەی، لەگەڵ ئەوەش پاییز نزیکدەکەوتەوە، بەڵام هەوا هێشتا گەرم بوو، لەو کاتەی کە ژنی ئامۆزای خەریکی شیر پێدانی کۆرپەکەی بوو، لەگەڵیەکا ودانیشتن باسی هەموودەردێکیان کرد، لەکۆتاییدا ئامۆژنی ئارەزوی خۆی خستە روو و بەژنی ئامۆزای گووت:

- خوشکە تۆ کە بەر لەزەماوەندیش هەر لەم گوندە دانیشتووی، کچێکی جحێڵ پێ نازانی؟ وەکو خودی تۆ بێت، پێم خۆشە کچێکی میهرەبان وخۆش خوڵق بێت و زوو زوو منالی ببێ، لە کاریشدا ئەوەندە نەزان نەبێ، من هێشتا هەتا چەند ساڵی دی دەتوانم بە کارەکانی ماڵ رابگەم، لە مبارەیەوە ئەگەر زۆریش باش نەبێ گرنگ نییە.

کچەمامی میهرەبانی قاقا پێکەنیو سەیری مێردەکەی خۆی کردو گوتی:

- نازانم ئەگەر کوڕی تۆ ژنێکی وەکو منی هەبێ بەباوەڕی تۆ مێردەکەم بەختی هەیە یا نا؟

پیاوەکە بە سستیێکی تایبەت کە عادەتی ئەو بوو سەری بڵند کرد، قارچکە برنجێکی لە دەمی دابوو، کە لە کاتی گوێ گرتن لە قسەی ژنەکەی بە شێوەیەکی هزرئامێزەوە وەڵامی دایەوەو گوتی:

- بەڵێ ئەوەندەش خراپ نییە.

ژنە لەو داهێزرانەی مێردەکەی جارێکی دیکە کەوتە خەندەوەوگوتی:

- خوشکێ من وا خەیاڵ دەکەم بتوانم بچم بۆ جێگایێ، سەرەدەرێ دەربکەم و لەوگوندەی کە بازاڕیشی هەیە، دوو سەد خانەوادەی لێ دەژی، من هەلبەت لە میانی ئەو هەمووەدا کچێکی جوان هەر پەیدا دەکەم، لەم بارەیەوە بەردەوامییان بە قسەدا، دایکەکە بە راشکاوی بەدەریخست کەناتوانێ هیچ جۆرە خەرجییەک بگرێتە ئەستۆ، پاشان درێژەی بە قسەی خۆی داو گوتی:

- هەڵبەت کە باش دەزانی ئێمە هەژارین کوڕەکەم جگە لە پارچە زەوییێکی کشتوکاڵی هیچی تری نییە، من ناتوانم لە چاوەڕوانی کچێکی تەواو عەیار بم، ئێمە کرێچینەو خۆمان زەویمان نییە، پیاوەکەش لەمبارەیەوە رای خۆی دەربڕیو گوتی:

-بە هەرحاڵ هەرباشە کە شتێکتان هەیە بە تایبەتی لەمدەورو زەمانە کەزۆرکەس هیچیان نییە، من وای بەچاکدەزانم کچەکەم بدەم بە یەکێ خۆ ئەگەر هەژاریش بێت بەڵام پارچە زەویەکی هەبێت، نەک بیدەم بە دەوڵەمەندێ کە زەویو زاری نەبێت، یەک پیاوی باشو زەویەکی باش تەنها شتێکە کە من بۆ کچەکەی خۆمی ئارەزو دەکەم، ئەو کاتە ژنەکەی پێی ووت:

- زۆر چاکە باوکی مناڵەکانم مۆڵەتم پێبدە یەکدوو رۆژ بچمە ئەو دێیەو سۆراغێک بکەم.

پیاوەکە بە پێی عادەتی خۆی لە میانی چەند ووشەیێ رەزامەندی خۆی راگەیاندو گوتی:

- رازیم، کچەکان ئەوەندە گەورە بووینە کە جێگەی تۆ بگرنەوە.
دوای کەمێ ژن ئامۆزاکەی جلێکی پاکو تەمیزی لەبەر کرد، منالّە شیر خۆرەکەی هەلّگرت، پەیتونێکی بە کرێ گرت، یەکدوو منالّی بچووکیشی سوار کردن بۆ ئەوەی لەگەلّ قەومی باوکی یەکتر بناسن، دوو نەفەریشی لە کچە گەورەکانی لەگەلّ خۆی برد، تا لەچاوەدێری منالّە بچووکەکان کۆمەگی بکەن، خۆشی سواری کەرەبۆزی خۆیان بوو، لەبەر ئەوەی وەرزی دروێنە تەواو بوو بوو ئیدی گامێشەکە بۆ گێرەی خەرمان بەس بوو، مێردەکەی پێویستی پێی نەبوو، حەرەکەتیان کردو سەفەریان زیاتر لە سێ رۆژی خایاند. لە رێی گەڕانەوە کچەمام تەنها کەوتبووە بیری ئەو کچە پێڕاگەیوانەی کە بینی بووی، هەرکە گەڕایەوە، دایکەکە هەر لەگەلّ گەڕانەوەی بۆ پرسیار کردن هاتبووە پێشوازی ئەوەوە، بەدایکەکەی گوت:
- لەودێیەی کە من چووبوومێ کچانی پێگەیشتوو گەلێ زۆر بوون، چونکە ئێمە بە پێچەوانەی خەلّکی هەندێ شاران، کاتێ کە منالّ دەبێ وکوڕ نەبێ وەک نەبوو وایەوهەرگیز نایانکوژین، لەوێ هەرچەند دایکێ کچانێکی زۆر وەبار بێنێ لێدەگەڕێن تا کچەکان زۆر گەورە ببن، لەبەر هەندێ دێ پڕی کچە، بەلّێ من دەدوازدە دانە کچم دی کە خۆم دەمناسین، هەموو ئەوانە باڵابەرزو جوان جەستە وخۆش رەنگوڕوو بوون، هەریەک لەوانە بە کەلّکی هەر یەک لە کوڕانی من دێن،بەلاّم من لە یەک زیاترم نەدەویست، ئەوە بوو چاوی خۆم وورد کردەوەو بە دیققەت لە یەک یەک ئەوانەم روانی، بە تایبەتی لەوانم زۆر کەیف پێ هات،جارێکی تریش زەینم دایە ئەوانەو تێگەیشتم کە یەکێکیان دیار بوو کۆخەی لێبوو

وفنه فنى دەكرد، چاوى دووەميان ساغ دەهاتە بەرچاو بەلام سێهەميانم لەوانە باشتر بينى،كچێكە كە من يەقينم هەيە لايەق و زرەنگ و بە هۆشەو لە كردارو گوفتارى خۆيا وردە، دەيانگوت دەستى لە كارى دروين لە هەموو دەستى ژنانى شار خێراو سووكترە، هەرخۆى جلەكانى خۆى وجلى كەس وكارى خۆى دەدورێ، بە دوورينى جل بۆ خەڵكى تريش پول و پلەى بە دەست هێناوە، لەوانەيە تۆزێ لە كورەكەى تۆ گەورەتر بێت، چونكە پێشترێ دەستگيرانى گەنجێكى جوانەمەرگ بووە، بەلام كچە تا ئێستا بە شوو نەچووە، جگە لەوە عەيبێكى نييە، باوكى مەيلى هەيە بە هەرجۆرێ بێت بە شووى بدات، ئەوەندەش پێ داناگرێ لەسەر مارەييەكەى، رەنگە ئەو بە ئەندازەى كچەكانى ديكە جوان نەبێت، چونكەهێندەى خەياتى كردووە رەنگى زەردبووە، بەلام چاوەكانى ساغن.

دايكەكە وەلامى دايەوە:-

لە ماڵەكەى ئێمەدا بە ئەندازەى كافى چاوى عەيبدار هەيە، چاوەكانى منيش ئيدى وەكو پێشێ تيژبين نيين، يەكێ بە كەڵكى ئێمە دێ خەياتى باش بزانێت، پەيوەندى بەم كارەوە هەبێت، كەواتەخوشكەگيان هەمان كچ بۆ ئێمە رێك بخە ئەگەر پێنج ساڵ لە كورەكەى من بە تەمەنتر نەبێ ئەوە دەها چاكتر،

دواى ئەوەى كە برِيارى يەكجارەكى درا بە مەشوەرەتى يەكێ لەوانەى كەبەخت دەخوێننەوە لە شار، رۆژو مانگ و سەعاتى لەدايك بوونى هەردووكيان بەيەكەوە پێوانەكرا، بينيان كە لێكمارەكردنى ئەوانە بەختەوەرييە، كورە لە بورجى ئەسپ هاتبووە دونياوەو كچەش لە بورجى پشيلە، جالەبەر ئەوەى ئەم دوو ئاژەڵە يەكتر ناخۆن وا پێشبينى كرا كە

ریکەوتن‌و سازگاری ئەو دوو خانەوادەیە دەکرێ هەبێ، لەبەر ئەوەی فالەکە باش هاتبوو، ئیدی وەک باو بوو دیاریان نارد.

دایکە لەو پاشەکەوتە کەمەی خۆی کە حەشاری دابوو، چەند سکەیەکی نوقرەیی وبرنجی هێنایە دەرەوەو پارچەیەکی باشی بەنی کڕی خۆشی دوودەست جلی بۆ بووکەکە دووری، بە پێی خوو ونەریتی ئەو شوێنە دایکە لاملی کرد لەسەر ئەوەی کە ئەو پارچەیە بە دەستی کەسێ ببڕدرێت کە لە ویلایەتەکەدا بە بەختو یەقبال ناودار بووبێ و ژنێ بێت کە لەگەڵ میردومناڵەکانی ژیانێکی خۆش وئارامو بەختەوەری بەسەربردبێ، لەم رووەوە هیچ کەسێ لە دێدا خوشبەخت تر نەبوو لە ژنی ئامۆزای.

دایکەکە پارچە قوماشەکەی هێنایە پێش گوتی:

- خوشکە دەستتان لەسەرئەوپارچەیە دابنێ بەختەوەری وخۆشی بە بووکی من ببەخشە.

ژن ئامۆزای وایکرد، جلەکانی لە پێشەوەکردەوە وبەراحەتی دووری، تا ئەوکاتەی کە ژنە گەنجەکە سگی ببێ سوودی لێ وەرگرێت ودووری نەهاوێ، دایکە دیسان لە پاشەکەوتی خۆی پارەیەکی هەڵگرتو کەژاوەیەکی دەستی ئەرخەوانی کە باربەرەکان بە دەستیان دەبرد و تاجێک و گوارەیێ لە مرواریێکی وهەرچییەک بۆ بووکێنی پێویست بوو بە تایبەت شەلواری سوور کە هەموو بوکێ دەبوایە لەبەری بکات، بە کرێ گرت، رۆژی داخوازییان دەست نیشان کرد، سەعاتی داریکراو کەمکەم وەنزیک دەکەوتەوەو تا لەکۆتاییدا گەیشت، کە رۆژێکی سافو ساردی ناوەندی زستانی هەمان ساڵ بوو.

رۆژێکی چەند سەیر بوو - دایکەکە لەوکاتەدا هەم ئاغا بوو هەم خانمی ماڵ- بوو، دەبوایە بێگانەیەکی نەناسیاو لە وێدا قبوڵ بکات، لەئاستانەی دەرگادا وەستا بوو و جوانترین جلی خۆی لەبەر کردبوو چاوەڕوانی بووکە گەنجەکەی خۆی دەکرد، کاتێ دایکەکە کەژاوەی بووکی خۆی لە دوورەوە بینی، لەپڕێکا هاتە بەر چاوی کە لەورۆژەدا کەخودی ئەو یان لە کەژاوەیەکی وادا لەبەردەم خەسووی ولە پێش کوڕەکەیی ئەو واتە زاوا دەیانهێناو زاوا دروست وەکوئەمڕۆ کە کوڕی خۆی لە کەناریا بوو، لە تەنیشت دایکی وەستا بوو، ئەوەندەی نەخایاندووە، کەمکەم دەکەوتەوە یادی مێردەکەی چونکە هەستی دەکرد، کە بەڕاستی ئەومردووە، بەڵام لەوکاتەدا لەپڕێکا هەوەسێکی توند بە هەبوونی ئەو پیاوە دەستی بەو شل کرد، هەڵبەت ئەوهەوەسە شەهوانی نەبوو، چونکە ئەوجۆرە هەوەسە لەودا بەسەرچووبوو و مردبوو، بەڵکو لە پێویستییێکی دیکەدا هاتبوو، ئەو پێویستییەی کە پیاوێ لە تەمەنی خۆی لە کەناریا بێت و تەواوی بکات، چونکە ئەو خۆی بە تەنها هەست پێدەکرد، دایکەکە بە دیدێکی تازە سەیری کوڕەکەی خۆی کرد، ئیدی ئەو بە تەنها کوڕی نەبوو، بە لْکو مێردی ژنێکی دیکەش بوو، گەنجەکە بە بێجووڵە سەری بۆ خوارەوە بردبوو و قیتو قۆز لە ناو ئەو کەوایەی کە دایکی بۆی دووری بوو وەستا بوو، وەستا بوو، ئەو هەمیشە بە پێخواستی بە رێدا دەڕۆیی، ئێستاکەش پێڵاوی لە پێ کردووە، بێباخ دەهاتە بەر چاو، یا ئەوەتا دایکەکە بەر لە بینینی لەرزی دەستەکانی کە زیاتر لە ناو کەوای تازەو تیرە رەنگیدا دیار بوو، ئاوای بۆ دەچوو، دایکەکە دووبارە ئاخێکی هەڵکێشا، ئەو کاتەی وەبیر هاتەوە، کە لە پشت پەردەی کەژاوەدا بە

بنی چاوییەوە سەیری مێردەکەی خۆی کردبوو، ئەو رۆژە مێردەکەی خۆی چەند جوان و دڵپەسەند بینی بوو، لە تاوان دڵی کەوتبووە خورپەوە، ئەو زۆر لە کوڕەکەی باشترو قشتر بوو، لەبەرەخۆ بیری دەکردەوە کە هەرگیز کە کوڕێکی بە جوانی ئەو نەبینوە.

بەڵام دایکەکە هیچ هەلێکی نەدۆزییەوە جگە لەوەی کە بە شێوەیەکی نادیارو خێرا نەبێت، بۆ ئەوەی هەست بە ئازارو حەسرەت بکات، چونکە بووکەکەیان هاودەمەکانی ئەو نزیک دەبوونەوەو لە ریزی پێشەوە ئەو مێوەیەیان کە تایبەت بوو بە بووکەکە چنی بوو و لەگەڵ ئەو کەلەشێرەی کە دایکی زاوا بۆ بووکەکەی ناردبوو و بووکەکەش وەک چۆن باو بوو کەلەشێرەکەی هێنایە پێشەوە و مریشکێکیان لە گەڵدا جووت کردبوو هەموو ئەوانە لە پێشەوە دەبینران، کەژاوەی بووکێنی لە بەردەم ماڵی زاوادا دانرایە سەر زەوییەوە، ژنی کوڕە مام و بێوەژنی هاروهاجی دێ و هەموو ژنە بە ساڵاچووەکانی ئاوایی دەستی بووکەیان گرت و تا بیخەنە رێوە، بووکەکە بێ عویب بوونی خۆی لە بە رێدا رۆیشتن نیشاندا،خۆی بە بێ پێویستی کۆمەک بۆ پێشەوە راداو تا لە کۆتایی دا بە ناچاری دەستی لە دەستیان نا، هەتا یەکجاریش چییە چاوی بۆ کەسێ هەڵنەبڕی.

ئەو کاتە دایکەکە بەپێی دابو نەریتی ویلایەتەکە چووە ماڵی ئامۆزای چونکە باوەڕیان وایە، کە بووک نابێ سوکو سانا چاوی بە خەسووی بکەوێ، دەنا لەوانەیە پاشان ترسی ئەو لە دڵ نەگرێ و لەبەر ئەمە دایکەکە تەواوی ئەو رۆژەی لەماڵی کچەمامی وئامۆزای بەسەر برد.

بەمجۆرە لەدەم دەرگا دوور نەکەوتەوە وهەمیشە گوێ

قولاغ بوو، تا گوێی لەوە بێت چی دەربارەی بووکەکەی دەڵێن، چونکە لە یەکێکی بیستبوو کە دەیگووت:

- وای کچێکی چەند چاکەو چتۆ بیچمی توندوتۆڵی هەیە.

یەکێکی دیکە دەیگوت:

-دەڵێن خەیاتێکی شایەستەیەو ئەگەر ئەوکەوشانەی کە لە پایەتی خۆی دووری بێتی، ئەوە قەولتان پێدەدەم کە زێرو گەوهەر لە دەستەکانی دەبارێ.

ژنەکان چوونە پێشەوەو جلە قورمزیەکەی بووکیان ساوداو لێوی کوڵەجەکەشیان هەڵدایەوە تا ژێرەوەی بپشکنن، بینیان کە هەمووی بەدیقەتو کارامەیی دووراوە، هەموویان بە راکە راک هاتنە لای دایکەکەو موژدەیان پێداوگوتیان:

- چ ژنێکی لایەقو شایەستەیەو چتۆ بووکی لێهاتووە.

بەلام لەمیانی پیاوان چەند نەفەرێ بە شێوەیەکی ناحەزانە رای خۆیان دەربڕی ویەکێ لەوان گوتی:

- بە رای من بوک زۆریش رەنگ زەردە ولاوازیشە .

ئەوی تر وەلامی دایەوەو گوتی:

- بەڵێ برا وەلێ چەندمانگێکی دیکە سەبر کە با ئاو بچێتە ژێر پێستییەوە، باوەڕ بکەن بۆ بە حاڵ هێنانەوەی کچ، هیچ شتێ باشتر نییە لە مێرد.

لەمیانی ئەوقسە شادیبەخشانە ئەو تەوزە قسە بێ پەردانەوە، کچە بە خاکەراییکی تەواوەوە پێی نایە ماڵی تازەیەوە، ئیدی ئەو شووی کردبوو، دایکە ناچار بوو ئەو بالینگانە بە جێ بهێڵێ کە ساڵەهایە لەناویا دەخەوت، بەپێی نەرێتی ویلایەت بووکەکەی لە هەمان ئەوشوێنەی کە نەنە گەورەی خوالێخۆشبوو لێی دەخەوت، واتە لەپشتی پەردەوە جێگەی بۆ راخست، لەو رۆژە بەدوا کوڕە گەنجەکە لە

جێی دایکی‌و کچەکوێرەکەشی لە یەک جێگەی حەسیری کە لەگۆشەیەکی ژووریان رادەخست وکوڕە بچووکەکەش کە دەهاتەوە ماڵ لە ئاشپەزخانە دەخەوتن، لەمە بەدوا کوڕەگەورەکە دەبوایە بەسەر تەختەخەوەوە لە نزیک ژنەکەی بنوێ، دایکە لەو شوێنە راحەتەدا کە سالانێک بوو لەتەک مێردەکەیا ئیشغالی کردبوو، بە ئاسانی بە سوودی ژن ومێرد گەنجەکەی بە جێ نەهێشت، شەوەنگاوێ کاتێ لە جێگەی دایە گەورەیدا رادەکشا خۆی زۆر پیر دەهاتە بەر چاو، لەبەر ئەوەی لە کاتی رۆژێدا خۆی وەکو جاران هەست پێدەکرد و لێرەو لەوێ سەرگەرم دەبوو و فەرمانی دەدایە ئەمو ئەوەوە، زمانی بۆ لۆمەکردن ودەستوردان بە باشی دەگەڕا، بەلام کە شەو دادەهات دووبارە پیر دەبۆوە، زۆر جاران بێدار دەبۆوە ونەیدەتوانی باوەڕ بکات کە ئەوە خۆیەتی لەم گۆشە بەجێهێلراوەدا کەوتووەو ئێستا ژن ومێردێکی گەنج بەسەر تەختەی ئەودا خەوتوون، لەم حاڵەتەدا بەسەرسامی‌و بیرکردنەوە دەیگوت:

- ئەو بێچارەیەش کە من لە گەنجێتی دا هاتمە ماڵەکەیەوە، ئەوم لە تەختی خۆی دەرکردو من جێمگرتەوە، تا لەگەڵ کوڕی ئەودا بخەوم، حەتمەن هەمان ئەوهەستەی هەبووە کەمن ئێستاکە هەیەتم، ئێستاش ژنێکی تر لە هەمان تەختدا لەگەڵ کوڕەکەی من دەخەوێ. ئەوە سوڕانەوەی چەرخی شاراوەیە، رۆشتنێکی قەهرییە لە ئەڵقەیەکەوە بۆ ئەڵقەیەکی دیکەو پەیدابوونی یەک زنجیری ئەبەدی بەلام سەیرو بێکۆتایی بەدیار دەکەوت، دایکەکە مات وحەپەسا بووبوو، گەرچی نەیدەتوانی جگە لەوەی کە لە تێگەیشتنێکی نادیار داوایەکی تری هەبێت، چونکە ئەو ژنێ نەبوو دەربارەی ماناو

چەمکی ڕووداوەکان بکەوێتە بیر کردنەوە، بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێشهاتانەی بە هەمان شێوەوە قەبوڵ دەکردن، لەگەڵ ئەوەشدا کاروباری ماڵەوەی بەبەردەوامی وەک کەسی یەکەمی خانەوادە هەڵدەسووڕاند، وای هەست دەکرد پلەو پایەی لەبەر چاوی خۆیدا دابەزیوە، دەسەڵاتیان لێ سەندۆتەوە، دایکە سایەدی ڕەفتاری بووکەکەی بوو، ژنە جحێڵەکە تەواوی ئەدەبو ڕێزی سەبارەت بە خەسووی دەنواند، هەموو ڕۆژێ بەیانیان دەهاتە حزور دایکەکەو سەری ڕێزو نەوازشی بۆ دادەنواند، تا ئەو جێیەی کەئیدی وەڕەس بوو و هاتە دەنگ وگوتی:

- بەسە .

دایکە هیچ عەیبێکی لە وجودی ئەودا نەدەبینی، بە بنی لێوییەوە دەیگوت:

- دەبێ عەیبێکی نهێنی لەودا هەبێت کە من پەییم پێ نەبردووە،

لەبەر ئەوەی بووکەکەی بە پێچەوانەی زۆرێک لە ژنانی دیکە بەتەواوی بێ حیجاب نەبوو بوو، لە هەمان سەرەتای هاتنی زۆر ڕاستەقینەو ژیهاتوو بوو، بە خێرایی کاری دەکردو هەرکات کاری تەواو دەبوو، بۆ مێردەکەی دەکەوتە داوو دوورمانەوە، لە هەرکارێ کە دەیکرد کارامەییێکی تایبەتی لە خۆیا دەنواند. بەڵام لەم دونیایەدا دوو ژن پەیدا نابێ کارێک وەک یەک ئەنجام بدەن، دایکەکە بە هیچ جۆرێ ئاگای لەو ئەسڵە نەبوو، یەقینی وابوو کە هەرکەس وەکو خۆی کار دەکات، بەپێچەوانەوە بووکەکە بەمەیلی خۆی کاری دەکرد، برنجی بە ئاوێکی زۆرترەوە بەسەر دەنا، کە دەبووە هۆی ئەوەی پڵاوەکە شل دەربچێو دایکەکەش حەزی لێنەبوو،

ناچاربوو بووکەکەی ئاگادار بکاتەوەو ئەویش لێوە ڕەنگ پەڕیوەکانی گەستەوەو تەنها ئەوەندەی گوت:

- من هەمیشە ئاوا برنجم لێناوە. هەروەک چۆن بوو هەرواش چووە دوێ.

ئەومەسەلەیە لە هەموو شتێ دووبارە دەبۆوەو ژنە گەنجەکە لە هەرشتێ کە پەسندیان نەدەکرد گۆڕانی تێدەخست، ئەوەیش بە نەزمو حەوسەڵەوە، بێئەوەی لە پڕێکاو بێ هەوا ڕەفتار بکات، یاخود هەنجەتێ بۆ تووڕەبوون بدا بە دەستەوە، بۆ نموونە شەوانە کەیفی بە بۆنی ئاژەڵان نەدەهات، لەمبارەوە بێ ئەوەی شتێ بە خەسووی بڵێ، لای مێردەکەی دەردە دڵی دەکرد، پیاوە گەنجەکە لە هەمان زستان دەست بە کار بوو، ژوورێکی تازەی لەماڵەکە زیاد کرد، تا ژنەو مێردە تەختی خۆیان بگوازنەوە ئەوێکەوەو تەنها لەوێدا بخەوەن.

دایکەکەش بەسەرسوڕمانەوە سەیری ئەو تیکەولێکەیەی دەکرد، بەکچە کوێرەکەی گوتبوو هیچ کاتێ لە بووکەکەی دڵگیر نابێ، لە ڕاستیدا هەندێ جار دەبووە گرفتو هەنجەتی دەگرت، چونکە ژنە گەنجەکە خۆی زۆر دڵسۆز نیشان دەدا لە کاری زۆر ووردوجیدی دا، دایکە بەزەحمەت دەیتوانی بڵێ:

- فلان شت ڕێک نییە،یاخود تۆ فلانە کارت خراپ ئەنجام داوە.

لەگەڵ ئەوەشدا لەزۆر شتدا بە تایبەت لە برنجە شلەکەدا دڵگران دەبوو، هەمشە بۆڵە بۆڵی بوو تا لە کۆتاییدا یەکجار دەنگی بەرزکردەوەو گوتی:

-من بەو شلە خواردنە هیچ کاتێ هەست بە تێر بوون

ناکەم، شتێ لە بن ددانم گیر نابێ، خواردنەکە ئاوویيەو یەکسەر وەکوبا لە سکم دەچێتە خوارەوە، وەکو خواردنێکی سپی وحیسابی نییە کە مایەدار بێت،
کە بینی بووکەکەی کەمترین بایەخ بە قسەکانی ئەونادات، بە نهێنی چووە لای کوڕەکەی، کە لە دەشتدا خەریکی کار بوو پێی گوت:
- کوڕم بۆ داوا لە ژنەکەت ناکەیت کە برنجەکە ووشکترو رەقتر لێ بنێ؟تۆ کە تا من بە بیرم دێت بەوجۆرەت حەز لێ بوو.
کوڕە گەنجەکە دەستی لەکار کێشایەوەو چەند ساتێ دوای ئەمە خۆی هاوێشتە سەر سێ لکەکەی خۆی وبە شێوەیەکی ئارامو خوێنساردییەوەگوتی:
- بە نەزەری من ئاوا خۆشە کە ئەو دورستی دەکات، دایکەهەستی کردکە کاسەی سەبرِی پڕ بووەو هاواری کرد:
- تۆ پێشتر رقت لە پلاوبرنجی شل دەبۆوە ئێستا دەبینم لایەنی ئەو دەگریت، نەک تەرەفی من، بەڕاستی تۆ شەرم ناکەیت کە ئەووت ئەوەندە خۆشدەوێ رکە لەگەڵ دایکت دەکەی؟
پیاوەگەنجەکە سوور هەڵگەڕاو تەنها گوتی:
- بەڵێ راست دەکەی کە من ئەوم زۆر خۆشدەوێ.
لەو رۆژ بەدوا دایکە تێگەیشت کە فەرمانڕەواو خاوەنی ئەوماڵە ئەو دووانەن. ئەدەبو رێزی کوڕی گەورە سەبارەت بە دایکی شتێکی لێکەم نەبووبۆوە، ئەو هەروەکو جاران باش کاری دەکرد، بەڵام خۆی پارەکەی وەردەگرت. نە ئەو نە ژنەکەی پارەیان خەرج نەدەکرد، چونکە هەردووکیان ماڵداریان دەکردو پاشەکەوتیان دەکرد، بەڵام لای ژن

ومێردەکە کە ماڵ و زەویەکە پەیوەندی بەوانەوە هەبوو، وەکو پیرەژنی ماڵ سەیری دایکەکەیان دەکرد، کاتێ دایکەکە سەبارەت بە کاری دەشت وچاندن قسەی دەکرد، ئەوان هەلی قسە کردنیان دەدایێ بەلاّم هیچیان لە گوێ نەدەگرت، هەر بە گوێی خۆیان دەکرد، ئەو بە باشی هەستی پێدەکرد کە ئیدی ئەو چ کارەیەک نییە ئەقلّو ئەزمونی ئەو لەم ماڵەدا کە رۆژێ لە رۆژان هەمووی پەیوەست بە خۆی بوو ئێستاکە بە هیچ دەژمێردرێ.

هەر کەسێکی دیکە بووایە لەم وەزعە دەرەنجا، جا لەبەر ئەوەی کاری دورستکردنی خانووەکە خەریک بوو کۆتایی دەهات، دایکەکە چرپاندییە گوێی کچە کوێرەکەی کە لەتەک ئەوەوە دەخەوت وگوتی:

- تا ئێستا نەمبینیوە کەسێ ئەم هەموو کەش‌و فشە لێبدات، ئاشکرا دەبێ کە بۆنی ئەم مالاتە زمانبەستتراوانە کە تاوەکو ئێستا ئاسایی و بێ زیان بوو،ئێستاکەش بۆتە ژەهرێکی کوشندە، من سوێند دەخۆم کە ئەو ژوورەیان بۆیێ دروست کردووە تا لە ئێمە بە دوورکەونەوە،تا بتوانن سەبارەت بە نەخشەی خۆیان قسە بکەن، بێ ئەوەی ئێمە گوێمان لێ بێت، ئەوانە هیچ کاتێ شتێ بە ئێمە نالێن، بۆنی ئاژەڵەکان تەنها هەنجەتە، شەرمە کە برات ئەوەندە بۆ ژنەکەی رووخاوە، من دڵنیام ئەوان نەدەربەندی تۆن‌و نەبەبیری کورەکەو نەلە بیری مندان.

کچەکە یەک ووشە قسەی نەکردو دایکی لێی پرسی:

- ئەی هەق بە من نییە؟ کچەکوێرەکە دوودڵ مایەوە، پاشان لە قوڵایی تاریکیەوەوەلامی دایەوە:

- دایە راستیت بوێ، من دەمەویست شتێ بە تۆ بڵێم

وەلێ لە ترسی ئەوەی کە نەبادا ناڕەحەتت بکەم، جورئەتم نەبوو.

دایکی گوتی:

- بڵێ کچم تۆ خۆت دەزانی کە من بە خەم وخەفەتەوە عادەتم کردووە.

کچە گەنجەکە بە شێوەیەکی لەسەرخۆو کاریگەرئامێزەوە گوتی:

-تۆ خەیالت وایە چی لەمن بکەی؟

دایکەکە زۆر سەرسام بوو، چونکە تاوەکو ئێستا قەتی ئەندێشە نەکردبوو، کەکچەکەی بتوانێ هەرگیزلانی کەم لەحاڵی حازردا، جگە لە لای خۆی بە شێوەیەکی دیکە بژیت، ئەوەبوو بە لاملکردنەوەگوتی:

-چۆن روونتر قسە بکە.

کچە گەنجەکە گوتی:

- من نامەوێ بڵێم کە براژنەکەم بەدە، نەخێر ئەوژنێکی زاڵم نییە، تەنها وا خەیاڵ دەکات کە تۆ بەمزووانە من بە شوو دەدەیت، دوێنێ خۆم بیستم کە بە برا بچووکەکەمی دەپرسی کەمنیان بۆکێ نیشانکردووە؟ براکەم گوتی تا ئێستا سەبارەت بەمن شتێ نەگوتراوە، ئەویش بەسەرسامیەکی تەواوەوە گوتی:

- چۆن؟کچە بەو هەمووزەبەلاحیەوە ئەدی نابێ خەسووی هەبێ؟

دایکەکەگوتی:

- بەلام رۆڵەی خۆم تو کوێری بە شوودانت زۆرگرفتە.

کچە لەسەرخۆوخەمبار گوتی:- بەڵێ دایە باش دەزانم.

پاشان چەند ساتێ رابرد بە شێوەیێ دەتگوت لەدەمێکی

ووشکو سووتاوەوە دێتەدەرەوە گوتی:
- وەلێ دایەگیان تۆ دەزانی من کەم وزۆر لەبەر کاران دێمە دەرەوە، رەنگە پیاوێکی هەژار یاخود بیوەپیاوێ ئەگەر ناچاری نەکەن پول لەمن خەرج کات، تەنها ئەوەی بوێت، لانی کەم من لەماڵی خۆمدەبمو ئەگەر خوانەکات تۆ نەبیت ئەوە من خۆ کەسێکم دەبێ کە خزمەتی بکەم، دایە من خەیاڵ ناکەم کە ژنی براکەم ئاگای لەمن بێت.
دایکە بە خێرای گوتی:
- رۆڵەگیان من نامەوێ تۆ بەم شێوەیە تەنها بۆ میوانی و لە هیچ باشتر بچیتەماڵی کەسێکەوە، راستە کە ئێمە هەژارین بەلام لێرە لوقمە خۆراکێ هەر دەبێ کە تۆ بیخۆیت، کچم بێوە پیاوەکان زۆریان زبرترینو بە تەماحترینی پیاوانن، لەبەر ئەمە هەموو ئەو قسانە لەبیر بکەو بەراحەتی بخەوە، من هێشتاکە بەهێزو ساغم دەمەوێ ساڵانێکی دوورودرێژ بژیم، براکەشت سەبارەت بە تۆ هیچ کاتێ هەتا لە مناڵیش بەد رەفتار نەبووە.
کچە گەنجەکە ئاخێکی هەڵکێشاوگوتی:
- ئاخر دایە ئەوکاتە ژنی نەبوو.
پاشان بێدەنگ بوو و وادەهاتە بەرچاو کە چووبێتە خەوەوە، بەلام دایکەکەخەوی لێنەکەوت....ئەوهەمیشە خەوێکی خۆشو قووڵی هەبوو، بەلام ئەو شەوە بەو چەشنەی کە راکشابوو بیری دەکردەوە، رۆژانی رابردووی یەک یەک دەهێنایەوە بیرو هەوڵی دەدا لە راستی قسەکانی کچەکەی وورد بێتەوەو لێی بکۆڵێتەوە، هەرچەند هەوڵی دا هیچ رووداوێکی تایبەتی وەبیر نەهاتەوە، دیسانەوە لەوهەستەدا بوو کە بوکەکەی بێ میهرە، هەرگیز ئەو ژنە گەنجە سەبارەت

بە برا بچوکەکەی مێردەکەی‌و لەوەش کەمتر سەبارەت بە خوشکە کوێرەکەی کە لە ماڵی مێردەکەی دەژیا کەمترین رووی خۆش‌و خۆشەویستی نیشان نەدابوو، ئەوەشیان بۆ دایکەکە خەمێ بوو بەسەر خەمەکانی دیکەوە.

# بەشی پانزەهەم

دایکەکە هەموو رۆژێ سایەدی رووداوگەلێ بوو، کە لە ماڵیدا روویاندەدا، تا پەی بەوە ببات کە ئاخۆ کچەکەی هەڵەی کردووە یا نا؟ ژنە گەنجەکە لە قسەکانی خۆی کە هەمیشە بە نەزاکەت بەدیاردەکەوت، نەبێ ئەدەب بوو نە خێراو بزۆز، بەڵام کچۆڵەکەی بە چزوەکانی خۆی دیقکێش کردبوو، بۆ نموونە بە تەواوی خۆراکی بۆ لە کاسەکەی نەدەکرد، یاخود لانی کەم وادەهاتە بەرچاوی دایکەکە، خۆ ئەگەر خواردنێکی بەلەززەتر لەسەر سفرە با، ئەوە کچەکە لێی بێبەش دەبوو وبراژنەکەی هیچی لەو خۆراکە بەو نەدەدا، خۆ ئەگەر دایکەکە بە خۆو بە نیگای تیژو ووردبینی، ئاگای لەوە نەبوایە، ئەوە کەس بەمەی نەدەزانی، چونکە هەرکەس دەربەندی وورگی خۆی بوو، رۆژێکیان دایکی بە دەنگی بەرز بە کچەکەی خۆی گوتبوو:

– کچم دەڵێی ئەمڕوکە تۆ مەیلی جگەری سپیی بەرازت نییە کە لە ناو سوپدا کوڵاوە؟

کچە گەنجەکە بەسەرسامییەوە بەڵام بە شێوەیەکی نەرم وەڵامی دایەوە:

– بۆ، زۆرم حەز لێیە بەڵام نەمزانیوە کە ئەو خواردنەشمان هەیە.

ئەوکاتە دایکەکە بە کەوچکی خۆیەوە لەو گۆشت و

سووپەی کردە ناو کاسەی کچەکەوە، ئەمکارەی بە ئەنقەستو ئاشکرا دەکرد، تا بووکەکەی بیبینێ، بەو چەشنە ئەو رۆژە بە شێوەیەکی موئەدەبانەو بە جولاندنی لێوە ئەستوورو رەنگ پەڕیوەکانی بە کچەی گوتبوو:

- داوای لێبوردن دەکەم خوشکە من وام خەیاڵ کرد کە تۆ لەو گۆشتەت هەڵگرتووە بۆ خۆت.

بەڵام دایکەکە بە چاکی ئاگای لەوە بوو کە بووکەکەی درۆ دەکا، جارجارەش کاتێ ژنە جحێڵەکە پێڵاوی بۆ خوشکی مێردی دروست دەکرد، چونکە ئەرکی سەرشانی ئەو بوو کەپێڵاوی تەواوی خانەوادەکە بدورێ، ئەوکارەی بەسەرچڵی ئەنجامدەدا، تەختەیەکی زۆر ناسکی بۆ پێڵاوەکەی ئەو دادەنا ولەدروینی گوڵیش بەسەر پەنجەی کەوشەکەوەش لاملی دەکرد، کاتێ دایکەکە بەو بابەتەی زانی گلەیی کردوگوتی:

- یانی کچی من هەقی ئەوەی نییە گوڵێکی سادەشی بە کەوشەکەیەوە بێت، لەکاتێکا هەمووتان گوڵ بەسەر کەوشی خۆتانەوە دەدوورن؟

بووکەکەچاوانی رەش ولێڵی خۆی کردەوەوگوتی:

- دایە ئەگەر تۆ بفەرمووی ئەوە گوڵ بۆ ئەویش دەچنم، من تەنها وام بیردەکردەوە کە ئەوناتوانێ رەنگدەستنیشان بکات، جگە لەوەش کوڕەکەشت بە وێڵگەردیو جەربەزەیی خۆی لە شاردا، هەر مانگێ جووتی کەوش دەدڕێنێ، من دەبێ بۆ ئەویش کەوش بچنم.

کچە گەنجەکە لە ئاستانەی دەرگای ماڵ بەرامبەر بە خۆرەتاو رونیشتبوو ئەو گفتوگۆو ئەو شکایەتەی ژنبراکەی لە برا بچووکەکەی بیستبوو، یەکسەر قسەی ئەوانی بڕی وگوتی:

- دایەمن هیچ پێویستیم بە گوڵدۆزی نییە» هەقی خوشکمە ئاخر گوڵ بۆ مرۆڤی کوێر چ مانایەکی هەیە؟

بەموەسفەوە ئەو کارە لەروودا بە هیچ جۆرێ گوزارشتی لەوە نەدەکرد، کە لە میانی کەسانی خانەوادەکە قسەو قسەڵۆکێ بێت، ئەو روداوە بچووکانە لە شەڕو دەعوا نەدەچوو، تا رۆژێکیان دایکەکە لە گۆشەی دیواریماڵێدا دەسوڕایەوە و دەچوو تا بەرماوەی خۆراک لەبەردەم بەرازەکاندا رووبکات، کوڕەکەی خۆی گەیاندێو گوتی:

- دایە هەڵبەت من نامەوێ خوشکم ناچار بکەم کە لە ماڵی ئێمەدا بڕوات و لۆمەشی ناکەم کە بۆچی لێرە ماوەتەوە، تەنها دەمەوێ ئەوە بڵێم کە پیاوی ماڵێ دەبێ لە بیری هەمووان دا بێت، ئەو ئێستاکە گەنجەو تەمەنێکی لەبەردەم دایە، ئایا من ناچارم تا قیامەت خەرجی وی بکەم؟ لە هیچ شوێنێو لە هیچ ماڵێ نەمبینیوە، پیاوێ هەمیشەخوشکی لە ئەستۆ دابێتو ئاگای لێبێت، مەگەر لە ماڵە دەوڵەمەندەکاندا کە کەمو کەسریان لە ژیاندا نییە، پیاو تەنها بە خێوکردنی دایکو باوکو ژنو کوڕانی خۆی لە ئەستۆدایە، خوشکم گەنجەو قەدەریش دیارە کە بەر لەمن نامرێت، دەق بەدبەختی ئەوە ئەگەر هەر بەو چەشنە بە کچی بمێنێتەوە، کچ هەر دەبێ شوو بکات.

دایکەکە چاوی بڕییە کوڕەکەیو تەبەشی لە تووڕەییانا چووە ناویەکەوە، کوڕەکەی تاوانبار کردو گوتی:

- کوڕم ئەوە ژنەکەت ئەو بیرۆکەیەی لە سەرت ناوە، ئێوە دوو بە دوویی لە وەتاغتان دەخەونو لەگەڵ یەک قسەدەکەن، شەوانە تۆ بە قسەکانی خۆی ژەهراوی دەکات و لەدژی کەسوکاری خۆت دەتوروژێنێ، تۆش وەک

هەمووپیاوەکانی دیکە کە دەکەویتە ناو باوەشی ژنەکەت لە لیتاوی جۆگە نەرمتر دەبیت.

لەکاتێکا تووشی خەم و خەفەتێکی توند بووبوو، رووی لەکوڕەکەی وەرگێرا، بەرماوەکانی هەڵڕشتە بەردەم بەرازەوەو سەیری ئاژەڵەکەی کرد، کە لموزی خۆی لە ناو بردەخوارەوەو بە تاسوقێکی تەواوەوە کەوتە خواردن، بەڵام هەرچەند بە تەواوی لەززەتی لە تەماشاکردنی تاسووقی تێرناقبوڵی ماڵاتی خۆی دەکرد، لەراستیدا هیچی نەدەبینی، لەکۆتاییدابەشێوەیەکی خەمەنگیز لەوەڵامی کوڕەکەی گوتی:

-کێ ئامادەیە خوشکت بخوازێ؟جگە لە کەسێ لەبەر زۆر هەژاری و نەداری نەتوانێ کارێکی باش بکات، یا کاتێ بێوە مێردێ کە ئەوەندە پارەی نەبێ دووبارە ژنێکی ساغ بهێنێ، کێ بێتە خوازبێنی؟

کوڕە لە وەڵامدا گوتی:

- ئاخر من خەمی ئەوەیش دەخۆم، بە بڕوای من باشترە کە مێردێکی هەبێت، هەرچەند ئەگەر بە هۆی پەککەوتنیەوەشەوە بێت» ناچاربین بیدەینە کەسێ کە هیچیشی نەبێت، بەمجۆرە دایکەکە ماوەیەکی درێژ لە بە مێرد نەدانی کچەکەی سەرکێشی دەکرد.

ئەو لەبەر خۆ قسەی بۆ بۆ کچە کوێرەکەیو کوڕی بچووکیو دۆتمامی و بۆ تەواوی ئەو خەڵکەی کە ئامادەبوون گوێ لە قسەی بگرن دەکرد، کە هێشتا خۆی ئەوەندە پیر هەست پێ نەدەکردتا لەپلەوپایەو شوێنی خۆی چاو بپۆشێ، ئەو هێشتاکە لە تەمەنێ بوو کە هەرچۆنێ دڵی بیخواستابا فەرمانی بە مناڵەکان دەدا، بەهەمانچەشن لاملی لەگەڵ کوڕەکەیو بووکەکەی دەکرد وچاوەدێری کچەکەی دەکرد،

تا ئەزیەتی نەدەن و لەومافانە مەحروم نەبێت کە تەواوی کەسانی خانەوادە هەیانبوو، بووکەکە هەرچەند خۆمانی تر دەبوو لەگەڵ خەسووی بەزات تر دەبوو، ئەدەب ونەزاکەتی بەتەواوی لەولادادەنا، زۆرجاران کاتێ ژنەکان لەبەر هەتاو لەرووبەرووی دەرگای ماڵدا کاریاندەکرد، یالەدەوری یەکتر کۆدەبوونەوە- ئەوە لە خۆشیەگەورەکانی ئەوان بوو- بووکەکەش لە میانی ئەوان بووو دەیدیت کە گوێ لە قسەکانی دەگرن دەیگوت:

- زۆر جار لەبەرخۆ بیر دەکەمەوە کە ئەگەر چەند منالێکم ببێ وئەوکاتە ناچاریش دەبم کە بۆتەواوی کەسانی ماڵ خەیاتی بکەم-نازانم قوڕی کێندەر بەسەرما کەم- خەسووم وا پیر دەبێ دەزانم کە دەبێ خزمەتی بکەم، چاو ودەستو پێو هەر ئەندامێکم کە بە کەڵکی ئەو بێت دەبێ لە خزمەتی ئەو دابنێم، هەڵبەت ئەو وەزیفەیان فێری من کردووەو لە ئەنجامیشدا دەبێ چۆنە هەروا کار بکەم، ئومێدەوارم بتوانم ئەم ئەرکە بە جێ بگەیەنم، بەڵام لەو ماڵەدا کوڕێ هەیە هەمیشە برسیەتی وهیچ کارێکیش ناکات، دیسان خوا لە باوکی خۆش بێت، چونکە لە کۆتایی دا ژن دەهێنێ ئیدی لەو رۆژە بە دوا نۆبەتی ئەو دێت، کە بۆ ئەو خۆراک لێنێ و جلی بۆ رێکخات، بەڵام نازانم چی لەگەڵ ئەو کچە کوێرە بکەم؟ جێگەی سەرسوڕمان نییە ئەگەر ناچار بم تەواوی تەمەنی خۆم وەقفی خزمەتی ئەو بکەم، چونکە دایکی ئامادە نییە بە شووی بدات.

لەو کاتەی کە ژنەگە نجەکە ئەو قسانەی دەکرد، خۆ ئەگەر کچۆڵەکە لەوێ بوا هەریەک لە ئامادەبوان لە سەرتاپای ئەودا وورد دەبوونەوە، کە ئیدی هەستی بەو تێڕامانانە دەکرد،

ئەوە خەجالەتو شەرمەندە لەوەی کە بۆتە بار بەسەر خانەوادەکەوەو سەری لەبەرخۆ دەنا، زۆر جاران یەکێ لە ژنەکان رستەی قسەی دەگرتە دەستو دەیگوت:

- زۆر جاران کەس و کار فێری کچە کوێرەکەیان دەکەن کە فاڵ بگرنەوە، هونەرێکیان هەیە کە دەتوانن جارجارە بە هۆی ئەمەوە پارەوپوولێ بە دەست بهێنن، کوێرەکان چاوی ناوەوەیان هەیە، ئەوەی لە ئێمەی چاوساغ شاراوەیە، ئەوان دەیبینن، کوێری لەواندا دەبێتە هێزێ کە دەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکی لە کوێرەکان بترسن، دەتوانرێ ئەو کچە کوێرەش فێری فالگرتنەوە بکرێ، کە بتوانێ کاری ئایندەبینی بکات، دیسان گوتی:

- هەندێ خانەوادەی هەژاریش هەن کە کوڕێکیان هەیە بەڵام پارەیان نییە ژنی بۆ بهێنن، ئەو جۆرە کەسانە بە کچێکی گێل یا شەل یا لاڵ رازین، ئەو جۆرە ژنە بۆ کوڕێکی وا لە هەموو شتێ باشترە، بەو مەرجەی ناچار نەبێ پارە بدات.

ئەو کاتە تازە بووک بە شێوەیەکی کاریگەرئامێز گوتی:

- زۆرم حەزم دەکرد کەسێکی وا بناسم، تۆ ئەی هاوسێی ئازیز، ئەگەر بیستت کە کەسێکی وا هەیە خەبەرم بدێو بەمەش لووتفو خۆشەویستی دەنوێنی.

هاوسێکان بە دڵو گیان قەولیان پێ دا وابکەنو باوەڕیان کرد کە لەم دەورو زەمانەدا، کە پارەو پول حوکمی کیمیای هەیە، بەخەرجدانی نانخۆرێکی زیادە گرفتێکە، هەقیش ئەوەبوو کە دشە پەک کەوتووەکەی لە ماڵێکی تر بژیت.

رۆژێکیان بێوەژنی بەبۆڵەی دێ هاتە لای دایکەکەو پێی گوت:

- خانم ئەگەر دەتانەوێ کچەکەتان بە شوو بدەن من

خانەوادەیێ دەناسم کە لە کوێستان دەژین، ئەودایکو بابە کوڕێکی هەفدە ساڵەیان هەیە، ئەوانە لە زەمانی قاتو قڕی لە شارێکی باکور کۆچیان کردووە، لە پارچە زەویەکی سەختو بێ حاسڵ کە تۆزێ بەرزتر لە دێکەی ئێمە بوو و کەوتۆتە دامێنی کێو گیرساونەتەوە، براکەشیان چووە لایان وئێستاکە هاومالن، ئەو سەرزەمینە بێ بەرهەم وخەڵکەکەشی هەژارن، بەڵام خانم ئاخر کچەکەی تۆ کوێرە، ئەگەر تۆ ئامادە بیتو خەرجی سەفەرەکەم بدەیت، ئەوە من لە جیاتی تۆ دەچمو سەیرو بەینەکی دەکەم، راستیت دەوێ من زۆر لە مێژە دەمەوێ سەرێ لە ماڵی باوکم بدەم، بەڵام زاتی ئەوەم نییە، پارە لە برای مێردەکەم وەرگرم بۆ ئەم سەفەرە بێوەژنێتی و ژیان بەسەربردن لە ماڵی خەڵکان عەزابە،

دایکەکە یەکەم جار ئامادە نەبوو گوێ لە بێوەژن بگرێت، بەسەریدا نەڕاندی وگوتی:

- نەخانم من خۆم دەتوانم ئاگاداری کچە کوێرەکەم بکەم.

بەڵام کاتێ رووداوی ئەو گفتوگۆیەی بۆ ئامۆزاو ئامۆژنی باس کرد بیچمی پیاوەکە تێکسمڕاو دوای ماوەیێ وەستان گوتی:

- هەڵبەت خوشکێ ئەگەر تا رۆژی قیامەت بە زیندویی بمێنیتەوە لەو دونیایە، رەنگە تا ئەو کاتە ئێمەش مردووین یا ئەوەندە پیر دەبین کە بە عینوانی سەرداری خانەوادە تەنها ناومان دەمێنێ، ئەو کاتە کێ ئاگاداری کچەکەت دەکات؟دایک وباوک یەکەمجار دەبێ لە خەمی منالەکانی خۆیان بن، ئێوە بیر لەو سالانەی سەختو پڕ کوێرەوەری بکەنەوە، کە لەوانەیە لەدوای مەرگی ئێمەوە بێت، دایکەکە بێدەنگ بووبوو، بەڵام هەرزوو لەوە وەئاگاهات کە تا ئەبەد بە زیندوویی نامێنێتەوە،

لەوانەیە هەموو کاتێ ژیانی ئەو بکەوێتە مەترسییەوە، بە تایبەتی لە شەوە شوومەکەوە بەدوا، هیچ کاتێ نەیتوانیوە هێزی جارانی وەبەر بێتەوە.

لەوساڵەدا نەخۆشی ڕەوانی لەو هەرێمەدا بڵاوبوو بۆوە، ئەویش تووش هاتبوو، ئەو هەمیشە ئەوەی کە دەیخوارد، لەززەتی لێوەردەگرت، لەهەر خواردنێکی کە بەسەر سفرەوە بوو زۆری دەخوارد، بەڵام هاوینی ئەو ساڵە هەوا بە جۆرێکی بێ نەزیر گەرم بوو بوو، مێش و مەگەز بە ژمارەیەکی یەکجار زۆرەوە هێرشیان هێنا بوو، کە بە باوەشێن دەکەوتنە ناو خۆراکەوە، هەرکارێکیان دەکرد ئەوە مەگەز هەر لە ناو خۆراک بوو، لە ئەنجامدا دایکەکە شێت و هار بوو، دەستوری دا کە ئیدی دەست هەڵگرن لە لەناوبردنی ئەو مەگەزانە، کوشتنی ئەو مەگەزانە کات کوشتن بوو چونکە هەرچەندێکیان دەکوشت تەواو نەدەبوون، هیچ ساڵێکیش شووتی ئەوەندە زۆر نەهاتبووە بازاڕەوە، یەکجار گەرم بوو شووتی شەقکراوی قورمزی تۆخی گۆشتن و یا زەردی کراوە بە پێی جۆرەکانی خۆی بۆ تەماشا کردن دانرابوو.

دایکەکە زۆری حەز لە شووتی بوو، ئەوانەی کە نەدەفرۆشران یا هەتاو بردبوویانی بە تەواوی تاسووقەوەی دەخواردن، هەتا مەیلی لێبوو دەیخواردو پاشان بەو تێبینییەی کە ئەو میوە نازەنینە حەیفە نەخورێ، دووبارە دەیخواردەوە،ڕەنگە خواردنی شوتی زیاد لە پێویست، یا بایەکی زیانبەخش یاخود لەکۆتاییدا لە بەرچاوی برینێ تووشی نەخۆشی ڕەوانی ببێت، گەرچی کەسێکی نەدەناسی کە بەڕاستی لێی بێزار بێت، مەگەر ئەو خوایە بچووکە کە شایەدی گوناهەکەی بوو،بەهەر حاڵ دایکەکە بێچارەکە

تووشی ڕەوانی هات، ئەو بیماریەش شیری گیانی دەرکێشا و چەندین ڕۆژ ئەوی خستە ناوجێ،هەرکە قومێ چای دەخواردەوە بۆ ئەوەی بڕستێ بدا بە جەستەی یەکسەر دەیهێنایەوە، لەوماوەیە کە بە سەختی ئازاری دەکێشاولاواز بووبوو، بووکەکەی تەواو پەرستاری ئەوی دەکردوئاگای لێدەبوو، لەوکارەش هونەرێ هەر هەبوو بەکاری دەهێنا، بەوچەشنە لە چاوەدێری کردنی خەسووی یەکزەڕە کەمتەرخەمی نەکرد،کچەکوێرەکەش بە وەزعێکی بەزەیی ئامێزەوە هەوڵی دەدا تا خزمەتی دایکی بکات، بەڵام ئەو زۆر گێژو بێدەست وپێ بوو، نەیدەزانی چ شتێ لە کاتی خۆیدا پێویستە،ژن براکەی زۆر جاران بەرکەناری دەکردو دەیگوت:

- بڕۆ دانیشە کچی باش لەسەر ڕێم وەلاکەوە، باوەڕ بکە ئەوە باشترین کۆمەگە کە بە منی دەکەیت، دایکە بەوحاڵەتی بێهێزیو ناتەوانییەوە بە پێچەوانەی مەیلی خۆی ناچار بوو کە پشت بەو ژنە گەنجو زرەنگو دڵسۆزە ببەستێ، ئەوخۆی زۆر لەوە بێ تواناتر هەست پێدەکرد کە بتوانێ داکۆکی لە کچە کوێرەکەی خۆی بکات، کوڕی بچوکیشی زۆر بە کەمی دەهاتە ئەحواڵپرسینی ئەوەوە، کە دەیبینی دایکی ئەو قودرەتەی جارانی نەماوە، کە لای براگەورەکەی شەفاعەتی بۆ بکات، دەچووە دوای کاری خۆیەوە، لەوحاڵەتەی بێهێزیو ئازارەوە، دایکە هەستی دەکرد کە تەنها بووکی چاپوک وردو دڵسۆزی ئاگای لەوەو بە دەوری بالینگانی ئەودا دەسووڕێتەوە. لەئەنجامدا کاتێ نەخۆشی ڕەوانی لە جەستەیا نەماو تەواوبوو، تا بچێتە جەستەی کەسێکی دیکەوە کەموقەدەر بوو، هەستایەوەو بە توندی پشتی بە بووکەکەی بەست، هەرچەند دەیخوازی کە میهرو پەیوەندی

دەگەڵ ژنە گەنجە پەیدا نەکات، بەڵام دەبینی کە بوونی ئەو بۆ وی پێویستە، دایکەکە زۆر درەنگ هاتەوە خۆی، جگە لەمەش هیچ کاتێ هێزوبڕستی پێشووی بە دەست نەهێنایەوە، ئێستاکە ناتوانێ کەلەرمی خاو کە خواردنی تایبەتی ئەو بوو، هەروەها شووتی و کاڵەک بخوات، بەتایبەتی بادەم زەمینی کە هەر کاتێ هەڵدەکەنران و بەسەر زەویەوەی گەلاڵە دەکردن، حەزی لێبوو هەر بە خاوی بیانجوێ، ئێستاکێ دەبێ ئاگای لە خۆراکی خۆی بوایەو ئەو شتانە بخوات کە دەگەڵ گەدەی کۆک بێت، کاتێ تاقەتی لەو پارێزانە دەچوو رایدەگەیاند، کە هەرشتێ حەزی لێبێت دەیخوات، تا کەمکەم گەدەی عادەتی پێ دەگرتو ئیدی دووبارە نەخۆشی رەوانی دەهاتە سۆراغییەوە، هەرکات کەمێ زیاتر کاری دەکرد یا لەبەر هەوای فێنک دادەنیشت دووبارە نەخۆشی دەهاتە سۆراغیەوە، بۆ ماوەیەک نەخۆشی بێهێزو هیلاکی دەکرد، ئەو کە خۆی بەوحاڵە ژاریەوە دەبینی، تێگەیشت کە دەبێ کچەکەی بە شوو بدات، تا ماڵێکی خۆی هەبێت، چونکە لەو ماڵە ئیدی ئەویان نەدەویست، کاتێ دایکەکە ئەوەندە بێ توانا دەبوو کە نەیدەتوانی پارێزگاری کچەکەی بکات، زیاتر هەستی بە نارەحەتی کچە کوێرەکەی دەکرد، رۆژێکیان کە دایکەکە تەنها بوو کچە جحێڵەکە پێی گوت:

- دایە ئیدی من ناتوانم لە ماڵی برام بژیم، باوەڕ بکە وای بە چاکدەزانم کە هەر کەسێ بێتە پێش شووی پێ بکەم، بەو مەرجەی کە ئاگای لێم بێت، لەکۆتاییدا دایکەکە ئەو بیرۆکەیەی قەبووڵ کرد، بە چەند ووشەیێ دڵی کچەکەی خۆی دایەوە، پاشان رۆژێکیان لە زستانی هەمان ساڵدا کە برە هێزێکی هاتەوە بەرێ، چونکە حاڵی وی هەمیشە لە

هەوای سارد باشتر بوو، لە هەوای گەرم، چووە سۆراغی بێوەژنی دەمەوەڕی دێ وئەوی دۆزییەوە، کە لەماڵی خۆی خەریکی گوڵدۆزی بوو بەسەر پارچە قوماشێکەوە، بەڵام ئەو بەنەی کە بێوەژن کاری پێدەکرد زۆر زبرو ئەستوور بوو و لێوی ئەو گەلایانەی کە ئەو بەسەر پارچەکەوەی نابوو، بێ قەوارەو پێکەنیناوی بوو، چاوی پیرەژن ئیدی وەکو جاران نەیدەبینی، ئامادەش نەبوو ددان بەوەشدا بنێت، دایکەکە لێی بە نزیک کەوتەوەو بە شێوەیێ کە گوزارشتی لە ماندوو بوون دەکرد گوتی:

- هەرچیەک تۆ بە منت گوت راستی هەبوو، ئێساکێ تێگەیشتم کە ئەگەر کچەکەم بۆنموونە بدەم بەو گەنجەی کە تۆ گوتت باشتر دەبوو، چونکە من ئێستاکە حاڵو بونیاتی ئەوەم نییە بە دوای کەسێکی دیکە بگەڕێم، لەو یەکدوو ساڵەی پێشتر کە ئەو رەوانییەم گرتبوو هەمیشە کە شتێ دەبێ هەست بە لاوازیو ماندوو بوون دەکەم.

بیوەژن خۆشحاڵبوو بەوەی کە کارێکی تازەی بۆ هاتووە، کە ئەو پارەی خەرجییەکەی نییە، عارەبانەیەکیان بۆ بە کێ گرتو دەمیلی بڕی تا گەیشتە ئەو شوێنەی کە پێشترێ باوکی لەوێ دادەنیشت، پاشان لەوێ لەگەڵ یەکێ لە خەڵکی ئەوێکەوە چوونە ئەو گوندەی کە جێ نەزەری ئەو بوو، دووسێ رۆژی لە وێ بەسەر برد، ئەو شەوەی کە لەو سەفەرە گەڕایەوە، یەکسەر چووە ماڵی دایکەکەو ئەوی بەتەنهایی لە ماڵێدا خواست، بە پسەپسەوە پێی گوت:

- خانم هەموو کارەکان بەو شێوە بووکە دەمانویست، ئەوکارەش تا مانگێکی تر کۆتایی پێ دێت، منیش هەست بەماندووبوون دەکەم وەلێ خەیاڵدەکەم کە کارێکی باشم

بۆتۆ ئەنجام دابێ، ئێستا ئێمە دۆستی بەڕاستی یەکترین.

دایکەکە سکەپولێکی نوقرەیی کە بەهەمان مەبەست رایگرتبوو، لە باخەڵی دەرهێناو تکای لە بێوەژنکرد کە قبوڵی بکات، بێوەژن یەکەمجار بە توندی دەستی دایکەکەی بۆ پاشەوە برد کەم وزۆر پەڵپی گرت، بەلام لەکۆتاییدا وەریگرت، کاتێ هەموو کارەکان رێی خۆیان گرت، دایکەکە خۆی رازی کرد کە هەمان ئەوە باشە بووکەکەی خۆی لەبڕیارەکەیدا ئاگادار بکاتەوە، بووکەکە خۆشخاڵی خۆی بەم هەواڵە پیشانداو بەلام بۆ ئەوەی قسەیەکی هەبێ گوتی:

– دایە ئەوەندەش پەلەی نەدەویست، من بەهیچ جۆرێ رقم لەدشم نابێتەوە، ئەگەر سەرپشکیش بام ئەوە حەزم دەکرد یەکدوو ساڵی دیکە یا تا دوا تەمەنیشم لای من بمابایە، بەلام چیبکەم، رووی نەبوونی رەش بێت کە ئێمەناچار دەکات کە حسابی نانخۆری خۆمانیشمان هەبێ بکەین.

لەورۆژەوە بەدوا میهرو خۆشەویستییێکی زیاتری دەنواند، هەرخۆشی قبوڵی کرد جلی بووکێنی کچە کە بەسەر یەکەوە هەمووی بە گشتی سێ پارچە بوو، هەر خۆی بیدورێت، ئەوسێ پارچەیە بریتی بوو لەکەواکوڵی وکراسێکی قورمزی و شەرواڵێکی شین و سوور، کەهەژارترین کچ دەبوایە لە رۆژی بووکێنی دا لەبەری بێت، ژنبراکە ی دوو جووت کەوشیشی بۆ خستە سەرێو گوڵێکی بچووک وگەلایەکی بەسەردا نەخش کردن، بەلام جەژنی زەماوەندییان نەگێڕاوهیچ تەشریفاتێکیان ئەنجام نەدا، چونکە کچەکەیان بەلاش دەداو چاوەڕوانی ئەوەش نەبوون کە زاوا شتێ بۆ بووکەکە بکرێت، چونکە ئەو بۆ گواستنەوەی کچێکی وا هەندێ منەتیشی کردبوو، بەلام کچە کوێرەکە بەدرێژایی ئەو رۆژە یەک

قسەی نەکردبوو، کچە لە ناو بێدەنگیو خامۆشی دا گوێی بۆ ئەو قسانە قوڵاغ کردبوو کە دایکەکەی پێویست بوو بەوبڵێت، بێ ئەوەی وەڵامێ بداتەوە، بەڵام شەوێکیان دەستی هێنایە پێش بۆ ئەوەی هەست بکات روخساری دایکی لە روخساری ئەودا نزیکەو لەپڕێکا بەبنی لێویەوە گوتی:

- دایکە ئەو شوێنەی کە منی بۆ رەوانە دەکەیت بای ئەوەندە نزیکە کە جارجارە تۆ بێیت وببینی چ بەسەر من دێت؟من بۆ سەفەرێکی وا دوورو درێژو رێگاییکی وانادیار کەهەمووی بە ناو کێوو تەلانو دۆڵ هەڵەموتدا تێدەپەڕێ لەرادەبەدەر کوێرم.

ئەوکاتەدایکی دەستی هێنا پێشەوەوچونکە هەستی کرد کە کچەکەی دەلەرزێ وبەدزیەکەوە گریا ولەتاریکی دا ئەشکی خۆی بە رووی لێفەکەوە ووشک کردەوەوچەند جارێ دووبارەی کردەوەوگوتی:

- هەڵبەت کچم من دێم وهەر دەردە دڵیەکت هەبێ بە منی دەلێی و ئەگەر ببینم بەد رەفتاری دەکەن بە توندی رووبەڕوویان دەبمەو ناهێڵم ئەزیەتت بدەن، پاشان بەلووتف ومەحەبتێکەوە زیادی کردوگوتی:

- بەڵام کچم دەلێی تۆ بە درێژایی شەوبێدار ماویتەوە وانیە؟

کچە گەنجەکە گوتی:

- بەڵێ دایە ئەمشەو وشەوی پێشتریش.

دایکەکە بە سۆزەوە گوتی:

-کچەکە گیان مەترسە تۆ زرەنگترینو شایەستەترین کچە کوێری کە من بینیومە، ئەوان دەزانن کەتۆ کوێری وناتوانن ئیرادێکت لێبگرن یاخود بڵێن کە ئێمە ئەو عەیبەی

تۆمان شاردبێتەوە.

لە ئەنجامدا خەوێکی سووک کچە گەنجەکەی رفاند، دایکەکەی لە کاتێکا تووشی ئازارێکی رۆحی توند بوو بوو، تا ماوەیەک بە بێداری مایەوە، چونکە هەستی دەکرد تاوانی گوناهێ کە ئەو کردویەتی کەوتۆتە ئەستۆی کچەکەیەوە، بێ ئەوەی شتێ لەو روداوە تێبگات ئارەزووی دەکرد، کە بریا لەرابردوودا رەفتارێکی باشتری کردبایە، بۆ ئەوەش داخی هەڵدەکێشا کە بۆچی هەوڵی نەداوە، بۆ بە شوودانی شوێنێکی نزیکتر پەیدا بکات، بۆ نموونە گوندێ کە بیتوانیایە مانگێ یەکجار سەرێ لەوێ بدات، کێ دەیزانی لەوانەبوو پیاوێکی هەژاری دۆزیبایەوە کە ئامادە بوو بە وەرگرتنی شتێکی کەم بیگوازێتەوە، بۆ هەمان ئەو گوندەی کە لێی دەژیا، کە بیرۆکەی کۆتایی هات بە مێشکیا لە دڵەوە ناڵاندیو لە خۆی پرسی ئایا بووکەکەیو کوڕەکەی کە ئێستا خەرجیماڵەوە لە دەست ئەوانەوەیە، ئامادە دەبن بۆ ئەم کارە چاو لە شتێکی کەم بپۆشن؟ پاشان بە خەمو پەژارەیەکەوە گوتی:

- لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانم چاوەڕوانی ئەوە بکەم کە هیچ کاتێ دارکاری نەکرێ، ماڵێکی وەکو ماڵی ئێمە کەمە، کە تیایا بووکی تازە بەدەست مێردی یا خەسووی لێدان نەخوات، ئەگەر کچە کوێرەکەی من لەبەرچاوم لێی نەدرێ، یا ئەوەندە لەمن نزیک بێت کە من زوو خەبەردار ببمەوە، یا ئەو بتوانێ خۆی بیتە لای منو پیم بڵێت، ئەوە جگەرم لە ریشەوە دێتە دەرەوەو خەمێکی زۆر دەخۆم، چونکە دوای شووکردنی ئیدی من هێزی ئەوەم نابێ بچمە کۆمەکیەوە وتاقەتی بەرگەگرتنی وەزعێکی وام نابێ، کەواتە باشتروایە لەمن دوور بێت تا من ئاگام لە هیچ نەبێت، تا لەدەردو ئازارێکی وادا رەحەت بم،

لانی کەم لە بێخەبەریدا دەتوانم بە ئومێدەواری بمێنمەوە.
دایکەکە کە سەنگینی باری ژیانی بەسەر شانی خۆیەوە هەست پێ دەکرد، بۆ چەند ساتێ بێ جووڵەو بێدەنگ مایەوە، پاشان بیرۆکەیەکی بە خەیاڵیا هات،
-باشتروایە لە کاتی رۆشتنی کچەکەی چەند سکەپارەیەکی نوقرەیی پێبدات، چونکە خۆشی کە هاتە ماڵە مێردی چەند سکەپارەیەکی لە دایکی وەر گرتبوو، دایکەکە بەر لە سەرهەڵدانی گزنگی بەیانی لە تاریکیدا لە خەو هەڵساو لە ترسی ئەوەی نەوەکا ماڵات و مریشکەکان بێدار کاتەوە و وەدەنگیان بهێنێ، بە ئاگا لەخۆبوونێکی تەواوترەوە بەرەو ئەوچاڵە چوو کە لەزەوی هەڵیکەندبوو، خۆڵەکەی دەرداو کۆنە گرێکەی کە تەواوی پاشەکەوتی خۆی تیدانابوو هێنایە دەرەوە، گرێکەی کردەوەو و پێنج سکەپارەی نوقرەی لێهەڵگرت و لە باخەڵی خۆیدا حەشاری دا، دووبارە چاڵەکەی پڕکردەوە، بەوەی کە ئەوپارانەی لایە هەستی بە ئارامی دەکرد، چونکە لەبەرخۆوە دەیگوت:
-کەمتر کچێ لە خانەوادە هەژارەکان پارەوپوڵێکی وا لەگەڵ خۆیاندا دەبەن، چانییە کە کچۆڵەکەی من شتێکی هەیە.
رۆژەکان بێئەوەی شادیو چالاکیێکی بەدواوە بێت، بەسەر دەچوون، ئێستاکە دایکەکە بەدیداری کوڕی دووەمیش هەر لەززەتی وەرنەدەگرت،کەمتر بایەخی بە هاتوچوونی ئەو دەدا، تەنها ئاگاداری ئەوە دەبوو کە بزە لە لێوی کوڕەکەی دوورنەکەوێتەوە، وابێتە بەرچاوان کە حاڵی باشەو خەریکی کارێکە، بەڵام نەیدەزانی چ کارێکە، کاتی بزاوتن گەیشت، دایکەکە بە دڵێکی خەمبارەوە چاوەڕوانی کەسێ بوو کە دەبوایە بێت وکچە کوێرەکەی لەگەڵ خۆیا ببات، گوێی خۆی

قولاغ کردبوو و هەوڵی دەدا ئاگای لە سروشتی ئەو پیاوە بێت کە کچەکەی بەو دەسپێرێت، سەرەنجام رۆژێکیان لە سەرەتای وەرزی بەهارو لەو کاتەی کە سروشت هێشتاکە دەبوایە نەپشکوتوو بێ، پیاوەکە بە دیار کەوت، نیشانەی بەهار تەنها لە سەوزبوونی چەند گیایەکی زوورەسدا کەمناڵانی دێ هەڵیان دەکەندو دەیانخوارد، هەروا لەو رەنگە سەوزەی کە لە لق‌و پۆپی ناسکی داربی‌و لە چرۆی قاوەیی رەنگی درەختی هەرمێدا کە تازە چەکەرەیان کردبوو و دەرکەوتبوو، زەوی هێشتاکەش حاڵەتی ووشکی‌و بێ باری زستانی دەنواند، گەنم هێشتاکە سەری دەرنەهێنا بوو، تەنها فەریکی وردو پەرش‌و بلاوی لای تاوێرەکانی مەزرادا هاتبوونە دەرەوە، با سارد بوو.

لە رۆژێکی وادا سەرو کەللەی پیرەمێردێ کە سواری کەرێکی خۆڵەمێشی بوو بەدیار کەوت، لە جیاتی کورتان باڵا پۆشی چلکن‌و دڕاوی خۆی لوولدابوو و خستبوویە سەر پشتی کەرەکەوە، لە ماڵی دایکەکەوە وەنزیک کەوتەوەو خۆی ناساند، دایکە هەستی کرد کە دڵی لە سینەدا لە لێدان وەستاوە، چونکە حەزی لە سەروپۆتەلاکی پیرەمێرد نەکرد، پیرەمێرد بەخورتی بزەیەکی هاتی‌و هەوڵی دا چینێ بەنیشانەی میهرەبانی ببەخشێتە رەخساریەوە، بەلام بەو روخسارە لێککێشرایەوەی کە لە روخساری رێوییەکی پیر دەچوو، هەروەها بەوان چاوانی کارای کە لە ناو چرچ‌و لۆچی قولایی روومەتیدا رووچوو بوون، هەروەها بەوچەند دانە مووی سپی‌و تەنکی کە دەوری دەمی بێ لێوی داپۆشی بوو، گۆشەی دەمی کە لەوان رۆژاندا بە تایبەتی بە نیشانەی هاودڵییەوە لە رادە بەدەر شۆڕ بووبۆوە، ئاسەوارێ لە باشی‌و سەفا نەدەبینرا، جلێکی کۆنینەو پەرپوتی لەبەربوو

که نەخاوێن بوو نەپینەی هەبوو، لە کەرەکەی هاتە خوارەوە جولەوبزافی بێ سەرەتایی ترین ئەدەبو نەزاکەت بوو، کە لە هەموو مسکێنێ چاوەڕوانی لێدەکرا، دەشەلی چونکە دیار بوو پێیەکی لە پێیەکی کورتتر بوو، لە کاتێکا کە جلی کۆن و داڕزاوی خۆی بە دەوری کەمەری وەرپێچا بوو، لە حەوشەی خەرمانگادا ڕەت بوو و بە شێوەیەکی توندو زبرەوە گوتی:

- من بەدوای ئەو کچە کوێرە هاتووم، لە کوێیە؟

دایکەکەش کە لە هەمان یەکەم ڕووبەڕوبوونەوەدا تووشی نەفرەت بوو لە پیاوەکە پرسی:

- من لە کوێ بزانم کە تۆ هەمان ئەو پیاوەی کە دەبێ بە دوای ئەوەوە بێیت؟

پیرەمێرد دووبارە گرژیەوەو گوتی:

- من ئەو ژنە قەڵەوە دەناسم کە هاتە لای ئێمەو بە ئێمەی گوت کە دەتوانین کچەکە بێ خەرجی ومەرجی ببەین، کچی تۆ بۆ برازاکەی من نیشان کراوە.

ئەوکاتە دایکە پێی گوت:

- کەواتە سەبر کە تا ئەو ژنە بانگ بکەم.

کوڕی دووەمی کە ئەزقەزا ئەو ڕۆژە لە دەوروبەری ماڵێدا پیاسەی دەکرد ناردە دوای ژنە، بیوەژنی چەنەبازی دێ بەو خێراییەی کە پێیە لەڕولاوازەکانی ڕێی پێدەدا هاتو سەیرێکی کردە پیرەمێردو قاقا پێکەنیو گوتی:

- بەڵێ ئەو پیاوە مامی هەمان ئەو گەنجەیە کە دەیانەوێ ژنی بۆ بهێنن، حاڵت چۆنە ئاغا، ئەمڕۆ نانت خواردووە؟ پیرەمێرد لە کاتێکا پدووە بێ ددانەکانی بە دیار دەکەوت، بە شێوەیەکی بزەئامێزەوە گوتی:

-بەڵێ بەلام باوەڕ بکە کە .....

دایکە چاوی لە سەروپۆتەلاکی ئەوەوە هەڵنەدەگرت، لە

ئەنجامدا بە شێوەیەک کە دەربڕی دەستەپاچەگی بووبوو، بە بێوەژنەکەی گووت:

- من حەز لە ئەو سەروپۆتەڵاکەی کە ئەوپیاوە بەخۆیەوەی گرتووە ناکەم، چاوەڕوانی شتێکی باشتر دەکەم بۆ کچەکەم، بێوەژن بە خەندانیەوەو بە شێوەیەکی توندگوتی:

- بەڵام خانم خۆ ئەوە زاوانییە، زاوا برازایەتی زاوای برازای ئەو پیاوە، گەنجێکی زۆر میهرەبان‌و بێ ئازارە.

ئامۆژنیشی گەیشت، کوڕی گەورەوو ژنەکەی‌و ئامۆزای‌و خەڵکێکی زۆر لە دێکەدا هاتن بەدوایەوە، هەموویان راوەستابوون‌و سەیری سەراپای پیرەمێردیان دەکرد، هیچ کەسێ کەیفی بەسەروپۆتەڵاکی پیرەمێرد نەدەهات، نیشانەیەکیان لە میهرو خۆشەویستی تێدا نەدەبینی، بەم وەسفەوە قەول درابوو و چەند نەفەرێ گوتیان:

-خانم ئەوەش فەرامۆش نەکەیت کە کچی ئێوە کوێرە.

بوکەکە هاتە قسەو گوتی:

-جگە لەوەی کار لەکار ترازاوە قەول‌و قەرار دراوە، لەبەرئەمە کارێکی وا دەردەسەری بۆ هەمووان دورست دەکات.

مێردەکەی گوێی لە قسەی ئەو راگرتبووو بێدەنگ بوو.

ئەوکاتە دایکەکە نیگای پاڕانەوە ئامێزی کردە ئامۆزای، بەڵام ئەو لە هەمان حاڵدا کە سەرسام بوو بوو سەری دەخوراندو رووی لەو وەرگێڕا، ئەو پیاوێکی سادەو خۆشدڵ بوو، پیرەمێردیش نەیتوانی ئەو هەستە لەلای ئەودا بوروژێنێ، کە پشتی پێ ببەستێ، هەندێ جار ئەوە گرفتە کە تێبگەین ئاخۆ پیسی‌و پاکی بەسەریەکەوە پیادە دەبن یا نا، رەنگە ئەو رووکەشیە زبرە هەر لەبەر جلە دڕاوو پیسەکەی بێت، لەوە بترازێ چۆن چۆنی دەکرا وەڵامی پیرەمێردەکە بداتەوە؟

چونکە مامەڵەکە ئەنجام درابوو، بەمجۆرەئامۆزا نەیدەزانی چ وەڵامێ بداتەوە وبێدەنگی هەڵبژاردو پەلکە کاهییەکی هەڵبژاردو کەوتە جوینیەوە.

پیرەژنی چەنەبازی گوند هەرکە ئابڕوی خۆی لە مەترسیدا بینی گوتی:

- سەیرە خانم من کە گوتم خۆ ئەوە زاوا نییە.

لە هەموو شتێکیش بترازێ لەبەر ئەوەی پاشەکشەی ئەو، لەو ساتەوەختەدا دەبووە هۆی ئەوەی ئابڕوی هەتک بێ، بە پیرەمێردی گوت:

- هاوڕێ مەگەر برازای تۆ وەک منداڵ شیرینو بێ ئازار نییە؟

پیرەمێرد بەرووبادانەوە قسەی پیرەژنی بەسەریەوە بەراست زانیو بە خەندەیەکەوە کە قسەکانی بە شێوەی فیتە دەهاتنە دەرەوە گوتی:

- چۆن خانم چۆن لەشیرینی دا وەک منالێکی ساوایە، لە کۆتایی دا حەوسەڵەی لەسەردا نەماو گوتی:

- ئەگەر کچە ئەمشەو بگەیەنم دەبێ هەر ئێستا حەرەکەت بکەم.

جا لەبەر ئەوەی دایکە نەیدەزانی چ بڕیارێ بدات کچە کوێرەکەی سواری پشتی کەر کرد، کچە جەوانەکەجلی تازەی لەبەرکردبوو، ئەو بوخچەیەی کە چەند سکەپارەیەکی نوقرەیی تیا بوو نایە دەستی و بەخێرایی لەبنگوێی گوتی:

-ئەوە تەنها ماڵی تۆیە کچم نەهێڵی کەس لێت بسەنێ.

کە پیرەمێرد لەقەی لە کەر دا تا بە ڕێکەوێ، دایکەکە دووچاری شپرزەییەکی ناگەهانی بوو و هاواری کرد:

- ئەوەندە مانگەی پێ ناچێ کچم من دێم، دەبینم کە چۆن چۆنی رەفتارت لەگەڵدا دەکەن، هەرچیەکت بینی لە دڵتی

بنێ تا بۆمنی بگێڕیتەوە، ئەگەر بزانم لەگەڵ تۆدا بەدرەفتاری دەکەن ترسی ئەوەم نییەو دەتگەڕێنمەوە ماڵ.

کچە کوێرەکە کە بەزەحمەت قسەی لە لێوی ووشکو لەرزۆکی دەهاتە دەرەوە، وەڵامی دایەوەو گوتی:

- زۆرباشە دایە، ئەو بیرۆکەیە قووت دەبەخشێ بە دڵم.

بەڵام دایکەکە نەیدەتوانی دەستی لە کچەکەی بەربێت بێئومێدانە دەستو پێی لێکدەداو بەدوای هەنجەت و قسەیێ دەگەڕا تا بەم هۆیەوە چەند ساتێ زیاتر کچەکەی خۆی راگرێ، بەو چەشنەی کە خۆی بەوەوە هەڵواسی بوو بە پیرەمێردی گوت:

- کچی من ناتوانێ ئاگری بن مەنجەڵ داگیرسێنێ، ئەو کارە بۆ ئەو قەدەغەیە چونکە چاوەکانی تووشی دەرد دێت، دووکەڵ بۆ ئەو...

پیرەمێرد سەری وەرسووڕاند لە سەراپای ئەودا ووردبۆوە، کە لە قسەکەی ئەو گەیشت گرژیەوەو گوتی:

- زۆر باشە من پێیان دەڵێم ئاگایان لێ بێت.

دیسانەوە لەقەیەکی لە تەنکێشی کەرەکە داو خۆشی لە تەنیشتییەوە وەڕێ کەوت.

بەمجۆرە کچە کوێرەکە چووە ماڵە مێردی و ئەو نیشانە کوێریەکەشی هەر لەدەست دابوو، بوخچەی جلەکانیشی بە تێرکەی کەرەکەوە بە ستابۆوە، دایکەکە هەر راوەستا بوو سەیری رۆشتنی ئەوی دەکرد،بەڵام دەردێکی لە دڵی دا بوو کە نەدەکرا دەرکی پێ بکرێت وکە ئەستەم بوو لێی بگەیت.

فرمێسکی لە چاوانی هەڵدەڕژاو بەم وەسفەوە هیچ رێگایەکی دیکەی لەوەی کە گرتبوویە بەر نەدەهاتە بەرچاو، ئەوەندە بەبێ حەرەکەت مایەوە تاکێوێ کەوتە میانی ئەو و کچەکەیەوەو تاریکی ئەوی لەبەرچاودا ونکرد.

# بەشی شازدەهەم

ئایا دایکەکە دەیتوانی هەموو رۆژەکانی خۆی بەو ئەندازەیە پڕ بکاتەوە، کە بتوانێ نیگەرانیەکانی خۆی هێور بکاتەوەو ئەو شوێنە بەتاڵە فەرامۆش بکات؟ماڵ خامۆش هەڵگەڕا بوو کۆلانیش، چونکە ئیدی ئاهەنگی ئازاراوی و ئاشکرای زەنگوڵەی کچە کوێرەکە - کە هەرکاتێ لە ماڵ دەچووە دەرەوە دەنگی دەدایەوە و لە کۆلانێدا پێچی دەخواردەوە - نەدەبیسترا، دایکە نەیتوانی بەرگەی ئەو وەزعە بگرێت، بە پێچەوانەی مەیلی کوڕەکەی گەڕایەوە دەشتایی، کاتێ هەرزەچنی خۆی هەڵگرت کوڕەکەی پەڵپی گرتو گوتی:

- دایە تۆ پێویستیت بە کارکردن نییە، ئەوە بۆمن لە پێش هەموانەوە مایەی سەرشکستییە، کە تۆ بەو تەمەنەوە ببینم خەریکی کارکردنی.

بەڵام ئەو بە هەمان زبریی جارانییەوە وەڵامی دایەوەو گوتی:

- من ئەوەندەش پیر نەبوویم، لێگەڕێ منیش بەش بە حاڵی خۆم زەحمەت بکێشم، چونکە کارکردن دڵم دەداتەوە، مەگەر تێناگەی من پێویستم بە سەلواو تەسکینەوە هەیە.

ئەوکاتە گەنجەکە سەرسەختی کردوگوتی:

- دایە بەلاش خەم دەخۆی، مرۆڤ قەت شیوەن ناکات بۆ ئەو دەردانەی کە هێشتا نەهاتوون.

بەڵام دایکەکە بە بێزاییەکی تایبەتییەوە کە دیار بوو ئیدی هیچ کاتێ دەستی لێهەڵناگرێ وگوتی:

- تۆ هیچ شتێ لەم بابەتە تێناگەی، تۆ هێشتا لەوە گەنجتری کە شتێ لەو مەسەلەیە بگەیت.

کوڕە ماتو سەرسامی ئەو ئاوازە ناخۆشە بووبوو و سەیری دایکی دەکرد، بەڵام دایکەکە بژارکاری خۆی هەڵگرتو بێ ئەوەی زیاتر روونی بکاتەوە، بێدەنگ وخامۆش رێی دەشتایی گرتە بەر، بەم وەسفەوە نەیدەتوانی وەکو رابردوو زەحمەت بکێشێ، زۆر زوو شەلالی ئارەقە دەبوو، هەر کە با هەڵی دەکرد- هەرچەند گەرمیش بوا- بەلەشی دەکەوتو سەرمای دەبوو، ئەوەندەی نەبرد دووبارە دوچاری رەوانی بۆوەو دوای ئەوەی چاک بۆوە، ناچار بوو ئیدی تەسلیمی بێکاری بێتو بەبێ ئیشیو بەتاڵی لەدەروازەی ماڵ دابنیشێ، هیچ کارێکی وانەبوو کە ئامادەبوونی ئەو لە ماڵێدا پابەند بکات، چونکە بووکەکەی بە دیقەتو کارامەیی بە هەمووکەسێ رادەگەیشت، جگە لەوە ژنە گەنجەکە هەموو کارێکی ماڵێی بەرێوە دەبرد خەسوشی ناچار بوو بیەوێو نەیەوێ ئەم واقیعە قەبوڵ بکات، بووکەکەی جگە لە نەزۆکی هیچ عەیبێکی نەبوو، دایکەکە کە بێکار مابۆوە، هەمیشە چاوی لە دەرگا بوو، واتە چاوی بڕیبووە ئەوێکەوە، کە منداڵەکانی پێشتر لە کاتی یاری دا سەروکۆکڵی یەکتریان دەڕنیەوە، رۆژانی رابردووی دەهێنایەوە بیر خۆی، وەبیری دەهاتەوە لەو پەڕی گەنجێتی ئەوکاتەی کە یەک پارچە شورو چالاکی بوو، لە هەمان شوێندا دیسان دەیبینی ئەو کاتەی خۆی مێردی هەبوو، منالی هەبوو، خۆی ژنی جحێڵی ماڵێ بوو، پیرەژنێکی دیکە بە نەنەگیانی ماڵێ دەهاتە ژمێر، دوای ئەوە مێردەکەی ئەوی تەرک داو رۆیشت بێ ئەوەی هیچ کاتێ هەواڵێکی بۆ بنێرێتەوە، بە

یادەوەری ئەو خاتیراتانە لەبەرخۆ دەلەرزی، بەلام یەکسەر خۆی لەو بابەتە لادا، تا بچێتەوە سەر تەنهایی‌و گۆشەگیری خۆیەوە، کوڕە گەورەکەی هەمیشە لەدەرەوە بە کاری کشت‌و کاڵەوە خەریک بوو یا لەگەڵ سەرکاردا دەربارەی بەرهەم گێرمەوکێشەی بوو، سەرکاری تازە ئامۆزای خاوەنکار بوو، دەیانگوت پیاوێکی لاوازو کورتەباڵایە، چونکە دایکەکە هیچ کاتێ سەیری نەدەکرد، کچە کوێرەکەی چۆتە ماڵە مێردی‌و کوڕی دووەمیشی لە شار دادەنیشت، زۆر بە کەمی لە دێدا بەدیار دەکەوت.

بەلام لەکاتی ئەو بێکاری‌و تەنهاییە زیاتر لە هەموو کەسێ ئەندێشەی کوڕی دووەمی دەکرد، ئەو وەک چۆن وابوو لە هەموو رۆڵەکانی ئازیزتر بوو، لەو خەڵوەتەی کە لە ژیانیدا بۆ ئەوپەیدا بوو بوو، دیداری کوڕی دووەمی شادی‌و چالاکی بەو دەبەخشی، ئەوی دەبینی لەجێوە قیت دەبۆوە لە بێحاڵی‌و خەمباری دەردەهات‌و بە سیمای جەزابی کوڕەکەیەوە پێدەکەنی، لە هەموو کوڕەکانی دیکەی جوان تر بوو، بە هەمان ئەو ئەندازەیەی کە کەڵەشێرێکی جوان بەو کەلەشێرە بچێ کە ئەوی وەبەرهێناوە، ئەویش وا بەباوکی دەچوو، ئیدی لەبرا گەورەکەی نەدەترسا، چونکە بۆ خۆی کاری پەیدا کردبوو لەشار، بۆخۆی پارەوپولێکی هەبوو، هیچ کات روونی نەکردەوە کە لە شار چ کارێ دەکات، هەندێ جار لات‌و بێ پوڵ بوو هەندێ جاریش بە جلی تازەیەوە کەلەبەری دەکرد وا هەست دەکرا کاروباری ئەو خراپ نییە، چونکە هیچ کاتێ پاشەکەوتی خۆی بۆ براکەی وەدەرنەدەخست، بەکورتی هێندێ جار بە ئازادی‌و وا هەست دەکرا تووشی شورو هەڵچوونێکی تایبەت هاتووە، دەهات بەدزییەکەوە یەک سکەی نوقرەیی لە دەستی دایکی دەنا ودەیگوت:

- دایە بگرە ئەوە بۆ خۆت خەرج بکە.

دایکەکە پارەکەی وەردەگرتو سوپاسی گەنجەکەی دەکرد، ئەو کوڕەکەی خۆی دەپەرست، کوڕە گەورەترەکەی هیچکاتێ بیری لەوە نەکردبۆوە کە بچوکترین دیاریەکی لەمجۆرە بدا بەدایکی، هەر لەوکاتەوەی کە ببووە هەمەکارەی ماڵێ پارەوپوولی بۆ خۆی هەڵدەگرت، دایکەکە بە باشترین شێوە لەماڵێدا پێشوازی لێدەکراو لەززەتی لە خۆراکی خۆی وەردەگرت، چونکە هەرچییەک دەیەویست بە رحەتیەوە دەیخوارد، لە رووی جلو بەرگەوەش لە پێشترێ باشتر دەهاتە بەرچاوان، چونکە بووکەکەی لەسەر تا پێ جلی بۆ دەدوری، هەتا کفنی مردنیشی پێش وەختە دووری بوو و ئامادەی کردبوو، هەرچیەک دڵی دەیخوازی بۆ ئەودرێغی نەکردبوو، بۆ نموونە قەلنەی بە توتنی نایاب بۆ دادەگرت، یاخود قومێ لە شەرابی زەردی پێدەدا کە لەشی گەرم دەکردەوە وبەهێزی دەکرد، بەلام هیچ کاتی ئەو خەیاڵەی نەدەکرد سکەیەکی نوقرەیی لە دەستی بنێو بڵێ:

- هەرچییەک دڵت دەخوازێ بۆ خۆتی بکڕە. خۆ ئەگەر ئەویش بەوچەشنە داوایەکی وای کردبا ئەوە کوڕەکەیو بووکەکەی سەیرێکی سەرسامیان دەکردە یەکتری و دەیانپرسی:

- ئیدی چیت دەوێ ؟ هەرچی پێت دەوێ لێرە بۆ تۆ ئامادەکراوە. ئەوەبوو کە دایکەکە بە خاتری هەمان ئەو بەخشیشە بچوکەوە سەبارەت بە کوڕ بچووکەکەی بە بەراورد لەگەڵ ئەو دووکەسە کە هەموو شتێکیان بۆ دابین دەکرد، میهر و خۆشەویستییەکی زیاتری لە خۆدا هەست پێدەکرد، ئەو سکەپارەی کوڕەکەی دووەمی پێی دەبەخشی، لە ناو سینەی دەشاردەوە، شەوانە لە کاتێ کە لە جێ

هەڵدەستا لەناو زەوی دەنا.
تەنها عەیب لە کارەکە ئەوەبوو کە کوڕە بچوکەکەی زۆر کەم دەهاتە دیدەنی ئەوەوە، بەمجۆرە هەردوو ژن واتە دایکەکەو بووکەکە کاتی خۆیان بە دانیشتن لە حەوشەی خەرمانگادا بەسەردەبرد، ماڵەکە بە نەزەری دایکەکە بە تەواوی خاڵی بوو، ئەو ئاخی هەڵدەکێشاو دووکەڵی لە قەلنەکەی خۆی بەبا دەدا، لەوان رۆژاندا جگە لەوەی کە بکەوێتەوە یادی بەشێ یا تەواوی یادگاریەکانی خۆی، کاریَ بۆ ئەو نەمابوو، چونکە وای بە باش دەزانی کە وەئاگا نێت لە رووداوی منداڵێتی کچەکەی، ئایا ئەو ئەم دوو شتە بە دەستی خودایان بەیەکەوە گرێدرابوون؟ ئەودەیتوانی بچێتە یەکێ لە پەرستگاکان بە دوای دڵدانەوەیەکدا بگەڕێ بۆ خۆی، بەڵام تازە درەنگ بوو بۆ ئەوەی داوای لێبوردن بکات؟بەمجۆرە خۆی دابووە دەست قەزاوقەدەرو ئاخی هەڵدەکێشاو هەندێ جاریش بە خەمو حەسرەتەوە لە بارەی کچەکەیەوە قسەی دەکرد، ئالەم جۆرە بابەتانەدا بوکەکەی دەپەڕیە ناوقسەکانیو دەیگوت:
- ئەوهەڵبەت حاڵی باشە، بۆ ئێمە بەختێکی گەورەبوو کە تۆ توانیت کەسێ بدۆزیەوە ئامادە بێت کە ئەو بۆ کوڕەکەی بخوازێت.
هەتا رۆژێکیان بە توندی وەڵامی دایەوەوگوتی:
- ئەوکچێکی شایستە بوو من دەزانم کە تۆ هیچ کاتێ نەتویستووە ئاگات لەو راستیە بێ، چونکە هەر لەوکاتەوە تۆ هاتویتە ئەم ماڵە مۆڵەتت بەو نەداوە بەو توانایەی کە هەیبوو بەردەوامبێت لە کارکردندا، بوکەکە ئەوپارچەیەی کە بە دروینیەوە خەریک بوو، بە دیقەتێکی زۆرتر ئەزمون کردو لەو حاڵەدا گوتی:

- لەوانەیە بەڵام من خووم بەوە گرتووە کە کاری خۆم بە خۆم بکەم وهەرچییەک دستم پێکردووە بیگەیەنمە ئەنجام، کچێکی کوێر لە هەموو کارێکدا دوچاری زەحمەتی دەبێت.

دایکەکە جارێکی تر ئاهێکی هەڵکێشاو چاوەکانی بڕیە ئاستانەی دەرگای خەڵوەت و لەپڕێکا گوتی:

- کچم دڵم دەیخوازی کە تۆ منالێ بۆ کوڕەکەم وەبەربێنی، ئێستاکە دەبوایە دوو سێ منال لە ماڵێدا بووبان، من عادەتم بە ماڵێکی وا خالی نەکردووە، ئەگەر تۆ هیچ کاتێ منالت نەبێ ئەوە دەبێ من ئومێدم بە کوڕی دووەم بێت ژن بهێنێو منالی هەبێ، بەڵام ئەو هەمیشە لە ژن هێنان رادەکاو ناشزانم هۆیەکەی چییە؟

دایکە بەوقسەیە دەستی لەسەر شوێنێکی حەساسی بووکەکە دانابوو، ژنە گەنجەکە خەمی دەخوارد کە بۆچی دوای پێنج سالان هێشتاکە هیچ ئومێدێکی بە منال بوون نییە، بەنهێنی چۆتە پەرستگاو دوعای کردووەو نەزرو نیازی گرتووەو هەرکارێ کە بکرێ ئەنجامی داوە، بەڵام هەر نەزۆک ماوەتەوە، بەڵام غرور و مەناعەی ئەو بالاتر بوو لەوەی کە خەم خواردنی خۆی بەدەربخات، بەهەمان بەڵگە بە خوێنساردیەکی تەواوەوە لە وەڵامی دایکەکەدا گوتی:

- بێشک لە کاتی خۆیدا کوڕێکم دەبێت،

دایکەکە بە خەمگینیەوە گوتی:

- بەڵێ بەڵام ئێستا زۆر درەنگ کەوتۆتەوە، من هەرگیز نەمبیستووە ژنێ لە دێکەی ئێمەدا مێردی کردبێو منالی نەبووبێ، پیاوانی ئێمە هەرکات ژن دەهێنن دەبن بە باوک، ژنانی ئێمە هەموومناڵیان دەبێت، تۆوێکی چاک و زەوێکی چاک، تۆ حەتمەن دەبێ دەردوعیللەتێکی نهێنیت هەبێ، کەوای لە تۆ کردووە نەزۆکو نائاسایی بیت، من جلەکانی تۆم زۆر

فراوان‌و رحەت دووری بوو، بەڵام سوودی چییە؟
ڕۆژێکیان دایکەکە لای کچە ئامۆزای زمانی بە شکۆو شکایەت کردبۆوەو بە گوێی ئەودا چرپاندبووی‌و گوتی:
- من دەزانم عیللەت چییە، بووکی من ئیدی هیچ شورو گەرمیتی نییەو بوونەوەرێکی زەردی ڕەنگ پەڕیوە، بۆ ئەو هەموو ڕۆژەکان وەکو یەکن، هەرگیز بۆن و بەرامەیەک لەودا بەرز نابێتەوە، تەواوی ئەو هونەرەی تۆ لە کاتی هەڵبڕینی جلەکانی بوکێ بەکارت بردوە نەیتوانیوە ساردی سروشتی ئەو لە بێن ببات.
کچە ئامۆزاکەی سەری ڕاتەکاندو بە پێکەنینەوە گوتێ:
- ئەوە ڕاستە کە ژنانی زۆر ڕەنگ پەڕیو و کەمخوێن، بەدرەنگی سکیان دەبێ.
پاشان چاوە شەیتانی‌و وردەکانی حالەتێکی پڕ مانایان گرتە خۆو بە پێکەنینێکی سەرلەنوێوەبەردەوامی بە قسەی خۆیداو گوتی:
- بەڵام خوشکە گیان هەموو ژنێ ئەو گەرم وگوڕییەیان نییە کە تۆ لە گەنجێتی دا هەتبوو، خۆتان باشتر دەزانن کە بوونی ئەو گەرم وگوڕییە لە ژندا ئەوەندە باشیش نییە.
ئەوکاتە دایکەکە بە توندی گوتی:
- ئاخ، بەڵێ دەزانم.
پاشان کەمێ وەستاو ئەوکاتە بە نارازیبوونەوە بەردەوامی بە قسەی خۆێداو گوتی:
- هەڵبەت بووکی من پاکو بە سەلیقەیە، هەتا لەو بابەتەشدا وەسوەسەی هەیە، چونکە زیاد تێهەڵسوینی بنی مەنجەڵو شوشتنی گۆزەی ڕۆن و شتی دیکە، حەیفەو ودەبێتە هۆی ئەوەی مەیلی خواردن بکەیت، هەروەها هەموو ئان‌و ساتێ خۆی دەشوا، ڕەنگە هەمان ئەو مەسەلەیە هۆی

نەزۆکی ئەو بێت، چونکە شۆرینی زیاد زەرەری هەیە.
دایکە لەوە ترسا دیسانەوە قسەکە بە سروشتی گەرمو گوڕی ببەستێتەوە، چونکە بەو گێڕانەوەیە گوناهی خۆی وەبیر دێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی وەکو کچی مام پەیدا نەدەبوو، چونکە تا ئەو رۆژە بچوکترین گۆڕان لە پەیوەندی باشی نێوان ئەوانەوە سەری هەڵنەدابوو، هەتا ئەگەر کوڕە مامیشی لەو رازە وەئاگابا قەت یەک ووشەی نەدەهێنا بەر زمان، جگە لەوەش ماوەیەکی ئەوەندە درێژ بەسەر ئەوان رۆژانی خۆشیو کامەرانی دا رەتبوو بوو، دایکە خۆشی بێگومان فەرامۆشی کردبوون، بەڵام کوێری کچەکەیو نەبوونی واریسێ بۆ کوڕەکەی، ئەویادەوەریانەیان وەبیر دەهێنایەوە، چونکە لەوەدەترسا بەڕاستی گوناهێکی گەورەی کردبێ و کە ئەودوو بەدبەختیە کەفارەی ئەو گوناهە بێت.
بەڵێ سەرنویشتی ئەو وابوو کە کچە کوێرەکەی ماڵێ جێبهێڵێو هیچ منداڵێ لە دەوروبەریدا نەبێت، لە ماڵێدا جگە لەدەوارەکانو سەگی پاسەوان هیچ نەمابوو، ئەوەشیان هەتا زاتی نەدەکرد خۆراکیان پێ بدات، بەڵام ئیدی شەڕی نێوان کوڕەکانی کەم بووبۆوە، ئەوە تەنها مایەی دڵخۆشی ئەوبوو لە ژیاندا، کوڕی گەورەی کە خۆی بە خاوەنو گەورەی ماڵ دەزانی، هەستی بە خۆشی دەکرد، کوڕی بچوکترێ کاری بۆ خۆی پەیدا کردبوو، کاتێ دەگەڕایەوە ماڵ دەیەویست هەر زوو بگەڕێتەوە، براگەورەکەی بە شێوەیەک کە گوزارشتی لە هەندێک دڵگرانی دەکرد دەیگوت؛
- نازانم ئەوبرایەی من چکارێکی پەیدا کردووە، ئەو جلە جوان وشیکانە لەبەر دەکاتو لە کوێیان دەهێنێ؟من رۆژو شەورۆحم دەردەچێ ناتوانم جلێکی وا لەبەر بکەم، دەبێ پولدار بێت، ئومێدەوارم نەبوبێتە هاودەستی دزانی شار،

یاخود بەکارێکی وا خەریک نەبێت، چونکە ئەگەر گرفتاری کارێکی وابێت ئەوە دەبێتە هۆی زەحمەتی ئێمەشەوە، دایکە وەک چۆن عادەتی بوو دلێرانە هەستایەوەو بەرگری لە کوڕەکەی کردو گوتی:

- کوڕی من، براکەی تۆ کوڕێکی زۆر ژیرە، تۆدەبێ خۆشحاڵ بیت وپیرۆزبایی لێبکەیت، کە لە جیاتی مانەوەی لێرەو دابەشکردنی زەویەکە لەگەڵ تۆدا، توانیویەتی لێرە بڕواو کارێ بۆ خۆی پەیدا بکات.

کوڕی گەورەترێ بە قێزەوەن کردنەوە گوتی:

- ئاخ بەڵێ، مادەم کار لە مەزرا ناکات ئیدی بە هەمان قەدەر هەموو کارێ بۆ ئەو باشە، بووکەکە بێدەنگ بوو، هەستی بە خۆشیەکی زۆر دەکرد بەوەی کە ماڵەکە ئێستاکە تەنها بۆ ئەو ماوەتەوە، ئیدی بێ پەروا بوو لەوەی کە برای مێردەکەی چ دەکاو چ ناکات، جگە لەوەش باشتریش بوو کە برای مێردەکەی ئێستاکە لە جیاتی ئەوەی زەحمەتی دروینی جلەکانی خۆی بخاتە ئەستۆی ئەوەوە، لەدەرەوە جل بۆ خۆی دەکڕێت.

ڕۆژان بەسەر دەچوون، بەهاریش بەدوای زستاندا بەسەرچووبوو، دایکە توانی کچە کوێرەکەی لەبیر بکات، ڕۆژێکیان دوای نیوەڕۆ کە بە پەنجە خەریکی ژماردنی ڕۆژەکان بوو و ڕەوەزەشاخێ کەوتبووە نێوان ئەو و کچەکەی، دوازدە جاری تەواو ئەنگوستەکانی دەستی خۆی ژمارد، پاشان حسابی لێتێکچوو بەخەم وخەفەتەوە گوتی:

- دەبێ بچم سەرێکی لێدەم، تا ئێستا زۆرم تەمەڵی کردووە، دەبوایە زووتر چووبام، ئەگەر ئەو کچێکی ساغ بوایە، حەتمەن وەکوو هەموو کچانی دیکە دەهات سەرێکی لە ماڵ کۆنەکەی خۆی دەدایەوە، تا ئاگاداری حاڵی بمو دەست

بە دەست و بازوو و گۆناکانی دابهێنم ورەنگ و رووی ببینم.

دایکەکە بەو چەشنە کە دانیشتبوو سەیری کوێستانەکانی دەکرد، کە لەدوورەوە دەورەیان دابوو، لەیەک کاتدا لەوە بە ئاگا هات کە هاوینان بە ترۆپکی شیددەتی خۆی دەگات، دامەنی کێوەکان سەوز بووینەو جۆ لە مەزرادا قەدی بەرز کردۆتەوە، ئەوکاتە دایکەکە کە نەیدەتوانی ئەو تەمەڵییە لە خۆیدا بڕەتێنێ، کە لەبەر بێکاریو بێ چالاکی تووشی هاتبوو، تەمەڵییەکەی لە خۆدا رادا بە سوور بوونەوە گوتی:

- دەبێ بچم کچەکەم ببینم، بێسوودم بۆ کاری دەشت و لە ماڵیش کار ناکەم، تا هەوا زۆر گەرم نەبووەو تووشی مەترسی رەوانی نەبوویمە، باشتر وایە زووتر بڕۆم، هەمان بەیانی بەرێ دەکەوم چونکە هیچ نیشانەیەک لە هەورەوە، لەو هەوایە سافەدا نابینرێو ئاسمان شینە.

کەسەری بڵند کرد وەکو عادەت بوو، یادەوەری رابردووی هاتەوە یاد، لەپڕێکا رەنگی شینی ئاسمان ئەوی خستەوە یادی کەوا شینەکەی مێردی، ئەو کاتەی کە کڕیبووی، بە هەمان کەواکەشەوە رۆیشتبوو، ئاخێکی هەڵکێشاو بەو بڕە شپرزەییەی هێشتاکە سەبارەت بەو رووداوە لە دڵیدا مابوو، لەبەرەخۆ گوتی:

- لەرۆژێکی وابوو کە کەوا شینەکەی کڕیو ئێمە لەگەڵ یەک بەشەڕ هاتین، هەوا وەکو ئەمڕۆ ساف بوو، چونکە لە بیرمە کەوای ئەو لە رەنگی ئاسمانی سپێدەی هەمان رۆژ بوو.

دیسان ئاخێکی هەڵکێشاولە جێوەقیت بۆوە، تا ئەو بیرۆکانە لە خۆی بڕەوێنێتەوەز

کوڕە گەورەکەی گەڕایەوە ماڵ، دایکە بە شڵەژانو شپرزەیەکی زۆرەوەگوتی:

- من دەمەوێ بزانم چ لەوماڵەدا روودەدات، کە ئێستا خوشکی تۆ دوای بە شوودانی لەوێدا گیرساوەتەوە، بەیانی سپێدە بڕیارم داوە بچمە دیدەنیەوە ئەو خۆی ناتوانی بێتە دیدەنمەوە.

کوڕەکەی بە حاڵەتێکی وا کە گوزارشت بکات لە نیگەرانی گوتی:

- دایە ناتوانم لە کاتێکی وادا لەگەڵ تۆدا بێم، بەیانی یەک دونیا کارم هەیە، ئارام بگرە تا ئەوبەرهەمە وەبەربهێنین، کە گەنم وبرنجمان کوتایەوەو پێوانەمان کرد، ئەوە من کەمە کاتێک پەیدا دەکەم.

بەڵام دایکەکە لەپڕێکا هەستی کرد کە ناتوانێ سەبر بگرێت، کاتێ ویستی ئەو بڕیارەی کەدابووی جێبەجێی بکات، هێشتا هێزێکی زۆری بۆ ئەوکارە هەبوو. جالەبەر ئەوەی لە بێکاریو بێئیشی خۆی ماندوو بوو بوو، رایگەیاندو گوتی:

- نەخێر من بەیانی دەچم.

کوڕەکەشی وەکو هەموو جارێ کە رووداوێکی لەهیکەوەی بێتە پێشو مەودای بیر لێکردنەوەی نەبێ نارەحەت بوو و لاملی کردوگوتی:

- ئاخر دایە بە چ وەسیلەیێ دەچیت؟

- ئەگەر ئامۆزا بەئەمانەت کەرەکەی بدا بەمن، ئەوە سوار دە بمو تۆش یەکێ لەومناڵانەی دێ بنێرە سۆراغی براکەت تا لەو سەفەرەدا ڕێشمەی بگرێو لە پێشمدا بڕوات، ئەگەر دووکەس بین باشەو تووشی مەترسی نابین، من نەمبیستووە لەم دەوروبەرەدا دزو جەردە هەبێت، جگە لە دەستەیەکی تازە کە لە شار پەیدا بووینەو بە کومونیست ناودارن، بەڵام دەڵێن ئەوانە دوژمنایەتیان لەگەڵ هەژاران نییە.

لەکۆتاییدا دوای لاملی یەک لە دوای یەکی دایکەکە،

کوڕە خۆی دا بەدەستەوە، دوای ئەوەی ژنەکەی بەخوێن ساردییەکی تەواوەوە گوتی:

- لەڕاستیدا ئەگەر براکەت لەگەڵیا بچێت من هیچ مەترسیەک لەوکارەاد نابینم.

بووکەکەو کوڕەکە دایکەکەیان بەوحاڵەی خۆی بە جێهێشت، تا هەرچییەک دەیەوێ بیکات ویەکێ لە مناڵەکانی کوڕە مامیشی ناردە شار بە دوای برای بچوکەکەی، کوڕەکە کە گەڕایەوە بە چاوانی دەرپۆقیوی بەدایکەکەی گوت:

- پورێ گیان کوڕە پووری من واتە کوڕە بچوکی تۆ دێت.

پاشان مناڵەکە قسەی خۆی بڕی، بۆ ساتێ کەوتە بیر کردنەوە، دوگمەکانی کۆتی خۆی داخستو درێژەی بە قسەکانی خۆیداو گوتی:

- ئەگەر بزانی ماڵەکەی ئەو لە چ شوێنێکی سەیروسەمەرەدایە، شوێنێکی یەکجار پەرپووتەودۆزینەوەی زەحمەتە، باڵاخانەیەکە بەسەر مەغازەیەکەوەیە و ژورێکی درێژەو لانی کەم بیست تەختەخەوی لێیەو پڕ لە کتێب وکاغەزە، بەڵێ پلەگیان، من نەمدەزانی ئەو کوڕە پلکەم دەزانێ بخوێنێتەوە، بەڵام ئەوەی کە بینیم، دەبێ زۆر خوێندەوار بێت وکاریشی لە مەغازەکەدا نییە، دایکەکە سەری سوڕماو لە وەڵامدا گوتی:

- ئەو ئەسڵەن بێسەوادە، هیچ کاتێکیش بەمنی نەگوتووە ژیانی خۆی لە ڕێی کتێبەوە دابین دەکات، بەڕاستی شتێکی سەیرە ودەبێ خۆی بۆ من ڕوونی کاتەوە.

بەیانی ئەو ڕۆژە کە سواری کەرەکە بوو، لەگەڵ کوڕەکەی بە درێژایی دۆڵەکەوەو ڕوویان لە شوێنی مەبەست کرد، سوودی لەو هەلە وەرگرت کە دوو بە دوو لەگەڵ یەک

بوون پرسی:
- کوڕم ئەو کاغەزو کتێبانەی کە کوڕەکەی پورت لەلای تۆو هاوڕێکانت بینی بووی چی بوون؟ تۆ هیچ کاتێ بەمنت نەگوتووە کە فێری خوێندن‌و نووسین بوویتەو لەو ڕێگەوە نانی خۆت دەخۆی؟
گەنجەکە لە کاتی بەرێدا ڕۆیشتن گۆرانی دەچڕی، دەنگێکی خۆشی هەبووو پێی خراپ نەبوو کە سوود لە دەنگی خۆشی خۆی وەرگرێت، بۆ وەڵام دانەوەی دایکی گۆرانییەکەی خۆی بڕی‌و گوتی:
- بەڵێ دایە من تۆزێ خوێندەواریم پەیدا کردووە.
جا لەبەر ئەوەی دایکی پێی داگرتبوو بە خێرایی لەسەر قسەکانی خۆی ڕۆیشت‌و گوتی:
- دایە جارێ هیچم لێ مەپرسە، دوایی کە کاتی خۆی هات هەموو شتێ بە چاکی تێدەگەی، من ئێستاکە سرودێکم دەچڕی کە لەو ژورەی کاری تێدا دەکەین بە دەستە جەمعی لەگەڵ هاوڕێکانمدا دەمانچڕی، ڕۆژی ڕزگاربوونی ئێمە دادێ، ئەو ڕۆژە ئیدی ئاسەوارێ لە هەژاری‌و دەوڵەمەندی نامینێ، ئێمە هەموومان وەک یەکمان لێدێت.
ئەو قسانە سەرسوڕهێنەرترین قسە بوون کە تاوەکو ئێستا بەرگوێی دایکەکە کەوتبوو، ئەو تەنها ئەوەی دەزانی کە هەژاربوون یا دەوڵەمەند بوونی کەسان، تەنها بەدەست خوایە،خەڵکی لەمبارەوە مافی چەندوچوونیان نییە، هەموودەبێ ڕازی بن بە قسمەتی خۆیان‌وخۆیان بدەنیە دەست قەزاو قەدەرەوە، بە ترسێکی تەواوەوە پرسی:
- کوڕم ئومێدەوارم بەگەڵ دەستەی بەدکاران نەکەوتبیت، مەبەستم دزو ئەوجۆرە کەسانەیە، ئەوقسانەی کە تۆ دەکەیت بەنەزەری من لە قسەی ڕێگرەکان دەچیت، ئەو ڕێگەیەی کە

ئەوان گرتوویانەتە بەر تەنها بەمەبەستی دەوڵەمەند کردنی هەژارییەو ئەوەش زۆر ترسناکە خۆ ئەگەر گیر بخۆن ئەوە گیانیان لە مەترسیدا دەبێ.

کوڕ گەنجەکە بەو قسانە تێکچوو و گوتی:

- دایە تۆ شتێ لەم قسانەوە نازانی من سوێندم خواردووە کە بێدەنگ بم، پاشان دەبینی، هەڵبەت لەو ڕۆژە من تۆ لەبیر ناکەم بەڵام تەنها تۆ، بەشی ئەو کەسانە نادەم کە ئامادە نەبوون شتێ لەگەڵ من دابەش بکەن.

قسەکانی دوایی بە خۆخواردنەوەیەکی وەها گوت، کە دایکی تێگەیشت کوڕەکەی چ هەستێکی بەرابەر برا گەورەکەی هەیە، لە ترسی ئەوەی نەبادا لەبەر ئاگری توورەیی‌و کینەی ئەودا داپڕژێ، خۆی لە وەڵام دانەوەی ئەودا بە دوور گرت،بەڵام دایکەکە هەر بەو چەشنە بەردەوام بوو لەسەر بیرکردنەوەکانی خۆی. لەوکاتەی کە بە ڕحەت ترین شێوە سواری کەرەکە بوو بووو هەرزەچنەکەی لە باڵی توکنی ئاژەڵەکە شەتەک دابوو، بەبنی چاویەوە سەیری کوڕ جەوانەکەی خۆی دەکردو بیری لەو دەکردەوە، کوڕ ڕێشمەکەی بە دەستەوە بوو و لەپیش ئەودا بە ڕێگادا دەڕۆیشت، ئاوازێکی غەریب‌و وەلێ پچڕ پچڕی پڕ لە هەڵچوونی دەچڕی، کە دایکەکە مانای ووشەکانی تێنەدەگەیشت، دایکەکە لەبەرخۆ گوتی دەبێ هەوڵ بدات تا لەتەرزی ژیانی کوڕە بچوکەکەی زیاتر سەردەربێنێ، ڕێگەیێ بدۆزێتەوە تا زیاتر ئەو بە ماڵ‌و خانەوادەی خۆی پابەند بکات، بیری دەکردەوە کە ژنی بۆ بهێنێ‌و بووکی تازەی لە هەمان ئەو ماڵەدا بێت، تا بەو هۆیەوە کوڕە زیاتر لە ماڵەوە بمێنێتەوە، ڕەنگە لە کۆتاییدا لەبەر خاتری ژنەکەی لە هەمان جێدا بمینێتەوە، بیری لەوە دەکردە کە ژنێکی جوان‌و جەززابی بۆ دەسنیشان بکات

کە کوڕەکەی خۆشی بوێت، بووکی یەکەمماڵی خۆی کرد، بەڵام بووکی دووەم لە جۆرێکی تر دەبێت، بەم بیرۆکەیە دڵی هێور بۆوەو ئەم نەخشەیە ئەوەندە باش هاتە بەرچاوی کە نەیتوانی لێیەوە بێدەنگ بێت، بە ناچاری گوتی:

- کوڕم تەمەنی تۆ لە بیست رەتی داوە و ئێستا واخەریکە لە بیستو یەک ساڵێ تەمەنی خۆت وەنزیکدەکەویتەوە، من لەوبیرەدام کە بەم زووانە ژنت بۆ بهێنم، تۆ باوەڕێ خۆت چییە لەبارەی ئەم کارە خێرەدا؟

بەڵام کێ دەتوانی پەی بە نهێنی دەروونی پیاوێکی جەوان ببات؟ کوڕە لە جیاتی ئەوەی بە بزەیەکەوە بێدەنگ بێت، شادو شەرمنانە سەر لەبەرخۆ بنێت، یەکسەر ئاوڕی دایەوە بە شێوەیەکی سەرسەختانە گوتی:

-من چاوەڕوان بووم کە تۆ شتێکی وا بە من بڵێی، بەراستی من باوەڕم وایە کە دایکان جگە لەو بیرۆکەیە شتێکی دیکەیان لە سەردا نییە، هاوڕێکانیشم دەڵێن کە دایکو باوکیان زۆر جار پێشنیاری وایان بۆ دەکەن دەڵێن:

- کوڕینە ژن بهێنن...ژن بهێنن.. بەڵام دایە من پێشنیاری تۆ رەت دەکەمەوەوئەگەر بتەوێ ناچاری ئەو کارەم بکەیت، ئیدی هیچ کاتێ رووی من نابینییەوەو ناگەڕێمەوە ماڵ.

پاشان دووبارە سەیری  رووبەرووی خۆی کردەوەو بەردەوامی دا بە رۆیشتن و خێرا تر هەنگاوی هەڵێنا. دایکە کە لەبەر توورەیی لە پڕێکای و بێدەنگی دوایی سەرسام بوو بوو، ترسی لێ نیشت بوو، زاتی نەکرد وەڵامی بداتەوە، بە تایبەت کە کوڕەکەی گۆرانی خۆی بڕی.

لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەوقسانە لە چاوەڕوانی ئەو رووداوانەی کە لە پێشیاندا بوو، لە بیر کرا، ئەو کوێرە ڕێگایەی کە ئەو دووە لەسپێدەدەمی ئەورۆژەدا دەیانبڕی

لەبەرەبەرەی نیوەڕۆدا تەنگتر بۆوە، وردەوردە کە بۆ پێشەوە دەچوون کێوەکان شێوەی پێکەنین ئامێزیان دەگرتە خۆ دامێنەکان بە چیمەن ودار خەیزەران داپۆشرابوون و لەژێر ئاسمانی شیندا سەوز دەچوونەوە، بەشێوەی خەتی تیژ تیژ تا دەهات زیاتر سەخت و سەرکێشانە بالآیان بەرزکردبۆوە،، لە کۆتایی دا کاتێ خۆرەتاو بە دروستی لە نیوەڕۆدا گەرمایی خۆی راستەوخۆ هەڵدەڕشت، چەند گردۆلکەیێ بە لێژاییەکی گونجاو ونبوون، لە جیاتی ئەوانە چەند زنجیرەیەک لە کێوی رووتەڵە وبەردین بەدیار کەوتن، کە ترۆپکی بە هەیبەتی ئەوانە، بەرەو ئاسمان هەڵچووبوون، لەوکێوە رووتانەدا لە ژێر تاقی ئاسمانی شەفافدا، کەشین وەک چۆن رەنگی زیو لەبەرزایی ترۆپکی زیخەلانی دا دەدرەوشانەوە، خۆیان ترسناکتر دەنواند.

کوێرە رێگایێ لەبنەبنەی چەند تیغەیەکی بێرەنگ وبەرز پێچی دەخواردەوە، تاشەکان رەش و تیرە نەبوون بەڵکو رەنگێکی سەیروسەمەرەیان هەبوو، وەکو رەنگی نوور وابوون، لەبەر ئەوەی هیچ ئاوێ لە هیچ خالێکی کوێستاندا نەبوو، بۆیە هیچ شتێ لە وێ شین نەدەبوو.

رێگا سات لە دوای سات سەختر وناهەموارتر دەبوو، دوای یەکدوو سەعاتی دوای نیوەڕۆ، لە پڕێکا ئەو رێبوارانەی ئێمە خۆیان لەبەرابەر دۆڵێکی قوول وپێچاوپێچ بینییەوە، کە کەوتبووە نێوان کێوەکانەوە، لەودۆڵەدا دەبوایە کانێێ هەبێت، چونکە لە میانی دیواری بەردیندا چاویان بە گوندێکی چوارگۆشەیی کەوت، کە لەدەوروبەریا چەندمەزرایەکی سەرسەوز دەبینرا، بەڵام کاتێ دایکەکەو کوڕەکە لەکەناری دێکەدا وەستان، تا سۆراغی ئەوماڵە بکەن کە مەبەستیان بوو، یەکێ کە لەوێ بوو، خالێکی لە شیرازەی سەرەوەی

دیکە کە زۆر دوورتروبەرزتر لە خاڵەکانی دیکە بوو، بەوان نیشانداوگوتی:

- لەوێ کە سەوزایی تەواودەبێت، لە خوارەوەی مەزرادا دووخانوو دەبینن، لەسەرەوەی ئەم خانوانەدا ئیدی هیچ سەوزاییەک بەرچاو ناکەوێ بەلکوتەنها بەردو ئاسمانە.

لەو ساتانەدا دایکەکە بەسەرسامیەکی تەواوەوە، تەماشای ئەوکوێستانە سەیرو ترسناکانەی دەکرد، کە بەمجۆرە ووشک وبێڕەنگ بوون، ئەو تەمەنی خۆی لەودۆڵانە بەسەر بردبوو، ئەمێستاکە لەکاتی سەرهەڵگەڕان بەسەر ئەو کوێرە ڕێگایانەی کە لە شێوەی مارپێچەوە بوون، بەو گوندە ئابلۆقە دراوەدا دەچووە دەرەوە،سەیری دەوروبەری خۆی دەکردو لە بینینی بێ بەرهەمی مەرگەزای خاکو لەڕولاوازی بەرهەم، هەتا لە ئاستانەی وەرزی دروێنەدا، لە جێی خۆیدا ووشک هەڵگەڕابوو، بانگی کوڕەکەی کردوگوتی:

- کوڕم من بێزارم لە بینینی ئەو شوێنە، دەترسم خوشکەکەت زۆر بە سەختی لێرە بەسەربەرێ، ئەگەر ژیان لێرە لە تاقەت بەدەر بێ ئێمە دەیبەنەوەماڵەوە، سواری کەری دەکەینو من بە پێ دەڕۆم، لێگەڕێ هەرچی دەڵێن با بڵێن، خۆ هیچیان نەداوەو من تەنها دەمەوێ لەگەڵ خۆمی بەرمەوە.

گەنجەکە وەلامی نەدایەوە، هەستی بەماندوو بوون دەکردوبرسی بوو، چونکە لە سپێدەوە تا بە حاڵ جگە لە خۆراکێکی کەم، کە لەگەڵ خۆی هێنا بووی هیچی نەخواردبوو، ئێستاش لە چاوەڕوانی گەیشتنی بە ماڵی خوشکەکەی، کە خەیاڵیان هەبوو شەو لەوێ بەسەری بەرن و نانی نیوەڕۆش بەسەر چووبوو.

ڕێشمەی ولاخەکەی وا بە توندی ڕاکێشا، کە دایکی ئیدی

هێزی بەرگەگرتنی رەفتاری ئەوی پێ نەماو ویستی لەبەرابەر تووڕەیی ئەودا موقاوەمەت بکات وسەرزنشتی بکات، کە لە هیکەوە ماڵێکو پاشان دووخانوو لەبەر چاوی رێبوارەکان بە دیار کەوت، ئەوخانوانە بەسەر تاشە بەردەکانەوە دروست کرابوون، بە تەرزێکی تایبەت بەبەردەکانەوە چەسپی بوون، دایکە هەر بە دیتنی پیرەمێردە بەدەکە کە لەبەردەم یەکێ لە کوختەکانەوە وەستا بوو ماڵی کچەکەی خۆی ناسیەوە، پیرەمێردکە چاوی بە دایکەکە کەوت سەراپای ئەوی بەسەر کردەوە وەک بڵێی باوەڕی نەدەکرد کە لەوێکەی ببینێ، پاشان بە پەلە چوونە ماڵەکەوە وکەسانی دیکە لە کوختەکەوە هاتنە دەرەوە، پیاوێکی لەڕو لاواز و رەشتاڵە خۆیو قەلافەتێکی وەحشیانە ودوو ژن وگەنجێکی شلو ول، لە کچە کوێرەکەشەوە خەبەرێ نەبوو، دایکەکە لەکەرەکەی خۆ دابەزیو لەوان نزیک بۆوە، هەمووبێدەنگ وخامۆش سەیری ئەویان دەکرد، ئەویش چاوی بڕیبووە ئەوانەوە وترسی لێنیشت، هەرگیز بوونەوەری وا سەیری نەبینی بوو- ژنانێکبوون بە قژی تێکەلاوو گرێ خواردوو وقەلافەتی داشکاو و لەبەر هەتاو سووتاودا، بە خۆیان وکراسێ کە هەرگیز ئاویان بە خۆوە نەدیبوو، هەمووکۆببونەوەوهەموویان بە هەمان سەروفەساڵ بوون، لە ماڵی دووەمیشدا دوومناڵی وەک نەخۆش کە رەنگیان لەبەر تای مەلاریا زەرد بوو بوو ولێویان ووشک هەڵگەڕا بوو و قەڵشتیان خواردبوو، سەراپایان بە چرک وپۆخڵی قێزەوەن داپۆشرابوو، ئەوانیش رژانە دەرەوە، گەورەوبچوک هەتا بە یەک ووشەش بەرەسمی بە خێراتنیان نەهاتە سەر زمان، بەوچەشنە بە چاوی زەق وئەبڵەقەوە سەیری دایکەکەیان دەکرد، دایکە لەپڕێکا هەستی کرد دڵی لەبەر زۆر وەحشەتەوە لە جێوە هەڵکەنرا، بە هاوارەوە بۆ

پێشەوە چوو گوتی:
- کچەکەم کوا ؟ لە کوێتان شاردۆتەوە؟
رایکردە ناویانەوە، بەلاَم کوڕەکەی بە دوودڵی لە شوێنی خۆیدا مایەوەو هەر لە کەنار ولاَغەکەیدا وەستا بوو.
ژنێ لە نێوان ئاپۆڕەکەدا بە شێوەیەکی زبر کەوتە قسەوە، شێوەزاری باکووریی ئەو کە یەکجار قەبەو ئاڵۆز بوو، قسەکانی لە ناوددانەشکاوەکانیدا دەهاتنە دەرەوە، کە بەزەحمەت خەڵک لێی تێدەگەیشت گوتی:
- خانم تۆ باش بوو لە کاتی خۆی گەیشتی ئەو ئیمڕۆکە مردووە؟
- مردووە؟
دایکە تەنها هەمان ئەوو وشەیەی لەسەرخۆ دووبارە کردەوە، ئەو دووبارەکردنەوە دەنگی لەگەڵدا نەبوو،بەلاَم بۆ لای کوختەیێ چوو کە لە هەمان ئەو نزیکانەدابوو، بۆ پێشەوەرایکرد لەوێدا بەسەر جێگەیەک لە قامیش کە بۆیان راخستبوو، کچە کوێرەکەی خۆی بینی درێژو درێژ کەوتبوو،ساردو بێ گیان راکشابوو، ئەوجلەی کە لەو رۆژەی لە ماڵێدا حەرەکەتی کردبوو و لەبەری کردبوو، هەر ئەوی لەبەردابوو، ئیدی کۆنو پۆخڵ بوو بوو، لە هیچ شوێنێ نیشانەیەک لە شتێکی نوێ نەدەبینرا، ژوورەکە خاڵی بوو جگە لە چەند پارچە قامیشێکی بڕدراو و یەک دوو چوارپایەی قەبەو بێ قەوارە شتێکی لێ نەبوو.
دایکەکە رایکردە سەر تەرمی کچەکەیو کەوتە سەر ئەژنۆو چاوی بڕیە چاوە قووڵ بووەکانیو هەروا دەمی بچوکو بە سەبوورییو بە هەمان بیچمی بێگوناهییەوە کە زۆری پێ ئاشنابوو.
لەپڕێکا تووڕەیی ئەو تەقییەوەو خۆی هاوێشتە سەر

کچەکەی‌و دەستەکانی نایە ناو دەستییەوە، قۆڵی دڕاوی بەرز کردەوەو بازووە زەریفەکانی تەماشا کرد، پاشان پارچەکانی شەلواری هەڵدایەوە بە دوای ئاسەواری لێدان‌و ئەشکەنجەدا گەڕا هیچی نەدۆزییەوە، پێستێکی نەرم و دەست لێنەدراوبوو، ئێسقانە جوانەکانی نەشکابوو، هیچ نیشانەیەکی گومانی تێدا بێ نەبوو، کچە گەنجەکە ئەوەندە لاواز بوو بوو کە مرۆڤ دڵی پێ دەسووتا، بەڵام ئەو هەر لە سەرتاوە وردو لاوازبوو و رەنگی مردنێی هەبوو، دایکەکە بەسەر لێوەکانی کچە لار بۆوە، ئێ بەڵکو ژەهریان دابێتێ بەڵام تەنها بۆنی سادەو خەمەنگیزی مەرگی هاتە بەر لووتی.

لەگەڵ ئەو هەمووەشدا دایکەکە نەیدەتوانی باوەڕ بکات کە مەرگی کچەکەی سادەو ئاسایی بووە، گەڕایەوە لای کەسانێ کە لەبەر دەرگا بە بێدەنگی‌و خامۆش وەستابوون‌و سەیری ئەویان دەکرد، قەلافەتی هەموویان زبرو دڕو ترس ئەنگیز بوو،، هیچ یەک لەوان بۆ ئەو ئاشنا نەبوو، لەگەرماو گەرمی هەوکردنێکی توندی گریانەوە پێی گوتن:

- من دەزانم کە ئێوە کوشتووتانە دەنا وەرن پێم بڵێن دوای ئەوەی کە کچەکەم بە ساغ‌و سەلیمی لای من رۆیشت چ زوو وا مردووە؟

ئەوکاتە ئەوپیرە دیمەن قێزەوەنە کە دایکە لە هەمان دیتنی یەکەمی رقی لێ بووبۆوە، بەتیزخەندەیەکەوە گوتی:

- خانم ئاگاداری دەمتان بن بۆ تۆ شتێکی زۆر قەبیحە کە ئێمە بە کوشتنی ئەو تۆمەتبار دەکەی..و .

ژنێکی پۆخل کە هەموو قژی ئاڵۆزا بوو، قسەی پیرەمێردی بڕی‌و گوتی:

- لەبەر چی مردووە؟ لەسەرماندا مردووە. لەڕولاوازو بێگیان بوو، هەمینەو تەواو.

ئاوی دەمی هەڵڕشتە سەر زەوی‌و جارێکی دیکە بە لورە لورەوەگوتی:- کچێکی بێکارە کە هەتا فێر نەبوو بوو بێ ساتمە کردن یا بێ کەوتنە سەر زەوی یابێ رێ ونکردن لە کانیدا ئاو بهێنێ، دایکەکە سەری بەرزکردەوەو سەیری ئەو کوێرە رێگایەی کرد کە لە دامێنی کێوەوە بەرەو کانییەکی بچووک شۆڕ دەبۆوەو بەناڵینەوە هاواری کرد:

- مەبەستتان هەمان ئەو کوێرە رێگایەیە؟

هیچ کەس وەڵامی نەدایەوە، ئەو کاتە تووشی خەمێکی گەورە بوو و ناڵاندی:

- حەتمەن هەموو رۆژێ لێتان داوەو هەموو رۆژێ دارکاری کراوە،؟

- برۆ سەیری بکە بزانە شوێنی لێدان بەسەر جەستەیەوە هەیە یا نا؟ تەنها یەک جارکوڕی من لێیداوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی بانگی کردبوو و ئەویش لەسەرخۆ بە رێدا دەڕۆیشت و وەلسەلام.

دایکەکە سەری بەرزکردەوەو بە دەنگێکی کز گوتی:

- کوڕی تۆ لە کوێیە؟ ئامادەبووان کوڕەکەیان بۆ پێشەوە پاڵناو ئەویش بە نیگای راماوو بێحاڵییەوە، لەبەر دەم دایکەکە رەق و تەق وەستا، بەو چەشنە دایکەکە زانی کە کوڕە گەمژەو بێ دەماغە.

دایکە لار بۆوە سەری لەسەر پەیکەری کچی مردووی خۆی نا وەکو ژنێ رێی گوم کردبێ گریا، زیاتر بیری لەوە کردەوە کە دەبێ کچە کوێرەکەی چ ئازارێکی لە دەست ئەو مرۆڤانە چە شتبێ؟ لە کاتێکا مەیدانی بۆ خەم‌و خەفەتی خۆی چۆل دەکرد، کەسانێ کە سەیری ئەویان دەکرد، خەشم‌و غەزەب بەردەوام ئەوی دادەگرت، عاقیبەت دایکەکە هەستی کرد کە دەستێ‌ساوی دەدا، کە سەری بڵند کرد بینی کوڕەکەی

بوو، که سەری بۆ بنگوێی خوار کردەوەو بە پیلەوە چرپاندییە گوێی وگوتی:
- دایە ئێمە لە مەترسیداین،من دەترسم، با ئیتر لەوە زیاتر خۆمان دوانەخەین، ئیدی ئەو مردووە تازە ئێمە چیمان لە دەست نایەت، ئەو خەڵکانەش ئەوەندە وەحشین هەرخوا دەزانێ چیمان بەسەر دێنن؟وەرە با پەلە بکەین‌و خۆمان بگەیەنینەوە ئاوایی، لەوێ شتێ بۆ خواردن دەکڕین‌و ئەمشەو دەچینەوە ماڵی خۆمان.
دایکەکە بە حەسرەتەوە لەجێوە هەڵسایەوە، بەڵام کاتێ چاوی کەوت بە وەزعو هەیبەتی ئەو کەسانە کە تەنگو قەرەپەستێ بەیەکەوە وەستاون‌و بە هەڕەشەوە سەیری ئەوان دەکەن، لەمیانی خۆیاندا قسەی گوماناوی دەچرپێنێنە گوێی یەکترییەوە، ئەویش ترسا، دەبوایە لەبیری کوڕەکەیدا بوایە، هەڵبەت ئەوان ئەگەر بیانویستایە دەیانتوانی خودی ئەویش بکوژن، بەڵام نەدەبوو کوڕەکەی بکوژن.
ئاوڕی دایەوە تا بۆ دوا جار کچەکەی ببینێ، جلی بەری مردووەکەی ڕێک کردەوەو دەستەکانی بەلای تەنیشتەوە شۆڕ کردەوە، پاشان لەوکاتەی کە دوای نیوەڕۆ تەواو دەبوو، لەژوورەکە هاتە دەرەوە، کە ئەمجارە بە قەلافەتێکی ئارامتر لەبەر دەرگا بەدەرکەوت‌و گەڕایەوە لای کەرەکەی خۆی، پیاوێ کە تا ئەو ساتە قسەیەکی نەکردبوو، واتە باوکی کوڕە گەمژەکە پێی گوت:
- خانم ئەگەر باوەڕ ناکەیت کە ئێمە پیاوی شەریف‌و باشین، سەیری ئەو تابوتە بکە کە بۆ کچەکەتانمان کڕیوە بۆ ئێمە بە دە سکە پوولی نوقرەیی تەواو بووە، واتە تەواوی دارایی ئێمە، تۆ واخەیاڵ دەکەیت ئەگەر ئێمە حورمەتی نەگرین، خەرجییێکی وامان بۆ دەکرد؟

لەراستیدا دایکەکە لە نزیک دەرگادا چاوی بە تابوتێ کەوت، بەڵام هەرزوو لەوە بە ئاگا هات کە بەهیچ جۆرێ نرخی ئەوبڕە پارەیەی نییە، سندوقێ بوو قەبەو لە دارێکی وەک کاغەز ناسک بەبێرەنگ وبێ روون کەهەموو هەژارێک دەتوانێ هەیبێ، دایکەکە لەو حاڵەتەدا بە تووڕەیی‌و نەفرەتەوە زمانی کردەوە تا وەڵامی بداتەوەو گوتی:

- ئەو جوعبەیە دەڵێی؟ئەو پارەیەی من بە کچەکەم دابوو بەسە بۆ کڕینییەوە .

بەڵام هیچی نەگوت، بەوچەشنەی کە هەورێکی خەست وسارد رووی رۆشنایی خۆری دادەگرت، هەستێکی مەترسیدار دەستی بە دایکەکە شلکرد، ئەودوو پیاوە دێوسیرەتەو ئەودوو ژنە وەحشییە.....دیسان کوڕەکەی قۆڵی دایکی راکێشاو دووبارەی کردەوە کە پەلە بکات بۆ رۆیشتن، ئەو کاتە دایکەکە بە شێوەیەکی سەرزنشت ئامێزگوتی:

- حەواڵەی خوا بێ هەر ئەوە کە دەربارەی ئێوەو ئەو رەفتارانەی ئەنجامتان داوە داوەریتان دەکات.

دیسانەوە سەیری یەک یەکی ئەوانی کردو بەڵام هیچ کەسێ وەڵامی نەدایەوە، پاشان رووی لێ وەرسوڕاندن‌و سواری کەرەکەی بوو، کوڕەکە بە پەلە کەرەکەی بە هەمان رێگەی بەردەڵانەوە بۆ پێش رادا، جار جارە ئاوڕی دەدایەوەو دەلەرزی نەوەکا بەدوایاندا بێن، کوڕەکە گوتی:

- ئەوەندە دەترسم هەتا نەگەینە ئەو ئاواییە قەرەباڵغە ئارام ناگرم.

بەڵام دایکەکە هیچ وەڵامێکی نەدایەوە.

سوودی چییە کچەکەی مردبوو.

# بەشی حەڤدەم

کەرەکە لەبەر دەرگای ماڵەکەدا ڕاوەستاو دایکەکە بە ماندوو و شەکەتییەوە لێی دابەزی، بەدرێژایی ڕێگە هەندێ جار بەدەنگێکی زۆر بەرزو هێندێک جاریش بە دەنگی بەرزەوە گریا بوو، جارجار فرمێسکەکانی، کوڕەکەی خۆی لە خۆی کردبوو و بەجۆرێ کەسەرەنجام دەبووە هۆی ئەوەی کە کوڕەکەی ئاگای لەخۆی نەمێنێت، جا لەبەر ئەمە بەپاڕانەوە بەدایکی گوت:

- دایە واز لەشیوەن‌و زاری بێنە، چیتر بەرگە ناگرم !

دایکەکە بۆ چەند ساتێک لەبەر کوڕەکە بێدەنگ دەبوو، بەڵام دووبارە خراتر لەپێشان دەستی پێدەکردەوە، بەشێوەیەک ئیدی لەکۆتاییدا پەتی بەرگەی کوڕەکەی بچڕا و ددانی جیڕ کردەوە و بەدەمە بۆڵەوە وتی:

- ئەگەر ئێمە کەمتر لەئێستا بەد بەخت‌و چارەڕەش بووایین، گەیشتباینە ئەو ڕۆژە دیاریکراوەی کە هەژاران‌و بەلەنگازان مافی خۆیان وەربگرن‌و بتوانن بەرگری لەخۆیان بکەن، ئەوە ئێمەش ئەوکات دەمانتوانی لەبەر مەرگی خوشکەکەمان سکاڵا لەو کەسانە بکەین، بەڵام لە بێچارەییدا ئەم کارە چ سوودێکی بۆ ئێمە هەیە، چونکە لەم وڵاتەدا دادپەروەری‌و عەدالەت نییە . دایک بەگریانەوە وەڵامی دایەوە :

- بەڵی ڕاستە، بۆ ئێمە کەپارەیەکمان نییە خەرجی دادگای بکەین، بۆیە بیرکردنەوە لەسکاڵا خەیاڵێکی خاوە.

دیسان تووشی نائومێدی و خەمو پەژارە بوو هاواری کرد :

- لەگەڵ ئەوەشدا تەواوی سامانی دنیاو عەدالەتی دنیا ناتوانن کچە نابیناکەم بۆ بگەڕێننەوە؟

لاوەکەش بە نۆبە خۆی دەستی کرد بەگریان، هەلبەت گریانەکەی نەک لەپێناوی خوشکو دایکی بوو، بەڵکو لەبەرئەوەبوو قاچەکانی دەئێشان، بەجۆرێ کەچیتر توانای دان بەخۆداگرتنی نەمابوو، هەستی کرد حاڵیشی بەرەو خراپی دەڕوات، سەرەنجام گەیشتنە بەر دەرگەی ماڵەوەیان، هەرئەوەندە کە دایکە پێی نایە سەر زەوی، بەجۆرێک قیژاندی کە کوڕە گەورەکە بەسەراسیمەییەوە، لەماڵەوە هاتە دەرەوەو دایکەکە پێی گوت:

- ئاخ کوڕم خوشکت مرد!.

لەوکاتەدا کەپیاوە گەنجەکە لەدایکیدا رادەما، هێشتا باش نەیزانی بوو چی ڕوویداوە، دایکە دەستی کرد بەگێڕانەوەی ڕووداوەکەو سەری قسەکەی کردەوە، دراوسێکان بەبیستنی هەراو هوریاکە بەڕاکردن هاتن، وای لێهات تاسەرەتای شەو زۆربەی گوندینیەکان بەمەبەستی بیستن کۆبوونەوە، کوڕە گەنجەکە تا ڕادەیەک بێزار بوو بوو پاڵی بەکەرەکەوە ناو وەستا، دایکی هەروا قسەی دەکرد بەجارێک کە گەنجەکە لەبەر ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژە گێژو مەنگ بوو بوو کەوتە خوارەوە، درێژاودرێژ خەوت، ئەو هیچ شتێکی نەدەگوت، بەڵام دایکی دەگریاو دەیناڵاند، بەچاوە فرمێسکاوییەکانی تەماشای ئامادەبووانی دەکرد کە دەوریان دابوو، لەکاتی شیوەنو گریاندا هاواری دەکرد :

- کچە نازەنینەکەم لەوێ ساردو بێ گیان کەوتبوو ! من زۆر پەشیمانم کە هێشتم بڕوات ! ئەگەر ئەو بووکە دڵڕەقەم

له لوقمه گۆشتێکو گوڵی پێڵاو بێ بەشی نەکردبا، ئەم کارەساتە روویندەدا، تا ئەو ڕادەیە کە من لەترسی ئەوەی ڕۆژێک لەڕۆژان بمرم و کە بیرم لەوەدەکردەوە چی بەسەر کچەکەم دێت؟ هەموو گیانم دەهاتە لەرزین، خودی کچە قوڕبەسەرەکەشم هەر دەترسا، کچێکی ئەوەندە میهرەبان بوو کە ئەگەر بەئارەزووی خۆی با هەرگیز جێی نەدەهێشتم، خۆ ئەو بەتەمای زەماوەندو مێرد نەبوو، ئەو هێشتان منداڵ بوو، حەزی نەدەکرد منو باوەشی گەرمی خانەوادەکەی جێ بێڵێ، ئاخ کوڕەکەم ژنەکەی تۆ بووسەرچاوەی ئەو هەموو نەهامەتو بەدبەختییە ! نەفرەت لەو رۆژە بێ کە پێی نایە ماڵەکەمان، سەیرو بێهودە نییە کەبەو دڵڕەقییەوە بە نەزۆکی ماوەتەوە. دایکە هەروا دەیناڵاندو دەلاوایەوە، سەرەتا هەموویان لە بێدەنگی خامۆشیدا گوێیان لە قسەی ئەو گرتبوو، گەرچی قسەو ڕستەکانی پچڕ پچڕو لێک ترازاوبوون، بەڵام فرمێسکەکانی، خەڵکەکەی تێگەیاند کە چی روویداوەو تەنیا بەسەر سوڕمانەوە هاواریان لێ هەڵدەستا هەوڵیان دەدا دڵی بدەنەوە، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو ئارام بگرێت، کوڕە گەورەکەی هیچی نەدەگوت، هەروا سەری دانواندبوو، تا ئەو کاتەی کەدایکی نەفرەتی لەبووکە گەنجەکەی کردو باسی نەزۆکی ئەوی کرد، ئەوجا بەدەنگێکی ئارامو لەسەرەخۆی قسەی دایکی بڕیو گوتی :

- دایە، ئەوە داوای لەتۆ نەکردبوو کە خوشکەکەمان ڕەوانەی ئەوێکە بکەی، تۆ خۆت بەبێ ئەوەی سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵ هیچ کەسێک قسەی بکەی پەلەت کردو ئەوت ڕەوان کرد، لەم رووداوە تەنیا تۆ بڕیاردەر بووی، پێیان سەیر بوو کە بۆ بەخۆت ناڕۆی لەنزیکەوە لەبارودۆخەکە بکۆڵیەوە، ئەوجا ڕووی لە کوڕە مامەکەی کردو لێی پرسی :

- تۆش ئەوها بیر ناکەیتەوە ئامۆزا گیان ؟ لەبیرتانە کەپێم گوتن زۆر سەیرم پێ دێ کە دایە لەئەنجامدانی ئەم کارە ئەوەندە پەلە دەکات ؟ ئامۆزاکەی چاوی لێ هەڵگەڕاندنەوە و لە کاتێدا پەڕە کلۆشێکی لەژێر ددانیەوە دەجووی، بەپێچەوانەی حەزی دڵی خۆی گوتی :

- بەڵێ ڕاستە ! هەندێک پەلەی تیا بوو، خێزانی ئامۆزاکەی کەمنداڵەکەی لەباوەش بوو بەنەوایەکی خەمناکەوە گوتی :- بەڵێ خوشکم، ڕاستە، ئێوە هەمیشە پەلەتان بووە، قەت نەبووە لەگەڵ کەسێک ڕاوێژ بکەیت، هەمیشە پێش ئەوەی ئێمە بزانین چی لەمێشکت دایە خۆتان بڕیارتان داوەو جێبەجێشتان کردووە، لەمە زیاتر هیچی ترتان نەدەویست، تەنها کارەکەت ستایش و پەسەند بکەن، هەر لەسەرەتاوە تۆ ئاوا بوویتە، سروشتی خۆتان ئەوهایە.

بەڵام ئەو شەوە دایکەکە بەرگەی بچوکترین سەرزەنشتی نەدەکرد، لەکاتێک دا بە ڕووگرژییەوە ڕووی لە خێزانی ئامۆزاکەی کردو گوتی :- تۆ لەمێردە دەستو پێ سپیەکەتەوە لێڕاهـــاتوی کە لەئەنجامدانی هەموو کارێکدا مسەمسیەتی، ئەگەر مرۆڤێکـــی بێدەست وپێی وەک ئەو، ئێمە بەساویلکە ببینێ زۆر سەیر نییە. لەساتێکدا هەموویان چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد کە هەردوو ژن، ئەودوو دۆستەی کە تەمەنێک سەریان بەیەکەوە نابووو یەک شت بوون، بەگژ یەکدا بچنو قسەی تاڵو ناشیرین بەیەکتر بڵێن، بەڵام ئامۆزاکە پیاوێکی ئەوەندە دەروون خاوێنو نەرمو ئارام بوو، کەبینی رووخساری پانی هاوسەرەکەی لەتووڕەییا سوور هەڵگەڕاوەو خەریکە خۆ ئامادە دەکات بۆ ئەوەی ناشرینترین وەڵام ئاراستەی دایکەکە بکات پێی گوت:

- دایە واز لەم ئافرەتەو منداڵەکـــانم بێنە ! ئەو ئەم شەو

لەخەمان نەخۆش کەوتووە، ئاگـــای لەخۆ نەمـــــاوە .
دوای چەند ساتێک کە کلۆشی ژێر ددانەکانی جویی‌و بەسادەیی درێژەی بەقسەکانی داو گوتی :- هەڵبەت من پیاوێکی ساویلکەوو دەست‌و پێ سپیمەو لە سەرەتای تەمەنمدا چەندین جار ئەم قسەیەم بیستووە، هەروا تۆ، دایکی منداڵەکانم یەکەم کەس بوو کەئەم قسەیەی پێ گوتم ! بەڵێ من بێدەست‌و پێمە، تەماشایەکی دراوسێکانی کردو یەکێکیان بەنەوایەکی خێرا گوتی :
- بەڵێ بەدڵنیاییەوە تۆ هەم ساویلکەی و هەم خاوەزری، وهیچ کاتێک نەبووە قسەیەک لەشوێن‌و کاتی خۆیدا بکەیت.
ئامۆزاکە ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی :- بەڕاستی وایە !.پاشان وردە پاشماوەی کلۆشە برنجەکەی کە جویی بووی تف کردو لقێکی تازە لەگوڵە برنجەکەی تەنیشت خۆی لێکردەوە، شەڕو ئاژاوەیەک رووینەدا، بەڵام دڵی دایکی ئۆقرەی نەگرت، لەناکاو چاوی بەپیرەژنە فزوڵەکەی لادێ کەوت، کەبەدەمی کراوەو چاوە هەڵتۆقیوەکان‌و ڕوخساری داتەپیوی، لەناوەندی ئاپۆڕەی خەڵکەکە بەوردی گوێی بۆ ئامادەبووان شل کردووە، دەیویست بزانی چی ڕوویداوە، بەدیتنی ئەو دەردو ڕەنج‌و تووڕەیی دایکەکە سەری هەڵداوە، خێرا پڕی دایە پیرەژنەکەو ڕووخسارە پانەکەی دایە بەرچڕنوکان‌و چنگی خستە نێو قژەکەی‌و هاواری کرد :- تۆ ئەو هیچ‌و پوچانەت دەناسین‌و دەتزانی کەکوڕەکە تەواو گەوجە بەڵام تۆ لێت شاردمەوە، تۆ درۆت هەڵدەبەستا  کە گوایە ئەوانیش وەک ئێمە جوتیاری سادەن، من هیچ کاتێ نەمدەزانـــی کە دەبێ کچەکەم لەو کوێرە ڕێگا پڕ لەهەورازو نشێوو کوێستانییانەدا ئاویان بۆ لە کانی بهێنێ؟، سەرچاوەی هەموو ئەم بەدبەختیانە تۆی، سوێندم خواردووە تا ئەو تۆڵەیەت لێ نەکەمەوە ئۆقرە ناگرم.

پیرەژنەکە نەیتوانی لەبەر خەشمو تووڕەی دایکەکە بەرگری لەخۆی بکات، بۆیە کەوتە بەر زەبروزەنگی دایکەکەوە، هەموو ئامادەبووان بیریان لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ کەی ئەم شەڕە کۆتایی پێ دێت، کە لەپڕێکا کوڕە گەورەکەی خۆی گەیاندە شوێنی ڕووداوەکە، براکەشی لەشوێنی خۆی هەستا بۆ ئەوەی چارەیەک بکات، هەردووکیان پێکەوە دایکەکەیان ڕاگرت، ئەم کارەیان ئەو هەلەی بۆ بێوەژنەکە ڕەخساند، تا لە مەیدانەکەدا راکات، بەڵام لەمەودایەکی دوورتر کە دراوسێکان کەوتبوونە نێوان ئەوو ڕەقیبەکەی بۆ پاراستنی ئابڕوی خۆی هـــاواری کرد :- بەڵێ خاتون ئاخر کچەکەتان کوێر بوو، کام مرۆڤی تەندروست ئامـــادەیە بیکات بەهاوسەری خۆی ؟ من خزمەتێکی گەورەم بەئێوە کردووە ئەمەیە وەڵامـــی چاکـــەی من؟

لەسینگی خۆی دەکوتاو شوێنی چڕنوکەکانی دایکەکەی بەسەر ڕوومەتی بەئامادەبووان پیشاندەداو دەیویست دیسان شەڕەکە لەبارودۆخێکی باشتردا دەست پێ بکاتەوە، بەڵام ئاپۆڕەی ئامادەبووان بێوەژنەکەیان خستە پێش خۆیانو دووریان خستەوە، کوڕەکانیش هەوڵی هێورکردنەوەی دایکی خۆیان دەداو بەهێمنی بردیانە ژوورەوە، سەرەنجام دایکەکە لەپەلو پۆ کەوتبوو بەرەو ژوورەکەی خۆی ڕۆیشت، کاتێ کوڕەکان دایکەکەیان لەسەر جێی خۆی دانیشاند، بۆکەکەی کاسە ئاوێکی گەرمی هێنا کەپێشتر ئامادەی کردبوو، خاولییێکی تێدا تەڕ کردو دەستو دەمو چاوی خەسوەکەی شوشت، پاشان چایەکی گەرمی بۆ تێکرد، ئەوجا خواردنیشی بۆ هێنا، دایکە وورده وورده هێور بووەوە، هێدی هێدی دەگریـــا، ساتێک ئاخێی هەڵکێشا، کەمێک چای خواردەوە، چەند لوقمەیەکی خواردو سەرەنجام تەماشای دەورو پشتی

کردو پرسی :- کوڕە بچوکەکەم لەکوێیە ؟
کوڕە گەنجەکە بۆ پێشەوە چوو، دایکەکە بینی ڕەنگی کوڕەکەی وەک وەک رەنگی مردوو سپی هەڵگەڕاوە، زۆر ماندوو دەهاتە بەرچاو، ئەو حاڵەت و چالاکی جاران و دەم بەپێکەنینەی نەمابوو، ئەوی لەسەر تەختەی تەنیشت خۆی دانا، دەستی خستە ناو دەستیو ناچاری کرد کەخواردن بخواتو پشوویەک بدات، هەروەهـــا پێی گوت - لای من بمێنەوە کوڕم، لەسەر ئەو تەختەی کەخوشکەکەت لەسەری دەنووست پشوو بدە، من ئەم شەو ناتوانم پێخەفەکانی چۆڵ ببینم، کوڕەکە ڕاکشاو ئەوەندەی پێ نەچوو خەوی لێکەوت.
بەلام سەرەڕای ئەوەی کە هێمنی ئارامی باڵی بەسەر گشت کونو قوژبنی ماڵەکەدا کێشابوو، دایکەکە بۆ ماوەیەکی درێژ نەیتوانی بخەوێ، ماندوویەتی تا سەر ئێسقان دایڕزاندبوو، لەشی لەبەر کەر سواری درێژخایەن و ماندویەتی بێسنوور، رۆحی وردوخاش بووبوو، تەنیا شتێک کەهێوری دەکردەوە ئەوەبووکە گوێی لەدەنگی هەناسەی قووڵـــی کوڕەکەی بوو، بەمیهرو دڵسۆزییێکی دایکـــانە بیری لەکوڕەکەی دەکردەوەو بەلای خۆیەوە گوتی - من هەرچییەک بۆی بکەم کەمە ! ئەو تەنیا کەسێکە ماوەتەوە، ژنی بۆ دێنم ژوورێکی تر دروست دەکەم، خۆ ئەگەر منالیشیان پەیداکرد ئەوە ئەو لەوێ لەگەڵ خێزانەکەی تەنیا دەمێنێتەوە، بەڵێ ژنێکی بەهێزی بۆی دێنم تا نەوەکـــانم لەماڵەوە زیاتر بن. ئومێدی پەیداکردنی نەوەکـــان، تەنیا دڵگەرمی هێزو تواناو دڵدانەوەیەک بوو بۆ ئەو بەشە تەمەنەی کەماویەتی، بێ گومان ئەم خەیاڵی ئاسودەییەش ئەوەندە درێژخـــایەن نەبوو، چونکە دیسان نەخۆشی سکچـــوون هێرشی بۆ هێناو وای لێکرد چیتر توانای خەمخواردنیشی نەمـێنێ، بەدرێژای ڕۆژ لەشوێنێ

ڕاکشابوو و ڕۆژ بەڕۆژ تەنو ڕوحی ئەتوایەوە، تەواوی ئەو خەمو پەژارەیە تەنانەت نەخشەی کارە باشەکانیشی پەکی کەوت، چونکە ئیدی ئەو هێزەی، نەمابوو کە نە بەرگەی دەردو ڕەنج بگرێت نەبۆ ئومێدێ، هەمیشە ژنی دراوسێو خێزانی ئامۆزاکە پێیان دەگوت:- خاتون، ئەمانە هەموویان بەلایەکەوە دانێ، ئاخر کچەکەتان کوێر بوو ! دەیان گوت :- خاتون، ئێمە ناتوانین ئەوەی خوا بۆ ئێمەی موقەدەرو دەست نیشان کردووە بگۆڕین، هەموو ناتوانی و لالانەوەی ئێمە لەدونیادا بێ سوودە! یا دیسان دەیانگوت :- بیر لەکوڕە چاکەکەت بکەرەوە، لەخەمی ئەو دابە ! ڕۆژێکیان کە ئامۆزاکەی ئەو قسانەی پێدەگوت، دایکە بەدەنگە لاوازەکەی وەلامی دایەوە :- بەلێ، بەلام ژنی کوڕە گەورەکەم مندالی نابێ، کوڕە بچوکەکەشم ئامادە نییە ژن بێنێ، ئەو کات ئامۆزاکە لەقوولایی دلەوە وەلامی دایەوە - دیسان یەک دووسالی تر لەسەر بوکەکەتان بوەستن، زۆر جار بووە ئافرەتان دوای حەفت سال نەزۆکی دەگەڕێنەوە سەر سروشتی خۆیان و کۆمەلێک مندالی سەرکەوبنکە بەدنیا دێنن، من بەچاوی خۆم ئەم شتانەم بینیوە و ئێستاکە کوڕە بچوکەکەتان ئامادە نییە ژن بێنی دلنیام توشی خۆشەویستی بووەو نایەوێ بیدرکێنی، چونکە ئەمە سروشتی گەنجەکانی ئەم سەردەمەیە، بەلام من دلنیام کەهیچ پیاوێک لەم دنیایەدا پەیدا نابێت کەنەیەوێ یا حەزی لێنەبێ ژن بهێنێ، دایکە بەهێمنی گوتی :- تکات لێدەکەم گوێتان لەدەمم نزیک بکەنەوە ! کاتێ ئامۆزاکە گوێی لە لێوەکانی دایکە نزیک کردەوە ئەو بەسۆزەوە گوتی :- لەو ڕۆژەی کە بەدبەختی بەدوام کەوتووە، خێرم لەژیانی خۆم نەدیوە، دەترسێم ئەمانە تۆلەی گوناهەکانی پێشووم بن، خوا هەرگیز لەمە غافل نییەو هەرگیز نەوەم پێ نادات.

بەم بیرەوە چاوەکانی لیداو لە لای برژانگە داخراوەکانی دوو دلۆپە فرمێسکی درشت خزینە خوارەوە، ئەو بیری لە گشت هەڵەکانی ڕابردووی خۆی دەکردەوە، نە تەنیا ئەو گوناهـــەی کە ئامۆزاکەی لێی بە ئاگا بوو بەڵکو فریوکارییەکانی خۆشی هەروەها ئەو ڕۆژەوەی کە خۆی بە بێوە لە قەڵەمدابوو، هەروەها ئەو نامەو پەیامە درۆزنانەی کە بە ناوی مێردەکەیەوە ناردبووی، هەموو ئەوانەی وەبیرخۆی هێنایەوە، لە دەروونی خۆیدا درۆی بەتاوانێک دانەدەنا کە هەرگیز لێبوردنی نەبێ، چونکە هەموو کەسێ بە درێژایی تەمـــەنی خۆی بۆ پاراستنی ئابڕووی خۆی ناچارە درۆ بکات، بەڵام گرفتی سەرەکـــــی لەوەدایە کەبەدرۆ هەواڵی مەرگی مێردەکەی بڵاوکردبۆوە، عەیبەکە لەوەدابوو، ئەم کردەوەی ئەوەندە ناشرینو ناپەسەند دەهاتە بەرچاوی، بەشێوەیەک هەستی دەکرد کە بەدەستی خۆی مێردەکەی خۆی کوشتووە، چیرۆکی بەدرۆ بڵاکردنەوەی مەرگی مێردەکەی بۆ ئەوەی کەمێرد بەپیاوێکی تر بکات، بەمجۆرە کە تەندروستی باش بوو گوناهەکانی پێشووی خۆی وەبیر نەدەهاتنەوە، بەڵام ئێستاکە لەپەل وپۆ کەوتووە سات بەسات تاوانەکانی بۆ زیندوو دەبنەوە، ئەم تـــاوانە بەبۆچوونی دایکەکە تاوانێکی گەورەبوو، چونکە نەیدەتوانـــی لای کەسێک بیدرکێنێو دان بەتاوانەکەدا دابنێ، هەمووی لەدڵی خۆیدا دەهێشتەوە، چونکە لەنێوان دەوروبەرو ناسیارو خزمو کەس وکارانی خۆی، مرۆڤێکی چاک ڕەوشت و بەرزو بەرێز بوو، بۆیە ئەم تاوانە لەڕادەبەدەر دڵی توند دەکرد، دامـــابوو سەرو دڵی هیچ کارێکی نەبوو، تەنیا بوونی کوڕە بچووکەکەی هێزو ئومێدێکی دەدایەوەبەر، بووکەکەی بەباشترین شێوە پەرستاریی دەکـــرد، خواردنی گەرمی لە کاتـــوشوێنی خۆی

پێدەدا، تەنانەت لاریشی لەوە نەبوو کەئەو هەموو رێگا دوورو درێژە ببڕێ بەمەبەستی ئەوەی شوربای باقلە بۆ خەسوکەی ببات، دایکە نەیدەتوانی لەیارمـــــەتی بووکەکەی بێ نیاز بێ، تەنیا ئەو کـــاتە بانگی دەکرد کە دەیویست خۆی لەو تەنیشتە بخاتە سەر تەنیشتەکەی تر، بەلام ئافــرەتە گەنجەکە هیچ جۆرە شادیو خۆشحالییەکی بەدڵی دایکەکە نەدەبەخشی، زۆر جاران بەباشترین شێوە خزمەتی خەسووەکەی دەکرد، بەلام دایکەکە دلگران دەبوو، چونکە هەمووجارێ دەستی ساردوسڕو روخساری زەردهەلگەڕاوی ئەوی دەیدیت، تۆزێ بەچاوێکی دوژمنانەو مندالانە تەماشای بوکەکەی دەکرد، سەرەڕای ئەوەش ئەوی بەنەزوکی تۆمەتبار نەدەکرد، چونکە ترسێکی شاراوەی هەبوو لەوەی کەدوور نییە تاوانەکانی خودی خۆی هۆی ئەو نەزوکییە بێت، سەرەنجام لە لەسەر جێگە هەستایەوە، کاتێ پاییز کۆتایی هات، خەم و پەژارەکەشی تا ڕادەیەک کەم بووەوە، خەمگینو داماو بوو وەلێ ئیدی شێتایەتی و نائومێد نەمابوو، بە ئازارو خەمێکی کەمترەوە یادی کچەکەی دەکردەوە، تا سەرەنجام بەخۆی گوت :- ڕەنگە هەق بەوان بێت باشتر وابووکچەکە بمرێ، زۆر شتی لەمەرگیش خراپتر هەیە ! تەنیا بیری لەوە دەکردەوە، ئێستاکە تەواوی دانیشتوانی لادێ یارمەتی ئەویان دەدا، ئیتر هیچ کەس بەئامـــادەبوونی ئەو یا لەشوێنێکی تر باسی کچەکەیان دەکرد، چونکە مرۆڤێکی کوێر هیچ بیرەوەرییەک لەدوای خۆیدا بەجی ناهێلیو ئەم جۆرە مرۆڤانە کەم وزۆر بەرچاو دەکەون، سەرەتا لەبەر ئەوە لەبەرامبەر دایکەکە بێدەنگ دەبوون بۆ ئەوەی نەبنە هۆی نوێ کردنەوەی خەم پەژارەکەی، پاشان لەبەر ئەوەی خودی بابەتەکە هەر لەبنەڕەتەوە شایانــی باس کردن نەبوو، چونکە هەوالی نوێ

سەبارەت بەرووداوەکـــانی جۆراوجۆرو کەسانێکی جیاجیا دەگەیشت، تەمەنی کورتی کچە کوێرەکە کۆتایی هاتبوو، بێوەژنە فزوڵەکە لەرووبەروبونەوەو تەنیا مانەوە لەگەڵ دایکەکەدا خۆی بە دوور دەگرت، بەتایبەت کاتێ هەستی کرد ژنە بەسەزمانەکە دوای هەستانەوە لەبێخەفی نەساغییدا تا چ ڕادەیەک بێ هێزو بێ توانا بووە، هەر کاتێ لەگەڵیا رووبەروو دەبووەوە، وەکو پێشان سڵاو چاک وچۆنی لەگەڵ دایکەکە دەکـرد، هەروەها دایکەکە سەبارەت بەڕابردوو بێدەنگ بووبوو، ئەو یادەوەریانە بەتەنها جاربەجار لەقوڵایی دڵییەوە بێدار دەبوونەوە.

# بەشی هەژدەم

جێی باوەڕبوو کە دایکەکە تۆزێ هەست بە هێوری و سەلوا بکات لە خۆیدا، چونکە لەبەهاری ئەو ساڵەدا سەرو کەللەی کوڕە بچووکەکەی وەدیارکەوت کەپێی گوت :- دایە، من هاتوومەوە بۆ ماوەیەک لەلای ئێوەدا بمێنمەوە، هەڵبەت نازانم چەند دەخایەنێ، بەلام دەبێ چاوەڕوان بم تا بەدوامدا دەنێرن، دایکە شادمان بوو و لە هۆیەکەی پرسی بەلام کوڕەکە وەلامێکی دروستی نەدایەوە، وا دەهاتە بەرچاو گۆڕاوە، زۆر هێمنو لەسەرخۆ دەهاتە بەرچاو، بەپێچەوانەی نەریتی هەمیشەیی گۆرانی نەدەگوت و شێتایەتی نەدەکردو قسەی مندالانەی نەدەکرد، دایکی لەدلی خۆیدا پرسی :- نەوەکا نەخۆش کەوتبێت یاخود مێشکی بەشتێکەوە خەریک بێت کە دیار نییە چییە، کاتێ سەبارەت بەو گۆڕانکارییەوە لەگەڵ ئامۆزاکەی قسەی کرد، لە وەلامدا گوتی - بێگومان خەریکە قۆناغی مندالی بەجی دێلێت، لەڕاستیدا دەبێ هاوتەمەنی پێنجەمین کچی من بێت، ئەو ئێستا بیستو یەک ساڵیەتی، چوار ساڵە مێردی کردووە، بەشێوەیەکی گشتی پیاو لەتەمەنی بیست ساڵیدا، لە قۆناغی شێتایەتیو مندالێتی دەرباز دەبێ، گەرچی کە بۆ دواجار ئەوم بینی هێشتان مندال بوو، دایکە ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی :- ڕاستە!

بیرەوەری مێردەکەی بە تەواوی لەزەینیدا نەما بوو،

جار بەجار لەگەڵ تارمایی کوڕە بچوکەکەی تێکەڵاو دەبوو، تەنانەت هەندێک جار توانای ئەوەی نەبوو کە ئەم دووانە لەیەک جیا بێنێتە بەرچاویەوە، بەم وەسفەوە هەوڵی دەدا سەروبچمی باوکی کوڕەکەی وەبیر خۆی بێنێتەوە، بەڵام لەجیاتی ئەو سەروبچمی کوڕەکەی لەبەرچاودا بەرجەستە دەبوو، ئیدی گەنجەکە دوای تێپەڕبوونی نۆ ڕۆژ بەهەمان شێوەی پڕ لەنهێنی خۆی ون بوو و کەس نەیزانی چۆن چۆنی پەیامی بەڕێکەوتنی پێگەیشت، ئەو چەند پارەو جلو بەرگەی کە هەیبوو لەناو بوخچەیەکی چەرمی بچووکی پێچاوەو بەڕێکەوت، دایکە لەڕۆیشتنی ئەودا خەمناک بوو و گوتی :

- کوڕم، من وامدەزانی کەتۆ هاتووی بۆ هەمیشە لای ئێمە بمێنیتەوە. بەڵام کوڕەکە وەڵامی دایەوە :- ئاخ دایە گیان ! من دەگەڕێمەوە.

کوڕەکە خۆشحاڵ دەهاتە بەرچاو پەلەی بوو بڕوات، پاشانیش ئەم حاڵەتە شادو خۆشحاڵیەی بەردەوام بوو، دەڕۆیشت و ئیدی پاشان بەبێ ئەوەی هەواڵێ بدات دەگەڕایەوە، کاتێ دەگەڕایەوە بوخچەو جلو بەرگەکانی لەبن هەنگلی دەبوو، یەک دوو ڕۆژ لەلادێکەدا دەسوڕایەوە و لەچایخانەدا دادەنیشت، باسی لەخراپی سەردەمو ئەو زوڵمو ستەمە دەکرد، کە باڵی بەسەر هەموو شوێنێکدا کێشابوو، باسی لەو هەڵسانەوە گەورەیە دەکرد کەبەزووترین کات ڕوودەداتو گشت گرفتەکان چارەسەر دەکات، پیاوان بەسەرسوڕمانو مات و حەپەساوییەوە، تەماشای یەکتریان دەکرد، گوێیان بۆ قسەکانی ئەو شل کردبوو، لەکاتێکدا چایچییە کە سەری چەور گرتووی خۆی دەخوراند، بانگی دەکرد :- دراوسێیان، سوێندتان بۆ دەخۆم کە ئەو قسانە

بەقسەی چەتەو ڕێگرەکان دەچن !

بەڵام لەبەر دایکیو ڕێزو حورمەتی برا گەورەکەی کەپیاوێکی باش بوو، بۆیە کەس گرفتی بۆ برای بچوکی دروست نەدەکرد، هەموویان بەچاوی منداڵ تەماشایان دەکرد، دەیانگوت کاتێ ژنی هێناو بو بەپیاوی ماڵەوە ئاقڵ دەبێ، گەرچی کوڕە گەنجەکە کاتی خۆی لە ماڵەوە بەبێکاری دەگوزەراند، یاخود وا پیشانی دەدا کە دەیەوێ لەکارە سادەو ساکارەکاندا یارمەتی براکەی بدات، بەڵام هەرجارەو بەشێوازێک براکەی بە رووگرژییەوە دەیگوت :- زۆر سوپاس، حەزم لێیە کارەکانی خۆم بەبێ یارمەتی کەسانی تر ئەنجام بدەم، کوڕەکە بەبێ شەرمانە تەماشای براکەی دەکرد، چونکە ئەم لەم دواییە دا ڕۆژ بە ڕۆژ بارو دۆخێکی بێ شەرمانە تری بەخۆوە دەگرت، شەرمی پێ بوو هەتا لەگەڵ براکەیدا شەڕیش بکات، تفی فڕێدەدایە سەر زەویو پاشان بەتیزخەندەیەکەوە دەیگوت - هەرچۆنێک کەحەزت لێیە برا گەورەم !، ئەوەندە شانازی بەبوونی خۆی دەکرد، کە براگەورەکە نەفرەتی ئەوی لەخۆیدا هەست پێدەکرد، بێ مەیلیش نەبوو کە بیەوێ بڕواتو چی تر نەگەڕێتەوە، بەڵام پیاوەکە نەیدەتوانی لەیەک کاتدا هەم براکەی لەماڵەوە دەربکاتو هەم لەڕێزو ستایشی دراوسێکان بێبەش نەبێ، دایکە هیچ کەمو کوڕییەکی لەکوڕە بچوکەکەیدا نەدەدیت، تەنانەت ئەو کاتەی کە قسەی قەڵەو قەڵەوی دەکردو بە ئامادەبوونی ئەو تانو تەشەری لەبراگەورەکەی دەداو دەیگوت :- ئەو مولکدارە کەمداهاتانە کەناچارن بۆ بژێوی خۆیان کێڵگەکان بەکرێ بگرن، ئەم مرۆڤە بچوک و لەخۆرازییانە، مەستەحەقی سزایەک دەبن کە لە ڕۆژی دابەش کردنی زەویو زار لە میانی هەموو خەڵکدا بەسەریاندێ، ئەو ڕۆژەی کە هیچ کەس مولکی خۆی نامینێ،

ئەوی ستایش دەکرد، دایکەکە بێجگە لە ووشەکانی سەرەتا هیچ لە قسەکانی تێنەدەگەیشت، بە نەوایێکی گلەیی ئامێزەوە گوتی :- بەڵێ منیش لەو بڕوایەدام کەهەندێک جار براکەت زۆر لەخۆڕازییە سەرەڕای ئەوەی کەخێزانەکەشی نەزۆکە! ئەوەی کوڕەکە دەیگوت بەبۆچوونی دایکی ئاقڵانەبوو، دایکە بەهەردوو دەستیەوە پێوەی نووسابوو، کاتێ کوڕەکە دەگەڕایەوە ماڵەوە، ئەوە بۆ دایکی ڕۆژی جەژن بوو، حەزی دەکرد ئەو ڕۆژە پشوو بێت بۆ ئەوەی مریشکێک سەر بڕێو خواردنی خۆشی بۆ لێبنێ، بەڵام قەت ڕێک نەدەکەوتو نەدەکرا، چونکە مریشکەکان هی برا گەورەکە بوون و دایکەکە تەنیا بەوەندە دەوەستا، کاتێ کولیتی مریشکەکان چۆڵ دەبوو، یەک دوو هێلکەی دەدزی، هێلکەکانی بۆ کوڕە بچوکەکەی هەڵدەگرت، بەدزییەوە لەئاودا دەی کوڵاندن، پاشان لەگەڵ هەندێک شەکر کەپێشتر بەلایەکەوەی نابوو دەیدایێ تا بیخوات، هەرچی شیرینی و چەرەزاتێ بەدەستی دەکەوت بۆی هەڵدەگرت، هەرمێ و خورمالو ی ووشکەوە بوو و شیرینی ورد ورد کە لەکاتی سەردانی هاوڕێیانی لادێدا لەکاتی بێکاری و سەردەمی پیریدا وەریدەگرتن، بۆ ئەوی هەڵدەگرت، بۆ ماوەیەک ئەم خواردەمەنیانەی کۆدەکردەوە، ئەوەندە دەترسا نەوەکا کەڕکیفە هەڵێنێ، کاتێ سەردانی کوڕەکەی دوادەکەوت، ناچاردەبوو خۆی شیرنیەکان و خۆراکەکان بخوات، گەرچی خۆشی زۆر نەوسن بوو، بەڵام چێژی لەخواردنیان وەرنەدەگرت، زۆر جار چەکمەچەی پڕ لە چەرەزات دەکردەوەو و دەستی دەکرد بەهەڵگێرو وەرگێڕکردنیان و دەیگوت :- بەداخەوە کوڕەکەم نەهاتەوە ! حەیف کە لێرە نییە ! ئەگەر نەوەم هەبووایە ئەم خۆراکانەم دەدایێ، ئەگەر کوڕەکەم نەیەتەوە هیچ کەسم نییە.

هەموو ڕۆژێ چەندین کاتژمێر دادەنیشتو چاوی دەبڕییە ڕێگەکە داخۆ کوڕەکەی کەی دەگەڕێتەوە، هەر ئەوەندە کە بە خۆی و پاڵتۆیەکی پیاوانەی کە لەدوورەوە دەبریسکایەوە بەدیار دەکەوت، دایکەکە بەهەموو هێزو توانایەوە دەستی بەڕاکردن دەکرد، ئەگەر ئەو پیاوە کوڕەکەی بووایە ئەوە دەستە گەرمو نەرمەکانی کوڕەکەی دەخستە نێو دەستە چورچو ئێسقانیەکانی و ئەوی بەرەو ژوورەکەی ڕێنمایی دەکردو لەوچایە گەرمەی دەدایێ کە هەمیشە بووکەکەی بۆ ئامادە دەکرد، پاشان ئەو خۆراکانەی کە مابوون بۆی دەهێنا، ئەوجا دادەنیشت بەعەشقو خۆشەویستییەوە تەماشای کوڕەکەی دەکرد، کەباشترین دانە چەرەزاتی هەڵدەگرت، کوڕەکەی زۆربەی جاران لووتی بچووکی هەڵدەکێشاو دەیگوت :- دایە ئەم شیرنیانە کەڕو لێی داوون ! یا دەیگوت :- من قەت حەز لەو نانە برنجییانە ناکەم کەبەم شێوەیە ووشک بوونەتەوە ! ئەوکات سەرتاپای دایکە خەم دایدەگرتو بەخەمبارییەوە دەیگوت :- کورم:- بەڕاستی مەگەر زۆر ووشک بوونەتەوە ؟ من وامدەزانی هەرچۆنێک بێت تۆ حەزت لێیە، جا بۆ ئەوەی خەسار نەبن خۆی دەیخواردن، سەرەڕای ئەوەش خەمبار دەبوو لەوەی کە بۆچی شیرنیەکان لەمە باشتر نەبوون، تا جێگای پەسەندی کوڕەکەی بن، کوڕەکە هەرچییەک حەزی لێ بوایە دەیخواردن و دایکەکەش ئەوەی کوڕەکەی بۆ دەگێڕایەوە گوێی بۆی شلدەکرد، کوڕەکە بەهیچ شێوەیەک وەڵامی پرسیارەکانی دایکی ڕاستو ڕەوان بەو شێوەیەی کە ئەو حەزی لێ بوو نەدەدایەوە، چونکە دایکی پێی لەسەر ئەوە دادەگرت کە بە بەتێرو تەسەلی بۆی بگێڕێتەوە، کەچی ئەویش واپێشانی دەدا کەپەلەیەتی بۆ گەڕانەوە، لەگەڵ ئەوەی کەدایکە هەستی بەم هەڵوێستەی

کوڕەکەی دەکرد، هەوڵی دەدا بێدەنگ بێت، سەرەڕای ئەوەش کوڕەکەش فێر ببوو کەچۆن چۆنی شتێکی وا بکات دایکی واز لە پێداگری بێنیو ناچاری بکات بۆ ئەوەی بێدەنگ بێت، بەرە بەرە دایکەکە پیرو پیرتر دەبوو، ئا لەم کاتەدا زیاتر تووشی لەبیرچوونەوە دەهات و ئاسانتر بوو ئاراستەی قسەکانی بۆ ئاقارێکی تر ببات، هەرئەوەندە بەس بوو کوڕەکە باسی ئەو ڕووداوانەی کردبا کە لەشار بەچاوی خۆی بینی بوویانی، وەکو ئەو کارانەی کەجادوگەران ئەنجامیان دەدا، بۆ نموونە مارێکی بەتەواوی لە قورگی خۆی دەبردە خوارەوە، پاشان دووبارە لەدەمی خۆی دەهێنایە دەرەوە، یاخود ئەو ئافرەتە کە ئامادەبوو بەپارەیەکی کەم منداڵێکی دووسەریان پیشان بدات، جۆرەها نمایشی تر کەئەنجام دەدراو دەکرا باسیان بکرێت، لەکاتی ڕۆیشتنی گەنجەکە پیرە دایکەکە دەستی دەکرد بەگریان، بەبیستنی ئەم بەسەرهاتە سەیرەو سەمەرانە بەجۆرێ سەرسام دەبوو کەهەر لەخۆیەوە بۆ کوڕە گەورەکەیو بوکەکەی دەگێڕایەوە، ڕۆژێکیان کە کوڕە گەورەکە لەکاری ڕۆژانەیدا دەگەڕایەوەو بەسەر تەشتێکی گڵیەوە خەریکی شووشتنی دەستو قاچی بوو، دایکە دەستی کرد بە گێڕانەوەی داستانەکان کرد، کوڕە دەم وچاوی بەرز کردەوەو بە شێوەیەکی ناخۆش گووتی:

- بەڵێ، وایە ڕاستە ! ئەو ئاوو نانت پێ نادات هیچ کارێکت بۆ ئەنجام نادات، تەنیا جاربەجار وەک چۆن قروشێ داوێنە بەردەم دەرۆزەکەرێکەوە بۆ بەردەمی تۆش فڕێدەدات، کەدێتە ئێرەوەش دەخواتو ڕادەبوێرێ، تەنانەت بۆ یەک جاریش دەست لەبێڵ و هەوجار نادات، لەجیاتی ئەوە چیرۆک بۆ تۆ دەگێڕێتەوە، تۆ زیاتر بایەخ بەو دەدەی، قسەکەی پێ بڕی و دووبارە سەری داخستو بەبێ ئەوەی گوێ لە وەڵامی دایکی

بگرێ، ڕووخساری خۆی بەدەنگە دەنگێکی زۆرەوە شوشت، دایکەکە سەبارەت بەکوڕە بچوکەکەی زانیاری نەبوو، تەنیا زانیارییەک کە سەبارەت بە کوڕەکەی هەیبوو، لەشی نەرمو نیانو ڕێکو پێک و پێستی زێڕینی زەرد هەڵگەڕاوی کەبەپێستی منداڵە شارییەکان دەچووو لەگەڵ پێستی منداڵە گوندییەکاندا، کە لەبەرهەتاودا ڕەش وهەڵقرچا داگەڕابوون جیاواز بوو، تەنیا دەیدیت کەکوڕەکەی چۆن چۆنی نینۆکی پەنجە ناسکەکانی درێژ دەکات، ددانەکانی چەند سپین و و قژەکەی بریسکەدارو چەورکراوە، قژی خۆی درێژ دەکرد بەجۆرێ کەبەرەو پەنا گوێی شۆڕدەبۆوە، هەموو کاتێ سەری دەجوڵاندەوە تا داوەبوکڵەی بریسکەداری لەسەر نێوچاوانیدا لابدات، هەربەو جۆرەش زەردەخەنەی بێدرێغ و چاوە جوانەکانی ئەوی باش دەناسی، لەحاڵەتی خاوێری ئەودا کە پارەی لە ناو دەستیدا هەڵدەسووڕاند، هەروەها لە تەرزی دەست گێڕانی بەلای کەمەربەندییەوە، تا هەرچییەکی هەبوو بەوی ببەخشێ، هەروەها کەیفی بە شێوەی بێ پارەوپوولی ئەوەوە دەهات، لەو کاتانەدا لەجیاتی ئەوەی پێدابگرێ پارەیەک لەکوڕەکەی وەرگرێ بەپێچەوانەوە حەزی دەکرد ئەوەی هەیەتی بیخاتە ناولەپی دەستی کوڕەکەیەوە، کوڕەکەی هەرچی پارەیەکی پێدەدا، ئەویش پاشەکەوتی دەکرد بۆ ئەو ڕۆژەی کە کوڕەکەی داوای پارەی لێبکات، ئەوە باشترین ڕێگە بوو کە دەیتوانی بە هۆیەوە خەرجی نەختینەی زۆر کەمی خۆی پەیا بکات.

# بەشی نۆزدەم

دایکەکە چاوەڕێی کوڕەکەی دەکرد بەڵام بە دیار نەکەوتەوە، دڵنیابوو کوڕەکەی هەر دێتەوە، چونکە سێ ڕۆژ پێشتر لەپڕێکا سەرو کەللەی پەیابوو بوو، نەوەکا لەناو گوندەکە ببینرێت بەدزییەکەوە لەلای مەزراکانەوەڕا هاتبوو، لەسەرەخۆ نینۆکێکی بەدەرگەکەدا خشاند، بەڵام دایکی لەبەر دزەکان نەوێرا دەرگەکە بکاتەوە، کاتێ گوتی تۆ کێی؟ گوێیی لەدەنگی کوڕەکەی بوو کە بەئاستێکی نزم‌و خێرا قسەی دەکرد، خۆشبەختانە چونکە مریشکەکەکان لەتەنیشت تەختەکەی ئەوەوە هەڵکورمابوون لەبەر دەنگە دەنگیان نەیانهێشت کوڕە گەورەکەی‌و خێزانەکەی گوێیان لەدەنگی نزمی کوڕە بچووکەکەی بێت، دایکەکە بەو خێراییەی کەدەیتوانی لەشوێنی خۆی هەستا، بە پەلەکوتێوە جلەکانی هەڵگرت‌و مۆمێکی گرتە دەست هێدی دەرگەی کردەوە، دەبوایە بابەتێکی نەهێنی لەگۆڕی دابێت کە کوڕەکەی بەم شەوە بەدزییەوە هاتۆتەوە، لەگەڵ دوو گەنجی تر کە ئەوانیش وەک ئەو لەوان وەرزی ساڵدا، جلی ڕەشیان لەبەرکرد بوو لەبەر دەرگەدابوون، بەستێکی گەورەی بەکاغەز پێچراوی بەنپێچکراویان پێبوو، کاتێ دایکە مۆم وەدەستەکە دەرگەکەی کردەوە کوڕەکەی مۆمەکەی کوژاندەوە، ڕووناکی مانگە شەو بە نوورێکی کز فەزاکەی ڕووناک کردبۆوە، کە دەیانتوانی دەوروپشتی خۆیان ببینن، دایکەکە بە دیتنی کوڕەکەی

بەسەرسوڕمانەوە لەخۆشییا هاوارێکی زۆر لە سەرخۆی کرد و کوڕەکەی بەدەنگێکی کزەوە گوتی :- دایەگیان من ئەمانەتێکم پێیە دەمەوێ لەناو جلو بەرگی زستانیت لەژێر تەختی نووستندا بیشارمەوە، نابێ سەبارەت بەم بابەتە لەگەڵ کەس قسە بکەیت، کەس نابێ پێی بزانێ و بۆنی بکات، تا دوایی بەخۆم دێمەوە. چاوەکانی دایکی لەسەرسامیاندا زەق بوونەوە، بەبیستنی ئەم قسانە دڵی داڕما، هەر بەهەمان شێوەی کوڕەکەی بەهێمنی بەڵام تێکەڵاو بەترس گوتی :- - کوڕەکەم ئینشاڵا کارێکی خراپت نەکردووە ؟ ئومێد دەکەم قەت دەست بۆ ماڵی خەڵک درێژ نەکەیت !

کوڕەکە بەخێرایی گوتی :- نەدایە، سوێند دەخۆم کەهیچم نەدزیوە، ئەمانە پێستی مەڕن کە بەلاش کڕیومن، بەڵام چونکە براگەورە وەکو هەمیشە بەدیتنیان تووڕە دەبێ کە بۆچی کڕیومن، شەڕم لەگەڵ دەکا، شوێنێکیشم نییە تیادا بیانشارمەوە بۆیە هێناومەتە لای تۆ، ئەم پێستانە زۆر هەرزانن، من لەزستانی دادێ دانەیەک لەوانەت دەدەمێ بۆ ئەوەی پاڵتۆیەکی بۆ خۆت لێ دروست بکەیت، لەزستانی دادێ کاروباری هەمووومان باش دەبێ،

کاتێ کوڕەکەی سوێندی خوارد کەهیچی نەدزیوە دایکەکە زۆر خۆشحاڵ بوو، ئیتر گومانی لەقسەکانی کوڕەکەی نەبوو، خۆشحاڵ بوو لەوەی کەجێ موتمانەی کوڕەکەیەتی هەر زوو وەڵامی دایەوە:

- بەڵێ کورم، تۆ دەتوانی متمانەم پێ بکەیت، لەم ژوورە زۆر شت هەن، کە براکەتو خێزانەکەی ئاگاداریان نین، دوو گەنجەکە بەستەکەیان هێنایانە ژوورەوەو خزاندیانە ژێر تەختەکەوە، مریشکەکان بەچاوە زەقەکانیانەوە دەستیان کرد بە قدەقد کردنو گامێشەکەش لەخەو هەستایەوەو دەستی

کرد بە کاوێژ، گەنجەکە رازی نەبوو لەوەی کە بمێنێتەوە، دایکەکە لەو هەموو پەلەی سەری سوڕماوتەنها گوتی :- پشتڕاست بە، خۆم چاودێری دەکەم بەلام مەگەر نابێ ئەم چەرمانە لەترسی ئەوەی کە مۆرانە لێیان بدات، هەر چەند ڕۆژ جارێک لەبەرۆژ دابنرێن ؟ کوڕەکە بەبێ بایەخییەوە گوتی :- تا یەک دوو ڕۆژ تێکناچن، ئێمە ماڵەکەمان دەگۆڕین‌و دەستمان کراوەتر دەبێ، من بەتەنیایی ژوورێکم دەبێ داهاتیشم زیاتر دەبێ، هەر ئەوەندە کەکوڕەکە باسی خانوی گەورەتری کرد دایکەکە بیری لەبووک کردەوە کەهەمیشە لەخەیاڵیدا پەروەردەی کردبوو، کوڕەکەی بردییە لایەک‌و بەپاڕانەوە تەماشایێکی کرد،، ژن نەهێنانی کوڕەکە تەنها ئیرادێ بوو کە دایکەکە لێیدەگرت، دایکەکە حەزی لێنەدەکرد، ئەو باش دەیزانی کەخوێن گەرمی مانای چییە، ئاسەواری شوورو دڵگەرمی خۆی کە لەسەردەمی گەنجایەتیدا پێیەوە موبتەلا بوو، دووباە لەکوڕە گەنجەکەیدا دەیدیت، دەبوایە ئەو کوڕە شوورو هەڵچوونی گەنجایەتی خۆی لەگۆشەو کەناری شاردا دامرکێنێتەوە، دایکە لە بەفیرۆدانی ئەم هێزە سەرزەنشتی دەکرد، باشتر وابوو لەگەڵ کچێکی گەنج ژیانی هاوسەری پێکهێنابا بۆ ئەوەی نەوەی کوڕ بدا بە دایکەکەی، تەنانەت لەو ساتەدا، لە شادی ئەو پەلەکردنەد، لەگەڵ ئەوەش کەدایکەکە دەیزانی کوڕەکە پەلەیەتی بۆ ڕۆیشتن، دوو هاوڕێکە لە تاریکی دەرگەکەوە وەستابون، چاوەڕێی ئەویان دەکرد، دەستی کوڕەکەی گرت‌و بەنزمێکی هێدیو فریودەر پێی گوت:

- بەلام کوڕم، ئەگەر تۆ خانوێکی ئەوەندە گەورەت هەیە ئەی بۆ ئەو مۆڵەتەم پێ نادەی کچێکی گەنج بۆ هاوسەریت دەست نیشان بکەم ؟ باشترین‌و جوانترین کچ کە بتوانرێ

بدۆزرێتەوە، بۆ تۆ دەدۆزمەوە، یاخوت ئەگەر خۆت کچێک دەناسی پێم بڵێ، یا داوا لەکچە مامەکەم دەکەم بوکێکم بۆ بدۆزێتەوە،یا من ئەگەر ئەو کچەی کەتۆ حەزی لێ دەکەی خۆشم بوێ، ئەوە ئازادت دەکەم و دەتوانی بیکەی بەهاوسەری خۆت .

گەنجەکە قژە درێژەکەی لادا کە کەوتبووە سەر چاوەکانی، لەکاتێکدا تەماشای دەرگەکەی دەکرد هەوڵی دەدا تا دەستی خۆی ڕەها بکات، بەڵام دایکی دەستی بەتوندی گرت بوو دیسان هەوڵی ئەوەی دەدا کەڕازی بکاتو گوتی:

– کورم، بۆچی گوڵی گەنجایەتی خۆت لەم لاو ئەولاو لەشوێنی ناگونجاو دەفەوتێنی؟ من لەخۆشی هەبوونی نەوەی زۆر بێبەش دەکەیت ؟ براژنەکەت ئەوەندە هەناسە ساردوپشوو درێژە کە ئەگەر تۆ هەوڵێک نەدەیت من هەرگیز نەوەیەک لەسەر چۆکم نابینم، من باش دەزانم کەباوکت چیبوو، تۆ زۆر بەباوکت دەچی، وەرە تۆوەکەی خۆت تەنیا لەماڵەکەی خۆتدا بچینە، گەنجەکە بەهێمنی پێدەکەنیو جاربەجاریش بەدەستی قژە درێژەکەی کەدەهاتە سەرچاوە گەشاوەکانی لادەدا، سەرەنجام بەنەوایەکی تۆزێ سەرسامەوە گوتی:– دایە، پیرەژنەکانی وەک تۆ بێجگە لەبوک و منداڵ، بیر لەشتێکی تر ناکەنەوە، ئێمە گەنجەکان وازمان لەهەموئەو قسانە هێناوە، بەڵێ دایە تا سێ ڕۆژی تر دەبینی! دەستی لەناو دەستی دایکی دەرهێناو پاشان لەگەڵ برادەرەکانی بەناو مەزراکاندا کە بەئاستەم ڕووناک بیوونەوە گەڕانەوە، سێ ڕۆژ تێپەڕیو هیچ هەواڵێک لەگەنجەکە نەبوو، سێ ڕۆژی ترو دیسان سێ ڕۆژی تر، دایکەکە بە ترساوییەوە لەخۆی پرسی نەک خوا نەخواستە تووشی بەڵایەک هاتبێ ! لەساڵی دوایی بەولاوەوە چی تر نەیتوانی بوو سەفەری شار

بکات، ناچار دایکەکە لە چاوەڕوانیدا مایەوە، سەبارەت بەو خەڵکانەی کەلێ نزیک دەکەوتنەوە بێزاری خۆی پێشان دەدا، نەدەوێرا نیگەرانیەکەی خۆی بەکەس بڵێ، نەیدەتوانی لەترسی بووکەکەی کەژنێکی ووردبین‌و کەیبانو بوو لەبەڕێوەبردنی ماڵەوە، لەماڵەوە بڕواتە دەرەوە، نەک لەناکاو بێت پەردەکە لاداو بەستە شاراوەکە لەژێر تەختەکەی بدۆزێتەوە، شەوێکیان دایکە خەوی لێ نەدەکەوت خەریکی بیرکردنەوە بوو سەبارەت بەو هەموو کێشانە، مەشخەڵەکەی داگیرساند، لەکاتێکدا بەدەستێکی پەردەکەی لادابوو چەمایەوە تەماشای ژێر تەختەکەی کرد بەستەیەکی گەورەی چوارگۆشەی بینی کە لە کاغەزێکی قەبە وەرپێچرابوو و بە بەنێکی ئەستووریان بە ستابۆوە، بەستەکەی بەدەست گوشی، هەستی کرد شتێکی ڕەقی لەناوە کە لە پێستی بەرخ نەدەچوو، نیگەران لەوەی کەئەم پێستە چاکە مورانە لێی بدات بەلای خۆیەوە گوتی :

- ئەگەر بەڕاستی ئەمە پێست بێت پێویستە لەبەر هەتاو دابنرێت ! بەڵام نەوێرا بەستەکە بکاتەوە وازی لێ هێنا، هەر بەمجۆرەش هیچ هەواڵێ لە کوڕەکەیا نەبوو.

ڕۆژ و مانگ هاتن و تێپەڕین، بەشێوەیەک کە گەر ڕووداوێکی نوێ ڕووی نەدابا و تارادەیەک هزری دایەی لە نیگەرانی و بیرکردنەوەکان دوور نەخستبایەتەوە، بەتەواوی شێت دەبوو، ئەو هیچ کاتێ چاوەڕێی ئەو هەواڵە نەبوو، بوکەکەی دووگیان ببوو! بەڵێ، دوای چەند ساڵ ساردو سڕی، بوکە گەنجەکەی گەڕاوە سەر سروشتی خۆی‌و ئەرکەکەی خۆی بەجێ گەیاند، ڕۆژێکیان کوڕە گەورەکەی بە فیز و خۆنواندنێکی تەواوەوە هاتە لای کەلە دەروازەی دەرگەی ماڵەکە دانیشت بوو بەڕووخسارێکی پڕ لەپێکەنین‌و شادمان و موژدەی پێداو گوتی:

- دایە، تۆ بەم زووانە دەبی بەخاوەنی نەوەیەک!

دایکە لەو خەیاڵە قورسەی کە بەدرێژایی تەمەنی لەگەڵی ژیابوو وەخۆ هاتەوە، بەچاوە لێڵەکانی کە چەند لەکەیێکی سپی لەسەر نیشت بوو، تەماشای کوڕەکەی کر، بە نەواییێکی زبرەوە پێی گوت :- وابزانم گاڵتەم پێدەکەی خێزانەکەت لەبەرد سارترو بێ بارترە، نازانم براکەشت لەکوێیە، هەرئەوەندە دەزانم کەخەریکە گەنجایەتی خۆی بێهوودە لە هەموو دەرگایێ بەبا دەدات و ئامادە نییە ژن بێنێ، تۆوەکەی لەڕێگەی ڕاست دا بەکاربێنێ.

کوڕە گەورەکە کۆکەیێکی کردو پاشان بەڕوونترێکەوە گوتی :- دایە، گوتم بوکەکەی تۆ دووگیانە ! سەرەتا دایکەکە نەیویست قسەکە قبول بکات، دیسان ڕوانییە کوڕەکەیو لەکاتێکدا دەستی برد بۆ گۆچانەکەو ویستی بەیارمەتی ئەوەوە لەشوێنی خۆی هەستێو گوتی :- ئەو دوو گیان نییە، من هەرگیز بڕوا ناکەم،

بەڵام لە باروبزاوتی پیاوە گەنجەکەدا، هەستی کرد کە قسەکانی ڕاستن، لەشوێنی خۆی هەستا ئەوەندەی لەتوانایدا بوو خێرا چووە لای بوکەکەی کە لەموبەقەکە خەریکی وردکردنی تەڕە بوو، بەسەرسوڕمانێکی تەواوەوە چاوی بڕییە ئەوو بانگی کرد:

- سەرەنجام شتێک لەهەناوتا بەدەرکەوت ؟

ئافرەتە گەنجەکە بەهێمای سەر تەئیدی کرد، ئەوجا درێژە بەکارەکەی دا، ڕووخساری زەر هەڵگەڕابوو، بەڵام چەند خاڵێکی سوور لەدەمو چاوی بە دەرکەوتبوون دایکەکە بەدڵنیاییەوە پرسی :- لەکەیەوە تا ئێستا دەزانی ؟

- کەمێک زیاتر لەدوو مانگە .

دایکەکە بیری لەوە کردەوە کە بۆ لەو هەمووماوەیەدا،

هیچیان بەو نەوتووە، تووڕە بوو سەری داردەستەکەی لەخۆلی رووی مەتبەقەکەی بردە خوارەوە گوتی :- باشە کە من سالانێکە لە چاوەڕوانی هەوالێکی وادا ئاخ هەلدەکێشم و تێنوو و چاو لە ڕێمە، ئەی بۆچی لە منت شاردۆتەوە؟ دوومانگی قەمەری ! قەت مرۆڤی خوێن ساردی وەکو ئێوە بینراوە؟ هەر ژنێکی تر لەجیاتی تۆ با هەر لەڕۆژی یەکەمەوە ئاگاداری دەکردمەوە !

- من لەترسی ئەوەی نەک خوانەخواستە بەهەڵەداچووبم و تووشی دڵساردییێکی گەورەتان بکەم بۆیە پێم نەگوتی !

دایکەکە بیانووەکەی بەجێ نەزانیو تفێکی کردە سەر ئەرزەکەو گوتی :- یانی من بەو هەموو منداڵانە کە هێناومەتە دنیاوە ئەقڵم پێدا ناشکێ بزانم تۆ هەڵەت کردووە یانا؟ وادەزانی من منداڵم و پیری منی خڵەفاندووە ؟ من لەهەر هەنگاوێک کە ئێوە هەڵیدەگرن تێدەگەم کە ئێوە وا بیر دەکەنەوە، بەڵام ژنە گەنجەکە کەهیچ وەڵامێکی نەدایەوە، لێوە ئەستورو زەردهەڵگەڕاوەکانی کرۆژتەوە، چاپەستە قورینەکەی کە لەسەر مێزەکە دانرا بوو هەڵگرت، پیاڵەیەک چای تێکرد، دایکەکەی گەڕاندەوە شوێنی خۆی و پشتی بە دیوارەکەوەدا، پیرەژن بەمەبەستی ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە خۆشە بێ ئۆقرە بوو بوو، بێویستی خۆی بەرەو ماڵی کچە مامەکەو کوڕمامەکەی بەڕێکەوت، کە وەکو هەموو ماڵێک منداڵەکانیان بەلای کەمەوە سێ کەسیان لەمەزراکەیاندا کاریان دەکرد، خۆشی ڕاحەتو ئاسودە لەماڵەوە دانیشتبوو، منداڵەکانی تر بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان لەگوندەکە چووبوونە دەرەوەو باوکەکەش تەنیا کارە سوکەکانی ئەنجام دەدا، ئامۆزاکەی بەبێ ئەوەی کارێکی کارای هەبێت بەبەردەوامی سەرقاڵ بوو، بەڵام خێزانەکەی هەمیشە

بەخەیاڵێکی ئاسودەوە خەریکی خەوتن و پشوودان دەبوو، مەگەر جاربەجار نەوەکانی بە هاتو هاواری خۆیان داوای پارمەتیان لێکردبا، دایکەکە کولانی بڕی و بێ بەزەییانە کچە مامەکەی لەخەوی شیریندا راپەڕاند، بەسەریدا هاواریکردو گوتی :- بەڵێنت پێدەدەم کەلەم گوندەدا تۆ بە تەنیا دایە گەورە نابیت ! تا چەند مانگی تر منیش دەبمە خاوەن نەوەیەکی کوڕ!

- ژنی ئامۆزاکەی هێدی هێدی وەخۆهاتەوە، گرژییەوە، لێوەکانی کەلەکاتی نووستندا ووشک بوو بوون، زمانی پێدا هێناو چاوەکانی بەبێحاڵی کردەوەو گوتی :- ئەرێ بەڕاستی ئامۆزا، ئەوە حەقیقەتی هەیە ؟ کەواتە کوڕە گەنجەکەت ژن دێنێ ؟ خۆشحاڵی دایکەکە تۆزێک نیشتەوەو لەوەلامدا گوتی :

- نە ئەوە نییە.

ئامۆزاکەی سەری بەرزکردەوە، ئەو ئێستا پیاوێکی ووردیلەو پیرو شەکەت بوو، لەسەر کورسییە دارحەیزەرانەکەی دانیشتبوو خەریکی هونینەوەی کندڕی حەسیر بوو، بۆئەوەی کرمی ئەوریشمی خۆی ناچاربکات بەسەریاندا کەلوو بکەن، چونکە وەرزی کەلوو چنینی کرمی ئاو ریشم گەیشت بوو، ئەویش وەکو هەمیشە بەچەند وشەیەکی وشکو کورت پرسیو باسی بابەتەکەی کردو گوتی :- کەواتە بوکەکەتان دووگیانە دۆتمام ؟ دایکەکە دووبارە هاتەوە سەر شەوقو و زەوقی خۆیەوەو گوتی :- بەڵێ.

بۆ ئەوەی بتوانی باشتر چیرۆکەی خۆی بگێڕیتەوە زیاتر شوێنی خۆی خۆش کرد، بەلام نەیدەویست لەبەرچاوان خۆی زۆر خۆشحاڵو ڕازی پیشان بداتو خۆشحاڵی خۆی لەکۆمەڵێک گلەیی‌و گازندە پێچایەوەو گوتی :

- هەشت ساڵی ڕەبەقە چاوەڕوانم، ئیتر کاتی ئەوە هات، بەلام وابیرم دەکردەوە ئەگەر پارەم هەبوایە ژنێکی دی بۆ کوڕەکەم بهێنم، بەلام پێش ئەوەی بیر لەژنی دووەم بۆ کوڕە گەورەکەم بکەمەوە، نۆرەی کوڕە بچوکەکەمە کەژن بێنی، چونکە ژن هێنان لەمسەردەمانەدا زۆر گران ڕادەوەستێ، تەنانەت بۆ ژنی دووەمیش بەتایبەتی ئەگەر ژنەکە لەبنەماڵەیەکی باش‌و لێ هاتوو بێت، بوکەکەم هەمیشە خوێنسارد بووە، زۆر جیاواز بووە لەگەڵ من، سروشتی وەک سروشتی مار ساردە.

کوڕە مامەکەی کە هەمیشە لایەنگری ڕاستی و ویژدان بووە، بۆیە پێی گوت :- بەلام خاتوون ئەو ژنێکی خراپ نییە، هەمیشە بەئەقڵ‌و دڵسۆزی کاری کردووە، ئێستا لەگۆمەکەدا چەندین مراوی نێرو مێتان هەیە کەپێشتر نەتان بوو، گامێشە پیرەکەت زاووزێی کردووە، ئێستا گامێشێکی جەوان لەمەڕو مالاتەکەتان زیاد بووە، مریشکەکانتان دوو ئەوەندەی تریان لێ هاتوون‌و ئێستاش بێجگە لەوانەی کەسالانە دەیان فرۆشن، دوانزە دانە دانەی تریشتان هەیە، دایکە لە ناچاریان قسەی ئەوەی دووبارە کردەوەو گوتی:

- خۆ من ناڵێم خراپە، وەلێ من وام بەباش دەزانی کە لە جێی ئەو شوورو دڵ گەرمیەی لەبەخێوکردنی چوار پەل‌و مریشکەکاندا هەیەتی، گەرم و گوڕییەکی دیکەی لە خۆدا بنواندبا.

کچەمامەکەی کەتا ئەو کات بێدەنگ‌و خەواڵو بوو، باوشکێکی هاتێ‌و لەسەر خۆ وەلامی دایەوە:

- بەڵێ دۆتمام، بێ گومان بەتۆ نەچووە، ئێوە هەمیشە ژنێکی گەرم‌و گوڕو بەتین‌و پڕ کارو ساغ و بەهێز و بەکەڵک بوینە، سەرەڕای ئەوەی تووشی نەخۆشی ڕەوانی هاتووی،

جێی سەر سورمانە کەئەوها چوستو چالاک بەرێوە دەرۆی، لەکاتێکدا من بێجگە لەوەی لە تەختەکەمەوە تا پای مێزەکەو لە پای مێزەکەوە ناتوانم تا لای تەختەکە برۆم.

پسمام بەسەر سورمان و پەسەندییەوە، درێژەی بەقسەکانی ئەو داو گوتی :- من کە خواردنم لەچاو رابردوو بە نیوە بووە، زۆرجار گوێم لێ دەبێ کەتۆ لەماڵەوە دانیشتوی چەندجار داوای ئەوە دەکەی کە قاپەکەت بۆ دووبارە پربکەنەوە.

دایکە کە لەم پێهەڵگوتنانەدا خۆشحاڵو شادمان بوو بوو، بەهێمنی گوتی :- من وەکو جاران سێ چوار قاپ خواردن دەخۆم هەموو جۆرە خواردنێکم پێخۆشە، بەو مەرجەی کەرەق نەبێتن، چونکە ددانەکانی پێشەوەم نەماون، لەوکاتەی کە رەوانییەکەم چاکبۆتەوە هەست دەکەم بەهێزترم.

دۆتمامەکەی بەزەمزەمەوە گوتی :- بەڵێ، ئێوە مرۆڤێکی بەهێزن ! پاشان کەمێ وەنەوزی داو دووبارە وەخۆهاتەوە، کاتێ بینی دایکە هەروا لەوێ دانیشتووە، بە خەواڵویەوەپێکەنیو دیسان گوتی :- نەوەیەکی کور... من بێجگە لەکچەکان حەفت نەوەم هەنە، یەکێکیشیان کەمو کوری نییە. دیسان کەوتەوە خەوێکی ئارامەوە.

راگەیاندنی ئەم هەواڵە گرنگە رۆژانی بۆشو بەتاڵی دایکەی پرکردەوە، چونکە هێشتان هیچ هەواڵێکی لەکورە بچوکەکەی بەدەست نەگەیشتبوو، ئەم شادییە تازەیە کەمێک لەخەمەکانو نیگەرانی چاوەروانی ئەوی کەم کردبۆوە، بەلای خۆیەوە گوتی ئەمرۆ نا سبەی هەر دەگەرێتەوە بۆیە هەوڵی دا کێشەی کورەکەی لەمێشکی خۆی دووربخاتەوە، بەڵام خۆی هەمیشە وای بیر دەکردەوە کە بەختەوەریشی وەکو هەموو شادییەکانی ناتەواوەو کەمو کورییەکی تێدایە، قەدەری

وابوو کەهەمیشە چارەنووسی بەپێچەوانەی ئارەزوووەکانی بسوڕێتەوە، ئەم جارە وا بیری دەکردەوە کە ڕەنگە منداڵەکە کچ بێت بۆیە بە دەم زەمەکردنەوە دەیگوت :- ئەگەر منداڵەکە کچ بێت بۆ هەمیشە بەدبەختی بەرۆکم دەگرێت،

لەم بارەیەوە ئەوەندە نیگەران بوو، کە دەیویست نەزرو نیازێ بکاتە قوربانی ئەو خواوەندە بچووک و بەتواناییەی کەخۆی دەیناسی، دڵی بەبەخشیشێک نەرم بکات، وەک کەوایەکی سووری نوێ، یەک جووت پێڵاوی نوێ، یاخود خەڵاتی تر کە ناچاری بکات نەوزادەکە بکات بەکوڕ، بەڵام دایکە ترسی لەوە بوو کەسەرەڕای ئەو هەموو دەردو ڕەنجەی کەچەشتوویەتی لەسۆنگەی تاوانی پێشووی خۆی نەیتوانی بێت، گوناهەکەی خۆی پاک بکاتەوەو ئەوە وەبیر خواوەندەکە بێنێتەوە، ئەگەر سەردانی پەرستگاکە بکات ڕەنگە خواوەندەکە بیناسێتەوەو منداڵەکە لەسکی دایکی قەهر بکات، پیرەژن بەخەمو پەژارەوە لەبەر خۆیەوە گوتی :- باشتروایە خۆمی پێشان نەدەم، ئەگەر لێرە بمێنمەوە خواوەندەکە لەبوونی منداڵەکە ئاگادار نەکەمەوە دڵنیام فەرامۆشم دەکات، چونکە ماوەیەکی زۆرە سەردانی خواوەندەکانم نەکردووە، من هیچ شتێک ناڵێم کەواتە خواوەندەکان ئەو منداڵەی بە تاکێک لەتاکە ئاساییەکان دادەنێن، نەک میراتگری بنەماڵەکەمان، پێویستە پشت بەبەختو ئیقابل ببەستمو تەمەنای کوڕ بکەم.

دایکەکە بەبەردەوامی نیگەران و پەرێشان بوو، بەلای خۆیەوە دەیگوت:

- لەدایک بوونی ئەو کوڕە لەخۆوە بۆتە هۆی شادمانی ئەو، ڕەنگە وەک زۆربەی لەدایک بوونەکانی تر، دەرگەیەک بێ بە ڕووی خەم پەژارەوە، چجای ئەوەی منداڵەکە مردوو، یاخود کەم ئەندام یا گەوجو گێلوکەو کوێر نییە یا

لەهەمووی خراپتر کچ نابێت، دایکە هەر خەریکی بیرکردنەوە بوو سەبارەت بەو بەڵایانەی کە ڕەنگبوو ڕووبدەن، کەوتە دڵیەوە کە بێبار بێت لەو خواوەندەکانەوە کەتوانای زیان گەیاندنیان هەیە بەمرۆڤەکان، لەبەرخۆیەوە کەوتە وورتە وورتەوە :- ئایا ئەو سزایەی کە لەسۆنگەی تاوانە سادەکانم تووشی هاتووم بەس نییە؟ کێ بڕوا دەکاتن کە خواوەندەکان ئاگادارن لەوەی، کە لەو ڕۆژە دا من چیم کردووە ؟ بێگومان خەتای ئەو خواوەندە پیرەیە کە لەپەرستگادا نیشتەجێیە، بەبێ هۆ ڕوخساری ئەوم داپۆشی، چونکە دڵنیام ئەو لە نزیکی خۆیەوە هەستی بە تاوانەکە کردووەوخەبەری داوەتە خوداوەندان، لەمەودوا خۆم لەخواوەندەکان دوور دەخەمەوە، گەرچی بێجگە لەمەخلۆقێکی تاوانبار هیچی تر نیم، چونکە ئەگەر منیش بمەوێ نازانم، بەچ شێوەیەک کەفارەتی تاوانەکانی خۆم بدەمەوە؟ من تەواو دڵنیام کەئەگەر شادی و خەمەکانم لەتەرازوو بدرێن دڵنیام بەردەکانی پارسەنگەکە بەلای خەمەکانم دادەشکێتەوە،، بەڵام کێشی شادیە بچووک و کەمەکانم لە پەڕی نەرمی دڕوو تێناپەڕێ، سەرەتای دایکایەتیم بوو، مناڵم نەهێنایە دوونیاوە هەر ئەوەندەم زانی کچە کوێرەکەم مرد ! مەگەر بەدبەختی بۆ سزاوەرگرتن لە تاوان گوناهێکی کافی نییە؟ بەڵێ سەرەتاسەری ژیانم دەردو ڕەنج بووە، بێجگە لەمەش تەمەنێک بەهەژاریو دەستکورتی ژیاوم، کەواتە خوداوەندەکان هیچ دادو ویژدانیان نییە!

بەخەمو پەژارەوە بیری دەکردەوە، دوو هۆی سەرەکی هەبوو بۆ ئازاری ڕۆحی خۆی، یەکەم ترس لەوەی کە منداڵەکە بە کەمئەندامی یا بە کچی بێتە دنیاوە، ئەوەی تریش ترس لەوەی کە کوڕە بچوکەکەی بە تەمای گەڕانەوە نەبێت، زۆرجار بیری لەوە دەکردوە کەتەمەنەکەی بێجگە

له چاوەڕوانی کردن هیچی تر نەبووە، پێشتر چاوەڕوانی مێردەکەی بوو، کە نەهاتەوەو ئێستاش چاوەڕوانی کوڕەکەیو نەوەکەیەتی، چارەنووسی ئەوەبوو، چ چارەنووسێکی پوچو بێ هودە!

لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەشدا پێویستە بێ هیوا نەبێت، کاتێ یەکێک لەدراوسێکان دەچووە شار لەگەڕانەوەدا دایکە لێی دەپرسی :- ئێوە ئیمڕۆ کوڕەکەی منتان دیوە ؟ سەرتاسەری گوندەکە ماڵ بە ماڵ دەگەڕاو دەی پرسی :- کێ ئیمڕۆ چوویتە شار ؟ ئەگەر کەسێک لەشار گەڕابوایەوە لێی دەپرسی :- ئێوە ئیمڕۆ کوڕەکەی منتان نەدیوە ؟

بەدرێژای ڕۆژانی نادیارو بێ خەبەر، ژنو پیاوانی گوندەکە لەم پرسیارە ڕاهاتبوون، کاتێ خەڵکە سەریان بەرزدەکردەوە رووبەرووی پیرەژنەکە دەبوونەوە کەپاڵی بەداردەستەکەوە دابوو، ئەو داردەستەی کە کوڕەکە لەدرەختی ئەوانی بڕیبۆوەو دابوویە دەستی ئەوەوە، بەدەنگی پیرو لەرزۆکەکەی لەوانی دەپرسی :- ئێوە ئیمڕۆ کوڕەکەی منتان نەدیوە ؟ ئەوانیش بەسۆزو میهرەبانیەوە لەوەڵامدا دەیانگوت :- نا، نا، دادەگیان، چۆن دەتەوێ بیبینین، کە دەڵێیت وایەو وایە، ژیانی خۆی لەرێگەی فرۆشتنی کتێب بەڕێوە دەبات، لەبازاڕە گشتییەکەدا کە خۆمان دەچین بیبینین ؟ ئەویش بەنائومێدی ملی ڕێگەی دەگرتەبەرو دەنگی دادەبەزی بەزەمزەمەکردنەوە دەیگوت :- من باش نازانم، وا خەیاڵ دەکەم کە بەڕاستی سەروکاری لەگەڵ کتێبە، کەسەکانیش بۆ دڵخۆشی ئەو بەپێکەنینەوە دەیانگوت :- ئەوجارە کەگەیشتینە بەر دەرگای کتێبخانەیەک دەڕۆینە ژوورەوە بۆ ئەوەی بزانین ئەو لەپشت پێشخانەکەوەیە یا نا؟ ئەوکاتە دایکەکە دەگەڕایەوە ماڵ و ئیدی جگە لە چاوەڕوانی کردن و ئەندێشە

کردن سەبارەت بەوەی کە ئاخۆ مۆرانەپێستی مەڕەکان دەخۆن یا نا؟ بەڵام ڕۆژێکیان دوای چەند مانگێک هەواڵێکی بۆ هات، دایکەکە وەکو هەمیشە لەبەر دەرگا دانیشتبوو قەلنە درێژەکەی لەناو پەنجەکانیدا بوو، چونکە تازە دەستی لەخواردنی بەیانیان هەڵگرتبوو، تازە لەخەو هەستا بوو، خەریکی تەماشاکردنی گزنگی بەیانیان بوو، کە لەودیوی کێوە بەرزەکانەوە هەڵدەهات، لەبۆسەی خۆرەتاوەکەدا بوو، ئومێدی ئەوەی هەبوو بە گەرماتی تیشکی ئەوەوە خۆی گەرم بکاتەوە، چونکە لە وەرزی پاییز سەرەتای رۆژێ هەمیشە سارد دەبێ، لە ناکاو چاوی بەکوڕی گەورەی ئامۆزاکەی کەوت کە لەماڵی خۆی هاتە دەرەوەو بەرەو کوڕەکەی ئەو دەڕۆیشت، کوڕەکە خەریکی سەر لە نوێ بەستانەوەی قەیتانی پێڵاوە دارینەکەی خۆی بوو کە پچڕابوو، کوڕە ئامۆزا لەسەرخۆ چەند قسەیەکی بە گوێی کوڕەکەی ئەودا چرپاند - دایکەکە زۆر سەرسام بوو، چونکە بەیانی زووبینی بووی کە دەچووە شار، چونکە دایکەکە پێش گزنگی بەیانی لەخەو هەستابوو، ئەو هەر لەکۆنەوە لێراهاتبوو کەپێش خۆرهەڵات لەخەو هەڵسێت، جگە لەو کاتانەی کە نەخۆش کەوتبا، بینی بووی کەکوڕە گەنجەکەی ئامۆزاکەی یەک بەستە ئالفی تازە چنراوی بۆ شار دەبرد، سەرسام بوو لەوەی کەبەم زوویە لەشار گەڕاوەتەوە، ویستی بانگی گەنجەکە بکات تا لێی بپرسێ کە ئاخۆ تەواوی ئالقەکانی فرۆشتووە یا نا؟ کە لەپڕێکا بینی کوڕە گەورەکـــەی سەری بەرزکردەوەو بەشێوەیەکی ترسناک پرسی :- - براکەی من!

بەڵێ، ئەم ڕستەیە بەسەرسوڕمانەوە لەدەمی دەرچوو و گەیشتە گوێی تیژی دایکەکە، چونکە ئەو سەرەڕای پیریش کەڕ نەبوو، بەدەنگێکی بەرز پرسی :- ها چی بەسەر کوڕە

بچوکەکەمدا هاتووە ؟
بەڵام هەردوو گەنجەکە بە بیچمێکی جیدی و گیراوەوە بەردەوامییان بە قسە دەدا، هەردووکیان بە حاڵەتێکی وا پەشۆکاو و هەڵچوون ئامێز سەیری یەکترییان دەکرد، کە دایکەکە چیتر نەیتوانی دان بەخۆیدا بگرێ، سەلانە، سەلانە خۆی گەیاندە لای ئەوان، سەری داردەستەکەی لەئەرزەکەدا کووتی پرسی ؟
- گوتم چی بەسەر کوڕەکەمدا هاتووە ؟
پسمامەکەی بێدەنگو خامۆش لەوێ دوور کەوتەوەو کوڕە گەورەکە بەدوودڵیەوە گوتی :- دایە، بەبۆچوونی من شتێکی خراپ ڕوویداوە، بەڵام نازانم بابەتەکە چییەوچۆنە، پێویستە خۆم بڕۆمە شار، دەچم بزانم ئەوجا پێتان دەڵێم چی ڕوویداوە، بەڵام دایکە ئامادە نەبوو واز لەکوڕەکەی بێنێ، بە چەند هاوارێکی بەرزترەوە ڕایگرتو گوتی:
- تۆ نابێ بەبێ ئاگاداری من بڕۆی !
بەگوێبیستی ئەم هاتو هاوارە ئافرەتە گەنجەکە هاتە پێشەوەو بە مێردەکەی دەڵێ :- بەقسەی دایکت بکە، دەنا لەتووڕەییا نەخۆش دەکەوێ.
ئەوجا کوڕەکە ئەو قسانەی بەزەحمەت ئەدا کرد :
- کوڕە ئامۆزاکەم، براکەمی لەگەڵ کۆمەڵێک خەڵکێکی زۆر بینی بوو، کە دەستەکانی بە گوریس لە پشتەوەرا بەسترابۆوەو جلێکی دڕاوی لەبەر بووە، بەناو ئەو بازاڕەیاندا دەبردن کە کوڕی ئامۆزا ئالفەکەی لەوێ دەفرۆشت،، ئەو لەنێو ڕیزێکی درێژی بیست و سی کەسیدا بووە، کاتێ ئامۆزاکەی ئەوی بینی بوو ڕووی لێوەرگێڕابوو، ئامۆزاکە چەند پرسیارێکی کردبوو کەگوایە پاسەوانەکان کە چاودێری ئەوان بوون، وەلامیان دابۆوەو گووتبوویان، ئەمانە کۆمەڵێک

کۆمەنیستن، دەیانبەنە زیندان تا سبەینێ هەموویان لەسێدارە بدەن .

دوای تەواوبوونـــی ئەو قسانە هەرسێکیان تەماشای یەکتریان کرد، شەویلاکەکانی پیرە دایک کەوتنە لەرزین و نیگاکـانی لەبیچمێکەوە بۆ بیچمێ دەچوو گوتی :- من پێشتر گوێم لەو قسەیە بووە، بەڵام ماناکەی نازانم، کوڕەکە هێدی وەڵامی دایەوە :- من لە ئامۆزاکەم پرسی، ئەو گوتی کەپرسیاری لەپاسەوانێک کردبوو بەپێکەنینەوە گووتبووی :- ئەمەش جۆرە رێگرێیکە کەتازە پەیدابووە،

دایکە بەستەکەی وەبیرهاتەوە کەماوەیەک لەمەو بەر لەژێر تەختەکەی خۆیدا حەشاریی دابوو، بەدەنگێکی بەرز دەستی کرد بەناڵین، کەواکەی خستەسەر سەری و دەستی کرد بەگریان:-

- من دەبوایە هەر ئەو شەوە بمزانیبووایە ! کەواتە ئەو بەستەیەی کە لەژێر تەختەکەی منە لە شوێنێ دزیویەتی.

بەبیستنی ئەم قسەیە کوڕەکەی و بوکەکەی بنباڵی پیرەژنەکەیان گرت و دوای تەماشا کردنی دەوروبەریان ئەویان بردە ژوورەوەو یەکسەر لێیان پرسی:-

- دایە مەبەستت لەبەستەکە چییە ؟

بوکەکەی پەردەی تەختەکەی لاداو تەماشای مێردەکەی کرد، کوڕەکە لێی هاتە پێشەوە، لەکاتێکدا دایکی زار زار دەگریا بە هێمای ئەنگوست بەستەکەی نیشانداو گوتی:

- من نازانم چی لەناو دایە، شەوێکیان هێنایە ئێرە، داوای لێکردم تا یەک دوو ڕۆژ رازی ئەو بپارێزم،، بەڵام چیتر نەگەڕایەوە، هیچ کاتێ بەدەرنەکەوت،

پیاوەکە خۆی ڕاست کردەوەو هێدی بەرەو دەرگەکە ڕۆیشت و توند دایخست، هەر لە هەمان کـــاتدا، خێزانەکەی

جلێکی بە پەنجەرەکەوە هەڵواسی، هەر دووکیان بەستەکەیان لەژێر تەختەکە هێنایە دەرەوە بەنەکەیان کردەوە، دایکەکە چاوی بڕی بووە بەستەکە لـــەژێر لێوەوە گوتی :- ئەو پێی گوتم کە ئەو بەستەیە پێستی مەڕی تێدایە .

کوڕەکەی وەڵامی نەدایەوە، چونکە هیچ بڕوای بەم قسانە نەبوو، جگە لەسەنگینی کێشی بەستەکەو و ڕەقی ناوەڕۆکی، گومانییان دەکرد نەکا کۆمەڵێک زێریان بەدەست کەوتبێت، بەڵام بێجگە لە کتێب هیچی تر لەناو بەستەکەدا نەبوو، کۆمەڵێک کتێبی بچوکی چاپ کراو بەحوبری ڕەش، لەگەڵ کۆمەڵێک بڵاوکراوەی ڕەنگی کە زۆربەیان دیمەنی شەڕو کوشتارێکی خوێناویان پێوە دیاربوو، لەم دیمەنانەدا کۆمەڵێک مرۆڤی زەبەلاح خەریکی لێدانی کۆمەڵێک مرۆڤی بچوکتر بوون، خەریک بوون ئەندامەکانی لەشیان بەتیخی چەقۆ پارچە پارچە دەکرد، بەرامبەر بەم دیمەنانە سەریان سوڕمابوو، هەرسێکیان بەبێ ئەوەی شتێک لەوەی کەڕوویداوە تێبگەن، تەماشای یەکتریان دەکرد، لەخۆیان دەپرسی چ شتێک بۆتە هۆی ئەوەی کە پیاوێک ناچارکات کۆمەڵێک کتێب کە بەمورەکەبی ڕەش لەچاپ دراون بدزێ ؟ هەرچەند تەماشای کتێبەکانیان دەکرد هیچی لێ تێنەگەیشتن، هیچ یەک لەهەرسێکیان توانای ئەویان نەبوو تەنانەت یەک وشەشی لێ بخوێنیەوە یان تێبگەن کەئەو وشانە چ مانایەکیان هەیە، تەنیا دەیانزانی کوشتو کوشتارە، چەند مرۆڤێکی چەقۆ لێدراو لەسەرە مەرگدان و لەگەڵ دیمەنی ئەو کەسانەی ئەندامەکانی لەشیان پارچە پارچە کراون، هەروەهاچەند دیمەنێکی خوێناوی ترسناک کەتەنیا دەکرێ کاری ڕێگرەکان بێت و بەس .

ترس هەرسێکیانی داگرتبوو، دایکە لەبەر کوڕەکەی

هەردووکیانیش لەبەرخۆیان، چونکە دەترسان نەک بێنو ئەو شتانە لەماڵەکەیان بدۆزنەوە، پیاوەکە گوتی :- بەستەکە وەکو خۆتان لێبکەنەوە بۆ ئەوەی شەو بیبەین لەناندین بیان سوتێنین، بەلام خێزانەکە لەو ئاقلتر بوو گوتی :- ئێمە ناتوانین هەموویان پێکەوە بسوتێنین خەلکە دووکەلەکەی دەبینن، ئەو کات لەخۆیان دەپرسن باشە ئەمانە خەریکی چینە؟ باشتر وایە من رۆژانە هەندێکیان بسوتێنم، وەک ئەوەی کەئالفی وشک بۆ چێشت لێنان دەسوتێنین، پیرە دایکەکە لەسەروبەندی ئەم جۆرە قسانە نەبوو، تەنیا ئەوەندەی دەزانی کە کوڕە بچوکەکەی خراپ توش بووە، بۆیە لەکوڕە گەورەکەی پرسی :- بەلێ کورم، بیرت لەبراکەت کردۆتەوە چۆن دەیدۆزیەوە ؟ پیاوەکە بەغەمبارییەوە گوتی :- من دەزانم ئەو لەکوێیە، ئامۆزاکەم پێی گوتم کەهەموویان لەزیندانێک دان لە نزیک دەروازەی باکور لەتەنیشت گۆڕەپانی لە سێدارەدان زیندانی کراون، پاشان کەبینی ڕەنگو ڕوخساری دایکی وەک ڕەنگی روخساری مردوەکان سپی هەلگەڕاوە، هاواری کرد، داوای یارمەتی لەخێزانەکەی کرد، پیرە ژنە بەسەزمانەکەیان هەلگرتو لەسەر تەختەکەیان دانا، پیرەژن لەترسی چارەنووسی نادیاری کوڕەکەی کەوتە هەناسە بڕکێوە، ڕەنگی وەک پەلکە پیازی لێ هاتبوو ، هەناسەی سوار بوو بوو، لەژێر لێوەوە گوتی :- ئای کورم، ناڕۆی؟ ئاخر براکەت؟

کوڕە گەورەکە وردە وردە ترسو دلەڕاوکێی خۆی وەلایەکەوە نا، سگی بەدایکی سوتا گوتی:- بەلێ دایە، دەچم دەچم .....

– جلەکانی گۆڕی، پێلاوەکانی لەپێکرد، ئەو ماوەیە بە بۆچوونی دایکە ئەوەندە درێژ خایەن بوو کەبەرگەی نەدەگرت، سەرەنجام کاتێ کوڕە گەورەکەی ئامادەبوو، ئەوی

بانگ کردو سەری لە بن گوێی کوڕەکەی ناو گوتی :- کوڕم لەخەرج کردنی پارەدا کەمتەرخەمی مەکە، ئەگەر بەڕاستی براکەت زندانی کرابێت، دەبێ بەپارە دەری بێنی، ئەمە بەپارە دەکرێت، کەس گوێی لێنەبووە، زیندانییک هەبێتو نەتوانرێت زیندانیەکە بەپارە ئازاد بکرێت، کوڕم من خۆم کەمێک پارەم هەیە لێرە لەقورتێکدا شاردومەتەوە، من ئەو پارەیەم تەنیا بۆ ئەوە هەڵگرتبوو...ئەویان ببە....هەرچیەکمان هەیە لەگەڵ خۆتی بەرە..

پیاوەکە بەرووی خۆیدا نەهێنا، تەنیا نیگایەکی لەگەڵ هاوسەرەکەی ئاڵوگۆرکردوگوتی :- دایە ئەوەی پێم بکرێ بۆخاتری تۆ دەیدەم، دایکە هاواری کرد :

- بەلای منەوە هیچ شتێک گرنگ نییە، چونکە من پیر بوومە، قاچێکم لەسەر لێوی گۆڕە، بە خاتری ئەو دەبێ... ز.

پیاوەکە بەڕێ کەوت، لە سەر ڕێگەی خۆی کوڕەمامەکەشی هەڵگرت کە روداوەکەی بینی بوو و هەردووکیان پێکەوە ڕێگەی شاریان گرتە بەر، دیسان بۆ دایکەکە بێجگە لەچاوەڕوانی هیچ کارێکی تر نەمابۆوە، بەڵام ئەم چاوەڕوانییە کوشندەترین چاوەڕوانی بوو لەتەمەنیدا، نەیدەتوانی بێ جوڵە لەسەر تەختەکەدا بمێنێتەوە، گەرچی ئەوەندە لاوازو بێ هێز بوو، کەتوانای جوڵانەوەی نەبوو، نەیدەتوانی لەشوێنی خۆی هەڵبسێت، سەرەنجام بووکەکەی لەحاڵی پیرەژنەکە و لەشێوەی تەماشاکردن و بۆڵە بۆڵ کردنو دەست لەڕان کوتینی پیرەژنەکە ترسا، بۆیە چووە سۆراغی کوڕەمامە پیرەکەیو هاوسەری، ئەو دوو هاوسەرە پیرانە هاتنو هەرسێ بە دەوری یەکترەوە دانیشتن، دایکە بەئامادەبوونی ئەوان هەستی بەئەمان کرد، چونکە کەس لەوان باشتر نەبوو کەقسەیان لەگەڵدا بکات، بەردەوام

دەگریاو دەیگوت :- ئەگەر گوناهێکم کردووە ئایا بەپێی پێویست سزا نەدراوم؟دیسان دەیگوت :- ئەگەر تاوانێکم کردووە ئەی بۆ من نامرم ؟ ئەگەر بمردبام کارەکە تەواو دەبوو، بۆچی خۆشەویستەکانم یەک لەدوای یەک، ڕەنگە نەوەکەشم لێ بسەنن ؟ نا، نا، من هەرگیز نەوەکەم نابینم، من خۆم دەزانم پێویستە بە زیندوویی بمێنمەوە بۆ ئەوەی هەموو ئەو بەدبەختیانە ببینم.

لەبینینی ئەو هەموو دەردو ڕەنجەی خۆی تووڕە بوو و هەر بەم تووڕەبوونەوە گریاو هاواری کردو گوتی :- بەڵام لەکێندەرێ ژنێکی بێکەمو کوڕی و بێ تاوان دەدۆزرێتەوە ؟ بۆ هەموو مەینەتیەکان بونەتە بەشی من ؟

دۆتمامەکەی لە ترسی ئەوە بوو پیرەژن دەمی بکاتەوەو ئەوەی بن بەڕێ بێنێتە سەر بەڕێ، بۆیە خێرا گوتی :- ئێمە هەمووومان گوناهمان کردووە، ئەگەر بڕیاربووایە لەسەر بنەمای تاوانەکانمان هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا بکەنو بڕیارمان لەسەربدەن، ئەوە نەدەبوایە هیچ یەک لەئێمە منداڵمان هەبا، منداڵەکانمو نەوەکانم ببینە، بەوشێوەیە کە تۆ باس دەکەی منیش پیرەژنێکی نەفرەتی و ڕووڕەشم کە قەت پێم لە پەرستگایەک نەناوە، پێشتریش هەرکاتێ ڕەبەنێک هاتبا لای من بۆ ئەوەی بەرەو ڕێگەی ڕاستم ببات، من ئەوەندە گرفتاری منداڵەکانم بووم بووم، هەتا کاتی ئەوەم نەبوو گوێ لە قسەکانیشی راگرم، ئێستاش کەپیروپەک کەوتوو بوویم، دەیانەوێ تا کار لەکارنەترازاوە بمبەنە سەر ڕێگەی ڕاست، من لەوەڵامدا دەڵێم ئیتر کاتی تێگەیشتنم تێپەڕیوە، ئەگەر بەم بارودۆخە کەهەمە ڕێگەم پێنەدەن بۆ بەهەشت، ئەوە خۆشم ئامادەنیم بڕۆمە ئەو بەهەشتە.

بەم قسانە بوو کە ژنی ئامۆزای دڵی دیکەکەی دایەوە، کە

غەرقی ئازارو رەنج بووبوو، کوڕەمامەکەش بەنۆرەی خۆی گوتی :- دۆتمام گیان، پشووت درێژ بێت تا هەواڵێکمان پێدەگات، ڕەنگە هیچ هۆکارێک بۆ خەم خواردنی تۆ نەبێت، چونکە ڕەنگە ئەو پارەی کەمنداڵەکان لەگەڵ خۆیان بردوویانە، بەس بێ بۆ ئازادکردنی، ڕەنگە کوڕەکەشم هەڵەی کردبێ کێ دەڵێ ئەوەی دەستیان گرێدابوو کوڕەکەی تۆیە.

ژنی ئامۆزاکەی بەبیانوی ئەوەی کەدەبێ بووکەکە بچێتە ماڵی ئەوەوە تاگەڕانەوەی وی بۆ ماڵێ ئاگای لەماڵەوە بێت،ژنە جەوانەکەی ناردەوە ماڵی خۆیان، بۆ ئەوەی ئەگەر پیرەژن زیاتر لەوەی کە نابێ، دادڕی بکات، ئەو لەوێ نەبێت و شتێ نەبیستێ، چونکە حەیفە دوای ئەو هەموو حەمکە ساڵە رازەکە ئاشکرا بێت، بەم شێوەیە چاوەڕوان بوون، چاوەڕوانی سێ نەفەر ئازاری کەمترە لە یەک نەفەر. دایکەکە تا کاتی شەو ئاسەوارێکی لەو دوو پیاوە بەدی نەکرد، لەکوتایی ڕۆژێدا لە تەختەکە خزیە خوارەوە بۆ ئەوەی لەگەڵ کچی مامی و کوڕی مامیدا لەژێر سێبەری شۆرەبیەکە دانیشێ، هەرسێ پیرەکە چاویان بڕی بووە کۆڵانە تەسکەکەی لادێوە، تەنیا جاربەجار کچە مامەکەی بوو وەنەوزی دەداو خەودەبیردەوە، خەمو پەژارە پەکی خەوەکەی نەخستبوو، سەرەنجام لەگەڵ ڕۆژ ئاوابوون دایکە دوو تارمایی دووری بینی، لەشوێنی خۆی هەستاو پاڵی بەداردەستەکەوە دا، دەستی دایە بەرچاوەکانی بۆئەوە ی لەتیشکی زێڕینی ئاوابوونی خۆریان بپارێزی، ئەوکات هاواری کرد :- خۆیانن ! سەلانە سەلانە بەرەو کۆڵانەکە کەوتەڕێ، دەنگی ئەوەندە بەرزبوو و هەنگاوەکانی ئەوەندە خێرابوون کە خەڵکەکە هەموویان لەماڵەکانیان هاتنە دەرەوە، هەموویان ئاگاداری ڕووداوەکە بوون، بەڵام کەسیان نەدەوێران بڕۆنە لای دایکەکە، لەترسی ئەوەی

که کێشەی لەسێدارەدانی کوڕە بچوکەکەی خانەوادەکەیان بگرتەوەو ئەوانیش تیوەبگلێن، بەدرێژایی ڕۆژ خەریکی کاری ئاسایی خۆیان بوون، زۆر هەوڵیان دەدا بۆ ئەوەی بزانن چی ڕوویداوە، بەلام ئەوانیش وەکو گوندییەکان هەرکاتێ ناوی زیندان و حکومەت دەهاتە گۆڕێ هەڵدەهاتن‌و دەترسان، هەموویان هاتبوونە پێشەوە دەیانویست لەدوورەوە بزانن چی ڕوویداوە.

دایکە ڕایکردو ملی کوڕەکەی گرت‌و هاواری کرد :- هەواڵێکت لەکوڕە بچوکەکەی من پێیە؟،

بەلام ئەو ساتەی کەئەو پرسیارەی دەکرد، بەچاوە پیرو کزەکانی تەماشای ڕووخساری دوو پیاوەکەی کرد هەستی کرد کە، لە روخسارياندا هەواڵێکی خراب دەخوێندرێتەوە، هەردوو پیاوەکە تەماشای یەکتریان دەکرد، پاشان کوڕەکە بە شێوەیەکی راست گوتی :- دایە براکەم زیندانییە! دیسان ئەو دوو پیاوە تەماشای یەکتریان کرد، ئامۆزا گەنجەکە سەری خوراندو حاڵەتی کابرایەکی گەوجی بەخۆوە گرت، کەنازانێت چۆن مەبەستەکەی بگەیێنێت، ئەو کاتە کوڕە گەورەکە گوتی :- دایە، من بڕواناکەم بتوانین ڕزگاری بکەین، لەگەڵ بیست کەسی تر بڕیارە لەسێدارە بدرێن، پێویستە سبەینێ بەیانی فەرمانەکە جێبەجێ بکرێت.

دایکە هاوارێکی جەرگبڕی کردو گوتی:- لەسێدارە دەدرێ ! پاشان دووبارە نوزەیەکی کرد - سێدارە - و ئەگەر نەیان گرتبا دەبووە نەخشی سەر زەوی، هەردوو پیاوەکە دایکەیان بۆ نزیکترین ماڵ برد، کورسییەکیان بۆ هێناو یارمەتیان دا تا دانیشێ، پیرەژن وەک منداڵان دەستی کرد بەشیوەن‌و گریان، دمە چورچەکەی دەلەرزیو فرمێسک لەچاوەکانی دەهاتنە خوارەوە، لەکاتێکدا بەمست لەمەمکە ووشکەوەبووەکانی

دەکوتاو هاواری دەکردو کوڕەکەی تاوانبار دەکردو دەیگوت:
- هەلبەتە کە پارەیەکی باشت بۆ پێشنیار نەکردوون، خۆمن پێم گوتی ئەو پارەی پاشەکەوتم کردووە کەم نییە، نزیکەی چل سکەی نوقریە، دوو سکەی بچوکیش لەم دوایەدا ئەو بە منی دابوو، ئەو پارە لەوێیە بۆ کارێکی ئەوها دانراوە، کاتێ دایکە کوڕەکەی خۆی لەبەرامبەری خۆی بینی کەسەری شۆڕ کردۆتەوەو دلۆپەی ئارەقە لە توێلی و لاڵێوی دەهاتە خوارەوە، لەتووڕەییا تفێکی لێکردو گوتی :- ئەگەر ئەو بمرێ من یەک دینارت نادەمێ گشتی فڕێدەدەمە ناو ڕووبارەوە !
ئامۆزا گەنجەکەی هاتە یارمەتی ئەوەوە، چونکە لەو کێشە بێچارەسەرییەو لەو ساتە دەردناکو بێ دەرمانەدا حەزی لێبوو ئارامییەک بێنێتە دی، بۆیە بە ڕوخساری پڕ لەخەمو پەژارەوە گوتی :
- پورێ گیان سەرزەنشتی مەکە، ئەو دوو ئەوەندەی پارەی پاشەکەوت کراوی تۆ پارەی بۆ ئەوان پێشنیار کردووە، بەڵێ بۆ رزگارکردنی براکەی سەد سکە نوقرەی داوە لەگەڵ بچوکو گەورەی زینداندا قسەی کردوەو پێشنیاری بەرتیلی بۆ کردوون، پارەی پێشانی هەموویان داوە، بەڵام تەنانەت مۆڵەتیان، پێنەداوە براکەشی ببینێ.
دایە گەورە هاواری کرد :- لەبەرئەوەبوو کەپارەیەکی باشی پێشنیار نەکردووە، تا ئێستا کەس نەیبیستووە کە نەتوانرێ زیندانیوانەکان بەپارە نەکڕدرێن، بەڵام من ئێستا دەڕۆم پارەکە دەردێنم، بەڵێ، خۆم بەو پیریو بێ دەسەڵاتیە دەڕۆم زەوییەکە هەڵدەکەنمو پارەکە دەردێنمو منداڵەکەم دەدۆزمەوە، دەگەڕێنمەوە ماڵەوەو چی تر بەجێم ناهێڵێ، خەڵکیش چی دەڵێ بابڵێ، دووبارە هەردوو پیاوەکە بەشێوەی پرسیار کردنەوە، تەماشای یەکتر دەکەنو کوڕە

گەورەکە لەبێدەنگی و خامۆشیدا داوای لێدەکات ئاویٚ بەو ئاگرە دابکات، ئامۆزا گەنجەکە دووبارە گوتی :- پوریٚ گیان، ناهێڵن تۆ ببینی، ئێمەش سەرەڕای ئەوەی کەپارەمان پیٚ پێشانداون بەڵام نەیان هێشت بڕۆینە ژوورەوە، دەڵێن حکومەت بەرامبەر بەم جۆرە تاوانبارانە زۆر توندە، ئەمەش جۆرە تاوانێکی قورسە کە لەو سەردەمەدا پەیدابووە، بەتایبەتی کە میری زۆری رق لەوتاوانەیە.

دایکە بەغرورو سەربڵندییەوە هاواری کرد :- کوڕەکەی من هەرگیز تاوانێکی ئەنجام نەداوە ! داردەستەکەی هەڵگرتو بەرزی کردەوەو بە رووی پیاوە گەنجەکەدا هەڵیدەشەقاند و گوتی :- لەم نزیکانە دوژمنێک هەیە کە دوو ئەوەندەی ئێمە پارە دەدات بۆ ئەوەی ئەو لەزیندان ئازادنەکرێتو لەزیندان بمێنێتەوە.

تەماشایەکی دەوروبەری خۆی کرد، چاوی بڕییە ئەو کەسانەی لەدەوروبەری وەستابوون بە مات وحەپەساوی و بە چاوانی زەق و لچ و لێوی شۆڕەوە سایەدی بیستنی خەبەریٚ بوون، گوتی :- ئایا تا ئێستا کەس لەئێوە گوێتان لێبووە کە کوڕەکەی من تاوانێکی ئەنجام دابێت؟هەموویان پێکەوە تەماشایان دەکرد، بەبیٚ ئەوەی قسەیەک بکەن ڕوویان وەرگەڕاند، دایکە لەدیتنی حاڵەتی گومانو دوو دڵی ئەواندا دڵی شکا، دیسان دەستی کرد بەگریانو بەسەریانا هاواری کرد :- بەڵیٚ دەزانم هەمووتان ڕقتان لێدەبۆوە چونکە لە کوڕانی ڕەش وگوندینیەکانی ئێوە زیرەکترو جوانترە، بەڵیٚ ئێوە نەفرەتتان لەوکەسانەیە کەلەئێوە باشترن.

لەشوێنی خۆی هەستاو لەکاتێکدا بەسەختی دەگریا، سەلانە سەلانە گەڕایەماڵەوە، بەڵام هەر ئەوەندە کە گەیشتە ماڵی ئامۆزاکەی، لەکاتێکدا منداڵەکانی ئامۆزای دەوریان

دابوو، چاوە بە فرمێسکەکانی خۆی پاک کردەوە بەئاهەنگێکی هێمن تر بەکوڕە گەورەکەی دەڵێ :- ئێمە خەریکە کاتێکی گرانبەها لەدەست خۆمان دەدەین، تۆ ووردەکاری ڕووداوەکەم بۆ باس بکە، چونکە ئێستاش دەتوانین رزگاری بکەین، ئێمە درێژایی شەومان لەپێشە، بەڕاستی تاوانەکەی چ بوو ؟ هەرچیمان هەیە لەگەڵ خۆمان دەبەین‌و رزگاری دەکەین، نیگایەک دوور لەهەرجۆرە هەرماسییەک لەنێوان ژن‌و مێردەکەدا ئاڵوگۆڕ کرا، وادیاربوو سەبریان نەمابوو ئەوجا کوڕەکە وەڵامی دایکی دایەوەو گوتی :- دایە ئەویان بە تاوانی کومونیستی تاوانبار کردوە، ئەمە وشەیەکی نوێیە کەزۆرجار گوێم لێ دەبێت‌و هەرکاتێ سەبارەت بەماناکەی پرسیارم کردووە وا لێی تێگەیشتیمە کە ئەمە جۆرە رێگری و جەردەیێکی نوییە،ئەو رێگرانە تازەن و دەستە دەستە دێن، من لەپاسەوانی بەردەگای زیندانەکە کە هەمیشە تفەنگەکەی سەرەوژێر بەشانیەوەیە بوو، پرسیم ئەو لەوەڵامدا گوتی :- کۆمەنیست ئەو کەسەیە کەدەیەوێ زەوییەکان لەخاوەنەکانیان وەرگرێ‌و دژی حکومەت پیلان بگێڕی، ئەمەیە کەدەبێ لەسێدارە بدرێن، بەڵێ دایە ئەمەیە تاوانەکەی ئەوە.

دایکەبەهەموو حەواسێکییەوە گوێی راگرتبوو، رووناکی مەشخەڵەکەی کەوتبووسەر ڕوخساری کە بە فرمێسک دەبریقایەوە، بەسەرسوڕمانەوە بەدەنگە لەرزۆکەکەی بێهودە هەوڵی دەدا ئارام و هێمن بێتە بەرچاوان لەوەڵامدا گوتی:

- بەڵام من بڕواناکەم شتی واهەبێ ، ئەو هیچ کات لەلای من بەیەک وشە باسی ئەوشتانەی نەکردووە، خۆشم هیچ شتێکم سەبارەت بەم تاوانە نەبیستووە، مرۆڤ کوشتن‌و ماڵی خەڵک وێران کردن‌و کەس‌و کاری خۆت لەبرسا بکوژی، خۆی لەخۆیدا تاوانە، دەنا بە چ هۆیەکە دەتوانرێ

زەوی بدزرێت؟ خۆ پارچە قوماش نییە لولی دەیت و بیبەیت بیشاریتەوە ؟ کوڕەکە گوتی :- دایە، من هیچ شتێک لەم بارەیەوە نازانم.

کوڕەکە لەسەر کورسییە بچوکەکە دانیشت، سەری لەبەرخۆناو دەستە بێ هەستەکانی لەنێوان چۆکەکانی شۆر بوو بۆوە، هێشتان چاکەتە تایبەتیەکەی خۆی لەبەردابوو، یەک لای دامانەکەی بەرزکردبۆوە، لەبەر پشتدێنەکەی نابوو، چونکە هێشتان لەگەڵ ئەم جۆرە جلو بەرگانە ڕانەهاتبوو، گۆشەی دامەنی چاکەتەکەی تونتر خستەبەر پشتێنەکەیو بەهێمنی گوتی :- من نازانم چیتریان دەگوت، لە شار قسەی زۆریان دەکرد، چونکە سبەینێ ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەسێدارە دەدرێن زۆر زۆرە، سبەینێ راگەیەنراوەکە ڕۆژی پشووە، تۆ ئامۆزا لەمە زیاتر شتێکی تر دەزانی ؟ ئامۆزاکە چەنەگەی خوراندو هەوڵی دا ئاوی دەمی قوت بداتەوە، چاوێکی بەو دەمو چاوانەدا خشاند کە لەژوورەکەدا دەوریان دابوو و گوتی :- خەڵکی شار زۆر قسە دەکەن، بەڵام نەمدەتوانی لەمە زیاتر قسەبکەم، چونکە کاتێ ویستم هۆی ئەم هەموو هەراوهۆریایە لەکەسێکەوە بپرسم، پاسەوانێکی زیندان ڕووی تێکردمو گوتی :- تۆش بەڵێ ؟ دەنا کوشتنی ئەمانە چ پەیوەندی بەتۆوە هەیە ؟ هەر لەبەر ئەمەش نەموێرا بڵێم کەمن ئامۆزای یەکێک لە تاوانبارەکانم، ئەو کات سەر دەستەیێکی پاسەوانەکانمان بینی پێشنیارمان کرد پارەی بدەینێو داوامان لێکرد لە شوێنێک دوور لەچاوی خەڵک بیدۆزێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین چەند قسەیەکی لەگەڵدا بکەین، ئێمەی بردە گۆشەیێ لە زیندان، لەپشت ژوورەکەی خۆی، ئێمە دوای ئەوەی کەبۆمان شیکردەوە کۆمەڵێک جۆتیاری ئابڕوودارینو زەویی زاری هەموومان بەکرێیە، پێمان گوت

که یەکێک لەزیندانییەکان خزمایەتییەکی دووری لەگەڵ ئێمە هەیە، ئێمە لەپێناوی پاراستنی ئابڕوی خانەوادەکەمان، دەمانەوێ رزگاری بکەین، چونکە تائێستا هیچ یەک لەخزمو کەس وکارەکانمان لەژێر تیغی جەلاد نەمردوون، بەڵام ئێمە هەژاربووین نەماندەتوانی پارەیەکی زۆر بدەین، زیندانوانەکەکە پارەی لێوەرگرتینو پرسیاری ناونیشانی زیندانیەکەی لەئێمەی کرد، دوای ئەوەی کەناونیشانی پێویستمان پێداو گوتی :- وابزانم تێگەیشتم ئێوە سەبارەت بەکێ قسە دەکەن، گەنجێکی ئەوها لەزیندانە سەرەتا زۆر دەترسا، دەیویست دان بەهەموو شتێک دابنێت بەڵام کچێکی لەگەڵدایە کە بەردەوام دڵی دەداتەوە و فێری دەکات، تا ئێستا کچێکی ئەوەندە بوێرو ئازام نەدیوە، لەم جۆرە خەڵکانە زۆرن کە لەبەرامبەر مەرگدا بوێرو ئازانو قەت بیر لەسێدارەدانو کاتی مەرگی خۆیان ناکەنەوە، بەڵام ئەو کوڕە گەنجە زۆر ترسنۆکە گومانم هەیە کەخۆی بزانێ چی کردووەو بۆ دەبێ بمرێ، لەرووددا کابرایەکی سادەی گوندینییە،کەبەچەند بەڵێنێک فریوی خواردووەو بۆتە داردەستی ئەوان، ئەویان لە شوێنێ دەستگیر کردووە کە چەند کتێبێکی لابووەو دابەشی دەکردن، ئەم کتێبانە کۆمەڵێک بۆچوونی زیان بەخش بەخۆوە دەگرن، کەمەبەستیان لەناوبردنی دەسەڵاتو دابەش کردنی دارایی‌و زەوی‌و زارە، بەشێوەیەکی یەکسان لەناو خەڵکدا.

بەبیستنی ئەم قسانە، دایکە ڕووی لەکوڕەکەی کردو دووبارە دەستی کرد بەگریانو ناڵینو گوتی :- من دەمزانی دەبوایە بەشێک لەزەویەکان بسپێرینە ئەوەوە، ئێمە دەتوانین لەمە زیاتر زەوی بەکرێ بگرینو بەشێکی بدەینە ئەو، بەڵام کوڕە گەورەکەمو بوکەکە هەموو شتیان بۆخۆیان دەویست، ئامادەنەبوون بەشێکی بچووک لەزەویەکە بدەن بەئەوەوە،

کوڕەکەی ویستی وەڵامـــی بداتەوە بەڵام ئامۆزا پیرەکە بەهێمنی گوتی :- وەڵام مەدەرەوە ڕۆڵە گیان، لێگەڕێ با دەردی دڵی خۆی هەڵڕێژێ، ئێمە هەموومان دەزانین چ جۆرە مرۆڤێکیو براکەشت چۆن بووە، لە کاری کشتوکاڵو هەر جۆرە کارێک بێزار بوو، کوڕەکە بێدەنگ بوو، کوڕە بچوکەکە درێژەی بەقسەکانی دا :- لەپاسەوانەکەمان پرسی چەند پارە پێویستە بۆ ئازاد کردنی گەنجەکە، بەڵام ئەو سەری باداو گوتی ئەگەر کوڕێکی دەوڵەمەندو دەست ڕۆیشتو گیرابا بەئاسانی بەپارە ئازاد دەکرا، بەڵام کەس ئامادە نییە لەپێناوی جۆتیارێکی هەژار خۆی بخاتە مەترسیەوە، هەرچەندیش بمانەوێ پارە بدەین، کەواتە ئەو لەسێدارە دەدرێت،

دایکە ناڵەیکی کردو گوتی :- کەواتە کوڕەکەم بەو تاوانە دەکوژرێت چونکە کوڕی منە، منیش مرۆڤێکی هەژارو دەست کورتم ؟

سەرەنجام هەر چییەک بێت ئێمە دەتوانین ئیمشەو ئەوەی هەمانە بفرۆشین، لە گوند کەسانێک هەن ........ بەڵام کاتێ باس لەزەوییەکان کرا کوڕە گەورەکەی هاتە قسەو گوتی :- کەواتە ئێمە بە چ بژین؟ بەزەحمەت داهاتمان بە خەرجییەکەمان رادەگات، ئەگەر بمانەوێ هەندێ زەوی زیاتر بەو کرێیە ماڵوێرانکەرە بەکرێ بگرین، دڵنیام دەبینە دەرۆزەکەر، ئێستا هەمانەو نیمانە ئەو بستە زەوییەیە، بەڵێ دایە نایفرۆشم، زەوییەکە هی خۆمە بۆخۆمی ڕادەگرم، خێزانەکەی هەروا دانیشت بوو زۆر هێمنو لەسەر خۆ دەهاتە بەرچاو، لەڕوخسارە هێمنەکەیدا هیچ هەستێک نەدەخوێندرایەوە، بەدرێژای ئەو ئێوارەیە یەک وشە قسەی نەکربوو، بەڵام ئێستاکە هاتە پێشەوەو گوتی :- دەبێ بیر لەو کوڕە بکەینەوە کە لە سکم دایە، - پیاوەکەش گوتی :- بەڵێ

منیش بیر لەوە دەکەمەوە،

پیرە دایکەکە بێدەنگی پاراست و خامۆش مایەوەو بۆ چەند ساتێک گریا، دوای ئەوە هەرکاتێ بەدرێژایی شەو کەسێک دەنگی لێ هەڵدەستا جگە لە فرمێسک ڕشتن وەڵامێکی نەبوو بیداتەوە، ئەو شەوە هەموویان تا بەرەبەیان بێدار بوون، کاتێ یەکەم گزنگی بەرەبەیان بەدەرکەوت، دایکە ئەو هێزە سەرسورهێنەری کەلە دەروونی دابوو کۆی کردەوە بوێرانە ڕایگەیاند:

- من خۆم دەڕۆم، دووبارە دەڕۆمە شار بۆ بینینی کوڕەکەم، ئەگەر بڕیار بێت بۆ لەسێدارەدان بیهێننە دەرەوە، چاوەڕێی دەکەم، هەموویان دەستیان لەسەر شانی ئەو داناو داوایان لێ کرد بمێنێتەوە، بەبێ دواکەوتن کوڕە گەورەکەی گوتی :

- نەدایە، من خۆم دەڕۆم و دوای...... پاشان ئەگەر خۆت ئەودیمەنە ببینی دەمری، بەڵام لەوەلامدا گوتی:

- باشە جا ئەگەر من بمرم چ دەبێ ؟

دایکە دەمو چاوی دەشوات، ئەو چەند تاڵە قژە سپیەکەی کەبۆی مابۆوە شانەی کردو وەکو هەموو جار کە دەڕۆیشتە شار چاکەتێکی خاوێنی لەبەر دەکرد، لەبەریکردو پاشان بەوپەڕی سادەییەوە گوتی :- بڕ گوێدرێژی ئامۆزام بۆ بێنە، تۆ، ئامۆزا گوێدرێچەکەتم دەدەیتێ ؟

پیاوەکە نەیدەتوانی سەرپێچی بکات، بۆیە بەناچاریو غەمبارییەوە گوتی:

- بەڵێ کە دیەدەم.

کوڕە گەورەکەو ئامۆزاکە چوون کەرەکە بهێنن، پیرەژنەکەیان سواری گوێدرێژەکەیان کردو خۆشیان لەهەردوولای ئەودا بەڕێکەوتن، کوڕە گەورەکە فانۆسی

لەدەست بوو، چونکە دونیا هێشتا ئەوەندە رووناک نەبوو، کەئەوان بتوانن بەئاسانی ڕێگەی خۆیان ببینن، دایکە هەستی بەلاوازی دەکرد، ئارام‌وشوراو بە فرمێسکەکانی خۆی، بەبێ ئەوەی بزانێ چی دەکات چنگی خستبووە ناو بژی گوێدرێژەکە، سەری داخست بوو تەنانەت بۆ یەکجار بەمەبەستی تەماشاکردنی ڕۆژهەڵات سەری بەرز نەکردەوە، چاوی بڕیبووە تۆزو غوبارە ڕەنگ پەڕیوەکەی ڕێگە کەلەبەر تاریکی بەئاستەم دەدیترا، ئەو دوو پیاوەیش لەو قەیران ساتەدا بێدەنگ بووبوون، رێگەیەکی مارپێچیان کە بۆ لای باشوور پێچی دەخواردەوەو لە دەروازەی باشووری شار کۆتایی پێدەهات گرتە بەر، دەروازەکە تا ئەو کاتی بەیانی هێشتان هەر داخراوبوو، خەڵکێکی زۆر لەچاوەڕوانیدا ڕاوەستابوون، چونکە هەواڵی ئەم لەسێدارەدانەی ئەوکۆمەڵە خەڵکە لە گوندەکان بلاو بوو بۆوە، خەڵکێکی زۆر لەگەڵ منداڵەکانیان هەر لەبەر ئەوەی سەر لە بارودۆخەکە دەربێنن‌و بزانن چ هەیە چ نییە، بۆ تەماشاکردن لەوەێ ڕاوەستابوون، هەر ئەوەندە کە دەرگەکە کرایەوە خەڵکەکە ڕژایە ناو شارەکە، دایکەکە کە بەسواری کەرەکەوە و هەردوو پیاوەکە پیادە لەبن دیواری شارەکەوە بەرەو پارچە زەوییێک دەچوون لەشوێنێکی کراوەی ناو مەڵبەندی شار بوو، لەهەمان کاتدا لەگەڵ هەلاتنی یەکەم گزنگی بەیانی حەشامەتێک لەخەڵک بەرەو گۆرەپانەکە هێرشیان برد، نزیک بوونەوەی دیمەنی سەرسام ئامێزی مەرگ، هەموویانی ناچار بە بێدەنگی کردبوو، منالەکان تووشی ترسێکی نادیاری بێ ناونیشان هاتبوون، خۆیان بە دایکو باوکیانەوە هەڵواسی بوو، منداڵە شیرەخۆرەکان دەیانزیڕاند، بەڵام بێدەنگ کران، خەڵکەکەش بێدەنگ بوون، هەموویان بە عەودالی چاوەڕێیان دەکرد،

سەرەڕای ئەوەی کە بە سەختی عەودالّی تەماشاکردنی ئەم دیمەنە ترسناکە بوون، هەم لەززەتیان لێوەردەگرت و هەم نەفرەتیان لێ دەکرد، دایکەکە لەگەڵ دوو پیاوەکەدا زۆر لەناو حەشامەتی خەڵکدا نەمانەوە، دایکە بەهێمنی گوتی - بڕۆینە لای پەیژەکەی زیندان لەوێ بمێنینەوە، دایکە دڵی ووردوخاشبووی خۆی بەوە خۆشکردبوو، کەلەگەڵ دیتنی کوڕەکەی موجیزەیەک ڕوودەداتو بێگومان ڕێگەیەک لەبەردەمیادەنرێت بۆ دەربازکردنی کوڕەکەی لەمەرگ، یەکێک لەپیاوەکان سەری خۆی بەرەو زیندان لار کردەوە، لەدەروازەیێکی گەورە کە لەناو دیوارێکی بەرزدا دروست کرابوو، لە سەرەوەی لێواری دیوارەکەی کە وردە شوشەی لێ چەقێنرابوو، بەدەرکەوتو لێیان نزیک کەوتەوە، پاسەوانێک لەبەر دەرگەی زیندان پانەوپان راکشابوو و نووستبوو، لەتەک ئەو فانوسێ کە خەریک بوو فتیلەکەی تەواو دەبوو و بلێسەی ئاگرەکەی بەرەو کزی دەڕۆیشت، پاشماوەی سووتاوی مۆمەکە وەک ڕەنگێکی سووری خوێناوی بەسەر بنی مەشخەڵەکەدا هاتبوو خوارەوە، بەلاّم شنەبای ساردی بەرەبەیانیان مەشخەڵەکەی کوژاندبۆوە، هەرسێکیان لەو جادە غوبار ئالّودەدا چاوەڕوانیان دەکرد، ئەوەندەی پێ نەچوو کەدەنگی پێی چەند کەسێک بەسەر بەردرێژەوە بەرگوێی ئەوان کەوت، هاوارێک بەرز بووەوە :

- دەرگاکان بکەنەوە! -

هەردوو پاسەوانەکە خێرا لەشوێنی خۆیان هەستانو بەشێوەیەکی ئامادەو تفەنگ لەسەرشان، لەهەردوو لای دەرگاکە ڕاوەستان، سەرەنجام هەردوو دەری دەرگاکە کرانەوە،

دایکەکە بە سەیرێکی پشکنین ئامێزەوە بەشوێن کوڕەکەیدا

دەگەڕا، چەند زیندانییەک تێپەڕین کەهەموویان گەنج بوون‌و هەردوو دەستەکانیان بەکندڕ دووکەس دوو کەس پێکەوە، لەنەفەری پێشەوەیان بەسترا بوونەوە، لەسەرەتادا وادیار بوو تەواوی زیندانییەکان پیاوبن، بەڵام لەنێوانیاندان کچیش بەدی دەکرا، چونکە قژیان وەک قژی کوڕەکان هەڵپاچی بوو و جلی پیاوانیان لەبەربوو، لەبەرئەوە جیاکردنەوەیان لەپیاوان گرفت بوو، تەنیا لەنزیکەوە دەکرا، ئەویش لەڕێگەی مەمکی بچووک و بەژن‌و باڵای رەعنایان دەناسرانەوە، ئەگەر نا شێوەی ڕووخساریان وەکو پیاوان گرژم بۆێر بوون، وورده ووردە حوکمکراوەکان دەهاتنە پێشەوەو دایکەکە لە دانەدانەیان وورد دەبۆوە، تا لەپڕێکا چاوی بەکوڕەکەی کەوت، بەڵێ، گەنجەکە بەسەرکزی دەڕۆیشت‌و بە توندی دەستی لەدەستی کچێکدا بەسترا بۆوە، ئەوکات دایکەخۆی بۆ پێشەوە رادا، کەوتە سەر قاچەکانی گەنجەکەو قاچەکانی خستە باوەش هاوارێکی بەرزی کرد:

- وای کوڕەکەم

سەری بەرزکردەوەو چاوی بڕییە ڕووخساری سپی هەڵگەڕاوی گەنجەکەی کە لێوە بێخوێنەکانی وەک ڕەنگی خۆڵیان لێهاتبوو، نیگایەکی مات‌و خەمگینی هەبوو، کاتێ گەنجەکە دایکەکەی خۆی دیت، ڕەنگی زیاتر زەرد هەڵگەڕا ئەگەر دەستی لە دەستی کچە گەنجە نەبەسترابوایەوە حەتمەن بەردەبۆوە، کچەکە کندڕەکەی ڕاکێشاو نەیهێشت بکەوێتە خوارەوە، نەیهێشت گەنجەکە بوەستێ، کاتێ کچەکە چاوی بەپیرەژنەکە کەوت کە بەقژە سپییەکەیەوە کەوتۆتە سەر قاچی گەنجەکەوە، پێکەنینێکی بێ پەرواو بەدوور لە شادی سەردا، بە نەعرەتەیەکی گوێ تەزێنەوە هاواری کردو گوتی :- لەبیرنەکەی هەڤاڵ کە تۆ ئیتر نەدایکت هەیە نەباوک،

نەکەسێک بۆ توو ئازیز بێت، بێجگە لەوئامانجە هاوبەشەی کە بۆ هەموو ئێمەیە .

گەنجەکەی بەرەو پێشەوە ڕاپێچ کرد، پاسەوانێک بەرەو پێشەوە ڕایکردو دایکەکەی لەزەوی بەرزکردەوەو فڕێی دا کەناری ڕێگایەکەوە، پیرەژنە بەسەزمانەکە لە هەمانجێدا لەنێوان تۆزو غوباردا مایەوە، تا چاو هەتەری دەکرد ئاپۆرەی خەڵک بوو، بەرەو دەروازەی باشور دەچووە پێشەوە، لەناکاو سرودێکی ترسەنگیز فەزاکەی هەژاند کە لە فەزادا دەنگی دایەوە، هەموویان بە نەغمە خوانی دەچوونە پێشوازی مەرگەوە.

سەرەنجام دوو پیاوەکە هاتن، پیرەژنەکە لەسەر زەوی هەڵگرنەوە، بەڵام ئەو ئامادە نەبووهەڵسێتەوە، هەربەو شێوەی کە کەوتبووە سەر ئەرز دەیناڵاند، ئاهەنگی ئەو سرودە سەیرە کە بە لەرزەیەکی تایبەتییەوە گەیشتە گوێی ئەوەوە، ئەویش بێ ئەوەی سەرەدەرێک دەربکات درێژەی بە ناڵینی خۆی دەدا، شیوەن و ڕۆڕۆکەی ئەوەندە ی نەخایاند، چونکە پاسەوانێ لەلای دەروازەی زیندانەوە، هاتە پێش و بە زبرییەکی تەواوەوە بەقۆنداغی تفەنگی خۆی مارکوتیی کرد، پاسەوان دەینەڕاندو دەیگوت:

- بڕۆ ونبە، پیرەژنی جادوگەر !

دوو پیاوەکە ترسان و پیرەژنەکەیان ناچار کرد لەزەوی هەڵسێتەوە، دووبارە سواری گوێدرێژەکەیان کرد، هێدی هێدی ڕێگەیماڵەوەیان گرتەبەر، بەڵام پێش گەیشتن بەدەروازەی باشور بۆ ساتێک لەنزیک دیوارەکەوە ڕاوەستان و چاوەڕێیان کرد، ئەوەندە چاوەڕوان بوون تا گرمەیەکی بەهێز بەرز بووەوە، ئەوجا دووپیاوەکە نیگایەکیان پێکەوە ئاڵوگۆڕ کرد، پاشان ڕوویان لەدایکەکە کرد، پیرە دایکەکە کەمترین

جوڵەی لەخۆدا پێشان نەدا، پەی بردن بەم خاڵەوە زەحمەت بوو، کەئایا ئەو شتێک لە بارودۆخەکە تێگەیشتووە یا نا؟ هەروا کەسواری گوێدرێژەکە بوو سەری شۆڕ کردبۆوەو چاوی بڕیبووە خۆڵی ژێر پێی ئاژەڵەکەوە، هەرسێکیان دوای بیستنی دەنگەکە ڕێگەی ماڵەوەیان گرتەبەرو بەرەو ماڵەو بەڕێکەوتن، ئاپۆرەکە بەهەراو هۆریاوە پەرتو بڵاوبوونەوە، هەردووپیاوەکە خامۆش بوون، وانەدەهاتە بەرچاو کە پیرەژنەکە گوێی لەشتێ بێ، بەڵام لەدەورو پشتیان خەڵکەکە بەدەنگێکی بەرز دەیان گوت :- هەموو بەمەرگێکی تێکەڵاو بەشادیو ئازایەتییەوە مردن، کچە ئازادو بوێرەکەتان دیت کە تا دوایین سات سرودی دەچڕی؟ باوەڕ بکەن کە سەریشی خزیە سەر خاکەوە، هەتا یەک سانیەی دواییش هەر سرودی دەچڕی!

کەسێکی تر گوتی :- کوڕە گەنجەکەتان بینی کەخوێنە سورەکەی چۆن چۆنی بازرقەی دەدا؟ بەجۆرێ کە بۆ ئەوەندە دوور بازرقەی دەدا، تا هەڵڕژایە سەر پێی پاسەوانەکەو ئەویش کەوتە جنێودانەوە. هەندێکیان بە تەبەشێکی خنکاو و خوێناوییەوە پێدەکەنین، ئەوانیدی کاتێ دوو پیاوەکە لەگەڵ پیرە دایکەکە لەدەروازەی شار تێپەڕین، گەنجێک بە ڕووخسارێک لە ڕەنگی پەلکە پیاز ڕووی لەدیوار کردبوو دەڕشایەوە، بەڵام پیرە دایکەکە بێدەنگ بوو، دیارنەبوو کەئایا گوێی لەو شتانەیە یاخود دەیانبینێ یانە؟ کوڕەکەی مردبوو، بێگومان مردبوو، ئەو ڕاستییەی باش دەزانی، ئیتر پارەکەش وەکو هەموو شتەکانی تر بەلای ئەوەوە بێسود بوو، تەنانەت سەرزەنشتو لۆمە کردنیش ئەگەر خۆی بەشایانی سەرزنشت دانابا، سودی نەبوو، ئیتر لەدنیا هەر ئەوەندەی دەویست بگەڕێتە ماڵەوەو گوڕە

کونەکەی بدۆزێتەوەو بچێتە سەر ئەو گۆڕە تێرو پڕ بگریت، بیرۆکەیەکی تاڵ بەمێشکیدا هات، ئەو وەکو ژنەکانی تر کە گۆڕستانی تایبەت بەکەس و کاری خۆیان هەبوو وبەسەریا دەگرین، مەزارێکی وای نەبوو، ناچار بوو بۆ بە تاڵکردنەوەی کەف وکوڵ و دەردەکانی خۆی، بچێتە سەر گۆڕێکی نەناسیاو و بێ ناونیشان و فرمێسک هەڵڕێژێ، بەلام ئەم دەردەش خۆی لەخۆیدا وردە وردە کەم بووەوەو دایکە بێجگە لەوە ئارەزوویێکی تری نەکرد، کە بتوانێ بگریت و کەمتر رەنج بکێشێ، کاتێ گەیشتە بەر دەرگەی ماڵەوەو لە گوێدرێژەکە دابەزی داوای لەکوڕە گەورەکەی کردو گوتی :- کوڕم بمبەرە پشت ئاوایی، من دەبێ بۆ چەند ساتێک بگرییم، ژنی ئامۆزاکەی لەوێ بوو گوێی لەقسەی دایکەکە بوو، چاوەکانی بەقۆڵی خۆی پاک کردەوە سەری پیرو پەککەوتووی خۆی لەقاندو بەمیهرەبانییەوە گوتی :- بەڵی بهێڵە با ئەم بەدبەختە بگرییێ، هەرئەوە تەنیا کارێکە بۆ ئەو باش بێت، کوڕە گەورەکە لە بێدەنگی و خامۆشیدا، دایکەکەی بۆ سەر گۆڕە بێ ناونیشانەکە برد، بۆ ئەوەی دایکی لەشوێنێکی گونجاو دانیشێ، شوێنێکی بۆ لەسەر چیمەنێک ئامادەکرد، هەندێک گیای تازەی هەڵکێشاو لەژێری دانا تا شوێنی دانیشتنەکەی نەرم بێت، دایکە دانیشت، پاڵی بەقەبرەکە ناو بەکش و ماتی تەماشای کوڕەکەی دەکردو ئەوجا گوتی :- ئێستا بڕۆ وازم لێ بێنە بۆ ئەوەی چەند ساتێک بگرییم !

چونکە کوڕەکە بەگومانەوە تەماشای دایکەکەی کرد، بۆیە دایکە زیاتر پێداگیری کردو گوتی :- گوتم وازم لێبێنە بڕۆ، ئەگەر نەگرییم دەمرم ! کوڕەکە ڕۆیشت، گەرچی حەزی نەدەکرد بەم شێوەیە دایکەکەی تەنیا بەجێ بێڵێ، ئەوەبوو کە لەکاتی ڕۆیشتنندا گوتی:

- دایەگیان زوو دێم بەشوێنتا.

دایکەکە لەنێو گیاکاندا دانیشبوو، رۆشنایی زەقی خۆرەتاو لەو رۆژە بێ سەمەر و بەتاڵەدا، دەم بەدەم زیادی دەکرد، سەیری ئەو خۆرە دەکرد کە تیشکی بە هێزی خۆی ئاوا بە ناو دەشت و دەر بڵاو دەکردەوە،، دەتگوت لەم بەیانییەدا کەسێ بۆ ئەو مردووە، مەزرا کان هاتبوونەبەر و بە گوڵە گەنمی پڕ لە دانە و قەدی زەردەوەبوو داپۆشرابوون، دروێنەیان دواکەوت بوو، خۆری ڕەنگ زەردیش هەڵدەڕژایە سەر زەوییەوە، لەو ساتانەدا، دایکە چاوەڕوان بوو لەگەڵ باراندنی فرمێسکەکانی، خەمەکانی ئەویش هەڵڕژێنو باری خەمەکانی سوکتر بکرێتو دڵی شکاوی تۆزێ هێور بێتەوە، تەواوی سەردەمەکانی ژینی خۆی هێنایە بەرچاو، لەوئازیزانەی مرد بوون، بە شادیەکی یەکجار کەمو ئەو شتەی کە بەدرێژایی ژیانی دەیتوانی بێنێتە بەرچاو و بیری لێبکاتەوە، تەنها کۆمەڵێک دەردو ڕەنج بوو،کەوتە ئەندێشەوە، لەو کاتە دابوو کەخەمو خەفەت لەدەروونیدا کەوتە بوڕکانەوە، بێ تۆرەیی خۆڕاگری خۆی ڕادەستی دەردو ڕەنج کردو مۆڵەتی پێدا سەرتاپای بوونی داگیر بکات و کاسەی خۆی لێ پڕ بکات، خۆی خستە ناو خۆڵەکەو هەستی کرد کەغەرقی ئەو خەمو پەژارەیە بووە، کە بەگیانو دڵ کڕی بووی، پاشان ڕووی لەئاسمان کردو وەک ئەو کاتەی لەسەرە مەرگا بێ، گوتی :- ئایا سەرەنجام سزای تاوانەکانی خۆم وەرگرت ؟ ئایا تەواو سزا نەدراوم ؟

ئەوجا فرمێسکەکانی لافاو ئاسا بە چاوەکانیدا هاتنەخوارەوە، سەری پیرو پەککەوتەی خۆی لەسەر گۆڕەکە دانابوو، ڕوخساری خستبووە نێو گژو گیای سەرگۆڕەکەوە دەگریا، لەو بەیانییە خۆشەدا بە بەردەوامی دەگریا، بۆ

هەموو غەمێکی بچوکو غەمێکی گەورەی ژیانی خۆی، بۆ ئەو شەڕەی کە لەگەڵ مێردەکەیدا کردبووی، بۆ ڕۆیشتنی مێردەکەی، لەوەی کە کچە کوێرەکەی لەوێ نەبوو دڵی بداتەوەو لەو تەنگە تاوە دەربازی بکاتو بیگەڕێنێتەماڵەوە، بۆ سەرو بچمی ووشکی کوڕەکەی کە شەیدای ئەو کچە دڵ ڕەقە بوو بوو، بۆ تەواوی سەردەمانی ژیانی خۆی دەگریا، لەوکاتەدا کەدەگریا کوڕەکەی بەڕاکە ڕاکە گەیشت، بەڵێ، ئەو لەنێوان ئەو مەزرایانەی کەخۆر بەسەریاندا پەرش وبڵاو بووبۆوە ڕایدەکرد، لەکاتی ڕاکردنندا بەجوڵاندنی دەستو بازوەکانی ئاماژەی دەکردو بەدەنگێکی بەرز شتێکی دەگوت کە دایکەکە لەو سەرگەردانییەی کە لەدەردو ڕەنجێکی زۆرەوە سەرچاوی گرتبوو، هیچ تێنەگەیشت، سەری بەرز کردەوە بۆئەوەی گوێ بگرێ، کە گوێی لێ بوو کوڕەکەی گوتی :- دایە، دایە !

دیسان بەدەنگێکی بەرزتر گوێی لێ بوو کە گوتی:

- دایە، کوڕم، نەوەی تۆ لەدایک بوو !

- بەدرێژای تەمەنی بانگێکی بەو ڕوونیو ئاشکراییەی بەرگوێ نەکەوتبوو، بەبێ ئەوەی خۆی ئاگای لێبێت، فرمێسکەکانی وەستان، لەشوێنی خۆی هەستایەوە، بە کەوتن و هەڵسانەوە بەرەو کوڕەکەی ڕۆیشتو هاواری کرد :

- کەی، چ کاتێک ؟ کوڕەکە بەپێکەنینەوە گوتی :- هەر ئێستا ... ئێستا ...! نەوزادەکەش کوڕە، تا ئێستا منداڵم بەو گەورەییە نەدیتووە، سوێند دەخۆم کە گریانەکەی بەگریانی منداڵێکی یەک دوو ساڵە دەچێت ! دایکە دەستی لەسەر شانی کوڕەکەی داناو هەروا کەفرمێسک لەچاوەکانی دەهاتنە خوارەوە پێکەنی، بەڵام لەکاتێکدا پاڵی بەکوڕەکەوە دابوو، هێزی دایە بەر قاچە بێتواناو پەککەوتووەکانی خۆی، بیرۆکەی

ئەوەی لە بیری خۆیدابێ خێرا بەڕێکەوت، هەردووکیان گەڕانەماڵەوە، هاتنە ئەو ژوورەی کە بووکەکەی منداڵەکەی لێ هێنابووە دنیاوە، لەسەر تەختەکە ڕاکشابوو، ژوورەکەی پڕبوو لەئافرەتانی گەڕەک، کە لەگەڵ بیستنی هەواڵەکە ڕوویان لەماڵەکەیان کردبوو، بێوەژنی دێ کە ئەوسا لە هەموویان بەساڵاچوو تر بووبوو، ئیدی نەیدەبیست و ساڵانی تەمەنی پشتی چەماندبۆوەو دووقەدی کردبوو، هەر ئەوەندەی کەچاوی بە پیرە دایکەکە کەوت گوتی :

- خاتوون، ئێوە ئافرەتێکی چەند بەختەوەرن ! من وامدەزانی بەختو شانس پشتی تێکردون، بەڵام ئێستا دەبینم ڕووی لەئێوە کردۆتەوە، ئەوەیش نەوە کە دەتویست ! بەڵام من بۆ ئارام کردنو هێورکردنەوەی ئازارەکانی خۆم، بێجگە لەجەستەی پیرو پەک کەوتووی خۆم چیترم هەیە! دایکەکە هیچ قسەیەکی نەکرد، کەسی نەدەبینی، کە لەدەرگادا هاتە ژوورەوە، ڕێک بەرەو تەختەکە ڕۆیشتو تەماشای خوارەوەی کرد، ساوایە مەلۆتکەکە لەوێ بوو، بەدرێژایی تەمەنی خۆی منداڵی ئەوەندە جوانو خرپنی نەبینی بوو، منداڵێک بوو بەدەمی کراوە دەیقیژاند، پیرە دایکەکە چەماوەو منداڵەکەی گرتە باوەش، هەستی بەگەرمو گوڕی و هێزو توانای ژیانێکی تازە کرد، لە نووکی پێوە تا تەوقی سەر، لە منداڵەکەدا ورد بوەوە، دەستی کرد بەپێکەنینو لە تەماشاکردنیا توایەوەو هەمدیس نوقمی تەماشاکردنی بوەوە، ئینجا خەریک بوو بەنیگاکانی خۆیەوە، بەشوێن ژنی ئامۆزاکەیدا دەگەڕا، ئەویش لەگەڵ یەکدوو نەوەی کەخۆیانیان پێهەڵواسی بوو، بۆ تەماشاکردنی منداڵەکە هاتبوو، کاتێ پیرە دایکەکە ڕوخساری منداڵەکەی کردەوە، چونکە تامەزرۆی دیتنی بوو، منداڵەکەی بەرزکردەوە، بۆ ئەوەی پێشانیان بدات، بەبێ ئەوەی بایەخێ

بدا بە ئامادەبووانی ناو ژوورەکە، لەکاتێکدا چاوەکانی لە سۆنگەی ئەو فرمێسکە تازە رشتراوانەدا ئاوسا بوون، پێدەکەنی، بە دەنگێکی بەرز گوتـــی :- تەماشاکە دۆتمام، خۆ وا بەدەرکەوت، کەتاوانەکەم زۆر لـــەوە سووکترە، کە من بیرم لێدەکردەوە،

ئەمەش نەوەکەی من.

# پێرست


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٣ |
| بەشی یەکەم | ٦ |
| بەشی دووەم | ٢٥ |
| بەشی سێهەم | ٣٣ |
| بەشی چوارەم | ٤١ |
| بەشی پێنجەم | ٧١ |
| بەشی شەشەم | ١٠٧ |
| بەشی حەوتەم | ١١٧ |
| بەشی هەشتەم | ١٢٥ |
| بەشی نۆیەم | ١٣٥ |
| بەشی دەیەم | ١٥٥ |
| بەشی یازدەهەم | ١٦٥ |
| بەشی دوازدەهەم | ١٩٩ |
| بەشی سێزدەم | ٢١٣ |
| بەشی چواردەهەم | ٢٢٥ |
| بەشی پانزەهەم | ٢٤٩ |
| بەشی شازدەهەم | ٢٦٩ |
| بەشی حەڤدەم | ٢٩٢ |
| بەشی هەژدەم | ٣٠٣ |
| بەشی نۆزدەم | ٣١١ |